
وەڵامدانەوەی پرسیارە دەبەنگەکان



پرۆژەی تیشك (٩٦)

فاضل قەرەداغی

وەڵامدانەوەی پرسیارە دەبەنگەکان

وەڵامی پرسیارە جوگرافی و مێژووییەکانی کتێبی ئایا قورئان پارێزراوە

سلێمانی

١٤٣٥-٢٠١٤

ناوی کتێب: وەڵامدانەوەی پرسیارە دەبەنگەکان-وەڵامی پرسیارە جوگرافی و مێژووییەکانی کتێبی ئایا قورئان پارێزراوە
ناوی نووسەر: فاضل قەرەداغی
جۆر: لێکۆڵینەوە
ساڵ: ١٤٣٥-٢٠١٤
نەخشەسازیی بەرگو ناوەوە: نووسەر
ژمارەی سپاردن:

سایتی ئینتەرنێتی پرۆژەی تیشك:
www.tishkbooks.com
سایتی ئینتەرنێتی نووسەر:
www.zagros.org

پێڕست

ناوی بەشەکان هەمان ئەو ناوانەن کە لە ڕەخنەکە هاتوون‌و وەکو خۆیان دامانناون ئەویش جگە لە ناونیشانە سەرەکی‌و لاوەکییەکانی بەشەکان کە زیادمان کردوون، بۆ نموونە: میسر و فیرعەون و ئیسرائیلییەکان (سەرەکی)، شاری سامیرە لە کاتی مووسا (لاوەکی).

پێشەکی

قوتابی بە وەڵامدانەوەی پرسیارە سووکەکان پێشناکەوێتو زانیارییەکی ئەوتۆ ناخاتە سەر زانیارییە کەمەکانی، ئەگەر ژیانیشی بە وەڵامی ڕەخنە سادەکان بەرێتەسەر پێویستە بیر لە شارەزابوون نەکاتەوە.

وەڵامدانەوەی کتێبی (ئایا قورئان پارێزراوە) وەکو ڕاهێنانە سووکەکانی قوتابییانە کە ئەگەر لەبەر خەڵکە هەرە نەشارەزاکە نەبوایە بیر لەوە ناکەیتەوە دێرێکیش لەبارەیەوە بنووسی.

ئەمە کێشەیە بۆ نووسەر کە ناچارە لەبەر نەشارەزایی بەشێك لە خوێنەران وەڵامی کتێبێك بداتەوە ئەو ئاستە نزمەی هەیە، بەڵام ئەگەر نووسەر ناچار بوو وەڵامی ڕەخنەی سادە بداتەوە با بەلای کەمەوە بە ئەندازەی زانیارییە هەڵەو سادەکان زانیاریی دروستو دەوڵەمەند پێشکەش بە خوێنەران بکات. لەم کتێبەش هەوڵمان داوە ئەوە بکەین ئەگەرچی ئەو هەوڵە هەموو ڕەخنەکانی نەگرتۆتەوە.

ئەمە بۆ ڕەخنەی سادە، بەڵام وەنەبێت رەخنەی تر لە ئیسلامو قورئان ئەو بەهێزە بن کە ببنە تەحەدایەکی جددی بۆ نووسەر چونکە کۆتاییەکەی ئەوەیە هەموو رەخنەکان سادەنو ئەوەندە هەیە ئاستەکانی سادەیی جیاوازنو لەو ئاستەوە دەستپێدەکەن کە قسەی بازاڕین تا دەگەنە ئەو رەخنانەی تەنها کەمێك زیرەکانەترنو تێکەڵن بە چاوبەست ئەویش کاتێك بەرگی دەرەوەیان قەبارەیەکی زانستیو فیکریی زۆر گەورەیان پێدەدات.

بەڵام بۆچی ئەو ڕەخنانەی لە ئیسلامو قورئان بەزۆری سادەن؟

خوێنەر بۆی هەیە بڵێت: ئەوە بەهۆی لاوازیی رەخنەگرانە، ئەوە ڕاستە بەڵام نەك بەڕەهایی چونكە ئەگەر دە نووسەر لاواز بن دەیان نووسەری ((بەهێز)) هەن.

خوێنەر هەروەها بۆی هەیە بڵێت: ئەوە بەهۆی بەهێزیی ئیسلامەوەیە، بەڵام دەتوانین وەڵامی ئەوە بدەینەوەو بڵێین: بەڵێ خودی ئیسلام بەهێزە بەڵام هێشتا هەر ڕەخنەی لاواز دەبینین.

بۆ ئەوەی پرسیارەكە نەبێتە مەتەڵ دەڵێم: ((نیازی نووسەر)) هۆی ئەوەیە كە رەخنەكان بەزۆری لاواز بن. نووسەری لەو جۆرە كاتێك دەست دەداتە رەخنە پێشتر نیازێكی هەبووە كە شتێك بنووسێت ئیسلام ((تەفروتونا بكات))، كەسێكیش لەو نیازەوە دەست پێبكاتو عەقڵیەتی بەپێی ئەو نیازە كاربكات نەك تەنها ناتوانێت ئەو شتانە ببینێت كە تەنانەت ئەوی ناحەز بە ئیسلام پێویستە بڵێت شتی جوانن بەڵكو لەوە زیاتر ناتوانێت رەخنەیەك بنووسێت كە بچێتە خانەی ڕەخنەی جیددییەوە.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت رەخنەی جیددییە، مەرجیش نییە ڕاست بێت چونكە ڕاستیو ناڕاستی پاش هەڵسەنگاندنی ئەو رەخنەیە بڕیاریان لێدەدرێت. گرنگ ئەوەیە رەخنەكە جیددی بێت، لەوەش گرنگتر رەخنەیەك بێت بەرەو تێگەیشتنێكی زیاترو باشتر لە ئیسلام بمانبات.

كتێبی (ئایا قورئان پارێزراوە) وەرگێڕانی كوردییە بۆ كتێبێكی عەرەبی بەناوی (هل القران معصوم)و لە نووسینی كەسێكە بەناوی (عبدالله عبدالفادی). ناوی دووەمی نووسەر ئاشكرای دەكات كە كەسێكی مەسیحییە چونكە مەسیح لە بیروباوەڕی مەسیحی بە (فادی) ناسراوە

لەبەر ئەوەی گوایە بۆ (فیدا) لەخاچدرابوو، ئـەویش باوەڕێکـە لـە شـوێنی خۆی باسی دەکەین.

بەم جۆرەش‌و بەر لـەوەی کتێبەکـە بخوێنیتـەوە نیـازی نووسـەر دەزانـی، دەشـزانی هـەروەها کـە مەبەسـتی نووسـەر ئەمەیـە: ڕەخنـە لـە تـەورات‌و ئینجیل دەگیرێت کە دەستکاری کراون بەڵام ئەوەتا بۆتانی دەسەلمێنم کە قورئان کتێبی خودا نییە. ئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیـەش شـتێکی سـەیرە: نووسەر دەیەوێت بیسەلمێنێت کـە قورئـان کتێبێکـی خـودایی نییـە بـەڵام بێئـەوەی بتوانێـت بیـسەلمێنێت کـە تـەورات‌و ئینجیـل کتـێبی خـودایین‌و دەستکاری نەکراون.

ئیتر لەوە زیاتر کارمان بە نیازی نووسەر نییەو ئەوەندە بەسـە بـزانین کـە حـەزکردن بەڕاسـتی‌و هەوڵـدان بـۆ دۆزینـەوەی ڕاسـتی لەپـشت نووسـینی کتێبەکەوە نین، لەوەشەوە دەزانین بۆچی نووسەر ئـەو هەڵانـەی کـردووە، بێگومان بەئاسـانیش دەزانـین نیـازی پـشت وەرگێڕانـی کـوردیی کتێبەکـە چییە کە دیسان حەزکردن نییـە بەڕاسـتی‌و هەوڵـدان نییـە بـۆ دۆزینـەوەی بـــەڵکو وەرگێڕانێکـــە لەمیانـــەی شـــەڕ دژی ئیـــسلام یـــان دژی هێـــزە ئیسلامییەکان یان دژی هەردووکیان.

ئێمـە ئـەوە دەزانـین ئـەی خوێنـەرێك کـە بـاوەڕی بـە ئیـسلام نییـە یـان باوەڕەکەی تەواو نییە؟

بۆ خوێنەر ئەوەی گرنگە بیزانێت ئەم پرسیارەیە: ئەگەر کتێبێك بەو نیازە نووسرابێتەوەو وەرگێڕدرابێت ئەی چۆن بتوانم مامەڵەی لەگەڵ بکەم؟ چـی بکەم باشە؟ بڕوای پێبکەم‌و بڵێم نووسەر شـارەزایە؟ بـەدرۆی بـزانم‌و بڵـێم نووسەر دوژمنە؟ یان چی بکەم؟

بەبۆچوونی خۆم ئەوەی پێویستە خوێنەرێك لەم جۆرە، واتە خوێنەرێك نەشارەزایەو باوەڕی لەقە، بیکات ئەوەیە زانیارییەکان هەڵپەسێرێت تا وەڵامی لەبارەیانەوە دەستبکەوێت، واتە بڕیار بدات بڕیاری کۆتایی نەدات تا گوێ بۆ هەردوو لایەنەکە نەگرێت. ئەمە رەفتاری کەسێکە کە بەلای کەمەوە رێز لە عەقڵی خۆی دەگرێت.. دەڵێم بەلای کەمەوە هەرچەندە ئەوە شتێکی کەم نییە.

وەڵامی کتێبی لەم جۆرە لەبەر خوێنەری نەشارەزایە، بەڵام لەبەر سادەیی کتێبەکە ئەرکەکە ناڕەحەتە وەك چونکە کارێکی ناڕەحەتە، بۆ نموونە، هەوڵ بدەی بیسەلمێنی خۆر کاتێك لە رۆژهەڵاتەوە هەڵدێت ئەوە زەوییە کە بەئاڕاستەی رۆژئاوا دەخولێتەوە. هەرچەندە بە دوو تۆپی بچووك یان دوو سێو و مۆمێك سەلماندنی ئەوە ئاسانە بەڵام دەزانی کە خەڵکێك هەن سەلماندنی تەنانەت ئەمەش بۆیان کارێکی ئاسان نییە، کە کاریش گەیشتە ئەوە ناڕەحەتی دەبێتە نیعمەتو ئەرکی وەڵامدانەوە دەبێتە ئەشکەنجەیەکی عەقڵی، بەڵام ئەگەر وەڵام بەهێزو دەوڵەمەند بوو ناڕەحەتییەکان پاش تەواوبوونی وەڵامەکان تەواو دەبن، ئەنجامەکەش چاندنی سەوزاییە لەناو بیابانی دەبەنگی.

ئەوەی لەو کتێبەی کابرای رەخنەگرو لە چوارچێوەی کارەکانی پرۆژەی (تیشك) بەر خۆم کەوتبوو (ڕاستتر بەسەرم سەپێنرا)و بەنابەدڵییەوە وەرمگرتبوو رەخنە جوگرافییەکان بوو (نووسەری رەخنەکەش ناوی پرسیاریان لێ دەنێت). دواتریش بەشی رەخنە مێژووییەکانیشم خستە پاڵ، بەڵام ئەمەیان خۆم وەرمگرت ئەویش وەکو ئەرکێك بەرامبەر قورئانو

خۆشەویستییەك بۆی، دواییش زانیم ئەو کەسەی ئەو بەشەی پێ سپێردرابوو داوای لێبوردنی کرد چونکە باسەکان هی مێژووی کۆنن.

کەواتە بەشە جوگرافییەکە ئەرکی پرۆژەکە بوو بەسەرمەوە، کاریش لەو بەشە بە بێزارییەوە بەڕێوەچوو ئەویش بەهۆی ئەو ئەرکەو بەهۆی ناچاربوون بە وەڵامی ڕەخنەی سادەو منداڵانەو تووشبوون بە ئەشکەنجەی عەقڵیو دەروونی بەهۆی مامەڵەکردن لەگەڵ دوو کەسی دەبەنگ، نووسەری عەرەبو وەرگێڕی کوردی. بەڵام بەشە مێژووییەکە خۆم کردبوومە ئەرك بەسەر خۆم" ئەرکێك بەرامبەر قورئان، بۆیە بەشێوەیەکی تر بەڕێوەچوو: سەرباری مانەوەی دەبەنگیی نووسەرەکە (لەو بەشەش وەرگێڕم پشتگوێخست) بەڵام وەڵامدانەوە تامی هەبوو، دواییش بەرەکەتی ئەو بەشە بەشی جوگرافیشی گرتەوە کاتێك بۆ پڕکردنەوەی کەموکورتییەکان گەڕامەوە بۆی.

کارێکی تری ئەم کتێبەش کە هێندەی وەڵامی ڕەخنەکان بە گرنگی دەزانم قسەکردنە لەسەر موفەسیرە ئیسلامییەکان کە شتی سەیروسەمەرەیان نەقڵکردووەو لە لێکۆڵینەوەیەکی پێشتر نموونەی ئەو شتانەم بینیبوو. زۆریی ئەو گێڕانەوانەش لە جوولەکەو مەسیحییەکانو پێویستە لێیان بەئاگا بینو بزانین چ زیانێکیان بە عەقڵی موسڵمان گەیاندووە.. بێگومان جگە لە زیانگەیاندن بە ئیسلام چونکە ئەو تەفسیرانە بوونەتە توێشووی ڕەخنەگرانی وەك ئەوەی خۆمان. عبدالفادیش تا ڕاددەیەکی گەورە پشتی بە شتە سەیرو بێبناغەکانی لای موفەسیران بەستووە بێئەوەی بزانێت کە بەو کارەی کەمتر ڕەخنە لە قورئان دەگرێتو زۆرتر شەڕ لەگەڵ کەف دەریا دەکات.

لـەم کتێبـە ناوونیـشانی پرسـیارەکانی ڕەخنـەگرم وەکـو خـۆی دانـاوە، پشتیشم بە دەقە عەرەبییەکە بەستووە مەگـەر کاتێـك کـارم بـە وەرگێـڕە کوردییەکـە هـەبووبێت، ئـەویش تـەنها بـۆ ئـەوەی وەڵامـی خـۆیو زانیارییـەکانیو وەرگێڕانەکـەی بدەمـەوە، تـەنهاش بـۆ بەشـی جـوگراف ئامـاژەم بـۆ بەشـێك لـە قـسەکانی وەرگێـڕ کـردووەو وەك وتم لـە بەشـی مێژوویی پشتگوێم خستووە ئەویش چونکە قسەکانی پێویست نین، خۆشی وەکو شـتێکی زیـادەی بـێ لـزووم خـۆی خنیوەتـە نـاو باسـەکانەوە، ئـەو بڕەش کە ئاماژەی بۆ کراوە نموونەیەك دەبێت لەسەر کاری ئەو وەرگێـڕە، مرۆڤی هەر ئەوەندە کاری بە بوونەوەری وا دەبێت.

ئەم کتێبە زاراوەو زانیاریی زۆری لەخۆگرتووەو بەشـێکیان پێناسـەیان بـۆ کراوە، بەتایبەتیش لە پەراوێزەکان، بەڵام هێشتا زۆری تر ماوە پێناسەی بۆ بکرێت.

کتێبەکە ماوەیەکی زۆر لەلام مایەوەو ماوەیەك ئیشم لێ دەکردو ماوەیـەك بۆ کاری تر وازم لێدەهێنا، دواکەوتنیشی لە سنووری خـۆی دەرچـوو بۆیـە بەباشم زانیبوو زانیـاریی زیـاترو قـسەی زیـاترو ڕەخنـەی زیـاتر بـۆ چـاپی دووەم هەڵبگرم، ئەوەش ئەگەر خوێنەر بڕیاری دا شایەنی چاپی دووەمـە، هیواداریشم وا بێت.



رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستی کۆن

نەخشە ئەسڵییەکە: Bible History Online



پادشانشینەکان و ناوچەکانی فەڵەستینی کۆن و دەوروبەری سەدەی نۆیەمی پێش زاین

نەخشە ئەسڵییەکە: Richard Prins

بەشی یەکەم

پرسیارە جوگرافییەکان

١-ئاوابوونی خۆر لەناو بیر

یەکەم پرسیاری جوگرافیی عبدالفادی لەبارەی چیرۆکەکەی زولقەرنەین و باسی خۆرئاوابوونە. سەرەتا ئایەتەکان دەهێنێتەوە:[1]

((وَيَسْأَلُونَكَ عَن ذِي الْقَرْنَيْنِ قُلْ سَأَتْلُو عَلَيْكُم مِّنْهُ ذِكْرًا * إِنَّا مَكَّنَّا لَهُ فِي الْأَرْضِ وَآتَيْنَاهُ مِن كُلِّ شَيْءٍ سَبَبًا * فَأَتْبَعَ سَبَبًا * حَتَّى إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ الشَّمْسِ وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِي عَيْنٍ حَمِئَةٍ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوْمًا...-الكهف: ٨٣-٨٦)).

ئینجا تەفسیری (بەیزاوی) دەهێنێتەوە کە جوولەکەکان لەبارەی ئەسکەندەری گەورە لە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)یان پرسی ئەویش پێی وتن کە خودا دەسەڵاتی لەسەر زەویی پێ بەخشیبوو، ئەویش بۆ ئەو شوێنە کەوتەڕێ کە خۆر لێی ئاوا دەبێتو بینی لە بیرێکی قوڕو لیتە (بئر حمئة) ئاوا دەبێتو لە چواردەوری بیرەکە کەسانێکی هەبوون بتیان دەپەرست. ئینجا بەیزاوی دەڵێت کە ئیبنو عەبباس بیستی موعاویە وشەکە بە (حامية) واتە گەرم دەیخوێندەوە ئەویش پێی وت نەخێر خوێندنەوەکە حەمیئە (حمئة)یە موعاویەش ناردی بەدوای کەعبولئەحبار (ئەو زانا جوولەکەیەی ببووە موسڵمان)و لێی پرسی: خۆر چۆن ئاوا دەبێت؟ ئەویش وتی لەناو ئاو و قوڕ.

[1] لەم بەشەو لە بەشی پرسیارە مێژووییەکان ئەگەر ویستبێتمان ئەو ئایەتانە تەواو بکەین کە عبدالفادی تەواوینەکردبوون تەواوکارییەکەمان بە خەتی لار داناوە.

عبـدالفادی دەپرسـێت: ئەگـەر خـۆر ملیۆنێـك وسـی هـەزار جـار لـە زەوی گەورەتر بێت چۆن لە بیرێك ئاوا دەبێت، مەبەست ئـەو بـیرەی زولقەرنـەین بینیبووی‌و ئاو و قوڕەکەی بینی‌و ئەو خەڵکانەشی بینی کە لەلای بوون؟

قسەکانی عبدالفادی تەواو.

یەکەم شت دەربارەی ئەو تەفسیرە ئەوەیە بـەیزاوی وشـەی (قیـل)، واتـە وتـرا، بـەکاردەهێنێت، ئـەو وشـەیەش شـێوازێکە بـۆ (تَمـریض)، واتـە لاوازکردنی گێڕانەوەکە. لە زانستی فەرموودەش تەعبیری (رُوِيَ عن الـنبي) واتە لە پێغەمبەر گێڕدراریەوە بۆ لاوازکردنە، بەڵام وشەی وترا (قیل) زۆر لە خـوار ئەوەشـەوەیە چـونکە قـسەیەکە خاوەنەکـەی دیـار نییـە. کەسـێکی نەشارەزاش کە نـەزانێت وشـەی (وتـرا) واتـای چـییە گێڕانەوەکـە دەبێتـە گێڕانەوەیەکی باوەڕپێکراو.

ئینجا لەکۆتایی ئەو گێڕانەوەیەش کەعبولئەحبار دەڵێت: ((ئاوا لە تەورات[2] دەیبینین)) پێویستیشە هەر وا بێـت چـونکە پرسـیارەکە لـە جوولەکەیـەك

[2] وشەی تەورات بە چەند واتایەك بـەکاردێت: بـەواتای پێـنج کتـێبی یەکـەمی پـەیمانی کۆن Pentateuch و ئەو واتایە لەو کتێبانـەو لـە کتـێبی تـری جوولەکـە هـاتووە، لـەو پێنج کتێبە هەروەها بەواتای هەموو یاسـاکانی تایبـەت بـە یـەك بابـەت بـەکارهاتووە، وشەکە بەواتایەکی فراوانتریش بەکاردێت وەك هەموو پەیمانی کۆن:
Louis Isaac Rabinowitz, *Torah*, in; Encyclopaedia Judaica, vol.20, p.39.
پەیمانی کـۆن زاراوەیەکـە مەسـیحییەکان بـۆ کتێبـەکانی جوولەکـە بەکاریـدهێننو بـە عیبری پێی دەوترێت (تەناخ)و بریتییە لە سێ بـەش: تـەورات (پێـنج کتـێبی یەکـەم)، پێغەمبەران، نووسینەکان. پەیمانی نوێش بریتییە لە چوار ئینجیلەکە لەگەڵ ژمارەیەك نووسراوی تر وەك نامەکانی پۆلسو کارەکانی نێردراوانو نامـەی نێـردراوی تـر.. تـاد. کەنیـسە مەسـیحییەکان ڕێـك نـین لەسـەر کتێبـە قانوونییـەکانی هـەردوو پەیمانەکـەو جیاوازییان هەیە لە وەرگرتنی هەندێك کتێب یان ڕەتکردنەوەیان. لـەم کتێبـەش نـاوی کتێبـەکانی تـەورات (پێـنج کتـێبی یەکـەم) کـە زۆر دێـن: تـەکوین (دروسـتبوون)

لەبارەی شتێکەوە کراوە، پرسیاری لەو جۆرەش واتا پرسیارکردنە لە هەبوونی یان چۆنێتیی باسکردنێتی لە تەورات، لەبەر ئەوەش لەو گێڕانەوە بێبنەمایە موعاویە پرسیویەتی: ((چۆن دەبینی خۆر ئاوا دەبێت؟))، واتە چۆن لە کتێبەکانی جوولەکە هاتووە.

عبدالفادی کۆتایی قسەکەی کەعبولئەحباری نەنووسیوە چونکە دەیزانی کە لەجیاتی ئەوەی ببێتە ڕەخنە لە قورئان دەبێتە رەخنە لە تەورات. نەك تەنها ئەمەشمان هەیە وەك نیشانە لەسەر هەڵبژاردنی عبدالفادی بەپێی حەزی دڵی خۆی بەڵکو بەڵگەی تر هەیە ئەویش پشتگوێخستنی قسەکەی بەیزاوییە: ((رەنگە گەیشتبێتە کەنار دەریای چواردەور (بەحری موحیت)و[3] خۆری بەو جۆرە بینیبێت چونکە تەنها ئاوی لەبەردەم بوو بۆیە قورئان دەڵێت: بینی خۆر ئاوا دەبێتو قورئان نەیوت: خۆر ئاوا دەبوو)).

Genesis، خروج (دەرچوون) Exodus، تەثنیة Deuteronomy، کەمتریش لەوانە دوو کتێبەکەی تر: ژمارەکان (العدد) Numbersو لاوییەکان Leviticus. لە دەقە عیبرییەکە ناوەکان جیاوازنو بریتین لە وشەی سەرەتای هەر کتێبێك. لێرە بۆ ئاماژە بۆ کتێبەکان بەزۆری وشە عەرەبییەکان دەنووسین بۆ ئەوەی خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ وەرگێڕانی عەرەبی، بەڵام بێگومان لەگەڵ ئاگاداربوون لەوەی وەرگێڕانەکانی تەورات جیاوازییان هەیە. سەبارەت بە پەیمانی نوێش ئاماژەکە بۆ چوار ئینجیلەکە بە قانوونی لە قەڵەم دراون هەر بە عەرەبی: مەتتا Matthew، مەرقوسMark ، لوقا Luke، یوحەننا John لەگەڵ کتێبەکانی تر بە عەرەبیو کوردی.

[3] البحر المحیط: باوەڕی ئەو کاتە بوو، کە لە یۆنانییەکانەوە وەرگیراوەو کە دەریایەك هەیە دەوری هەموو وشکانیی داوە، وشەی نوێی موحیتی عەرەبی بەواتای ئۆقیانووس لەوەوە هاتووە. ئۆقیانووس (ئۆکیانۆس) خوداوەندێکی یۆنانی بوو.

کەواتە هەر ئەو کاتەو سەرباری هێنانـەوەی باسـی سـەیرو دوور لـە عـەقڵ هێشتا موفەسیرەکان عەقڵیان فەرامۆش نەکردووەو بیریان لـەو ئیحتمالانـە کردۆتەوە کە زیاتر لەگـەڵ عـەقڵو واقـع گونجـاون. ئـەوەش کـە پێویـستە تێبینیی بکەین ئەوەیـە بـەیزاوی قـسەی سەیروسـەمەرەو بێبەڵگـەی زۆری نـەقڵ کـردووە ئەمـەش کـارێکی بـاوی نـاو زۆر موفەسـیرو گێـڕەرەوەی فەرموودە بوو بۆ ئەوەی نووسـینەکانیان جێگـەی سـەرنج بـن، یـان بـەلای کەمەوە بۆ ئەوەی هەرچییەکیان زانیوە بە خەڵکی بگەیەنن.

نموونەیەك لە باسی سەیر باسەکەی بەیزاوییە کاتێـك لـەو خەڵکـە دەدوێـت کـە لای دەریاکـە بـوونو دەڵێـت: وتـراوە پۆشـاکیان پێـستی ئاژەڵـە دڕەندەکان بوو. یان لەباسی زولقەرنەینو بۆچی وا ناونراوە ژمارەیەك قسە دەهێنێتەوە کە هیـچیان هـیچ بەڵگەیـەکیان لەسـەر نییـەو لـەم جۆرانـەن: وتراوە بۆیە نـاونرابوو خـاوەن دوو شـاخەکە چـونکە ڕۆژهـەڵاتو ڕۆژئـاوای جیهان گەڕابوو، وتراویـشە لەبـەر ئـەوەی لـە کـاتی زولقەرنـەین دوو قـەڕن (سەدە یان نەوە)ی خەڵك تێپەڕین، وتراویـشە دوو شـاخ، واتـە دوو پرچـی هەبوو، وتراویشە چونکە تاجەکەی دوو شاخی پێـوە بـوو...تـاد. هیـچیش لەمانە بەڵگەیان لەسەر نییەو تەنها قسەن.[٤]

بەدوورزانینی ئەوەی خۆر لەناو بیرێك یان کانییەك ئاوا ببێت لـە تەفـسیری تریش هەن" ئیبنو کەثیر (ساڵی ٧٧٤ی کوچـی مـردووە) لـە تەفـسیرەکەی

---

[4] بەبۆچوونی خۆم ئەوەی دوایی لەهەموویان مـەعقوولترە واتـە خـاوەنی تـاجێکی دوو شاخی. ئەو جۆرە شاخانەش نموونەیان لە مێژوو هەیە بۆ نموونە لە وڵاتـی نێـوان دوو ڕووبار تاجی شاخدار تایبەت بوو بە خوداوەنـدەکان، ئـەو تاجـە دوو شـاخ یـان زیـاتری پێوە بوو.

دەڵێت: واتە زولقەرنەین خۆری بینی لە دیدی خۆی لـە دەریـای چـواردەور (موحیت) ئاوا دەبێت، هەموو کەسێکیش بگاتە کەناری ئـەو دەریایـە خـۆر بەجۆرێك دەبینێت وەك چۆن لەنا ئەو دەریایە ئاوا ببێت.[5]

ئیبنو کەثیر هەروەها ئەو قسانەش بەدرۆ دەخاتەوە کە گوایـە زولقەرنـەین ماوەیەك دەرۆشتو خۆر لە پشتەوەی ئـاوا دەبـوو. بـەڵام سـەرباری ئـەوە هەر خورافاتی نـەقڵکردووە بێئـەوەی گومـانی خـۆی لەبارەیانـەوە پیـشان بدات وەك ڕوایەتێکی دووردرێژی باسەکەی کەعبولئەحبارو ئیبنو عەبباس‌و موعاویە کە (ابن حاضر) شیعرێك دەڵێتەوە گوایە هی (توببەع)ـە کە پـێش ئیـسلام بـوو و باسـی زولقەرنـەین دەکـاتو باسـی چـوونی بـۆ ڕۆژئـاواو ڕۆژهـەڵاتو باسـی ئـاوابوونی خـۆر لـەناو قـوڕ.. کـە شـیعری لـەو جـۆرە هەڵبەستنێکی ئاشکرایە. لەوەش خراپتر ئەوەیە گێڕانەیەوەك لە تەفـسیری (ئیبنو جـورەیج) دەهێنێتـەوە لـەبارەی ئـەو خەڵکـەی لای ڕۆژئـاوا بـوون‌و شارە دوانزە هەزار دەرگاییەکەیان‌و کە ئەگـەر دەنگـەدەنگی خـەڵکی ئـەو شارە نەبووایە خـەڵکی (واتـە مرۆڤـەکانی سـەر زەوی) گوێیـان لـە دەنگـی خۆر دەبوو کە دەکەوێتە خوارەوە (یان کە ئاوا دەبێت).

بەم جۆرەش ئەگەر پشت بە تەفسیرەکان ببەستین ڕەخنەگرتن لە قورئـان دەبێتە کارێك هێندە ئاسان تەنانەت عەبدالفادیش‌و وەرگێڕە کوردییەکەش دەتوانن بیکەن.

(تەبـەری) لـە تەفـسیرەکەی گومـانی لـە باسـی کـانیی لیتـە یـان کانییـە گەرمەکە نەکردووە بەڵکو وەکو موفەسیرەکانی تر ویـستوویەتی ڕێکبخـات لەنێوان دوو خوێندنەوەی (حمئة)و (حامية).

---

[5] تفسير ابن كثير، ج٥، ص١٩١

(ئەلبەغەوی)ش لە تەفسیرەکەی قسەی (ئەلقوتەیبی) نەقڵ دەکات کە دەکرێت واتاکە ئەوە بێت لای خۆرئاوا کانییەکی لیتە هەبوو یان لەبەر چاو وا دیار بوو.[6]

شتە سەیرەکانی ناو تەفسیرەکان کەسێتی زولقەرنەینیشی گرتۆتەوە، (ئەلشەوکانی)، زانای ناوداری یەمەن، قسەکان نەقڵ دەکات کە هیچیان بەڵگەیان لەسەر نییەو بەم جۆرەن:

زۆر جیاوازییان هەبووە لەبارەی دەربارەی زولقەرنەینەوە" وتراوە: ئەسکەندەر کوڕی فەیلەقووسی یۆنانییە (بزانە چۆن فیلیپوس بووە فەیلەقووس) کە موڵکی هەموو دونیای کەوتە دەستو ئەسکەندەرییەی بنیات نا، ئیبنو ئیسحاقیش وتی: پیاوێکی میسرییە ناوی مەرزەبان کوڕی مەرزەبەی یۆنانییە لە نەوەی یۆنان کوڕی یافث کوڕی نووح. وتراویشە: پادشایەکە ناوی (هرمس)ـە، وتراویشە: پادشایەکە ناوی (هردیس)ـە، وتراویشە: لاوێکی رۆمە، وتراویشە: پێغەمبەرێك بووە،هەروەها وترا عەبدێکی صالح بوو، وتراویشە: ناوی عەبدوڵلا کوڕی ئەلضەححاك، وتراویشە: موصعەب کوڕی عەبدوڵلا لە نەوەی کەهلان کوڕی سەبەئـ... تاد تەنانەت وتراویشە فریشتە بووە.[7]

ئینجا (شەوکانی) چەند قسەیەك دەکات کە دەربڕی ئەو کەسانەیە کە خۆیان بە زاهیری دەق دەبەستنەوە. شەوکانی قسەی ئەوانە دەگێڕێتەوە کە وتوویانە رەنگە خۆر لەبەرچاوی زولقەرنەین بەو جۆرە ئاوا بووبێت دوای ئەوە دەڵێت دووریش نییە بوترێت کە رێگری نییە لەوەی خودا

---

[6] تفسير البغوي، ج٥، ص ١٩٩.

[7] الشوكاني، فتح القدير، ج٣، ص ٣٠٧.

توانای ئەوەی دابێتی کە دەریای چواردەور (بەحری موحیت) ببڕێت تا بگاتە ئەو کانییەی کە خۆر تێی ئاوا دەبێت، چیش ڕێگری لەوە دەکات پاش ئەوەی خودا باسی ئەوەی کردووە کە گەیشتبووە خۆرئاوا بوون و دەسەڵاتی لە زەوی پێ بەخشیبوو؟ دەریا بەشێکە لە زەوی، بەدوورزانینیش (بەدوورزانینی ئەوەی خۆر لە کانییەك ئاوا بێت) نابێتە هۆی ئەوەی قورئان بەپێچەوانەی زاهیرەکەی وەربگیرێت.[٨]

هەر بۆیە پێویستە وتەی زانایانی پێشوو نەکرێتە مالّ بەسەر ئیسلامو قورئان. کارێکی موسڵمانیش بەپالّ وەلامی ئەو ڕەخنانە پاککردنەوەی ئەو تەفسیرانەیە لەو جۆرە قسانە. پێویستیشە ئەوە بلێین کە شەوکانی زانایەکی موجتەهیدی لێهاتوو بوو لە زانستە ئیسلامییەکانو مرۆڤ بەسێتی کتێبە ناودارەکەی (نیل الاوگار)ی بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی لە شارەزابوونی ئاگادار بێت.

شتێکی سەیری شەوکانیش ئەوەیە کە ئەو ساڵی ١٢٥٠ کۆچی مردووە واتە (١٨٣٤)ی زاینی کەچی ئاگای لە دوو کیشوەرەکەی ئەمەریکا نییە. ئەوەتا دەڵێت: ((کە گەیشتە خورئاوابوون، واتە کۆتایی زەوی لەلای خۆرئاواوە چونکە لەپشت ئەو کۆتاییە دەریای چواردەور (موحیت) هەیە کە مرۆڤ ناتوانێت بەناوی بڕوات)).[٩] کە ئەمە زانیاریی سەردەمەکەی نەبوو بەڵکو هی زۆر پێش ئەو سەردەمە" زۆر لە شەوکانیش کۆنتر ئۆقیانووسی ئەتلەسی بەشی خۆرئاوای بەحری موحیت بوو.

---

[8] الشوکانی، فتح القدیر، ج٣، ص٣٠٨

[9] سەرچاوەو لاپەڕەی سەرەوە.

شەوكانی ئەو قسانەی دەوروبەری ساڵی ١٨١٠ی زاینی (١٢٢٤ ی كۆچـی)[10] نووسیبوو، ئەمەریكای ئەودیو ئەتڵەسیش ساڵی ١٤٩٩ دۆزرابـووەوە، واتـە زیاتر لە سێ سەد ساڵ پێـشتر، ئـەو سـاڵەش كـە شـەوكانی ئـەو قـسانەی نووسیبوو نزیكەی دوانزە ساڵ بوو دەستووری دەوڵەتی ئەمەریكا دانرابـوو و كۆماری ئەمـەریكا دامـەزرابوو، لـەو كاتـەش پاپۆڕەكـان لـە ئـەورووپاوە ئۆقیانووسی ئەتڵەسـییان بـەرەو كیـشوەری ئەمـەریكای بـاكوورو باشـوور دەبڕیو لەوێوە دەهاتن، هەمووشی بەهێزی با.

نۆ سـاڵیش دوای ئـەو قـسەیەی شـەوكانی، واتـە هێـشتا شـەوكانی مـابوو، یەكەم پاپۆڕ كە بە هێزی هەڵم كار بكات ئۆقیانووسـی ئەتڵەسـیی بـڕی لـە ساڤانای (لە ویلایەتی جیۆرجیا) بـۆ لیڤـەرپـووڵ لـە بـەریتانیاو بـە ٢٧ ڕۆژ ئەو ئۆقیانووسـەی بـڕی. لـەو ماوەیـە پاپۆڕەكـە تـەنها ٨٠ سـەعات هێـزی هەڵمی بەكارهێنا،[11] بەڵام ماوەی گەشتەكەی ناو ئەو دەریای موحیتـە، كـە دەركەوت موحیت نییە، كـەمتر دەبـووەوەو سـاڵی ١٨٣٨واتـە چـوار سـاڵ دوای مردنــی شــەوكانی دوو كەشــتی لــە یــەك ڕۆژ گەیـشتنە ئەمــەریكا، یەكێكیان لە ئایرلەنداو ١٩ ڕۆژی پـێ چـوو و ئـەوەی تـر لـە بـەریتانیاو ١٤ ڕۆژو نیـوی پـێ چـوو و هـەموو گەشـتەكەیان بـە هێـزی هـەڵم بـوو.[12] لـەو سـەردەمە بــوو كــە ئیمــامێكی زانــا وەكــو باســە كۆنــەكان تەماشــای ئۆقیانووسی دەكرد.[13]

---

[10] وەك لە كۆتایی بەرگی یەكەم خۆی نووسیویەتی.

[11] Paul Butel, The Atlantic, p.234.

[12] *Ibid.*, p.233-4.

[13] باسمان لەوە نییە موسڵمانان ئاگایان لەودیو ئەتڵەسی نـەبوو، ئـەگینا ئـەو ئاگاییـە هەبووە، بەڵكو مەبەستمان نموونەی كاری موفەسیرانە لەسەر قورئان كاتێك پـشت بـە

ئینجا بزانە فخر الدین الرازی کە زیاتر لە ٦٠٠ سالْ سالْ پێش شەوکانی ژیاوە چۆن نزیکتر لە زانست وعەقلْ ئەوەی لێك داوەتەوە. ئەو باسی سێ جۆر بۆچوونی کردووە یەکەمیان تەفسیرە بڵاوەکە کە کانیی لیتە یان کانیی گەرم، پاشان دووەم و سێیەمیش دەڵێت:

لێکۆڵینەوەی دووەم: بەبەڵگە سەلمێنرا کە زەوی تۆپەو ئاسمان چواردەوری داوە.. ئینجا دەڵێت خۆر چەندین جار لە زەوی گەورەترە ئیتر چۆن بەعەقلْ دەچێت ئەو خۆرە بچێتە ناو کانییەکی زەوی. پاشان باسی تەئویلەکانی ئایەتەکە دەکات کە یەکێکیان ئەوەیە خۆر لەپشتی دەریاوە

قسەی بێبەڵگە دەبەستن یان ئاگایان لە سەردەمی خۆیان نەبێتو دەبنە هۆی ڕەخنەگرتن لە قورئانو پەروەردەکردنی خراپی عەقڵی مرۆڤی موسڵمان. بەڵام وەنەبێت تەنها زاناکەی سەدەی نۆزدە ئەوە حاڵی بووبێت بەڵکو نموونەی سەیرتری پاش زیاتر لە سەدەو نیوێك هەیە، نموونەکەش شێخ (عبدالله الدویش)ی فەرموودەناسە کە ساڵی ١٩٨٩ کۆچی دوایی کردووەو کە لە ڕەخنەو ڕاستکردنەوەکانی بۆ کتێبەکەی سەید قوتب (فی ظلال القران) کە لەسەر داوای هەندێك کەس نووسیویەتیو ساڵی ١٩٩٠ بڵاوبۆتەوە، واتە تەنها (٢٤) سالْ پێش ئێستا، ڕەخنە لە سەید دەگرێت کاتێك باس لە خولانەوەی زەوی دەکاتو تەنانەت دەڵێت باسکردنی جووڵەی زەوی خیلاف قورئانو سوننەتو ئیجماعی زانایانە: عبدالله بن محمد بن احمد الدویش، المورد الزلال في التنبیه علی اخطاء الظلال، مجلد ٣، ص ١٩٧.

سەبارەت بە قسەکەی سەیدیش کە: زەمانێك تێپەڕیبوو خەڵك وایاندەزانی زەوی جێگیرە (الدویش) دەڵێت: هەق ئەمەیە کە قورئان و سوننەت دەلالەتیان لەسەر داو پێغەمبەرو صەحابەو سەلەف ئوممەتو ئیمامەکانی لەسەر ڕۆشتبوون (فماذا بعد الحق الا الضلال). هەروەها بۆ قسەکەی سەید کە زەوی تۆپێکی بچووکە لە بۆشایی مەلە دەکات دەڵێت: ئەمە قسەیەکی باتڵە لەبەر چەند هۆیەك یەکەمیان ئەوەیە قسەیەکی داهێنراوەو دەرچووە لە قسەی سەلەف ئوممەتو ئیمامەکانیو ئیجماعی موسڵمانان (ل٢٠٠).

ئاوا دەبێت، یەکێکی تر ئەوەیە لای ڕۆژئـاوای زەوی دەریـا دەورەی داوەو زۆر گەرمە، سێیەمیـشیان ئەوەیـە ئـەهلی هەواڵـەکان (واتـە گێڕانـەوەکان) دەڵێن خـۆر لـە کانییـەکی پـڕ ئـاو و لیتـە ئـاوا دەبێـت ئەمـەش زۆر دوورە چونکە ئەگەر مانگیرانێکمان تەماشـا کـردو بینیمـان ڕۆژئاواییـەکان دەڵـێن ئەو مانگگیران لە سەرەتای شەو ڕوویدابوو، خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش دەڵێن لـە سەرەتای ڕۆژ ڕوویدابوو، ئەو کاتە دەزانین کە سەرەتای شـەو لای خـەڵکی ڕۆژئاوا سەرەتای ڕۆژی دووەمە لای خەڵکی ڕۆژهەڵات، بـەڵکو ئـەو کاتـەش کە لای ئێمە سەرەتای شەوە لە وڵاتێکی تر کاتی عەسرەو لە وڵاتێکـی تـر کاتی نیوەڕۆیەو لە وڵاتێکی سـێیەم کـاتی چێـشتەنگاوەو کـاتی هـەڵهاتنی خۆرە لە وڵاتێکی چـوارەمو نیـوەی شـەوە لـە وڵاتێکـی پێنجـەم... ئینجا لەوەوە دەگاتە ئەوەی کە ئـەو قـسەیەی دەڵێـت خـۆر لـە قـوڕو لیتـە ئـاوا دەبێت پێچەوانەی یەقینە.[١٤]

بگەڕێینـەوە سـەر تەفاهـەتی قـسەکانی عبـدالفادیو ئـەم چـەند تێبینییـە بڵێین:

نابراو باسی دیوارەکەی یەئجووج و مەئجووج دەکـات کـە بـە ئاسـن کـراوە بەڵام باسی ڕۆکردنی مسی تواوەی بەسەری نەکردووە، دەشڵێت دیوارەکـە بووە بەربەستێکی قایم کە تا ڕۆژی قیامەت کەس دەرکی پیٚ ناکـات خـودا نەبێت. واشبزانم هەڵەیەك لێرە هەیەو لەجیاتی وشەی (لا یدرکه) پێویـستە (لا یدکه)، واتە نایکوتێت، بێت چونکە ئایەتەکە لەسەر زمـانی زولقەڕنـەین دەڵێت: (فاذا جاء وعدُ ربي جعله دَكَّاء). بەهەر حاڵ وەرگێڕی کوردی چـی نووسراوە وەریگرتووە گوایە تا ڕۆژی قیامەت خـودا نـەبێت کـەس نازانێـت

---

[14] تفسير الفخر الرازي، ج٢١، ص١٦٧–١٦٨.

لەكوێیـە(لاپـەڕە ١٧). ئینجـا لـە پاشـكۆكەی خـۆی (لاپـەڕە ١٨) كـەمێك وڕێنەی كردووەو نووسیویەتی كـە شـوورای چـین زۆر گەورەیـەو زۆر كۆنـە كەچی تا ئێستا ماوە ئەی ئەو بەربەستە بۆچی تا ئێـستا نەدۆزراوەتـەوە؟ وڕێنەكەش لەوەیە كە هەر خۆی دەڵێت شوورای چین هێندە مەزنە لەڕووی مانگەوە دیارە واتە ئاساییە خەڵكیش دەركی پێبكەنو بـەم جـۆرە لەگـەڵ كەمێك بەكارهێنانی عەقڵ مرۆڤ دەزانێت كـە بەربەسـتێكی نێـوان دوو كێـو كە ڕەنگە دەربەندێكی زۆر تەسك بێت زیاتر بۆی هەیە لـەژێر بـەردو خـۆڵی هەرەسكردووی دوو بەشی كێوەكە ون بێت ئەوەش جگە لەوەی مەرج نییە شێوەی بەربەستەكە دیوارێكی ڕێك بێتو هەر ئەوەندە بەسـە تـا ڕادەیـەك ستوونی بێت بۆ ئەوەی ئـەو دوو گەلـە نـەتوانین بەسـەری سـەركەون ئـیتر بەدرێژایی كات بۆتە بەشێك لە زنجیرە چیاكە.

وەرگێڕی كوردی لەباسی خۆر ئاماژە بۆ ئەو فەرموودەیە دەكـات كـە خـۆر لە ڕۆژی قیامەت بەدووری میلێك لە سەری خەڵكەوە نزیك دەبێت بەڵام ئەو دەڵێت یەك میل لـەكاتێك فەرموودەكـە گومـانی راوییەكـەی تـێ هەیـە كـە دەڵێت نازانێت پێغەمبەر مەبەستی لە میل چییە: مـاوەی سـەر زەوی یـان ئەوەندەی كلچۆك (ئەو دارەی بـۆ كردنـی كـل لـە چـاو بـەكاردێت) درێـژە، بەواتای دووەمیش وشەی میـل مـەجاز دەبێـتو نیـشانەیە لـە نزیكـیو بـە بەواتای دووەم میلی ئەو كاتە بڕێك زۆرتـر بـوو لـە میلـی ئێـستا، بێگومـان هێـشتا زۆر نزیكـە بۆیـە ڕەنگـە واتـا مەجازییەكـە راسـتتر بێـت هەرچـەند ئایەتی تەكویر باسی خـۆر دەكـات (اذا الـشمسُ كـوِّرَت) واتـە خـرِ كـرا كـە ڕەنگە ئەمە ئاماژە بێت بۆ بچووككردنی قەبارەی خۆر ئیتر مەرج نییە بـەو بارستەو تینو هێزەی ئێستای بێت. ئەمەش وەكو هاوكێشەیەكە كە پڕێتی

له نەزانراو و کەس ناتوانێت لەخۆیەوە بڕیار لەسەر یەك نەزانراو لەوانە بدات کە چەندە.[١٥]

وەرگێڕی کوردی ئەو باسەی تەبەڕی دەهێنێتەوە کە گوایە کە خۆر ئاوا دەبێتولە ئاسمانێکەوە بۆ ئاسمانێکی تر بەرز دەکرێتەوە تا دەگاتە ئاسمانی حەوتەم ئینجا دەگاتە ژێر عەرشی خوداو سوجدە بۆ خودا دەباتو ئەو فریشتانەش کە کاروباری خۆریان پێ سپێردراوە سوجدە دەبەن ئینجا خۆر لە خودا دەپرسێت لەکوێوە هەڵدێت ئیتر جبریل پۆشاکێکی تیشك لە رووناکیی عەرشی بۆ دەهێنێت ئەویش دەیکاتە بەری... تاد. (لە گێڕانەوەکە وشەی "حلّە" هەیە کە پۆشاکە بە چەند واتایەك: پۆشاکێکی باشی نوێ یان پۆشاکی دوو پارچەیی یان سێ پارچەیی.. بەڵام وەرگێڕی کوردی دەڵێت ملەوانە)، لە سەنەدی ئەو فەرموودەیەك دوو کەس هەن (خلف بن واصل و عمر بن صبح أبو نعیم البلخی) کە هەڵبەستنی فەرموودەیان دراوەتە پاڵ.[١٦] شێخەکەی تەبەریش (واتە ئەوە فەرموودەکەی لێ وەرگرتووە)، محمد بن أبی منصور الآملي،

---

[15] فەرموودەکە لە صەحیحی موسلم (کتاب الجنة وصفة نعیمها وأهلها–باب صفة القیامة، ح٢٨٦٤، ص١٣١٠)، وەرگێڕی کوردیش ناڵێت لە چ کتێبێك هاتووە، سەرباری ئەوەش دەقێك بە عەرەبی دەهێنێت کە فەرموودە نییە بەڵکو کۆکراوەی کورتی ئەو فەرموودەیەو چەند فەرموودەیەکی ترە.پاش گەڕانێکی خێراش بە ئینتەرنێت بینیم ئەو قسەیە بەشێکە لە چەند ئامۆژگارییەك بۆ لاوان.

[16] د. محمد بن طاهر البرزنجي، ضعیف تاریخ الطبري، ج٦، ٨٣، ص٣٧، هـ١.

نەناسراوە[١٧] کە ئەم نەناسراوییە بەسە بۆ لاوازکردنی هەر فەرموودەیەك. تەبەری خۆشی لاوازی کردووە.[١٨]

[17] وەك خاوەنی کتێبی شێخەکانی تەبەری باسی کردووە کە هیچ باسێکی نەبینیوە لە کتێبەکانی تایبەت بە گێڕەرەوەکانی فەرموودە: اکرم بن محمد الاثري، معجم شيوخ الطبري، ٣٣٣، ص٦١٢.

[18] د. محمد بن طاهر البرزنجي، ضعيف تاريخ الطبري، ج٦، ٨٢، ص٣٨، هـ ٢.

٢-زەوی جێگیرە

عبدالفادی ئەم ئایەتانە دەهێنێتەوە:

((خَلَقَ السَّمَاوَاتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا وَأَلْقَى فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ – لقمان:١٠)).

((وَهُوَ الَّذِي مَدَّ الأَرْضَ وَجَعَلَ فِيهَا ... –الرعد:٣)).

((وَالأَرْضَ مَدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَا فِيهَا رَوَاسِيَ وَأَنبَتْنَا فِيهَا مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْزُونٍ – الحجر:١٩)).

((وَأَلْقَى فِي الأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِكُمْ وَأَنْهَارًا وَسُبُلاً لَّعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ – النحل:١٥)).

((وَجَعَلْنَا فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِهِمْ وَجَعَلْنَا فِيهَا فِجَاجًا سُبُلًا لَعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ – الانبياء:٣١)).

دیسانەوەش پەنا بۆ تەفسیری بەیزاوی دەبات کە باسی ئەو ئایەتانە دەکاتو دەڵێت تەفسیری ئایەتەکانی سوورەتی (النحل) دەکاتە پوختەی تەفسیری هەموو ئەو ئایەتانە: خودا کێوەکانی سەقامگیر کردووە نەوەکو[19] زەوی لار بێتەوەو جووڵەجووڵ بکاتو ناجێگیر بێت.

بەیزاوی دەڵێت زەوی تۆپێکی سووکەڵەی ساکار بوو و هەقی هەبوو وەکو فەلەکەکان بەخولانەوە بجووڵێتەوە یان بەهۆی بچووکترین هۆکاری جوولە

[19] وشەی (كراهة) لێرە واتا (نەوەکو) وەرگێڕی کوردیش پیتاوپیت وەریگێڕاوەو وای لێ کردووە: خوا پێی ناخۆش بووە زەوی لاریان بکاتەوە!!

بجوولێتەوە ئیتر کە کێوەکان لەسەر ڕووەکەی دروستکران لاکانی لاسەنگ بوونو کێوەکان بەهۆی قورساییەکەیانەوە بەرەو مەرکەز چوون ئیتر وەکو مێخیان لێهات کە ناهێڵن زەوی بجوولێتەوە (بەیزاوی، ج٣، ص٣٩٠).

هەرچەندیش ئەو تەفسیرە ویستوویەتی لە زانستەوە نزیك بێتەوە بەلاّم هێشتا تەفسیرێکی سەردەمی خۆیەتیو کارێکی دوورە لە گیانی زانستەوە ئەگەر ئەو تەفسیرە بکرێتە ماڵ بەسەر قورئان. وەك وتیشم تەفسیرەکە ویستوویەتی لە زانستی سروشت نزیکبێتەوە، لەو ڕووەشەوە کە زەوی وەکو گۆ باس دەکات تا ڕادەیەك نزیك ببووەوە.

ڕەخنەی عبدالفادیش ئەمەیە:

ئێمە دەپرسین: کە ئەوە روون بێت زەوی هەر بیستوچوار سەعات جارێك بەدەوری خۆی دەخولێتەوەو لەو جووڵەیە شەو و رۆژ دروست دەبنو زەوی لەساڵێك یەك جار بەدەوری خۆر دەخولێتەوەو لەو خولانەوەیە چوار وەرزەکە دروست دەبن ئیتر چۆن زەوی راخراو و تەختکراو و جێگیر دەبێتو ناجوولێتو کێوەکان رێگریی لێدەکەن لەوەی لاربێتەوەو بجوولێتەوە؟

لەبەر ئەوەش مەبەستی ئەم وەلاّمە باسکردنی ئیعجازی زانستی لە قورئان نییە خوێنەر دەتوانێت ئەو بابەتو کتێبانە لەو بارەیەوە بخوێنێتەوە. تێکەڵکردنی تەفسیری قورئانیش بە خودی قورئان کارێکی هەڵەیەو بۆ خۆی جێگەی ڕەخنەیە چونکە تەفسیر نابێتە حاکم بەسەر قورئان بەتایبەت لەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە زانستی رۆژگارەوە هەیە.

زانراویشە کە زەوی بەواتایەك تەختەو بەواتایەکی تر گۆییە. زەوی گۆییە ئەگەر باسی هەموو زەوی یان هەسارەی زەوی بکەین. زەویش تەختە

ئەگەر مەبەستمان لەو رووبەرەی لەسەر دەژین. زانراویشە کە لەهەر خالێکی دیاریکراویو ئەو قەوسەی لەو شوێنە بەهۆی خڕیی زەوییەوە دروست دەبێت گۆشەیەکی هێندە بچووکە کە وەکو نەبوو وایە. باسکردنی تەختکردنی زەوی بۆ کەسانێکە لەسەر ڕووی زەوی دەژین کە مرۆڤەکانو خیتابەکە لەگەل مرۆڤ کراوەو بۆ ژیانو گوزەرانی ئەوە: ((زەویم بۆ درێژو پان کردنەوەو شاخم تێ داناو هەموو جۆرە ڕووەکێکم تێ ڕواند)).. ئەمە خیتابەکەیە، ئینجا ئایا گونجاو دەبوو بوترایە: ((زەویم بۆ خڕکردنو شاخم تێ داناو هەموو جۆرە ڕووەکێکم تێ ڕواند))؟ باس باسی ژیانو گوزەرانی مرۆڤە کە لێرە باسی تەختکردنی زەوی گونجاوترە. بەم جۆرە ڕەخنەگرتن لە وەسفی زەوی بەوەی تەختە لەجێگەی خۆی نییە چونکە یەك ڕووی ڕاستییەکەی وەرگرتووەو ڕەچاوی سیاقی باسەکەی نەکردووە کە لەبارەی ژیانی مرۆڤ لەو شوێنەی لەسەری ڕاوەستاوە نەك لەبارەی زەوی وەك تەنێکی ئاسمانی.

دەوری کێوەکانیش لە ڕاگرتنی زەوی چەند واتایەك هەڵدەگرێت نەك تەنها ئەو واتایەی بەیزاوی باسی کردووەو عبدالفادی کردوویەتی بە مالّ بەسەر قورئان، واتە دەوری چیاکان لەوەی زەوی وەکو تەنێکی ئاسمانی لە جووڵە بکەوێتو عبدالفادی ئەو جووڵەیە بکاتە جووڵەی زەوی بەدەوری خۆی و بەدەوری خۆر... ئەمە بازێکی گەورەیە، ئەگینا جووڵەکان زەوی هەر ئەو دوانە نین.. ئەی چی دەڵێین بۆ جووڵەی چینەکانی زەوی؟ ئەگەر بمانەوێت لەو ئایەتانە تێبگەین پێویستە بەم جۆرە بیربکەینەوە: کێوەکان ڕێگری لە چینەکانی زەوی دەگرن کە بجووڵێن یان بەسەر یەکتر بخزێن، یان بەو شێوەیەی جیۆلۆجیا وردکارییەکانی داوە: کێوەکان بەهۆی

جوولـەی چـینەکانی زەوی دروسـت بـوون، واتـە لـەو سـەردەمە جوولـەی چینەکانی زەوی هەبووەو لەدوای ئـەوەوە جوولەکـەیان سـنووردار بـووەو هی ئەوە نییە زەوی لەبنی پێی مرۆڤ بجوولێنێت.[٢٠]

[20] وەرگێڕی کوردی ویستوویەتی زانستییانە قسە بکاتو باسی جوولەی ئـەو چـینانەی کردووە بەڵام داماوییەکە لەوەیە کە هەر ئەو باسە خـۆی پـشتگیریی دەوری کێوەکـان لـە سـەقامگیرکردنی رووی زەوی دەکـات بـەڵام چـونکە بـە چـاوێکی نووقـاوەوە قـسە دەکات خۆی دەخەڵەتێنێت

٣-ئەستێرەكان بۆ بەردەبارانكردنی شەیتانەكانن

((وَلَقَدْ زَيَّنَّا السَّمَاء الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَجَعَلْنَاهَا رُجُومًا لِّلشَّيَاطِينِ وَأَعْتَدْنَا لَهُمْ عَذَابَ السَّعِيرِ - تبارك:٥)).

إِنَّا زَيَّنَّا السَّمَاء الدُّنْيَا بِزِينَةٍ الْكَوَاكِبِ * وَحِفْظًا مِّن كُلِّ شَيْطَانٍ مَّارِدٍ * لَا يَسَّمَّعُونَ إِلَى الْمَلَإِ الْأَعْلَى وَيُقْذَفُونَ مِن كُلِّ جَانِبٍ * دُحُورًا وَلَهُمْ عَذَابٌ وَاصِبٌ * إِلَّا مَنْ خَطِفَ الْخَطْفَةَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ ثَاقِبٌ - الصافات: ٦-١٠))

وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي السَّمَاء بُرُوجًا وَزَيَّنَّاهَا لِلنَّاظِرِينَ * وَحَفِظْنَاهَا مِن كُلِّ شَيْطَانٍ رَّجِيمٍ * إِلاَّ مَنِ اسْتَرَقَ السَّمْعَ فَأَتْبَعَهُ شِهَابٌ مُّبِينٌ - الحجر:١٦-١٨))

عبدالفادی تەفسیری بەیزاوی دەهێنێتەوە كە هەسارەكان چران و بۆ جوانین (سوورەتی الحجر، ج٣، ص٣٦٤ و الصافات، ج٥، ص٤) ئینجا بەیزاوی لە تەفسیری (وجعلناها رجوما للشیاطین) دەڵێت: واتە: سوودێكی تریشمان بۆ داناون ئەویش ڕەجمكردنی دوژمنەكانتان، وتراویشە كە ئەوانەمان كردۆتە گومان بۆ شەیتانە مرۆڤەكان كە بریتی لە ئەستێرەگرەكان (ج٥، ص٣٦٢)، مەبەستی لەوەیە كە ئەو ئەستێرانەی دەكەونە خوارەوە دەبنە سەرچاوەی زانیاری بۆ ئەستێرەگرەكان (شەیتانە مرۆڤەكان) سەبارەت بە پێشبینیی دوارۆژ بەڵام ئەمانە زانیاری نین بەڵكو گومانن.

عبدالفادی ئەوەی سوورەتی (ئەلحیجر-الحجر) وا باس دەكات: كە ئاسمان لە دەستی شەیتانەكان پارێزراون بەوەی ناتوانن بۆی سەركەون و

وەسوەسە بخەنە دڵی خەڵکەکەی‌و تەسەروف بکەن بەشێوەیەك فەرمان بەو ئاسمانە بدەن‌و ئاگایان لە کاروبارەکانی بێت مەگەر یەکێکیان نهێنییەك بدزێت. ئینجا باسی قسەکەی ئیبنو عەبباس دەهێنێتەوە کە شەیتانەکان رێگرییان لێ نەدەکرا گوێ لە هەواڵەکانی ئاسمان بگرن بەلاَم کە عیسا لەدایکبوو بۆ ماوەی سێ ساڵ ڕێگرییان لێ کراو کاتێکیش موحەممەد لەدایکبوو بە نەیزەکەکان رێگرییان لێ کرا.

عبدالفادی دەپرسێت: ئەگەر هەر هەسارەیەك جیهانێکی زەبەلاح بێت بۆ خۆی ئیتر چۆن دەتوانین تەسەور بکەین کە فریشتەیەك بە قەبارەی مرۆڤ وەکو بەردێك دەست بداتە ئەو هەسارەیەو بیگرێتە شەیتان بۆ ئەوەی دەنگی خەڵکی ئاسمان نەبیستێت؟ ئایا ئەو هەموو تەنە ئاسمانییانە بۆ ئەوە دروستکراون کە ببنە تفاقی سەربازی بۆ بەردەبارانکردنی شەیتانەکان؟

عبدالفادی دەڵێت بەیزاوی وا تەفسیری دەکات وەك چۆن تەفسیری خۆی بێت لەکاتێك بەیزاوی ڕوونکردنەوەی داوە چونکە گرتنی نەیزەکەکان لەو شەیتان‌و جنۆکانەی دەچنە ئاسمانی یەکەم بۆ بیستنی هەواڵ لە فەرموودەکان هاتووە. فەرموودەکان دەڵێن جنۆکەکان ئەو گوێگرتنە بۆ فاڵچی‌و کاهنەکان دەکەن‌و هەواڵێکی ڕاستی ئاسمان دەبیستن‌و دەیگەننە جادووگەران‌و کاهنەکان‌و ئەمان سەد درۆی لەگەڵ تێکەڵ دەکەن.[٢١]

---

[21] صحيح البخاری، کتاب التفسير، باب الا من استرق السمع فاتبعه شهاب مبين، ج٦، ح٤٧٠١، ص٨٠-٨١" کتاب التفسير، باب قوله حتى اذا فُزّع عن قلوبهم..، ج٦، ح٤٨٠٠، ص١٢٢" لەوەش کورتتر لەهەمان کتێب: کتاب الطب، باب الكهانة، ج٧، ح٥٧٦٢، ص١٣٦. صحيح مسلم، کتاب السلام، باب تحريم الكهانة واتيان الكهان، ح٢٢٢٩، ص١٠٦٢، کورتەکەش: ح٢٢٢٨، ص١٠٦١.

سووره‌تی (الجن) باسی گوێگرتنه‌که‌ ده‌کات‌و باسی ئه‌وه‌ ناکات بۆ کاهنه‌کان بووه‌، له‌سه‌ر زمانی جنۆکه‌کانیش ده‌ڵێت که‌ شوێنیان هه‌بوو له‌ ئاسمان تێی داده‌نیشتن‌و گوێیان ده‌گرت به‌ڵام له‌مه‌ودوا هه‌ر که‌سێکیان گوێ بگرێت نه‌یزه‌كێك چاوه‌ڕێی ده‌كات ئینجا هه‌ر له‌سه‌ر زمانی جنۆکه‌کان ده‌ڵێت: ئێمه‌ش نازانین به‌م ڕێگرییه‌ ویسترا خراپه‌یه‌ك به‌ ئه‌هلی زه‌وی بگه‌یه‌نرێت یان خودا ویستی ژیری (یاخود هیدایه‌ت)یان پێببه‌خشێت: ((وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَاعِدَ لِلسَّمْعِ فَمَن يَسْتَمِعِ الْآنَ يَجِدْ لَهُ شِهَابًا رَّصَدًا * وَأَنَّا لَا نَدْرِي أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِي الْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا –الجن: ٩-١٠)).

عبدالفادی وه‌ك ئاگاشی له‌ فه‌رمووده‌و ته‌فسیری تر نییه‌ ناشزانێت كه‌ سه‌رجه‌م ئایه‌ته‌كان له‌گه‌ڵ فه‌رمووده‌كان باسی هه‌ساره‌ ناكه‌ن كه‌ ده‌گیرێنه‌ جنۆكه‌كان به‌ڵكو باس له‌ نه‌یزه‌كه‌. عبدالفادی وه‌ك چۆن قه‌باره‌ی نه‌یزه‌كه‌كانی گه‌وره‌ كردووه‌ قه‌باره‌ی فریشته‌كانیشی بچووك كردۆته‌وه‌ كاتێك ده‌ڵێت هێنده‌ی مرۆڤن. ئینجا ئایه‌ته‌كان ناڵێن فریشته‌كان ئه‌و به‌ردانه‌ ده‌گرنه‌ شه‌یتانه‌كان، ئێمه‌ هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ ده‌زانین كه‌ به‌رده‌كانیان تێده‌گیرێت.

ئه‌و ڕه‌خنه‌یه‌ش له‌جێگه‌ی خۆی نییه‌ كه‌ گوایه‌ ئه‌و هه‌سارانه‌ بۆ به‌رده‌بارانكردنی شه‌یتانه‌كان دروستكراون چونكه‌ ئایه‌ته‌كان وا ناڵێن، ته‌نانه‌ت به‌یزاویش كه‌ عبدالفادی پشتی پێوه‌ به‌ستووه‌ وا ناڵێت چونكه‌ عبدالفادی هه‌ر خۆی قسه‌كه‌ی به‌یزاوی نه‌قڵ ده‌كات كه‌ به‌رده‌بارانكردنی دوژمنه‌كانی مرۆڤ سوودێكی تره‌ نه‌ك تاكه‌ سووده‌.

قسه‌ له‌سه‌ر وه‌رگێڕانی كوردی:

لەپەراوێز دەنووسێت زانست هەڵەی زاراوەکانی ڕۆژهەڵاتن‌و ڕۆژئاوابوونی سەلماندو هەروەها لە گەردوون نزم (دنیا)و بەرز (سماء) دوو چەمی ڕیژەیین‌و کتێبە ئاینییەکان لەوە هەڵەن (لاپەڕە ٢٠، پ ١٤).

ئەمەش تەنها قسەیە چونکە قورئان یان هەر کتێبێك یان قسەیەك کە دەکرێت پێویستە بەپێی حاڵی ئەو کەسانە بێت کە قسەکەیان لەگەڵ کراوە، بۆیە هەر کەسێکی سەر زەوی ئاسمان بەرزاییەو ڕۆژهەڵاتن لە ڕۆژهەڵاتەوە دەبێت‌و ڕۆژهەڵات ناوێکە وەسفی شوێنێك دەکات کە دەکەوێتە دەستە ڕاستی ئەو کەسەی ڕوودەکات باکوور، باکووریش خاڵێکە یان تەوەرێك بە ئاڕاستەیەك دەڕوات گۆشەی نەوەد پلە لەسەر تەوەرەکەی تر دروست دەکات کە تەوەری ڕۆژهەڵات–ڕۆژئاوایە. بەو پێیەی وەرگێڕیش پێویستە لەجیاتی وشەی (رب المشرق–خودای ڕۆژهەڵات یان ڕۆژهەڵاتن) لە قورئان دەبوایە بوترایە: ((خودای ئەو خاڵەی کە تیشکی خۆری بەردەکەوێت کاتێك زەوی بەدەوری خۆی دەسووڕێتەوە))! ! یان هەموو جارێك لەجیاتی ((السماء الدنیا–ئاسمانی نزم)) بوترێت ((ئەو بۆشاییە نزیکترین شوێنە لە زەوی)). خۆ ئەگەر ئەوەش کرا ئەو کاتە دەوترا قورئان نازانێت زاراوە بۆ ئاسانکردنەوە بەکاربهێنێت‌و بە ڕستەی درێژ تەعبیر لە وشەی کورت دەکات. پێویستە ئەوەش بڵێین کە ((السماء الدنیا)) مەرج نییە ئاسمانی نزم بێت چونکە وشەکە لە (دنی) واتە نزیك بووەوە هاتووە واتە ئاسمانی دنیا ئاسمانی نزیکە چونکە نزیکترین شوێنە لە زەوی.

عبدالفادی قسەکەی بەیزاویی نەقڵکردووە: ((والتنکیر للتعظیم))، مەبەستیش لە وشەی (مصابیح) کە بە (نەکیرە–نەناسێندراو)،

بەکوردیش: چراگەل، هاتووە نەك وەك (موعەرەف–ناسێندراو) کە بە کوردی (چراکان)ەو بە عەرەبی (المصابیح)ە. بەیزاوی دەڵێت ئەو تەنکیرە بۆ گەورەکردنە. بەش بە حاڵی خۆشم نازانم بۆچی ئەمە (واتە مصابیح) گەورەکردنەو بۆچی ناساندنی وشەکە (واتە المصابیح) گەورەکردن نییە، گرنگ ئەوەیە بەیزاوی مەبەستی ئەوە بوو بۆیە پاش باسی (ئاسمانی نزیك) دەڵێت: ئەوەش رێگری لەوە ناکات کە هەندێك هەسارە لە ئاسمانەکانی سەرەوە هەبن. وەرگێڕی کوردی لەمە تێنگەیشتووەو ((والتنکیر للتعظیم–نەناساندنەکە بۆ گەورەکردنە))ی کردووە بە ((شرۆڤەکەش بۆ گەورەکردنە))، واتە ڕوونکردنەوە یان تەفسیر بۆ گەورەکردنە.

عبدالفادی دوای باسی قسەکەی ئیبنو عەبباسە کە لەدوای لەدایکبوونی موحەممەدەوە بە نەیزەك شەیتانەکان ڕێگرییان لێ کرا بچنە ئاسمانەکان، قسەکەی بەیزاوییش نەقڵ دەکات:((ولا یقدح فیه تکونها قبل المولد لجواز أن یکون لها أسباب أخر وقیل الإستثناء منقطع أي ولکن من استرق السمع))، کە ئەمە وەڵامی ڕەخنەیەکە کە بەیزاوی زانیویەتی لە قورئان دەگیرێت: بۆچی نەیزەکەکان لەدوای لەدایکبوونی پێغەمبەرەوە بۆ راونانی شەیتانەکان بەکارهاتوون لەکاتێك ئەو نەیزەکانە پێش ئەویش هەر هەبوونو هەر دەکەوتنە خوارەوە؟ وەڵامەکەشی ئەوەی سەرەوەیە کە بەکوردی ئەمەیە: دەکرێت هۆکاری تریان هەبێت، واتە هۆکاری تر هەبن بۆ کەوتنە خوارەوەی نەیزەکەکان. وەرگێڕی کوردیش ئاوا دەنووسێت: ((وە نابێت کەسی موسڵمان بۆ ئەو باسە هۆی تر لێکبداتەوە)). واتە وەرگێڕەکە لە قسەکە تێنەگەیشتووەو بە حەزی خۆیو بەپێی نیازی خۆی

له وەرگێڕانەکە ئەو قسەیەی کردۆتە کوردی، بەیزاوی دەڵێت کە ئەوە رەخنە نییە کە نەیزەکەکان پێش لەدایکبوونی پێغەمبەر هەبوون چونکە دەکرێت هۆی تر بۆ کەوتنە خوارەوەیان هەبووبێت، وەرگێڕەکەش دەیکاتە فەرمانێکی رێگری کە کەسی موسڵمان بەدوای هۆی تر بگەڕێت، ئەمەش تەنها بۆ نەزانییەکەی ناگەڕێتەوە بەڵکو هەروەها بۆ فیکرەیەکی ئامادە لە مێشکی ئەویش نابێت موسڵمان پرسیار بکات، کە دیارە ئەم پرسیارنەکردنە بۆ چەند شتێکی زۆر کەمن کە خۆخەریککردنی پێیانەوە دەبێتە فرێدانی قسەی بێبەڵگە، وەك پرسیار لەوەی چۆن خودا ئەزەلییەو سەرەتایەك نەبووە بۆ هەبوونی.

بەیزاوی هەر لەو قسەیەی سەرەوەی بۆچوونێکی تر دەڵێت کە وشەی (الا- بێجگە، مەگەر) ئەمەی ئیستسنائی (مونقەطیع)ـە کە لە زمانی عەرەبی بریتییە لە دەرکردنی شتێك لە شتێکی تر کە بەشێك نییە لێی. ئەگەر ئەو جۆرە ئیستسنائە نەبێت ئایەتەکە ئەم واتایەی دەبێت: ((خودا بورجی لە ئاسمان دروست کردو ڕازاندنیەوە بۆ تەماشاکەرانو پاراستنی لە هەر شەیتانێکی بەردباراونکراو مەگەر لە شەیتانێك پارێزراو نەبێت کە بەدزییەوە گوێ بگرێت ئەو کاتە نەیزەکێك شوێنی دەکەوێت)). بەپێی ئەمەش خودا ئاسمانی لەو شەیتانانە نەپاراستووە کە بگەنە ئەوێو گوێ بگرن مەگەر دواتر کە نەیزەکیان بۆ دەنێرێت. بەپێی ئەو جۆرە ئیستسنائەش بێت وشەی (الا-بێجگەلە ، مەگەر) بەواتای (لکن-بەڵام) هاتووەو بەم جۆرە ئاسمان پارێزراوە لە هەموو شەیتانێك بەڵام ئەگەر هاتو شەیتانێك گەیشتە ئەوێ.. تاد. وەرگێڕی کوردی کە نازانێت

ئیستسنائی مونقەطیع چییە دەڵێت: ((وە وتراوە بێجگەلێکردنی تێدا نییە))!!

ئەنجامی لێکدانەوەی سەرجەم ئایەتەکانیش ئەوەیە کە جنۆکەکان گوێیان لە هەواڵەکانی ئاسمان دەگرت بەڵام ڕێگریی ئەوەیان لێ کرا، هەر یەکێکیش ئەوە بکات نەیزەکی تێدەگیرێت (نەوتراوە هاوێژەرەکە فریشتەیە یان هۆکارێکی ترە). موسڵمان باوەڕی بەو ئەندازەیەیە چونکە باوەڕی بە قورئانە. فەرموودەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە چۆن کاهنەکان هەواڵەکانی دواڕۆژ دەزانن: جنۆکەکە شتێکی کەمی دەستدەکەوێت (وەکو ئایەتەکەش دەڵێت: الا من خطف الخطفة) کاهنەکەش نەوەدو نۆ درۆ لەگەڵ ئەو زانیارییە تێکەڵاو دەکات.

بۆ کەسێکیش باوەڕی بەوانە نییە ئەمە تەفسیرێکە بۆ بەشێك لە پێشبینییەکانی جادووگەرانی ناودار کە ڕاست دەرچوون (ئەوانەی لێ دەرچێت کە پێشبینی گشتین وەك شەڕی نێوان دوو هێزو هەندێك باسی گشتیی ناو شەڕەکە).

کەسێکیش بیەوێت بەپێی زانستە سروشتییەکان تەفسیری نەیزەك بکات ڕێگری نییە چونکە:

١–هەر جنۆکەیەك بچێتە ئاسمان بۆ گوێگرتن نەیزەکێکی تێدەگیرێت بەڵام پێچەوانەکەی مەرج نییە ڕاست بێت واتە هەر نەیزەکێك بکەوێتە خوارەوە بۆ جنۆکەیەك نێردراوە، ئەوەش کە پێویستە مرۆڤ هەوڵی بۆ بدات ئەوەیە لێکۆڵینەوە لە نەیزەکان بکاتو هۆکارە سروشتییەکەی کەوتنیان بزانێت.. تاد، ئەوەش کە پەیوەندیی بە شتی ترەوە هەیە زانیارییەکی کەمەو

پێویست ناکات بەدوای بچێت چونکە ئەوە دەبێتە لێکۆڵینەوە بەبێ بەڵگەو تەنها بە قسەکردن نەك لێکۆڵینەوەی زانستی.

٢–لێکدانەوە بەپێی زاستەکانی سروشت لایەنە سروشتییەکەی دەردەخات ئەوەش واتای ئەوە نییە کە بەپاڵ ئەوە لایەنێکی شاراوە هەیە. گەورەترینو فراوانترین نموونە خودی بوونو گەردوونە. کاتێك زانستەکانی سروشت لە گەردوون دەکۆڵنەوە خۆیان لەبەردەمی بوونێکی ماددی دەبیننەوە لە پێکهاتەی لەشی زیندەوەرانو پێکهاتی ئاسمانو زەویو ماددە.. تادو هەوڵ دەدەن لێیان تێبگەنو راستییەکانی ئاشکرا بکەنو پاشان مامەڵەیان لەگەڵ بکەن بەڵام بەشێکی شاراوە هەیە کە ئاینەکان ئاشکرای دەکەن ئەویش کە دروستکارێك بۆ ئەم بوونە هەیەو لەخۆڕاو بۆ رابواردن دروستی نەکردووەو مرۆڤ لێی دەپرسرێتەوەو رۆژی زیندووبوونەوەو بەهەشتو دۆزەخ هەن. ئەگەر زانستەکانی سروشت هەموو نهێنییەکانی گەردوون بدۆزنەوە (کە ئەستەمە ئەمە لە ژیانی مرۆڤایەتی ئەنجام بدرێت) هێشتا ناتوانێت ئەو لایەنە شاراوەیە بەدرۆبخاتەوە. وەنەبێت زانستەکانی سروشت بەتەواوی لەو دیوە شاراوەیە بێدەنگ بن چونکە لەگەل گەشەسەندنی زانست زیاترو زیاتر دەردەکەوێت کە دروستکارێك بۆ ئەم گەردوونە هەیە، لەبەر ئەوەشە بێباوەڕی تەوژمێکی بەهێز بوو لەسەدەی نۆزدەی زاینی لەبەر ئەوەی زانست تازە خەریك بوو دەچووە ناو نهێنییەکانی گەردوون بەڵام سەدەی بیست ئەو لەخۆبایی بوونەی ڕەواندەوە.

خاڵێکی تریش کە گرنگە باسی بکەینو دەچێتە خانەی فیکرو فەلسەفە ئەمەیە: ئینکارکردنی هەبوونی جنۆکەو شەیتانو هەر بوونەوەرێکی تر کە

نايبينين تەنها هەولّ نييە بۆ بيركردنەوەی زانستی بەڵكو خودپەرستييەكی مرۆڤ دەشارێتەوەو پرسيارێك هەيە شايستەی ئەوەيە لە مرۆڤی بێباوەڕ بكرێت: بۆچی دەبێت لەم گەردوونە فراوانە تەنها تۆی مرۆڤ هەبی؟

ئەو مرۆڤەی وا دەزانێت بوونەوەری تر لەم گەردوونە غەيری خۆی نييە جگە لەوەی بيركردنەوەكەی زانستی نييە، چونكە بڕيار لەسەر شتێك دەدات كە بەڵگەی لەسەر نييەو باوەڕی بە وەحيی خوداييش نييە، بەڵكو هەروەها بێبەشە لە خەيالّ، دەشزانين بەشێكی زانست توانای خەيالّە، زانستی سەردەمی نوێش خەيالّی مرۆڤی فراوان كردو زانستی فەلەك بەشێكی گەورەی لەو خەياڵە بەركەوتووە.

٤-حەوت ئاسمان و حەوت زەوییەکە

عبدالفادی ئەم ئایەتانە دەهێنێتەوە:

((اللَّهُ الَّذِي خَلَقَ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَمِنَ الْأَرْضِ مِثْلَهُنَّ يَتَنَزَّلُ الْأَمْرُ بَيْنَهُنَّ لِتَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ وَأَنَّ اللَّهَ قَدْ أَحَاطَ بِكُلِّ شَيْءٍ عِلْمًا -الطلاق:١٢)).

((هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعاً ثُمَّ اسْتَوَى إِلَى السَّمَاء فَسَوَّاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ وَهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ -البقرة:٢٩)).

((فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَى فِي كُلِّ سَمَاء أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاء الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظًا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ -فصلت:١٢)).

((وَجَعَلْنَا السَّمَاء سَقْفًا مَّحْفُوظًا وَهُمْ عَنْ آيَاتِهَا مُعْرِضُونَ -الانبياء:٣٢)).

((أَلَمْ تَرَ أَنَّ اللَّهَ سَخَّرَ لَكُم مَّا فِي الْأَرْضِ وَالْفُلْكَ تَجْرِي فِي الْبَحْرِ بِأَمْرِهِ وَيُمْسِكُ السَّمَاء أَن تَقَعَ عَلَى الْأَرْضِ إِلَّا بِإِذْنِهِ إِنَّ اللَّهَ بِالنَّاسِ لَرَؤُوفٌ رَّحِيمٌ -الحج:٦٥)).

((أَفَلَمْ يَنظُرُوا إِلَى السَّمَاء فَوْقَهُمْ كَيْفَ بَنَيْنَاهَا وَزَيَّنَّاهَا وَمَا لَهَا مِن فُرُوجٍ -ق:٦)).

عبدالفادی پەنا دەباتەوە بەر تەفسیری بەیزاویو دەڵێت کە بەیزاوی تەعبیری ((سقفا محفوظا))ی سوورەتی الانبیاء بەوە تەفسیر دەکات کە ئەو سەقفە بەفەرمانی خودا پارێزراوە لەوەی کە بکەوێتە خوارەوە، هەروەها ((مالها من فروج)) ی سوورەتی (ق)ی بەوە تەفسیر کردووە کە خودا ئەو ئاسمانەی بە لووسی دروستکردووەو چینەکانی بەیەکەوە نووساون.

عبدالفادی دەپرسێت:

چـۆن دەڵێـت ئـەو بۆشـاییەی کـە بـەناکۆتایی لەسـەروومان بەرزبۆتـەوە سەقفێکی لووسەو بۆی هەیـە بکـەوێتو حـەوت سـەقف لـەو جـۆرە هـەن؟ چۆن ملیۆنەها هەسارە کە لەناو بۆشایی بێسنووری ئاسمـان مەلـە دەکـەن چرایەکن نووسێنراون بەو سەقفە؟ چۆنیش دەڵێـت کـە زەوییەکـەمان، کـە یەکێکە لە ملیۆنەها هەسـارەو ئەسـتێرە، حـەوت هەسـارە لـەجۆری خـۆی هەیە؟[22]

وەك بینیمـان دیـسانەوە تەفـسیرێك دەکاتـە مـاڵ بەسـەر قورئـان ئـەگینا قورئان باسی حەوت ئاسمانو حەوت زەویی کردووە بـەڵام باسـی لووسـیی ئاسمانی نەکردووەو باسی چۆنێتیی ئـەو ئاسمانانـە ناکـات. تـەعبیرێکیش هەقـە سـەرنجی ئێمـەی خـەڵکی ئـەم سـەردەمە ڕابکێـشێت ئـەوەی لـە سوورەتی (فصلت) هەیـە: ((وَأَوْحَى فِي كُلِّ سَمَاء أَمْرَهَا)). مـنی کەسـی ئـەو سەردەمە مێشکم یەکسەر بۆ ئەوە دەچـێت کـە هـەر ئاسمانێـك (یـان هـەر گەردوونێك) لەو حەوت ئاسمانە یاسایی فیزیایی تایبەتی خۆی هەیە، وەکو

---

[22] ئایەتەکە مەبەستی لە شەشی زەویی تـرەو بەهـەموویان حـەوت زەویـن. هـەروەها مەرج نییە ئەو شەش زەوییەی تر وەکو زەویی خۆمان بن چونکە بـەکارهێنانی وشـەی (مثلهن) بۆ ژمارەیە واتە: حـەوت زەویـشی دروسـتکردووە... نـەك حـەوت هاوشـێوەی زەویی دروستکردووە. لێکۆڵینەوە لـەو زەوییانـەو ئـەو ئاسمانانـە کـارێکی مرۆڤـە کـە خودا نەك تـەنها ڕێگـەی پێـداوە بـەڵکو هانیـشی داوە، نـەك تـەنهاش بـۆ زەوییـەکانو ئاسمانەکان بەڵکو بۆ هەموو بوونەوەر: قل سيروا في الارض فانظروا كيف بدأ الخلق ثـم الله ينشئ النشأة الآخرة (العنكبوت: ٢٠). تێبینی بکە کە ئایەتەکە باسی دروسـتکردنی دووەم، کە زیندووبوونەوە دەگرێتـەوە، دەکـاتو بـەم جـۆرە ئایەتەکـە ئاماژەیـە نـەك تەنها بۆ دروستبوونی زەویو ئاسمـان کـە خـودا مرۆڤـی هانـداوە بزانێـت چـۆن بـووە بەڵکو دروستبوونی مرۆڤی یەکەمیش، واتە ئادەم.

ئەوەشـە خـودا بلێـت: هـەر ئاسمـانێكیش یاسـا فیزیاییـەكانی خـۆی پـێ بەخشیوە.

وەحی زیـاتر لەگـەڵ قورئـان پەیوەسـت دەكرێـت چـونكە زانـراوە قورئـان وەحیی خودایە بۆ پێغەمبەرەكەی. بـەڵام ئـەوەش زانـراوە كـە وەحـی بـۆ شتی تریش بەكارهاتووە وەك بۆ هەنگ: ((وَأَوْحَى رَبُّكَ إِلَى النَّحْلِ أَنِ اتَّخِذِي مِنَ الْجِبَالِ بُيُوتًا وَمِنَ الشَّجَرِ وَمِمَّا يَعْرِشُونَ – النحل:٦٨)) كە ئاشـكرایە خـودا قـسەی بـۆ هـەنگ نـەكردووە بـەڵكو وەحییەكـەی بـۆ هـەنگ بریتییـە لـەو غەریزەیەی خستوویەتییە ئەو ئاژەڵە.

بەم جـۆرە قورئـان وەحیـی كەلامییـە (وەحیـی قـسەیە) بـۆ پێغەمبـەر بـۆ ئەوەی خۆیو ئیمانداران بەپێی ئەو وەحییە بجووڵێنـەوەو وەحیـی هـەنگ غەریزەیە بۆ ئەوەی پێی بجووڵێـتو وەحیـی گـەردوونیش یاسـاكانێتی كـە دەیجووڵێنن. ئینجا تێبینی بكەین لەگەڵ وشەی وەحی ئـامرازی (الی) واتـە (بـۆ) لـە حاڵـەتی قورئـانو هـەنگ بـەكارهاتووە، واتـە وەحییەكـە ((بـۆ)) پێغەمبەرانەو ((بۆ)) هەنگـە، بـەڵام لـە حاڵـەتی ئاسمانـەكان ئـامرازی (فی) واتە (لە) بـەكارهاتووە، بـەم جـۆرەش خـودا وەحیـی دا بـە هـەنگ، بـەڵام وەحیی دانا لە ئاسمانەكان ئەویش چونكە ئـەو وەحییـەی لـە ئاسمانـەكان هەیـە چـۆتە نـاو ئـەو ئاسمانانـەو بۆتـە بەشـێك لێیـان، ئاسمانـەكانیش گیانەلەبـەر نـینو بۆیـان نییـە لـەدەرەوەی یاسـاكان كـار بكـەن، تەنانـەت لەناوچـوونی ئەسـتێرەكانیش بـەپێی یاسـا دەبێـتو ئاسمانـەكان نـازانن خۆیان چی دەكەن لەكاتێك تەنانەت ئاژەڵیش كە بە غەریزە دەجووڵێتەوە دەزانێت چی دەكاتو جۆرە ئیرادەیەكی هەیە.

سەبارەت بەوەی خودا ناهێڵێت ئاسمان بەسەر زەوی بکەوێتو ئەوە دەکرێتە ڕەخنە لە قورئان" تەنها عەقڵی منداڵانەیە کە ئەو جۆرە ڕەخنەیە دەگرێت چونکە هەسارەکانو ئەستێرەکان بەشێکن لە ئاسمانو کاتێك دەڵێین ((ئاسمان)) ناتوانین هەسارەکانو ئەستێرەکانی لێ دەربکەین بۆیە هەر بەپێی ئەو یاسایانەی خودا لە گەردوون داینـاون هەسارەکانو ئەستێرەکان لەگەل زەوی تووشی پێکداداان نابن یان زەوی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، باسکردنی کەوتنیش بەسەر زەوی بۆ تێگەیشتنی خەڵکە چونکە ئەگەر خۆر زەوی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت لەبەرچاوی ئێمە وەکو ئەوەیە خۆر بەسەر زەوی بکەوێت، قورئانیش ناچێت تەعبیرێك بەکاربهێنێت کە ببێتە سەرلێشێوانی خەڵکی ئەو سەردەمە وەك بڵێت خۆر زەوی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، زانینی ئەوەی کە ئەمە حاڵەتە ڕاستەقینەکەیە کاری سەردەمەکانی دوای هاتنی قورئانە.

ئێمەش کە دەزانین ئەمە تایبەتە بە زانستی فەلەك و فیزیا ئەوەش دەزانین کە ئەوەی دۆزراوەتەوە زۆر لەوە کەمترە کە هێشتا نەدۆرزراوەتەوە، کێش ناڵێت ئەگەر ئەو یاسایانە تێکبچن هەموو ئەو گەردوونەی دەیبینین (کە ڕەنگە ئاسمانی یەکەم بریتی بێت لەم گەردوونە) هەرەس نەهێنێتو ئەو هەرەسە بەرەو چەقی گەردوون نابێت؟ ئەو کاتە زەویشو هەسارەکانیش و ئەستێرەکانیش بەرەو ئەو چەقە هەرەس دەهێنن، لەو کاتەشو لەو کاتە زەوی بەرەو ئەو چەقە دەڕوات ئەستێرەی تر بە خێراییەکی زیاتر بەرەو هەمان چەق دەڕۆنو بەم جۆرە بەر لە گەیشتنی زەوی بۆ ئەو چەقی گەردوونە ئەستێرەیەك یان هەسارەیەك لەوانە بەر زەوی دەکەوێتو بەم جۆرە کەوتنی ئاسمان بەسەر زەوی

تەعبیر لە واقع بکات نەك تەنها تەعبیرێکە بەپێی بینینی خەڵکی سەر زەوی. سەرباری پێشکەوتنی سەردەم گەردوون هێندە نەزانراوە کە هەر قسەیەك لەبارەیەوە بۆی هەیە ڕاست دەربچێت.

دەتوانین زۆر لەسەر زەوی‌و ئاسمان قسە بکەین، دەتوانین زانیارییەکانی سەردەم بە بەڵگە بهێنینەوە بەو شێوەیەی پسپۆڕانی ئیعجازی قورئان باسی لێوە دەکەن بەڵام پاش هەموو ئەو باسانە ئەو بنەما سەرەکییەمان لەبیر نەچێت ئەگەر رەخنەگر بین یان وەڵامی رەخنە بدەینەوە: بەدرۆخستنەوەی قورئان بەپێی زانستی سەردەم کارێکی زانستی نییە چونکە زانست نەگەیشتۆتە کۆتاییەکانی.

٥-مانگەکانی نەسیئـ

((إِنَّ عِدَّةَ الشُّهُورِ عِندَ اللّهِ اثْنَا عَشَرَ شَهْرًا فِي كِتَابِ اللّهِ يَوْمَ خَلَقَ السَّمَاوَات وَالأَرْضَ مِنْهَا أَرْبَعَةٌ حُرُمٌ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ فَلاَ تَظْلِمُواْ فِيهِنَّ أَنفُسَكُمْ وَقَاتِلُواْ الْمُشْرِكِينَ كَآفَّةً كَمَا يُقَاتِلُونَكُمْ كَآفَّةً وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ * إِنَّمَا النَّسِيءُ زِيَادَةٌ فِي الْكُفْرِ يُضَلُّ بِهِ الَّذِينَ كَفَرُواْ يُحِلِّونَهُ عَامًا وَيُحَرِّمُونَهُ عَامًا لِّيُوَاطِؤُواْ عِدَّةَ مَا حَرَّمَ اللّهُ فَيُحِلُّواْ مَا حَرَّمَ اللّهُ زُيِّنَ لَهُمْ سُوءُ أَعْمَالِهِمْ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ -التوبة: ٣٦-٣٧)).

عبدالفادی دەڵێت: هەموو زانایان بەحسابی ساڵی هەتاوی مێژوو دادەنێن کە ئەمەیان جیاوازیی مانگی (نەسیئـ)ی هەیە لە ساڵی مانگی. ئایا ئەمە کوفرە؟ چۆنیش حسابی ئەستێرەناسیی سروشتی بە کوفر بزانین؟

قسەکانی تەواوبوون.

پێویست ناکات زۆر لەسەر ئەوە بڕۆین چونکە سەرلەبەری زانیارییەکانی عبدالفادی هەڵەن لەبەر ئەوەی مانگی (نسیئـ) جیاوازیی نێوان ساڵی هەتاوی‌و ساڵی مانگی نییە بەڵکو (نەسیئـ) بەواتای دواخستن بریتی بوو لەو کارەی موشریکەکانی پێش ئیسلام دەیانکرد ئەویش گۆڕینی شوێنی مانگە حەرامەکان.

مانگە حەرامەکان مانگەکانی ذو القعدة و ذو الحجة و موحەڕڕەم بوون کە بەدوای یەك دەهاتن هەروەها مانگی ڕەجەب کە تەنیا بوو. موشریکەکانی عەرەب شەڕکردنیان لەو چوار مانگە حەرام کردبوو، سیانی یەکەم لەبەر

حەجکردنو ماوەی چوون بۆ حەجو گەڕانەوە لێیو مانگی ڕەجەبیش بۆ عومرە[٢٣] بەڵام ماوەیەك بەر لە ئیسلام دەستکاریی ئەوەیان کردو بۆ مانگی موحەڕڕەم کە شەڕی تێی حەرامکرابوو دەیانوت ئەمساڵ حەڵاڵەو ئەو حەرامکردنەیان دەبردە مانگی دوای ئەو واتە صەفەر.[٢٤] بەیزاوی کە عبدالفادی پشتی پێوە بەستبوو شتێك لەم بارەیەوە بەکورتی باس دەکات بەڵام دیارە عبدالفادی ئاگای لێ نەبووە.

بەم جۆرە ئەو دواخستنە ((زیادەیە لە کوفر))، واتە کوفرێکی ترە موشریکەکان دەیانکرد ئیتر ئەوە نە پەیوەندیی بە ساڵی هەتاویو مانگییەوە هەیەو نە پەیوەندیی بە حسابی ئەستێرەناسییەوە هەیە.

نیازی دوور لە مەبەستی زانستی، واتە نیازی شەڕی ئایدیۆلۆجیا دژی ئیسلام، لە پاشکۆی وەرگێڕی کوردی ئاشکرایە کە لە وەرگێڕانی ئایەتەکە باسی ئاڵۆگۆڕکردنی مانگە حەرامەکانی کردووە، واتە کەمێکی زانیوە دەربارەی ئەو باسە کەچی ڕەخنە لە مامۆستا نەزانەکەی ناگرێت کە هەڵەی کردووەو لەجیاتی ئەوە باسی ڕۆژژمێرەکانی (مایا)و (ئینکا) دەکات –بڕوانە خوارەوە بۆ هەڵەکانی لەو باسە– کە بەکەڵکی ڕەخنەگرتن لە ئایەتەکەی نایەت، بەڵام چۆن وای لێ بکات بەکەڵك بێت؟ دەڵێت: کەواتە مەرج نییە ژمارەی مانگەکان بەپێی سووڕی مانگ بەدەوری زەوی دیاری بکرێت. کەواتە ئەژمارکردنی مانگو ڕۆژەکانی ساڵ بەهەر شێوەیەك

---

[23] تفسیر ابن کثیر، ج٤، ص١٤٨.

[24] تفسیر ابن کثیر، ج٤، ص١٥٠، ئیبنو کەثیر قسەی تریش دەربارەی چۆنێتیی حەرامکردنو حەڵاڵکردنی مانگەکە دەگێڕێتەوە بەڵام ئەمەیان پەسەند دەکاتو ڕوایەتەکان دەهێنێتەوە کە کەسێکی ئەو سەردەمە ئەو بڕیارەی بۆ دەدان، لاپەڕە ١٥١–١٥٣.

بێت له ئەوپەڕی نەگونجانی دەشێت هەڵه بێت بەڵام کوفر نییه (ل٢٥). یەعنی چی؟ یەعنی وەرگێڕ سەرەتا ویستی هەڵەی مامۆستاکەی داپۆشێت کەچی که دەستی خسته تەفسیری ئایەتەکه واتاکەی لەدەست دەرچوو و قسه هەڵەکەی مامۆستاکەی کردەوە. ئەوەی سەیره یەکسەر لەدوای ئەو قسەیه جارێکی تر تەفسیره ناسراوەکه دەڵێتەوە واته باسی ئاڵوگۆڕکردنی مانگه حەرامەکان. ئیتر نازانم ئەو بەهرەیه ناوبنێین چی که مرۆڤ نەزانێت خۆی چی دەڵێت.

ئینجا وەرگێڕی کوردی نەزانییەکی تر دەخاته پاڵ ئەوه کاتێك دەڵێت پێغەمبەر له کاتی بێهێزی گلەیی ئەوەی کردووه موشریکەکان ڕێزیان لەو چوار مانگه نەگرتووەو لەکاتی پەیداکردنی دەسەڵاتی تەواوەتی ئیعتیباری بۆ ئەو چوار مانگه دانەناوە به بەڵگەی ئایەتی پێنجەمی سوورەتەکه (فاذا انسلخ الاشهر الحرم فاقتلوا المشركين حيث وجدتموهم..) واته دوای تەواوبوونی ئەو چوار مانگه شەڕ بکەن دژی موشریکەکان، ئیتر فەرمانی جەنگ سەرتاسەری دژی موشریکەکان ماوه بەڵام سەرەتای ئایەتەکه واته (فاذا انسلخ الاشهر الحرم) نەسخ کراوە، بەواتایەکی تر سەرەتا وتراوه که جەنگ لەو چوار مانگه قەدەغەیەو که ئەو چوار مانگه تەواو بوون شەڕی سەرتاسەری دژی موشریکەکان بکەن بەڵام دوایی وتراوه نەخێر شەڕە سەرتاسەرییەکه لەو چوار مانگەش بکەن. ئاشکراشه ئەمه تەنها قسەیه چونکه بەڵگه نییه که ئەو بەشەی ئایەتەکه نەسخ کراوە.

باسی ئەو چوار مانگەی ئایەتی (فاذا انسلخ الاشهر الحرم) بەجۆری تر کراوە. بۆچوونێك دەڵێت ئەو چوار مانگه چوار مانگه حەرامکراوە ناسراوەکانن: ڕەجەب و ذو القعدة و ذو الحجة و موحەڕڕەم (ئایەتی ٣٦ و

٣٧) بەڵام بۆچوونی تر ئەوەیە کە ئەو چوار مانگە بریتین لەو چوار مانگەی لەسەرەتای سوورەتەکە باسیان کراوە (ئایەتی ٢): فسيحوا في الارض اربعة اشهر، ئەوانیش چوار مانگی مۆڵەت بۆ موشریکەکان نەك چوار مانگە حەرامکراوە ناسراوەکەو ئیبنو کەثیر ئەوە پەسەند دەکات[25]، ئەوەش لەڕاستتر دەچێت چونکە دوو باسەکە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. بەیزاویش بەهەمان شێوە ئەوە بەڕاست نازانێتو دەڵێت: دوای ئەو ئایەتەی باسی چوار مانگە حەرامکراوەکە (ڕەجەبو ذو القعدة وذو الحجة و موحەڕڕەم) دەکات هیچ ئایەتێك نەهات نەسخی بکات (بەیزاوی، ج٣، ص١٢٩–١٣٠). بەم جۆرە ئایەتەکانو موفەسیرەکان باسی شتێك دەکەنو وەرگێڕ باسی شتێکی تر دەکات.

نیازی شەڕ دژی ئیسلامو قورئان لەوەش دەردەکەوێت کاتێك وەرگێڕ دەیەوێت ئیسلام وەك ئاین تاوانبار بکات بەڵام مەسیحیەت وەك ئاین تاوانبار نەکرێت کاتێك باسی ئیسپانییەکانو داگیرکردنی ئەمەریکای باشوور دەکاتو دەڵێت: لەڕێی خراپ کەڵك وەرگرتن لە سۆزی مەسیحیەتی ئاشتیخوازەوە کوشتوبڕێکی زۆریان لە هیندییە سوورەکان کردبوو (ل٢٥)، ئینجا تاوانێکیش دەخاتە پاڵ ئەو هیندییە سوورانە کە قوربانیی بەشەرییان بۆ خوداوەندەکانیان دەکردو ئەوە لەگەڵ موسڵمانان بەراورد دەکات، ئەوەش پاڕانەوەیەکی سەیرە بۆ هاودینەکانی

---

[25] تفسير ابن كثير، ج٤، ص١١١.

ماموستاکەی: لەبەر ئەوەی هیندییە ئەمەریکییەکان[٢٦] قوربانی بەشەرییان بۆ خوداوەندەکانیان دەکرد کەواتە شایەنی ئەوە بوون قەتلوعام بکرێن![٢٧] بێبنەمایی ئەو بەراوردییەش کە وەرگێڕ لەنێوان ئەو قوربانیدانەو جەنگی موسڵمانان دەیکات ئاشکرایە چونکە کوشتار لە ئیسلام جەنگو ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەو ئەگەر دوژمن وازی هێنا موسڵمانانیش وازی لێدەهێنن: ((فاذا انسلَخَ الأَشْهُرُ الحُرُمُ فاقتلوا المُشْرِكِينَ حيثُ وجَدتُّمُوهُمْ وخذوهُمْ واحْصُرُوهُمْ واقعُدوا لهم كلَّ مَرْصَدٍ فإن تابوا وأَقاموا الصلاةَ وآتَوا الزكاةَ فخَلّوا سبيلَهُمْ إنَّ اللّهَ غفورٌ رحيمٌ)) لەکاتێك قوربانییە بەشەرییەکان قوربانیدان بە منداڵو کۆیلەو دیلی جەنگە واتە کوشتنی دوو جۆر مرۆڤە: دیلی جەنگو کەسانێك جەنگاوەر نین. هەقیشە بپرسین: ئەگەر موسڵمانان قەسابخانەی بەکۆمەڵیان بۆ هیندییە ئەمەریکییەکانیان بکردایە ئایا وەرگێڕ بەو جۆرە باسی تاوانی قوربانیی بەشەری هیندییە ئەمەریکییەکانی دەکرد؟

وتمان وەرگێڕی کوردی باسی ڕۆژژمێرەکانی مایاو ئینکای کردووە. وەرگێڕ بەو داماوییەی خۆی پێشنیارێك بۆ ماموستا داماوەکەی دەکات: من

---

[26] وەرگێڕی کوردی دەنووسێت (هندە سوورەکان). لێکۆڵەرەوانی ئەنترۆپۆلۆجیا زاراوەی هیندییە ئەمەریکییەکان لەجیاتی هیندییە سوورەکان بەکار دەهێنن.

[27] ئەو بیرکردنەوەیەی پاساو بۆ ئاینەکانی تر دەهێنێتەوەو نیشانەی دۆڕاندنی کەسایەتییە نموونەی هەیە لە وڵاتانی موسڵمانان. چەند ساڵێك لەمەوبەرو لەکۆڕێك نووسەرێکی لاو لە موداخەلەیەکی باسی بەزەیی ڕۆژئاوا دەکرد کە چۆن جەللاد (ئەوە ملیەڕاندنی خەڵکی جێبەجێ دەکرد) کاتێك بەو کارە هەڵدەستا هێندە دڵگران دەبوو فرمێسك بە چاوی دەهاتە خوارەوە!! ئەو نووسەر عەقڵی ئەوەی نەبوو لەخۆی بپرسێت: کە ئەوەندە دڵگران بوو کارێکی تر نەبوو بیکاتو واز لەو کارە بهێنێت؟ کاتێك مرۆڤ کەسایەتیی دۆڕاند عەقڵیشی لەگەڵ لەدەست دەدات.

پێموایە دەبوو بەڕێز عبداللە عبدالفادی لەسەر ساڵژمێری گەلانی تر قسەی بکردایەو لەوێوە ڕەخنەی لە دەقی ئایەتەکەی بگرتایە بۆ نموونە لای (ئنکایی‌و مایاییەکان) ژمارەی مانگەکانی ساڵ (١٨) مانگەو ئەو چوار ڕۆژەی کە دەمێننەوە لە (٣٦٤) ڕۆژەکە بە ڕۆژە شوومەکانی ساڵ دەیانناساندن هەرچەندە (هندە سوورەکانی ئەمەریکا–وای نووسیوە) واتا (مایاییەکان) کە خاوەنی شارستانیەتێکی بەرز بوون ڕۆژەکانی ساڵیان بە (٣٦٥) ڕۆژ دانابوو... تا دوای قسەکانی (لاپەڕە ٢٤–٢٥).

دواییش هەر وەگێڕ خۆی دەنووسێت: دەکرێت باسی ئەوەش بکەین کە هندە سوورەکان سیستەمێکی تریان هەبوو کە ساڵەکەی ٢٠ مانگەو مانگی ١٨ ڕۆژە لەگەڵ پێنج ڕۆژی تاقانەو ئەمانە دەیانکردە ٣٦٥ ڕۆژی ساڵەکە (ل٢٥).

ئاشکرایە وەرگێڕ (یان ئەو کەسەی ئەو زانیارییانەی لێوە نەقڵ کردووە) ئەوەی یەکەمی لە سەرچاوەیەك وەرگرتووەو ئەوەی تر کە جیاوازیی هەیە لە سەرچاوەیەکی ترو ناڕێکییەکەی بە وشەی (دەکرێت) داپۆشیوە.

بەدەر لەوەی (هندە سوورەکان) نین‌و بەدەر لەوەی بەتەنیا مایا هیندیی ئەمەریکی نەبوون، زانیارییەکانی تر هەڵەو بێسەروبەرن. وەرگێڕ ڕۆژژمێری ئینکایی‌و مایایی تێکەڵ کردووە لەکاتێك ئەو دوانە دوورن لە یەك. زانیارییەکان سەبارەت بە ڕۆژژمێری ئینکا (لە وڵاتی پێرو لە ئەمەریکای باشوور) کەمن‌و هەموویان لەو تۆمارنووسە ئیسپانییە کەمانە وەرگیراون (سەدەی ١٦ و ١٧ی زاینی) و بەپێی ئەوان ساڵەکە ١٢ مانگ بوو بەڵام کێشە لەو باسانەی ئەوان هەیە بۆیە لێکۆڵەرەوەیەك دەگاتە ئەو ئەنجامەی

١٣ مـــانگ بـــوون نـــەك ١٢[٢٨] و تێكـــڕای ژمـــارەی ڕۆژەكـــانی مانگـــەكان دەوروبەری ٢٨ ڕۆژ بوو.[٢٩]

ڕۆژژمێری مایا (لە گواتیمالاو باشووری مەكسیكو شـوێنی تـر) هاوشـێوەی هەیـە لـە ئەمـەریكای ناوەڕاسـت وەك ئـەوەی (ئـەزتێك)و بەپێـچەوانەی ڕۆژژمێـری ئینكـاییش كـە زانیـاری لەباریـەوە كەمـە وردەكـاریی زۆرتـری لەسەرەو تەنانەت، وەك لێكۆڵەرەوەیەك دەڵێت، ئەو ڕۆژژمێرە بوو خەیاڵی جیهانی ڕاكێشابوو.[٣٠] لەو ڕۆژژمێرە ١٨ ماوە هەن هـەر یـەكێكیان ٢٠ ڕۆژە (نەك وەك وەرگێڕ نووسیویەتی ٢٠ مانگ هـەر یـەكێكیان ١٨ ڕۆژە)و پێـنج ڕۆژی تر هـەن بـۆ ئـەوەی سـاڵەكە ببێتـە ٣٦٥ ڕۆژ،[٣١] ئینجـا هـەر یـەك لـە بیست ڕۆژەكە ناوی تایبەتیی خۆی هەیە.[٣٢] بەپاڵ ساڵی ٣٦٥ ڕۆژی سـاڵی ٢٦٠ ڕۆژیـش هـەبوو كـە لـە ١٣ ژمـارەی ڕۆژ (لـە ١ تـا ١٣)و ٢٠ نـاوی ڕۆژ پێكهاتبوو و بناغەی سرووتەكانو فاڵەكان... تـاد بـوو و زۆرتـرین گرنگیـی هەبوو لە ژیانی ڕۆژانەی[٣٣] ئەمەریكای ناوەڕاست.

ئەمە بەشێك بوو لە زانیارییەكان دەربارەی ڕۆژژمێرەكانی ئەو گەلانە ئەوەش قسە فڕێدانی وەرگێڕ بوو.

---

[28] R. Tom Zuidema, *Calendars in South America*, in; Encyclopaedia of the History of Science, p.20 (Let. C).

[29] ibid, p.21.

[30] Tom Jones, *Calendars in Mesoamerica*, in; Encyclopaedia of the History of Science, p.13 (Let. C).

[31] ibid, p.14.

[32] بڕوانە سەرچاوەی سەرەوە (ل١٥) بۆ ناوەكانیان لەوەی مایاو لەوەی ئەزتێك.

[33] ibid, p.14.

٦-ئاودانی زەوییەکانی میسر بە باران

عبدالفادی کە کەسێکی میسرییەو پێویستە بەر لەهەموو کەسێك گرنگیی باران بۆ میسر بزانێت ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کە گوایە قورئان وایزانیوە میسر بە باران دەبووژێتەوە لەکاتێك میسر بارانی کەمەو ژیانی لەسەر ڕوباری نیلە. ئەمەش ئایەتەکەیە لە سوورەتی یووسف:

((ثُمَّ يأتي مِن بعدِ ذلك عامٌ فيهِ يُغاثُ النَّاسُ وفيهِ يَعْصِرُونَ -يوسف:٤٩)).

باسەکە لە چیرۆکی یووسفە کە خەونەکەی پادشای بەوە لێکدایەوە کە حەوت ساڵی بەپیت دێن‌و دوای ئەوان حەوت ساڵ میسر تووشی قاتوقڕی دەبێت‌و ساڵەکەی دوای ئەوە باران دەبارێت. وەك وتم عبدالفادی دەڵێت ئەمە پێچەوانەی واقعە چونکە باران بە کەمی لە میسر دەبارێت‌و پەیوەندیی نییە بە بەپیتیی میسرەوە کە ئەوە بەهۆی لافاوی نیلەوەیە نەك باران.

* * * *

قسەکەی عبدالفادی ڕاستەو زانیارییەکی زانراوە کە کشتوکاڵ لە میسر پشت بە باران نابەستێ بە ڕوباری نیلەوە، بەڵام بەر لەهەموو شتێك ئایەتەکە دەڵێت (يُغاثُ النَّاسُ)، فرمانی (أغاث)یش واتە فریایکەوت یان بەهانای چوو و ئایەتەکە بەئاشکرایی باسی بارانی نەکردووە. بەڵام گریمان باسی باران کرابێت ئەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت‌و ئەنجام یەکە چونکە باران سەرچاوەی ڕوباری نیلە.

هەموو ساڵێك ڕوباری نیل لە وەرزێکی دیاریکراو بەزردەبێتەوەو ئەو لافاوە زەویی چواردەوری دادەپۆشێتو ئەو لافاوە ئاودێرییەکی سروشتییەو کاری مرۆڤی دەچێتە پاڵ کاتێك جووتیاران سوود لەو لافاوە وەردەگرن. بەڵام خودی لافاوەکە بەهۆی چییەوەیە؟ خۆ ئەگەر هیچ دەربارەی چۆنێتیی دروستبوونی لافاوەکە نەزانین بەڵکو ئەگەر تەنانەت هەر ئەوەندە بزانین کە میسر ڕوبارێکی هەیە بیرکردنەوەیەکی قووڵی ناوێت تا بزانین ئەو ڕوبارە بەرهەمی بارانە کە هۆی ئاوی سەرچاوەکانێتی.

گومان لەوە نییە کە عبدالفادی زانیویەتی باران سەرچاوەی ئاودێریی میسرە، بەڵام باسکردنی ئایەتەکە بەو شێوەیە پەنابردنە بۆ درۆ، یانیش ئەگەر درۆکردن نەبێت هێندە لەسەر ئایەتەکە نەوەستاوە تا بزانێت چەند لەگەڵ واقع دەگونجێت کە ئەمەش کاری کەسانی دەمارگیرە کە لەئاست ئەو مەبەستەی خۆیان بیرکردنەوەیان پەکی دەکەوێتو بە یەك ئاراستە دەچێت.

ڕوباری نیل کە لە دوو لق (لەگەڵ لقێکی بچووکتر لە باکوور[٣٤]) پێکدێت سەرچاوەی خۆی لەباران وەردەگرێت. دەریاچە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفەریقا سەرچاوە لقەکەی نیلن کە پێی دەوترێت نیلی سپی. ئەو دەریاچانە بارانی سەرەتای هاوینو پایز بەشێوەیەکی کاتی کۆدەکەنەوەو دوای چەند مانگێك بەتاڵی دەکەنەوە.[٣٥] ئەو لقە گیاو گەڵای و ماددەی ئۆرگانیی زۆر لە دارستانەکانەوە دەبات.[٣٦] بارانێکی زۆری هاوینیش لە

[34] ج.هـ. بریستد، تاریخ مصر من اقدم العصور حتى الفتح الفارسي، ص١.

[35] Karl W. Butzer, *Nile*, in; Oxford Encyclopedia of Ancient Egypt, Vol. 2, p.543.

[36] ف.زاماروفسكي، اصحاب الجلالة–الاهرامات، ص ١٢٠.

حەبەشـە سەرچـاوەی لقەکـەی تـرە کـە نیلـی شـینەو بـەزۆری ئـەمیان سەرچاوەی لیتەیە کە لەگەڵ خۆی دەیباتو دەیگەنێتە زەویی میسرو ئـەو زەوییە هەموو ساڵێك بەپیت دەکات.

میسرییەکان سوود لەو لافاوە وەردەگرن بـەوەی جۆگـە هەڵدەکـەنو پـرد دروست دەکەن بۆ گرتنی ئاوی لافاوەکە، دوای دابەزینی ئاستی ئاوەکـەش جۆگەکان بۆ ئاودێری بەکاردەهێنن.[٣٧]

سـەرەتای لافاوەکـە کـە ئـەو بارانـە دەیهێنێـت لـە ١٨/١٧ی حـوزەیران دەگاتە قاهیرەو ئاستەکەی بەرەبـەرە بەرزدەبێتـەوەو ڕەنگەکـەی بـەهۆی لیتـەوە دەگۆڕێـتو ئەمـە تـا ٢٦ی ئـەیلوول بـەردەوام دەبێـتو پاشـان دادەبەزێتو لەسـەرەتای کـانوونی دووەم دەگەڕێتـەوە ئاسـتە کۆنەکـەیو ڕەنگەکەشی وەکو خۆی لێ دێتەوە.[٣٨]

وەنەبێت ئەمە زانیارییەك بێت ئێستا زانرابێت، ئـەوە لەکۆنـەوە زانرابـوو و ئەوەتا ئیبنو کـەثـیر (سـاڵی ٧٧٤ك–١٣٧٣ زایـنی مـردووە) لـە تەفـسیری سوورەتی (المؤمنون) ئایەتی ١٨: ((وَأَنزَلْنَا مِنَ السَّمَاء مَاء بِقَدَرٍ فَأَسْكَنَّاهُ فِي الْأَرْضِ وَإِنَّا عَلَى ذَهَابٍ بِهِ لَقَادِرُونَ)) دەڵێـت: خـودا بـاران بـەپێ پێویـست دەبارێنێـت" نـە زۆر دەبێـت زەویو ئـاوەدانی تێکبـداتو نـە کـەم دەبێـت بەشی کشتوکاڵو بەروبووم نەکاتو تەنانەت ئەو زەوییانەی پێویستیان بـە ئاوی زۆرەو بەرگەی باران ناگرن خودا ئاویان لە وڵاتی ترەوە بۆ دەهێنێـت هەروەك زەویی میسر کە خودا کاتی باران لە وڵاتـی حەبەشـەوە ئاوەکـەی

[37] بڕوانە: بریستد، تاریخ مصر..، ص٤

[38] زاماروفسكي، اصحاب الجلالة، ص ١٢٠.

بـۆ دەهێنێـت، ئـەو ئـاوەش بـە قـوڕێکی سـوورەوە دێـتو زەویـی میـسر ئاودەدات.[٣٩]

سەردەمی میسری فیرعەونیش بۆچوونی ئەفسانەیی هەبوو دەربارەی نیـل وەك ئـــەوەی سەرچـــاوەکەی لەپـــشتی تاڤگـــەی یەکەمەوەیـــەو لـــە دوو ئەشـکەوتی ژێـر زەوییـەوە دەردەچـێت، خوداوەنـد (ئـۆزیریس)شـیان بـە سەرچـــاوەی ئـــەو ڕوبـــارە دەزانـــیو هەرچـــەندە لـــە کـــاتی بنەماڵـــەی بیـستوپێنجەوە[٤٠] دەیـانزانی بارانـەکانی سـوودان پـەیوەنـدییان بـە لافـاوی نیلەوە هەیە بـەڵام ئـەو باوەڕیـان هـەر مـابوو کـە سەرچـاوەکەی لەپـشتی تاڤگەی یەکەمەوەیە.[٤١]

---

[39] تفسیر ابن کثیر، ج٥، ص٤٧٠.

[40] پێدەچێت یووسف لە سەردەمی هیکـسۆس ژیابێـت کـە بنەماڵـەی پانزەیەمـە واتـە نزیکی نۆ سەدە پێش بنەماڵەی بیستوپێنجەم.

[41] د. سمیر ادیب، موسوعة الحضارة المصریة القدیمة، ص٣٧٣.

٧-هەورەگرمە یەکێکە لە فریشتەکان

گوایە قورئان هەورەگرمە بە فریشتە دەزانێت. ئایەتەکەش دەهێنێتەوە:
((ويُسَبِّحُ الرعْدُ بحَمْدِهِ وَالملائكةُ منْ خِيفَتهِ ويُرْسلُ الصَّواعقَ فيُصيبُ بها من يشاء وهم يُجادِلونَ في اللّهِ وهو شديدُ المِحالِ -الرعد:١٣)).

كوا ناوبردنی ئەو فریشتەیە؟

عبدالفادی وەکو جارەکانی تر تەفسیری بەیزاویو فەرموودەیەك دەکاتە ماڵ بەسەر قورئان:

بەیزاوی دەڵێت: لە ئیبنو عەبباسەوە" لە پێغەمبەریان پرسی دەربارەی هەورەگرمە ئەویش وتی: فریشتەیەکە هەوری پێ سپێردراوەو قامچی(مخاریق)ی[٤٢] ئاگر پێیە پاڵ بە هەورەوە دەنێت (بەیزاوی، ج٣، ص٣٢٢).

عبدالفادی ئینجا فەرموودەیەکی (ترمذي) دهێنێتەوە هەر لە ئیبنو عەبباسەوە: جوولەکە چوونە لای موحەممەدو وتیان پێمان بڵێ هەورەگرمە چییە؟ ئەویش وتی یەکێکە لە فریشتەکان هەوری پێ سپێردراوەو (مخاریق)ی ئاگری پێیە پاڵ بەو هەورەوە دەنێت بۆ ئەو

[42] وشەکە (مخاریق)ـە کە کۆی (مخراق)ـەو بە چەند واتایەك دێت، یەك لەوانە شمشێر، بەڵام لەوە بڵاوتر قامچیی پەڕۆیە ئەویش پەڕۆیە یان پۆشاکە منداڵان لوولی دەکەنو شەڕی پێدەکەن یان یەکتری پێدەترسێنن، بڕوانە، ابن منظور، لسان العرب، ج ١٣، ص١١٤٣.

شوێنەی خودا دەیەوێت. وتیان: ئەی ئەو دەنگە چییە کە دەبیسترێت؟ وتی: سەرزەنشتکردنێتی بۆ هەور تا ئەو کاتەی ئەو هەورە دەگاتە ئەو شوێنەی فەرمانی پێدراوە. وتیان: راست دەکەیت.[٤٣]

عبدالفادی دەڵێت: ئێمەش دەپرسین: ئەگەر هەورەگرمە بریتی بێت لەو کارەبایەی لە پێکدادانی هەورەکان دروست دەبێت ئیتر بۆچی دەڵێت هەورەگرمە یەکێکە لە فریشتەکان؟

بەدەر لەوەی هەورەگرمە کارەباکە نییە بەڵکو تەوژمی هەوایە بەهۆی جیاوازیی پاڵەپەستۆکە پاش گەرمبوونەوەی هەوای ئەو شوێنە بەهۆی گەرمیی بروسکەوە" وەك دەبینین عبدالفادی تەفسیرێك دەکاتە ماڵ بەسەر قورئان، لەو تەفسیرەش‌و لە سونەنی (ترمذي)ش ڕوایەت دەهێنێتەوەو بێئەوەی باس لەوە بکات صەحیحە یان لاوازە یان هەڵبەستراوە ئینجا ئەو دوو ڕوایەتە (کە یەك ڕوایەتن) دەکاتە قسەی قورئان لەسەر ئەو دیاردەیە. سەبارەت بە باسی هەورەگرمە کە فریشتەیە لێکۆڵینەوەیە لەبارەیەوە هەن وەك بۆ نموونە ئەوەی دوکتۆر (حاکم المطیري) کە ڕەتی دەکاتەوە، چ ئەو گێڕانەوەکەی (مەرفووع)ن، واتە ئەوانەی سەنەدەکەیان دەگاتە پێغەمبەر، کە دروست نین‌و چ ئەوانەی (مەوقووفن) واتە ئەوانە

---

[43] وەرگێڕی کوردی لەدوای وەڵامی جوولەکەکە: (ڕاست دەکەیت) نیشانەی پرسیاری داناوە. کەسێك ئەو نیشانەیە بەمەند وەربگرێت وا دەزانێت جوولەکە گومانیان لە وەڵامەکەی پێغەمبەر هەیە بەڵام ڕاستەکەی ئەوەیە ئەوان پشتگیریی وەڵامەکەی ئەویان کردووە. ئینجا ئایا دانانی نیشانەی پرسیار هەڵەی چاپە یان بەمەبەست بووە یان نەزانیی وەرگێڕە؟

سەنەدەکەیان دەگاتە صەحابییەکە کە قسەی زۆر لەسەر سەنەدەکەیان هەیە.[٤٤]

ئەوەی خۆشە عبدالفادی کە ریوایەتەکەی (ترمذي)ی هێناوە قسەی لەسەر جوولەکە نەکردووە کە باوەڕیان بەوە کردووە خۆ ئەگەر هەڵە لە قورئان هەبێت هەڵە لەزانیارییەکانی زاناکانی جوولەکەش هەیە کە سەرچاوەکەیان تەورات بوو، بەڵام کاتێك مرۆڤ مەبەستی چاڵ هەڵکەندن بێت ئاگای لەوە نەبێت کەی دەکەوێتە ناو چاڵەکەی خۆیەوە.

---

44 http://www.dr-hakem.com/portals/Content/?info=TlRRNUpsTjFZbEJoWjJVbU1RPT0rdQ==.jsp

لیکۆڵینەوەیەکی تری دوورودرێژیش هەیەو کورتەکەی ئەوەیە روایەتە (مرفوع)ەکان صەحیح نینو روایەتە مەوقووفەکانیش صەحیح نین بەڵام هەیانە صەحیحنو دەگەڕێنەوە بۆ (کەعبولئەحبار) کە زانایەکی جوولەکەیەو سەردەمی عومەر کوڕی خەتتاب یان پێشتر ببووە موسڵمانو شتی زۆری ئیسرائیلیات لەوەوە وەرگیرابوون.

باسی هەورەگرمەش تێکەڵ بە باسی تر کراون کە لە فەرموودەی صەحیح هاتوون:

http://www.ahlalhdeeth.com/vb/showthread.php?t=134442

٨-دۆڵی تووا

لەمیانەی قسەی خودا لەگەڵ مووسا ئەمە هاتووە:

((إِنِّي أَنَا رَبُّكَ فَاخْلَعْ نَعْلَيْكَ إِنَّكَ بِالْوَادِ الْمُقَدَّسِ طُوًى –طه: ١٢)).

هەروەها لە النازعات هەیەو عبدالفادی نەینووسیوە:

((إِذْ نَادَاهُ رَبُّهُ بِالْوَادِ الْمُقَدَّسِ طُوًى –النازعات: ١٦)).

عبدالفادی دەڵێت موفەسیرە موسڵمانەکان وتوویانە تووا (طُوی) ناوی دۆڵەکەیە بەڵام بەپێی تەورات مووسا مەڕەکانی (یەثرون)ی[٤٥] دەلەوەڕاند، کە کاهنی (میدیەن–میدیان)و خەزووری بوو ئینجا چوو بۆ لای (حۆرێب)، چیای خوداو فریشتەی خوداوەند بەگڕێکەوە لەناو تووترك دەرکەوت.. تاد. عبدالفادی دوای باسی ئەوە دەڵێت: ئەگەر مووسا لە چیای حۆرێب بووبێت ئیتر قورئان ناوی (تووا)ی لەکوێوە هێنا لەکاتێك حۆرێب ناوی کێوێکی ناودارە لە (سینائـ)؟

عبدالفادی ناوی بەیزاویی نەبردووە بۆ ئەوەی سەرچاوەکە بە نادیاری بمێنێتەوە ئەگینا بەیزاوی جگە لە تەفسیری وشەکە وەك ناوی دۆڵەکە تەفسیری تریشی وتووە کە تووا ناو نییە (ج٤، ص٤٣). لە تەفسیرکانی تریش هەروەها بەو دوو جۆرە باس کراوە، بۆ نموونە ئیبنو کەثیر بەڵام

---

[45] بەپاڵ ئەو ناوەی خەزووری مووسا بە دوو شێوەی تر هاتووە، بڕوانە پرسیارە مێژووییەکان، پرسیاری: مارەیی ژنەکەی مووسا.

دەڵێـت تەفـسیری یەکـەم، کـە نـاوی دۆڵەکەیـە، راسـتترە،[46] ئـەوەش گونجاوترە بۆ ئایەتەکە.

لەلایەکی ترەوە ئێمە دوو ناومان هەیە بۆ دوو شوێن نـەك بـۆ یـەك شـوێن، یەکەمیان ناوی چیایە (=حۆرێب)و ئەوەی تر نـاوی دۆڵە (=تـووا) کەواتـە ڕەخنەکە لەجێگەی خۆی نییە، بەتایبەتیش کە باسەکە لـە تـەورات ناڵێـت چۆتە سەر چیاکە بەڵکو چـوو بـۆ چـیاکە (خـروج٣: ١)، کـە دەکرێـت ئـەو شـوێنەی لێـی بـوو دۆڵێکـی نزیـك چـیاکە بووبێـت. تەنانـەت ئەگـەر نـاوی ناوچـەکەش حۆرێـب بێـت پێویـستە ڕاسـتییەك دەربـارەی نـاوە کۆنـەکان بزانین ئەویش کە ژمارەی ناوە جوگرافییە فەوتاوەکان زۆرترن لەو ناوانـەی ماونەتەوە، هەروەها ناوی شوێنەکان لە دۆڵ‌و چیاو ڕوبـار دەگـۆڕێن‌و هـەر سەردەمێك ناوێکیان هەیە جگـە لـە ژمارەیـەك نـاو کـە ئەسـڵە کۆنەکـەیان دەپارێزن.

لە مێژووی کوردستان هەزاران ناو فەوتاون کە ناوی ڕوبارەکان‌و شارەکان‌و گوندەکان‌و چیاکانن. ئەگەر ئێستا یەك ناومان هەبێت بۆ دۆڵێك ئەوا کـاتی خۆی ناوێکی تری هەبووە، لە سەردەمی لەوە کۆنتریش دۆڵەکـەی نـاوێکی کۆنتری هەبووەو تەنها بەشـێك لـەو دۆڵانـە نـاوی کۆنیـان پاراسـتووە. بـۆ نموونە ناوی شارێکی کۆنی ناودارمان لە باشووری ڕۆژئاوای کەرکووك هەیە کە شوێنەوارەکەی ئێستا پێـی دەوترێـت (یورغـان تەپـە)و لـە ناوەڕاسـتی هەزاری دووەمی پێش زاین ناوەکەی (نوزی) بوو، بەڵام پـێش‌و ئـەوەو لـە سەردەمی ئەکەدی کە سەدان ساڵ پێشتر بوو ناوەکەی (گاسور) بوو.

---

[46] تفسیر ابن کثیر، ج٥، ص٢٧٦-٢٧٧.

لەو ناوانە جوگرافییە کۆنانە تەنها کەمێکیان دەزانین ئەوانەشن کە لە نووسراوە کۆنەکان هەن وەك ناوی (زاموا) بۆ ناوچەی پارێزگای ئەمڕۆی سلێمانی یان (ئارراپخا) بۆ کەرکووك هەروەها ژمارەیەك ناوی چیاو ڕووبارو شارو گوند. بەشێکیش لەمانە تا ئێستا ماونەتەوە وەك کێوی (کوللار) کە لە نووسینەکانی پادشایانی ئاشور هاتووەو بریتییە لە زنجیرەی ئاسۆس–کێوەڕەش و کە تا ئێستا لە یەك شوێن ناوی ماوەتەوە ئەویش لە بەشی باشووری زنجیرەکە بەناوی (کۆلارە) یان چیای ئەزمڕ کە کۆن (ئازیرو–ڕەنگە ئەسڵەکەی ئازیر بێت) بوو.

خوێنەرە مەسیحییەکانی عبدالفادی کە وا دیارە کتێبەکەی خۆی بۆ ئەوان نووسیوە بەرەوڕووی ئەو گومانە دەبنەوە کە نازانرێت چیای حۆرێب کام چیایەیە چونکە ئەو ناوە ئێستا وجوودی نییە بۆیە دیارە عبدالفادی دەیەوێت بڵێت: ئەوەتا قورئانیش باسی دۆڵی تووا دەکات کە وجوودی نییەو لەگەڵ حۆرێب لێی تێکچووە.

بەڵام ئایا چیاکە بەڕاستی ناوی حۆرێب بوو؟ کێشەیەك لەو چیایە هەیە چونکە لە بەڵگەنامەی (ئێلۆهیمی)و بەڵگەنامەی (تەثنەوی) چیاکە ناوی حۆرێبە بەڵام لە بەڵگەنامەی (یەهوەهی)و (کەهەنووتی) ناوی (سینا)یە.[٤٧]

---

[47] Ora Lipschitz, S. David Sperling, *Mount Sinai*, in; Encyclopaedia Judaica, vol.18, p.627.

لێکۆڵەرەوان چوار سەرچاوەیان بۆ پێنج کتێبە یەکەمەکەی پەیمانی کۆن (واتە تەورات) دەستنیشان کردووە کە ئەوانەی سەرەوەن و ئەوانە بەلای کەمەوە لە سەدەی شەشەمی پێش زاین کۆکرانەوەو پێکەوە ئەو پێنج کتێبانەیان پێکهێنا کە ئێستا لەبەردەستمان: ستیفن م. میلر، روبرت ف. هوبر، تاریخ الکتاب المقدس ص٢٩.

زانیاریی زۆر کەمیش هەن بۆ ئەوە بتوانرێت چیا پیرۆزەکە دەستنیشان بکرێت کامەیەو ئەو باسانەی پێنج کتێبی یەکەمی پەیمانی کۆن وا دەکەن موستەحیل بێت شوێنەکەی دەستنیشان بکرێت.[٤٨]

بۆ تەواوکردنی ئەو بەشەش خراپ نییە ئەگەر باسێکی کورتی هەڵەکانی وەرگێر بکەین:

عبدالفادی دەڵێت مووسا چووە پشتی دەشتایی یان چۆڵەوانی (ماوراء البرية)، وەرگێڕیش، کە (تووا) دەکاتە (تەوا)، وایزانیوە باسی ئاوەدانی کراوە بۆیە دەڵێت: پشتی ئاوەدانی. عبدالفادی دەڵێت: چیای خودا حۆرێب (جبل الله حوريب)، وەرگێڕیش دەڵێت: چیای (ئەڵڵا حورەیب)، واتە جگە لە هەڵەی ناوی چیاکە (حورەیب لەجیاتی حۆرێب) وایزانیوە (الله حوريب) ناوی چیاکەیە. عبدالفادی باسی قسەکردنی خودا لەگەڵ مووسا دەکات کە مووسا فریشتەی خودای بەگڕێکەوە لەناوەڕاستی درەختی تووتڕکەوە[٤٩] دەرکەوت، ئینجا خودا قسەی لەگەڵ کرد، وەرگێڕی کوردیش وشەی تووتڕك بە عەرەبی (واتە: علّيقة) نەزانیوەو وایزانیوە ئەمە وشەیەکە پەیوەندیی بە هەڵواسین (علّق) هەیە بۆیە دەنووسێت: لەوێ ((لە شێوەی بڵێسەی ئاگر بەهەڵواسراوی فریشتەی خوداوەندی بۆ دەرکەوت))!! ئیتر نازانین کامیان هەڵواسرابوو" مووسا یان فریشتەکە!

---

[48] ***ibid*, p.628.**

[49] بە عیبری لە کتێبی دەرچوون: סְנֶה بە عەرەبی علّيقة، بە ئینگلیزی **bush**. درەختێکی دڕکاوییەو بە کوردی درەختی تووتڕکە، بڕوانە ئەم سەرچاوەیە بۆ باسی ئەو درەختە، هەروەها ئەو قسەیەی کە درەختەکە لە سینا نییە بۆیە بە درەختی لە جۆی ئاکاسیا زانراوە:

Norman McLean, *Bush*, § 1, in; Encyclopædia Biblica, vol. I, col. 614.

٩-زەیتوون لە چیای سینا

((فَأَنشَأْنَا لَكُم بِهِ جَنَّاتٍ مِّن نَّخِيلٍ وَأَعْنَابٍ لَّكُمْ فِيهَا فَوَاكِهُ كَثِيرَةٌ وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ * وَشَجَرَةً تَخْرُجُ مِن طُورِ سَيْنَاءَ تَنبُتُ بِالدُّهْنِ وَصِبْغٍ لِّلْآكِلِينَ -المؤمنون: ١٩-٢٠)).

عبدالفادی دەڵێت: موفەسیرەکان وتوویانە مەبەست لە درەختەکە زەیتوونە ئینجا دەپرسێت: بیابانی سینا بە درەختی زەیتوون ناسراو نییە، باشتر نەدەبوو فەڵەستین ناوبەرێت کە زەیتوونی هەیە نەك سینا کە هێندە بێ بەروبووم بوو خودا لە ئاسمانەوە گەزۆ (مەن)ی بۆ بەنو ئیسرائیل ناردبوو؟

بەواتایەکی تر عبدالفادی دەڵێت ئەگەر زەیتوون لە سینا هەبووایە خودا گەزۆی بۆ بەنو ئیسرائیل نەدەباراند، ئێمەش دەڵێین بێگومان زەیتوونی ناوچەکەو ناوچەکانی دراوسێش، بەشی ئەو خەڵکەی نەدەکرد کە بەپێی کتێبی دەرچوون شەش سەد هەزار پیادە بوون جگە لە ئافرەتانو منداڵانو ژمارەیەکی زۆری بێگانە، ئەوەش جگە لەوەی زەیتوون پێویستی بە ئاو و کاتی زۆرە بۆ خۆشکردن. ئەمەش بە کەمێك بیرکردنەوە، کە دیارە ڕەخنەگر ئەو بڕە کەمەشی نییە، مرۆڤ دەیزانێت.

عبدالفادی کە پشت بە بەیزاوی دەبەستێت ئەمجارەش پشتگوێی دەخاتو بەگشتی باسی موفەسیرەکان دەکات بۆ ئەوەی قسەکەی تری ئەو موفەسیرانە بشارێتەوە کە یەکێك لە قسەکان سەبارەت بە کێوەکە ئەوەیە

کێوێکـە لـە فەڵەسـتینە (ج٤، ل ١٥١). بەهـەر حـاڵ ئـەوەی گونجـاوە درەختەکە زەیتوون بێـت، زەیتـوونیش لـە سـینا هەیـە، قورئـانیش باسـی هەموو سینای نەکردووە بەڵکو کێوی سینا، بۆشی هەیە کـاتی خـۆی داری زەیتوون لـەوێ زۆربووبێـت وەك چـۆن چـیای زەیتـوون لـە فەڵەسـتین کـە کەمتر بەردەڵانە لەچاو کێوەکانی نزیکیو کـاتی خـۆی دەوڵەمەنـد بـوو بـە ڕووەكو بەتایبەتی زەیتوون بەڵام ژمارەیان زۆر کەمبۆتـەوە (ئەمـە قـسەی ساڵی ١٩٠٢ـە).[50] ڕووبـەری ئـەو زەوییانـەش کـە بـە زەیتـوون چـێنرابوون تەنانەت دوای ئەو ساڵەش ڕووەو کەمبوون چووبوون وەك چـۆن باسـکراوە کە لە دروسـتبوونی دەوڵـەتی ئیـسرائیلەوە ڕووبەرەکـە لـە کەمبوونەوەیـە (ئاماری ساڵەکانی ١٩٥٩ تا ١٩٦٩).[51]

هەبوونی زەیتوون لەناو بەردەڵانەکان لە کتێبی تەثنیـە (کتـێبی پێنجـەمی تەورات) وەك یەکێك لـە نیعمەتـەکانی خـودا بەسـەر بـەنو ئیـسرائیل بـاس کراوەو لەسەر زمانی مووسا هـاتووە: زەیـتی دەدەمـێ لـە بـەردە ئەسـتێ (تثنیة٣٢: ١٣)، واتـە زەیتـوون لـە ناوچـە شـاخاوییەکانو تەنانـەت لـەناو بەردیش زیاد دەکات.[52]

---

[50] **Lucien Gautier, *The Mount of Olives*, in; Encyclopædia Biblica, vol. III, cols. 3498-9.**

[51] بڕوانە:

Shaked Gilboa, *Olive (In Israel)*, in; Encyclopaedia Judaica, vol.15, p.407.

[52] **Jehuda Feliks, *Olive*, in; Encyclopaedia Judaica, vol.15, p.406.**

١٠-رۆشتنی خۆر

((وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ - يس: ٣٨)).

عبدالفادی تەفسیری بەیزاوی دەهێنێتەوە کە پێویست ناکات لێرە نەقڵی بکەین چونکە ئەوەی گرنگە تەعلیقی عبدالفادی لەسەر باسی جوولەی خۆر. ئەو دەڵێت:

خۆر جێگیرەو بەدەوری خۆی دەخولێتەوەو لەو شوێنەی ناجوولێتو زەوی خۆی بەدەوری خۆر دەسووڕێتەوە ئیتر چۆن قورئان دەڵێت خۆر دەڕواتو بەرەوە شوێنێکی جێگیربوونی دەجوولێتەوە؟

وەڵامی ئەوە زۆر بەکورتی دەدرێتەوە: زانیارییەکانی عبدالفادی زۆر کۆنن چونکە ئەوەی ئێستا زانراوە کە خۆرو سەرجەمی سیستەمەکە (خۆرو هەسارە وابەستەکانی) دەجوولێنو بەدەوری چەقی مەجەرەی کاکێشان دەخولێنەوە. کەواتە خۆر وەستاو نییەو دەجوولێتەوە. مەبەستیش لە شوێنێکی جێگیربوونی خۆر یان وەستانی ئەو جوولەیەیە بەهەر هۆیەك بێت، یانیش وەستانی لەکاتی ڕوودانی قیامەت کە یەکەمیان بابەتی زانستی فەلەکەو کاری ئەو زانستەیە ئەوە ئاشکرا بکاتو دووەمیان زانیارییەکە لە قورئان هەیەو پەیوەندیی بە قیامەتەوە هەیەو ڕەنگە زانستی فەلەك بتوانێت تیۆرێك لەو بارەوەیە، واتە تێکچوونی گەردوونو چارەنووسی خۆرو زەوی، تەرح بکات.

سەبارەت بە خوێندنەوەی (لا مستقر لها) لەجیاتی (لمستقر لها)، کە عبدالفادی لە بەیزاویی نەقڵکردووە، واتە لەجیاتی ئەوەی خۆر بجووڵێتەوە تا دەکاتە شوێنی جێگیربوون (لمستقر لها) خوێندنەوەکە (لا مستقر لها) واتە خۆر دەجووڵێتەوەو وەستانی نییە.. عبدالفادی ئەوە دەکاتە ڕەخنە کە هەبوونی خوێندنەوەی جیاوازی ئایەتەکە بەجۆرێك واتاکە بگۆڕێت واتای ئەوەیە قورئان دروست نییە.

ئەو ڕەخنەیە لە جێگەی خۆی نییە چونکە ئەگەر دوو خوێندنەوە هەبن و هەریەکێکیان واتەیەکی هەبێت ئێمە دوو حاڵەتمان هەیە: دوو واتاکە دژ بەیەك نەبن کە ئەمە کێشە نییە، حاڵەتی دووەمیش دوو واتاکە دژ بە یەك بن وەك حاڵەتی ئێستا ئەو کاتەش پێویستە یەکێك لە دوو خوێندنەوەکە ڕاست بێت ئەوەش ئەگەر بەڕاستی دژ بە یەك بن کە گومانم هەیە وا بێت لەبەر ئەوەی واتای هەردوو خوێندنەوەکە ڕاستن: یەکەمیان ڕاستە چونکە ڕۆژێك دێت جووڵەی خۆر بوەستێت، دووەمیشیان ڕاستە چونکە لە ئێستاوە تا ئەو کاتە خۆر بەردەوام لە ڕۆشتنەو وەستانی نییە.

١١-شێوەی مانگ

((وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ حَتَّى عَادَ كَالْعُرْجُونِ الْقَدِيمِ * لَا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ – يس:٣٩-٤٠)).

عبدالفادی تەفسیر بەیزاوی دەهێنێتەوە کە رۆشتنەکە چەند مەنزڵگایەکە کە بیستوهەشتن‌و ناویان دەهێنێت، هەر شەوێکیش دادەبەزێتە یەکێکیان‌و نە تێی دەپەڕێنێت‌و نە لێی بەجێدەمێنێت ئینجا کە دەگاتە دوایەمین مەنزڵگا باریك دەبێتەوەو دەبێتە کەوانەو (عرجون) واتە (شمراخ)ی کۆن،[53] نە خۆر بۆی هەیە بگاتەوە بە مانگ لە خێرایی رۆشتن‌و نە شەو پێش رۆژ دەکەوێت‌و هەموویان لە فەلەکێك مەلە دەکەن واتا بە تەختی بەناو ئەو فەلەکە دەڕۆن (بەیزاوی، ج٤، ص٤٣٤).

بەیزاوی بە کەمێك درێژتر ئەوانەی سەرەوە دەنووسێت بەڵام بەهەر حاڵ نازانین پرسیارەکەی عبدالفادی چییەو لە چی ناڕازییە. ئەو تەنها ئەو تەفسیرەی نەقڵکردووە. وەرگێڕی کوردی لای خۆیەوە ئەوەی روونکردۆتەوە کە بەپێی ئەو دوو ئایەتە زەوی چەقی گەردوونەو هەموو تەنە ئاسمانییەکان بەخۆریشەوە لە رووتەختێکی بازنەیی بەدەوری زەوی دەسووڕێنەوە بەڵام هەموویان لە هەمان ڕووتەخت نین (لاپەڕە ٢٩). بەڵام

[53] عرجون هێشووی خورمایە یان هێشووی خورمای وشکە یاخود ئەو لاسکە ئەستوورەیە کە هێشووی خورما هەڵدەگرێت: لسان العرب، ج٣٢، ص ٢٧٨١ بەڵام وەرگێڕی کوردی دەنووسێت: قەدی دارخورما.

کێ باسی تەختیی کردووە؟ ئەوە تەفسیری بەیزاوییە نەك ئایەتەکەی قورئانە کە وا دەڵێت. ئایەتەکە وەك ئایەتی تر باسی (فەلەك) دەکات، کە لە زمانی عەرەبی، بەدەر لەو واتا فەلەکییەکان کە پێی دراون، چەند واتایەکی هەیە کە زۆریان لەدەوری واتای (خڕی) دەخولێنەوە.[54]

وەرگێڕی کوردی بۆ باسی ئایەتەکە کە شەو پێش ڕۆژ ناکەوێت باسی ناوچەکانی باکووری فنلەنداو نەرویجو ئالاسکا دەکات کە هەڵهاتنو ئاوابوونی خۆر لە کاتی نیوەشەو دەبینن (ل٣٠). بەڵام نیوەشەو چییە؟ ئەی شەو خۆی چییە؟ ئێمە شەو بەو کاتە دەڵێین کە ئاسمانی تاریکمان لێوە دیار دەبێت، بە سەعاتی دیاریکراوی ڕۆژەکەش دەڵێین شەو، بەڵام سەعاتەکان ڕێککەوتنی خۆمانە بۆ ئەوەی بە زمانی ژمارە قسە بکەینو باشتر لەیەکتر تیبەگەین، ئیتر با لە هەر شوێنێکی زەوی سەعات ژمارەیەك بخوێنێت، ئەوە بەپێی زاراوەی خۆمان شەوە ئەگینا شەو لە ئەسڵ تاریکییە ئیتر با ئەو تاریکییە شەش مانگیشی پێ بچێتو با ئەو کاتەی کە بە حساب شەوە خۆر ببینرێت" لەبەر ئەوەی خۆر دەبینرێت کەواتە ڕۆژە. شەو و ڕۆژیش ئەوانەن کە لەسەر زەوی هەن، ئەگەر ئێرە ئێستا شەو بێت نیوەکەی تری گۆی زەوی ڕۆژە.

---

[54] بڕوانە، ابن منظور، لسان العرب، م٥، ص٣٤٦٤–٣٤٦٥.

١٢-كێوی قـاف

ئەمەش گوایە کێوێکە چواردەوری هەموو زەویی داوە.

عبدالفادی هیچی دەستناکەوێت لە تەفسیری بەیزاوی (بڕوانە کە تەنانەت بـەیزاویش ئـەو حیکایەتانـە نـەقڵ ناکـات) پـشت بـە کتـێبی (عـرائس المجالس! !)[55] دەبەستێت بۆ تەفسیری پیتی (ق) لـەو سـوورەتەی هـەمان ناوی هەیە، ئەمەش حیکایەتەکەیە:

خودا کێوێکی گـەورەی دروسـت کـرد لـە یـەك (زەبەرجـەد)[56]ی سـەوز کـە سەوزایی ئاسمان هی سەوزیی ئەوە. بەو کێوە دەوترێت قاف چـواردەوری هەمووی داوەو ئەوەشە کە خودا سوێندی پێ خواردووەو فەرموویـەتی: ق والقران المجيد.

ئینجا باسی کتێبی (قصص الانبياء) دەکات کە ئەمەی تێ هاتووە: عبـدالله کوڕی سەلام پرسیاری لە موحەممەد کـرد: بـەرزترین لوتکـەی سـەر زەوی چییە؟ ئەویش وتی: کێوی قافە، وتی: ئەو کێوە چییە؟ وتی: لە زومرڕودیی سەوزەو سەوزیی ئاسمان لەوەوەیە. وتـی ئـەی پێغەمبـەری خـودا راسـتت کرد، ئەی بەرزیی کێوی قاف چەندە؟ وتی سەفەری پێنجسەد ساڵە وتـی

---

[55] عرائس المجالس لە نووسینی الثعلبي پڕە لەخورافەتو ئەو چیرۆکە لـەناو قسەیەکی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب هەیەو گێڕانەوەکـە بـێ سـەنەدە: الـثعلبي، عـرائس المجـالس، ص٥.

[56] جۆرە بەردێکی گرانبەهایە.

ئەی ئەو ماوەیە چەندە کە مرۆڤ بەدەوری هەمووی دەڕوات؟ وتی سەفەری دوو هەزار ساڵە.[57]

ئەو بەشەی ڕەخنەکەی عبدالفادی تەواو بوو (لەخوارەوەش قسە لەسەر بەشەکەی تری دەکەین). ئینجا نۆرەی ئێمەیە بپرسین: ئەمە قسانە شایەنی ئەوەن وەڵامیان بدرێتەوە؟ قسەکان خۆیان خۆیان بەدرۆدەخەنەوە چونکە باسەکە دەربارەی قورئانە کە گوایە مەعسووم نییە کەچی وەکو پرسیارەکانی پێشوو تەفسیری بۆ دەهێنرێتەوە.

بزانین ئیبنو کەثیر چۆن باسی قاف دەکات:

دەگێڕنەوە لە هەندێ سەلەف کە (ق) کێوێکە چواردەوری هەموو زەویی داوە، لەوەش دەچێت ئەمە لە خورافەکانی ئیسرائیلییەکان بێت کە هەندێ خەڵك لێیان وەرگرتوون کاتێك بینیان ئەو شتانەی کە ئیسلام نە پشتگیرییان دەکات و نە بەدرۆیان دەخاتەوە جائیزە لە جوولەکە وەربگیرێن و باس بکرێن. بەبۆچوونی خۆشم (واتە ئیبنو کەثیر) ئەمەو هاوشێوەکانی دروستکراوی هەندێك زندیقی ئیسرائیلییەکانن کە دین لە خەڵکی تێکەڵدەکەن.. ئینجا دەڵێت: فەرموودەی پێغەمبەریش ((شت بگێڕنەوە لە بەنو ئیسرائیل و هیچ ئیحراجییەکیش نییە)) بۆ شتێکە عەقڵ قبووڵی بکات.[58]

---

[57] نەینووسیوە سەرچاوەکە هی کێیە، هی هەر کەسێکیش بێت ئاشکرایە وەکو ئەوەی پێشووە.

[58] تفسير ابن كثير، ج٧، ص٣٩٤.

بەم جۆرە ئیبنو کەثیر چۆن ئەو درۆیەی داوەتە پاڵ زندیقەکانی جوولەکە کەچی عبدالفادی بە پێنووسی خۆی ئەوە نەقڵ دەکات کە قسەی فلانو فیسارەو هێشتا دەیداتە پاڵ قورئان.

عبدالفادی دوای قسەکەی سەرەوەی دەڵێت: سەرچاوەی چیرۆکی کێوی قاف ئەوەیە کە لە کتێبی یەکێك لە جوولەکەکان هاتووە کە پێی دەوترێت (حکیکاه)، بەشی ١١ فەسڵی ١، لە تەفسیری وشەی عیبری (تو هو) کە بەدەگمەن بەکاردێتو واتاکەی فەزاو بۆشاییە. لە سیفری تەکوینیش (٢:١) هاتووە. کتێبی حکیکاه دەڵێت: ((تو هو ئەو هێڵە سەوزەیە کە چواردەوری هەموو جیهانی داوەو لەوەوە تاریکی دەردەچێت)). بەم جۆرە وشە عیبرییە وەرگێڕدراوەکە واتە (هێڵ) بریتییە لە (تاو). کاتێکیش صەحابییەکان، هێشتا ئەمە قسەی عبدالفادییە، بیستبوویان نەیانزانیبوو کە واتاکەی (هێڵ)ـە بەڵکو لێیان تێکچووبوو و وایانزانیبوو زنجیرە چیایەکی گەورەیە ناوی قافە. ئیتر چۆن قورئان ئەوەی پێی دەڵێین ئاسۆ (کە هێڵێکی وەهمییە) بە کێوێکی ڕاستەقینە دەزانێت؟

بینیمان عبدالفادی دەڵێت ئەسڵی باسی کێوی قاف لە کتێبێکی کەسێکی جوولەکە هاتووە کە ناوی (حکیکاه)ـە. ڕاستەکەشی ئەوەیە حەگیگاه کتێبێکی سەربەخۆ نییەو هی کەسێکی جوولەکە بەتایبەت نییە بەڵکو بەشێکە لە تەلموود. تەلموود پێنج بەشەو هەر بەشێك ژمارەیەك باسە، کۆی باسەکانیش ٦٣ باسن.[59] حەگیگاه חֲגִיגָה دوایەمین باسی دووەمینە

[59] تەلموود תַּלְמוּד بریتی بوو لە ڕاڤەکردنی تەورات بە وتە نەك بە نووسین، کە باوەڕی جوولەکەش وایە ئەو ڕاڤەکردنە وەکو تەورات خودا دابووی بە مووسا بەڵام بەشێوەی دەمی. دواتریش کە ڕاڤەکردنەکان زۆر بوون ئەوانە نووسرانەوە. ئەو نووسینە

بەشــە کــە بــەو بەشــە دەوترێــت مۆعێــد מועד واتــە فیــستیڤاڵەکان. حەگیگاهیش بریتییە لە بەخشینەکانی فیستڤاڵەکانو پەیوەستە بە جەژنی دەرچـوون لــە میـسرو[٦٠] بەخـشینی قوربـانیی خۆبەخـشانە هــەر کەسـێك بۆخۆی،[٦١] کە ئاهەنگ گێڕان بە دەرچوون لە تـەورات باسـکراوە، هـەروەها پەیوەستە بە دوو جەژنی تریشەوە.[٦٢]

دوروبەری ساڵی ٢٠٠ی زایینیو بۆ پاراستنی لەلایەن رابی یـەهوودا هەناسـی (یـەهوودای ناسی)یەوەو بەهاوکاریی زانای تر دەستی پێکـردو ئەمـەیان بەشـی یەکـەمی تـەلموود پێکدەهێنێت واتە (میشناه)، لەدوای ئەوەش موناقەشەی زۆر لەسەر میشناه کران کـە وردەکارین لەسەر شەریعەتو راڤەکردنو چـیرۆكو ئامۆژگـاریو مێـژوو کـە بـەو بەشـە وترا گەمارا גְּמָרָא (لەوە بـەدوا تـا دەوروبـەری ٥٠٠ ی زایـنی). دوو تـەلموودیش هـەن: تەلموودی ئۆرشەلیمی (یەروشالمی) کە دەوربەری ٤٥٠ی زایـنی نووسـینەوەی کۆتـایی پێهاتو تەلموودی بابلی کە سەدەیەك دوای ئەوە لە وڵاتی بابل نووسـینەوەی کۆتـایی پێهاتو ئەمەیان درێژترەو تەلموودە قانوونییەکەیە: ستیفن م. میلر، روبرت ف. هوبر، تاريخ الكتاب المقدس، ص١١٤—١١٥، بەکورتیش لەبارەی میشناه و گەمارا:

A. W. Streane, A Translation Of The Treatise Chagigah from The Babylonian Talmud, pp. 148-9, p.150.

هەردوو تەلموودەکە بەشێوەی حیوار داڕێژراون بەشێوەی پرسیارو وەڵام یان ئیعترازو وەڵامدانەوە.

[60] جەژنی پێـساح (فـصح بـە عـەرەبی) ، بڕوانـە بەشـی مێـژوویی. جیـاوازی لـەبارەی واتای وشەکەوە هەیەو لێرە بەستوومانەتەوە بە ڕووداوەکەوە.

[61] **A. W. Streane, *op. cit.*, p. 147.**

[62] **ibid., p. 147 n3.**

سەبارەت بە تۆهوو תֹהוּ کە عبدالفادی بە (تو هو) [٦٣] ناوی دەباتو دەڵێت لە حەگیگاھ بە هێڵی سەوز ناوبراوە" باسی هێڵی سەوز لەو شوێنەی حەگیگاھ دێت دوای باسی سەرەتای بوون کە بەتاڵیو وێرانی بوو وەك چۆن لە کتێبی تەکوین هاتووە: زەوی بێ شێوە (یان وێرانە)و بەتاڵ بوو (تەکوین١: ٢)، دوای ئەوەش خودا فەرمانی دا ڕووناکی هەبێتو جیایکردەوە لەنێوان ڕووناکیو تاریکیو شەو و ڕۆژی دروستکرد

---

[63] لە کتێبی تەکوین، یەکەم کتێبی تەورات، تۆهوو و بۆهوو תֹהוּ וָבֹהוּ هاتووە کە وسفی زەوییە سەرەتای دروستبوونی، واتاکەشی: بێ شێوەو بەتاڵ، یاخود وێرانەو بەتاڵ، ئەمەی دوایی، واتە (وێرانە) لەجیاتی (بەتاڵ) جگە لەوەی لە هەندێك وەرگێڕانی تەورات هەیە هەروەها لە حەگیگاھ هاتووە:

A. W. Streane, , *op. cit.*, p. 58.

قسەی عبدالفادیش ئەوە دەگەیەنێت تۆهوو تەنها لە حەگیگاھ و کتێبی تەکوین هاتبێت، بەڵام وشەکە هەروەها لە کتێبی ئیرمیا (٤: ٢٣). لە کتێبی (ئیشعیا)و لە یەك ئیصحاح جارێك بە واتای (وێرانە) دێتو دوای ئەوە بە واتای لەبەرهیچ یان بێمەبەستی (بەعەرەبی: عبث بەئینگلیزی in vain) دێت، بڕوانە هەروەها:

F.F. Bruce, *And the Earth was without Form and Void, An Enquiry into the exact Meaning of Genesis 1, 2*, p.23.

لە ئیشعیا (٣٤: ١١) لەگەڵ پەتو بەرد باسکراوەو دواتر بە گوریسی پێوانەو شاوڵ لێکدرابوونەوە، بۆ ئەمەیان بڕوانە:

Hannu Töyrylä, Slimy Stones and Philosophy: Interpretations of tohu wa-vohu as Matter and Form, p.3.

ئەم سەرچاوەیە لێکۆڵینەوەیەکە دەربارەی تۆهوو و بۆهوو لە سەرچاوەکانی جوولەکەو لێکدانەوەیان لای زاناو فەیلەسووفەکانیان. تۆهوو و بۆهوو لە تەرگومی بابلی یاخود تەرگومی ئۆنکیلۆس بە واتای وێرانەو بەتاڵی هاتووە (بڕوانە بەشی پرسیارە مێژووییەکان بۆ تەرگوم):

J. W. Etheridge, The Targums of Onkelos and Jonathan Ben Uzziel on the Pentateuch (Genesis and Exodus), p.36.

لە تەرگومی یوناتان کوڕی عوزیئیل (ڕاستەکەی: تەرگومی فەڵەستینی) بەم جۆرە ڕوونکراونەتەوە: چۆڵ بووە لە کوڕانی مرۆڤو بەتاڵ بووە لە ئاژەڵ:

J. W. Etheridge,*ibid*., p.157.

(تەکوین١: ٢–٥)، لەو شوێنەش کە باسی شەو و ڕۆژە، واتە تەکوین١: ٥، حەگیگاه دەڵێت: ئەمە (بارایتا)[٦٤]یە: بەتاڵی هێڵێکی سەوز بوو دەوری هەموو جیهانی داوەو لەوەوە تاریکی دەرچوو.[٦٥]

لەم باسەو لەباسەکانی خوارەوە (ئەوانەی پەراوێز دەربارەی تۆهوو و بۆهوو) خوێنەر دەزانێت کە هیچ شتێك کێوی قاف لەگەڵ هێڵە سەوزەکەی حەگیگاه کۆبکاتەوە جگە لەوەی کە هەردووکیان دەوری شتێکیان داوە: یەکەمیان دەوری زەویی داوەو ئەوەی تر دەوری جیهانی داوە، ئیتر چ شتێك هێڵێکی سەوز لەگەڵ کێوێك کۆدەکاتەوەو کوا باسی دروستبوونی تاریکی لەو کێوە؟ عبدالفادی یەکێکە لەو ڕەخنەگرە بێبەهرانەی خشتێك لە شوێنێك دەبینین‌و هەوڵ دەدەن لەو خشتە کۆشکێك دروست بکەن.

سەبارەت بە قسەکەشی کە ڕەچەڵەکی تۆهوو بریتییە لە وشەی (تاو) بەواتای هێڵ‌و صەحابییەکان ئەو وشەیەیان بینیوە نەیانزانیوە واتاکەی هێڵەو وایانزانی زنجیرە چیایەکی مەزنە پێی دەوترێت قاف.. دەڵێین ئەو قسەیەی عبدالفادی دیسان پێکەوەبەستنی دوو شتی دوور لە یەك: هێڵ‌و زنجیرە چیا، هەروەها تاو و قاف، سەباری ئەوەش وشەی تاو תָּו تەنها واتای هێڵ نادات بەڵکو هەروەها هێما و نیشانە.. تاد و وشەی گونجاوتر بۆ هێڵ هەن.

---

[64] تەعبیری ((ئەمە بارایتایە)) واتە ئەو قسەیە لە بارایتا בָּרַיְתָא هاتووە کە ئەمیان بریتییە لە یاسایەك یان بنەمایەکی دەرەوەی (مشناه)ـەکەی رابی یەهوودای ناسی:
A. W. Streane, *op. cit.*, p.147.
بابەتەکانیشی بریتین لە بابەتی دژ بە بەهەمان بابەتەکانی (میشناه)، هەروەها زانیاریی زیاتر بۆ میشناه دەدات، هەروەها بابەتێکی جیاواز لێی:
Stephen G. Wald, *Baraita*, in; Encyclopaedia Judaica, vol. 3, p.124.
[65] **A. W. Streane, *op. cit.*, pp. 58-9.**

بەشی دووەم

پرسیارە مێژووییەکان

لەم بەشە بابەتە لەیەکچووەکانمان پێکەوە کۆکردۆتەوە، بۆ نموونە هەموو باسەکانی مەسیحو مەریەممان لە یەك بەش کۆکردۆتەوە یان هەموو باسەکانی پێغەمبەران...تاد

میسر و فیرعەون و ئیسرائیلییەکان

١-هامان وەزیری فیرعەون بوو

((... إِنَّ فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَجُنُودَهُمَا كَانُوا خَاطِئِينَ- القصص:٨)).

((وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرِي فَأَوْقِدْ لِي يَا هَامَانُ عَلَى الطِّينِ فَاجْعَل لِّي صَرْحًا لَّعَلِّي أَطَّلِعُ إِلَى إِلَهِ مُوسَى وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ مِنَ الْكَاذِبِينَ - القصص:٣٨)).

((وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا هَامَانُ ابْنِ لِي صَرْحًا لَّعَلِّي أَبْلُغُ الْأَسْبَابَ - غافر: ٣٦)).

عبدالفادی نووسیویەتی: قورئان دەڵێت هامان وەزیری فیرعەون بوو بەڵام مێژوو دەیسەلمێنێت هامان وەزیری ئەحشویریش بوو و ماوەی نێوان فیرعەونو هامان نزیکەی هەزار ساڵ بووە. فیرعەون پادشای میسر بوو و هامان وەزیر بووە لە بابل. کتێبی ئەستیریش لە تەورات دەڵێت هامان وەزیری ئەحشویریش پادشای فارسەکان بوو کە یۆنانییەکان پێیان دەوت زرکیس (قسەی عبدالفادی تەواو).

* * * *

ئەگەر ڕاست بێت پێغەمبەری ئیسلام ناوی هامانی لە کتێبی ئێستێر אֶסְתֵּר وەرگرتووە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە: بۆچی لەو هەموو باسەی

مۆردخـایو ئێـستێرو هامـانو[٦٦] ئەحەشـوێرۆیش[٦٧]، موحەممـەد لێـی تێـك بچێتو بە وەزیری فیرعـەونی[٦٨] بزانێـت؟ ئـەوە چـیرۆکێك بـوو نـەك دێرێـك لەناو بەسەرهاتێك تا لێی تێك بچێت.

ئەگەرچی یادی ئێستێر بۆتە جەژنێك بەناوی (پوریم)و لەو جەژنە کتێبەکـە بەدەنگی بەرز دەخوێنرێتەوە بەڵام گومان لەوە کراوە کـە کتـێبی ئێـستێر کـە نـاوو بەسـەرهاتی هامـانی لـەخۆگرتووە کتێبێکـی قـانوونی (واتـە دروسـت)ی پـەیمانی کـۆن بێـت، تاکـە کتێبێکیـشە لـە دەستنووسـەکانی دەریای مردوو نییە[٦٩] و یەکێکە لەو کتێبانەی گومان لە ڕاستێتییان هەیە.

سەبارەت بە هامانیش کتێبەکە بە هامانی (عەمالیقی)[٧٠] نـاوی دەبـات. ئەگەر هامان خەڵکی ناوچەی باکووری نیمچەدوڕگەی عەرەب بووبێت ئـەوە زیاتر گونجاوە وەزیری فیرعەونێکی میسر بێت، نـەك تـەنها لەبـەر نزیکیـی ناوچەکە بەڵکو لەبەر ئەوەی هەندێك کەسانی ئاسیایی گەیـشتبوونە پلـەی

---

[66] باسێکی لەوە دوورودرێـژترم هەیـە لـەبارەی هامـان لـە لێکۆڵینـەوەی (ئاماژەکـانی قورئان بۆ رەمسیسی دووەم وەك فیرعەونەکەی مووسا) کە لە کۆنگرەی (بەرگری لـە قورئان) پێشکەش کرا، لێرەش زیادە زانیاری هەن کە لەو لێکۆڵینەوەیە نین.

[67] ئەحەشوێرۆش אֲחַשְׁוֵרוֹשׁ بە عیبری، خشایارشا بە فارسـیو کسێرکسیس Xerxes بە یۆنانی ، لە ئینگلیزی بە زێرکسیس دەخوێنرێتەوە.

[68] قورئان تەنها ناوی هامان دەباتو پلەکەی ناڵێت، واتە دانانی پلەی وەزیر بۆ هامان تێگەیشتنی خەڵکە لە قورئان.

[69] ستیفن م. میلر، روبرت ف. هوبر، تاریخ الکتاب المقدس، ص ٤٤.

[70] عەمالیق עֲמָלֵק گەلێکن شەڕیان دژی مووساو گەلەکەی کرد پاش دەرچوونیان لـە میسر پاش ئەوەی گەیشتنە سینا. لـە کتـێبی تـەکوین عـەمالیق کـوڕەزای (عێـساو)ی برای یەعقووبە (تکوین ٣٦: ١٢). عەمالیق وەك یەکێك لە دوژمنـەکانی بـەنو ئیـسرائیل باس کراون.

بەرز لە میسر. لەو سەردەمە خەڵكێكی زۆری كەنعانیو سووری چووبوونە میسرو ببوونە بەشێك لە كۆمەڵگەی میسری. ئەوانە ناوی میسرییان لەخۆیان نابوو بەڵام هەشبووە ناوی ئەسڵیی خۆی هێشتبووەوە وەك ئورخییا كە بووە سەركردەیەكی سەربازیی سێتیی یەكەم، باوكی رەمسیسی دووەم. ئورخییا بەئەسڵ ناوێكی (خورری)یە: ئورخیا–تێشوپ.[٧١] كوڕەكەی ئورخییاش ناوی یوپا (یوپێئ) بوو كە ناوێكی كەنعانییەو[٧٢] ئەویش فەرمانبەرێكی گەورە بوو لای رەمسیسی دووەم.

هەندێك نووسەری ئیسلامی هەوڵیان داوە بۆ دۆزینەوەی ناوێكی میسریی كۆن لە هامان بچێت یان لێوەی نزیك بێت، بۆ نموونە باسی هاوڕێیەكی منداڵیی رەمسیسی دووەم كراوە كە چەند پلەیەكی بەرزی لای رەمسیس وەرگرتبوو ئەویش ئیمن ئم ئنت (ئامون ئم ئینت) و كە ناوی خوداوەند ئامون لە ناوەكەی لە هامانەوە نزیكە.

ئامون ئم ئینت یاوەری رەمسیس بوو لەو كاتەی رەمسیس جێگری باوكیو میراتگری بوو. جگە لەوەش كەسوكاری دەسەڵاتداریشی هەبوون[٧٣]. دوای مردنی (سێتیی یەكەم)ی باوكیشیو بوونی رەمسیسی دووەم بە فیرعەونی نوێ پلەی ئامون ئم ئینتی بەرزكردەوە بۆ پلەی سەركردە عارەبانەكانی پادشاو چاودێریی ئەسپەكان[٧٤] كە پلەیەكی بەرز بوو چونكە هەموو كەسێك نەدەبووە بەشێك لە هێزی ئەسپسواری،

---

[71] كینیث كیتشن، رمسیس الثاني، ص ٥٦.

[72] ك. كیتشن، رمسیس الثاني، ص ٥٦. لەم وەرگێرانە عەرەبییە نووسراوە (اورحی)، راستەكەشی (خ) نەك (ح). لە ئەسڵە ئینگلیزییەكەش: ئورهییا، واتە بە (هـ).

[73] ك. كیتشن، رمسیس..، ص ٥٥.

[74] ك. كیتشن، رمسیس..، ص ٧٣.

دواتریش كرایه سەركردەی میلیشیاكانی (معجئـی– mɛd̠ʒi)، كـه هێزێكـی تایبەتی پۆلیسن بۆ پاراستنی شارەكانو گۆڕستانەكان، ئینجا بەڕێوەبەری پیشەسازی.[٧٥] ناوبراو كاری رامسیوم (پەرسـتگەی جـەنائیزیی رەمـسیس) پێ سپێردرابوو و بەڕێوەبەری پرۆژە شوێنەوارییەكانی پادشا بوو[٧٦].

سەبارەت بـە باسـی ئێـستێر وەزیرێكـی خـشایارشا بـەناوی هامانـەوە نەناسراوە بەڵكو لەوەش ناچێت هیچ لـەو بەسـەرهاتانەی چەوسـاندنەوەی جوولەكـە لەسـەردەمی خـشایارشاو شـووكردنی ئێـستێر بـەو هـەبووبن. چیرۆكەكەش ناماقووڵە چونكە بـەهۆی ئـەوەی مۆردخـای، مـامی ئێـستێر، كڕنووشی بۆ هامان نەبردبوو هامان بڕیاری دابوو جوولەكە لەناوبەرێت.

وەگـــرتنی باســـەكان وەك مێژوویـــەكی راســـتەقینە كێـــشەی زۆری مێـژووییان بەدواوەیـە، جگـە لـەوەش پیلانەكـە پـڕە لـەو شـتانەی دوورە ڕوویدەن وەك ئـەوەی مۆردخـای ناسـراوە كـە جوولەكەیـەكی نـاو كۆشـكە كەچـی ئێـستێر كـە ئامۆزایـەتی و تەبـەنای كـردووەو رۆژانـەی سـەردانیی دەكات دەتوانێت ڕەگەزو ئاینی خۆی بشارێتەوە.[٧٧] لێكۆڵەرەوان هـەوڵیان داوە ئێستێر بكەنە كەسێكی تر لە سەردەمێكی تر وەك بۆ نموونە ئێـستێر كلیۆپاترای سـێیەم بێـت كـە هـاوڕێی جوولەكـە بـوو و ژنـی پەتلیمۆسـی سێیەم یـوریگێتیس (سـەدەی دووەمـی پـێش زایـن) كـە ئـەمیان لـەجیاتی خشایارشا بێت، هامانیش حزبی دژ بە جوولەكە لە كۆشكی پـەتلیمۆس[٧٨].

---

[75] ك. كیتشن، رمسیس..، ص ١٩٩.

[76] ك. كیتشن، رمسیس..، ص ١٧٩.

[77] **Albert I. Baumgarten, S. David Sperling, Scroll of Esther, in; Encyclopaedia Judaica, vol. 18, p.216.**

[78] بۆ ئەمەو بۆ بۆچوونی تر بڕوانە سەرچاوەی سەرەوە.

بۆچوونێكی تر ئەوەیە نووسەری كتێبەكە چیرۆكەكەی هۆنیوەتەوە بۆ ئەوەی تەفسیری فیستڤاڵێك بكات كە هەیە، واتە پوریم.[٧٩] بۆچوونێكی تریش دەڵێت ئێستێرو مۆردخای دوو خوداوەندی بابلیی مەردوخو عشتارن.[٨٠] دەشكرێت جوولەكە جەژنێكی وەكو نەورۆزیان وەرگرتبێتو كردبێتیان فیستڤاڵی خۆیانو دوایی چیرۆكی سەركەوتنی جوولەكە بەسەر هامانیان بۆ زیادكردبێت وەك چۆن چیرۆكی كاوەو زوحاك لای كورد بۆتە چیرۆكێكی هاوشانی نەورۆز، بۆیەش وا دەڵێین چونكە بۆچوونێك دەڵێت كە پێدەچێت پوریم، كە لە ١٤ و ١٥ ی ئادار[٨١] دەگێڕدرا، لە فیستڤاڵی ئێرانیی (فاڤاردیگان) وەرگیرابێتو كە ئەمیان لە ١١ ی ئازارەوە بۆ ١٤ی ئازارەوە بەردەوام دەبێتو لە وەرگێڕانی حەفتایی پەیمانی كۆنیش[٨٢] لەجیاتی پوریم جەژنەكە بە فرورایا Phrouraia یان فوردایا Phourdaia ناوبراوە[٨٣].

بەكورتی زۆر شت هەن دەربارەی چیرۆكەكەی ئێستێرو جەژنی پوریم باسكراونو ئەوەی لێرە گرنگە ئەوەیە باسی ئێستێرو هامان لە چیرۆك دەچنو گومانەكان بەتەواوەتی ئەو باسەیان دەورەداوەو هیچ لەو باسانە

---

[79] ibid, p.217.

[80] ibid, p.216.

[81] جوولەكە مانگەكانیان لە بابلییەكان وەرگرتووە، ئادار دەكەوێتە دوو مانگی ئێستای شوباتو ئازار.

[82] چیرۆكەكە، كە بۆتە جێگەی ڕەخنە، بەكورتی دەڵێت پادشای پەتلیمۆسی دووەم، سەدەی سێیەمی پێش زاین، لە میسر داوای كرد پەیمانی كۆن بكرێتە یۆنانی بۆ ئەوەی بیخاتە كتێبخانەی ئەسكەندەریە ئیتر حەفتاو دوو زانای جوولەكەی هێناو ئەوان وەرگێڕانەكەیان كرد.

[83] ibid, pp.216-217.

نە لە دوورو نە لـە نزیـك پەیوەنـدییان بـە باسـی هامـانی قورئانـەوە نییـە مەگەر تەنها ناوی هامان. هامان لە قورئـان خـاوەن پیلانێـك نـەبوو بـەڵكو جێبەجێكاری فەرمانەكانی فیرعەون بوو.

٢-قاروون و هامان میسری بوون

((وَقَارُونَ وَفِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَلَقَدْ جَاءهُم مُّوسَى بِالْبَيِّنَاتِ فَاسْتَكْبَرُوا فِي الْأَرْضِ وَمَا كَانُوا سَابِقِينَ -العنكبوت:٣٩)).
((وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَى بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُّبِينٍ * إِلَى فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَقَارُونَ فَقَالُوا سَاحِرٌ كَذَّابٌ * فَلَمَّا جَاءهُم بِالْحَقِّ مِنْ عِندِنَا قَالُوا اقْتُلُوا أَبْنَاء الَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ وَاسْتَحْيُوا نِسَاءهُمْ وَمَا كَيْدُ الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ -غافر: ٢٣-٢٥)).

عبدالفادی دەڵێت: مرۆڤ لەو ئایەتانەوە وا ی دەچێت کە قاروونو هامان لە نەتەوەی فیرعەون بوون بەڵام ئەمە هەڵەیە چونکە قارِوون ئیسرائیلی بووە نەك میسریو لە قەومی مووسا بوو وەك چۆن لە قورئان هاتووە: ((ان قارون كان من قوم موسى فبغى عليهم-القصص:٧٦)).

* * * *

ئەگەر مەبەست لە ناردنی مووسا بۆ قارِوون ئەوە بێت قارِوون میسری بووبێت چونکە پێکەوە لەگەڵ فیرعەونو هامان ناوی براوە ئەوە قسەی ڕەخنەگر ڕەخنە نییە بەڵکو بیانوو چونکە هەر خۆی ئایەتەکەی سەرەوەی نووسیوە بۆ سەلماندنی ئەوەی قارِوون لە نەتەوەی مووسا بوو. سەبارەت بە قارِوونیش کە گوایە قۆرەحی تەوراتە بڕوانە دواتر.

٣- گوێرەکەی زێڕینی دروستکراوی سامیری بوو

((قَالَ فَإِنَّا قَدْ فَتَنَّا قَوْمَكَ مِن بَعْدِكَ وَأَضَلَّهُمُ السَّامِرِيُّ (٨٥) فَرَجَعَ مُوسَى إِلَى قَوْمِهِ غَضْبَانَ أَسِفًا قَالَ يَا قَوْمِ أَلَمْ يَعِدْكُمْ رَبُّكُمْ وَعْدًا حَسَنًا أَفَطَالَ عَلَيْكُمُ الْعَهْدُ أَمْ أَرَدتُّمْ أَن يَحِلَّ عَلَيْكُمْ غَضَبٌ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَخْلَفْتُم مَّوْعِدِي (٨٦) قَالُوا مَا أَخْلَفْنَا مَوْعِدَكَ بِمَلْكِنَا وَلَكِنَّا حُمِّلْنَا أَوْزَارًا مِّن زِينَةِ الْقَوْمِ فَقَذَفْنَاهَا فَكَذَلِكَ أَلْقَى السَّامِرِيُّ (٨٧) فَأَخْرَجَ لَهُمْ عِجْلًا جَسَدًا لَهُ خُوَارٌ فَقَالُوا هَذَا إِلَهُكُمْ وَإِلَهُ مُوسَى فَنَسِيَ – طه: ٨٥-٨٨)).

عبدالفادی دەپرسێت: سامیرە شارێکی فەڵەستینەو ئەو کاتەی ئیسرائیلییەکان لە میسر دەرچوون وجوودی نەبووەو هاروون لەسەر داوای ئەوان گوێرەکەی بۆ دروست کردن. ئیتر چۆن کەسێکی سامیری گوێرەکەکەیان بۆ دروست دەکات پێش ئەوەی سامیرییەکان بێنە بوون؟

* * * *

ئەو باسانەی خوارەوەشمان هەرچەندە لەڕووی لێکۆڵینەوەی مێژوویی‌و شوێنەوارییەوە ئەو دووردرێژە نین، بەڵام ڕەنگە خوێنەری ئاسایی بە دوورودرێژیان بزانێت، ئەم درێژەپێدانەش پێویستە بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت کە باس لە مێژووی کۆن بەو سادەییە نییە کە عبدالفادی کردوویەتی کاتێك ویستوویەتی بە چەند وشەیەك باسێك بڕێنێتەوە.

هاڕوون گوێرەکەکەی دروستکردبوو؟

قسەکەی عبدالفادی کە هاڕوون گوێرەکەی بۆ ئیسرائیلییەکان لەسەر داوای خۆیان دروستکردبوو قسەیەکە لە تەورات هەیە، باوەڕێکی نەشیاویشە پێغەمبەرێك کارێکی وا بکات، قورئانیش بۆمان باس دەکات کە هاڕوون بەو دروستکردنەی گوێرەکەکەو بە پەرستنی ناڕازی بوو، ئەمەش گونجاوترە لە گێڕانەوەکەی تەورات.

وەنەبێت گێڕانەوەکەی تەوراتی بەردەستمان تەنها لەگەڵ کاری پێغەمبەران نەگونجاو بێت بەڵکو لەوە زیاتر لەگەڵ باسەکانی خودی تەورات گونجاو نییە.

ئێمە دەبینین کە لە تەوراتو لەو کاتەی هاڕوون گوێرەکەکە دروست دەکات خودا قسە لەگەڵ مووسا دەکاتو باسی هاڕوونی برای بۆ دەکات کە بیکاتە کاهنو باسێکی دوورودرێژی بۆ دەکات کە چیی بۆ بکات وەك باسی وردەکاریی جلوبەرگی کاهنێتی کە بۆ هاڕوونو کوڕەکانی بکرێن، ئەو کارەش بۆ هاڕوونو نەوەکەی تاهەتا دەبێت، ئەم باسەش یەك ئیصحاحی تەواوی داگیرکردووە (ئیصحاحی ٢٨ کە ٤٣ بڕگەیە) ئینجا ڕێوڕەسمی بەکاهنکردنی هاڕوون کە دەبێت مووسا بیکاتو ڕێوڕەسمەکانی تر کە پەیوەندییان بە هاڕوونو کوڕەکانییەوە هەیە کە ئیصحاحی ٢٩ یان داگیرکردووە، پاشان ئەو شتانەی دروستبکرێنو لەوانەش باسی هاڕوون هاتووە کە چی بکات (ئیصحاحی ٣٠). واتە لەو کاتەی خودا ئەو هەموو قسە دوورودرێژانە لەگەڵ مووسا دەکات سەبارەت بە هاڕوونو کوڕەکانیو کارە نوێکەیان کە کاهنێتیی بوون لەپڕ دەبینین هاڕوون خەریکی شتێکی ترە کە خودای تووڕە کردو ئیسرائیلییەکانی لەسەر سزا دا ئەویش دروستکردنی گوێرەکەکە لەسەر داوای ئیسرائیلییەکان (ئیصحاحی ٣٢:

١–٥). ئەم باسانە وا پیشان دەدەن کە خودا ئاگای لـە کارەکـەی هـاڕوون نەبوو و لەو کاتەی هاڕوون ئەو گوناهە گەورەیەی دەکرد خـودا دوارۆژێکـی شــکۆداری بــۆ خــۆیو نــەوەکانی دادەمەزرانــد، کــە ئەمــە ناڕێکییــەکی ئاشکرایە.

شاری سامیرە لەکاتی مووسا

ڕەخنەی ئەوە گیراوە کە سامیرە لەو کاتـەی مووسـا بنیـات نـەنرابوو ئـیتر چۆن ناوی سامیری هاتووە، وەڵامەکەش یەکێکە لە سێ وەڵام:

یەکەم ئەوەیە گێڕانەوە دەتوانێت ناوی شوێنێك بڵێت کە کاتی ڕووداوەکـە نەبووبێت وەك چۆن کاتێك ناوی کوردسـتان بـەکاردەهێنین بـۆ باسـکردنی مێـژووی کـۆنی کوردسـتانی سـەردەمی گەلـە کۆنـەکانی وەك گوتییـەکانو لوللوبییەکانو خورریەکان..تـاد، واتـە کاتێـك کـورد وەك ئـەم نەتەوەیـەی ئێــستا پەیــدا نــەبوو و نــاوی کوردســـتانیش هــەروەها پەیــدا نــەببوو. نموونەیـەکی تـر بـەکارهێنانی زاراوەی فەڵەسـتین لەلایـەن مێژوونووسـانو شوێنەوارناسانەوە بۆ سەردەمانێك کە هێشتا ئەو ناوە پەیدا نـەببوو. بـەم واتایەش دەکرێت ناوی سامیری بۆ نیـشاندانی ئـەوەی ئـەو کەسـە خـەڵکی شـوێنێکە کـە کـاتی خـۆی نـاوێکی تـری هـەبووەو دوایـی ناوەکـەی بۆتـە سامیرەو هەروا ماوەتەوە. ئەم وەڵامەش بـۆ ئـەم حاڵەتـە کـەمتر پەسـەند دەکەین لەچاو دوو وەڵامەکەی تر لەبەر ئەوەی لە قورئان وەسفی سـامیری لەمیانـەی گفتوگـۆوی ڕاسـتەوخۆوە هـاتووە: ((قَالَ فَإِنَّا قَدْ فَتَنَّا قَوْمَكَ مِن بَعْدِكَ وَأَضَلَّهُمُ السَّامِرِيُّ (طه: ٨٥).. قَالَ فَمَا خَطْبُكَ يَا سَامِرِيُّ –طه: ٩٥)) مەگـەر لـەو حاڵەتـەی نـاوی شـارەکە لـە کۆنـەوە سـامیرە بووبێـتو نـاوی شەمرۆن یان شۆمەرۆن (ناوی عیبریی سامیرە) دەسـتکاریکردنێکی عیـبری

بووه وەك چۆن دەقە ئاشورییەکان بەو شارەیان دەوت سامیرینا نەك شۆمەرۆن (بڕوانە خوارتر).

سامیره یان شۆمەرۆن

وەڵامی دووەمیش ئەوەیە کە سامیره کاتی مووسا بەهەمان ناوەوە هەبووەو گێڕانەوەکەی (کتێبی پادشایان) لە پەیمانی کۆن سەبارەت بە دروستکردنی دواتری سامیره ڕاست نییە. ئەو شارەی پێی دەڵێین سامیره بە عیبری پێی دەوترێت شۆمەرۆن שֹׁמְרוֹן. بەپێی کتێبی پادشایان (١پادشایان ١٦: ٢٤) شۆمەرۆن پێشتر گردێك بوو پادشای ئیسرائیل (پادشانشینە باکوورییەکەی جوولەکە)[٨٤] عۆمری (عامەری یاخود عۆمەری) עָמְרִי (دەوروبەری ٩٠٠ پێش زاین) کڕیبووی لە خاوەنەکەی کە ناوی شێمێر שֶׁמֶר بوو و شاری شۆمەرۆنی لەسەر لوتکەکەی بنیات نا. ناوی شاری شۆمەرۆن (سامیره)ش لە ناوی (شێمێر)ـەوە هاتووە. ئەو چیرۆکەی کە ڕەچەڵەکی ناوی شاری شۆمەرۆن بۆ شێمێر دەگێڕێتەوە جێگەی گومانە چونکە کەمتر ڕێی تێدەچێت کەسێك شارێك بنیات بنێت و بیکاتە پایتەختی پادشانشینەکەی و لەجیاتی هەر ناوێکی تر ناوی ئەو کەسە بەکاربهێنێت کە شوێنی ئەو شارەی لێ کڕیبوو. ئەم هەوڵە بۆ دیاریکردنی ڕەچەڵەکی ناوەکان نموونە تری هەیە کاتێك خەڵك واتای ناوی شارێك یان گوندێك نازانن و نزیکترین وشە لە زمانی خۆیان یان زمانێکی بێگانە دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی ناوی ئەو شوێنەی بدەنە پاڵی. جاری وایشە کە

---

[84] لەدوای سولەیمانی پێغەمبەرەوە دەوڵەتەکەی بووە دوو بەش: دەوڵەتی باکوور کە پێی وترا ئیسرائیل و سامیره سێیەم و دوایەمین پایتەختی بوو، دەوڵەتی باشووریش کە پێی وترا دەوڵەتی یەهووداو پایتەختەکەی قودس بوو.

وشەیەکی مەعقوولی نزیك نەبێت تەفسیری زۆر سەیر پەیدا دەبن.[٨٥] لەبەر ئەوە وای بۆ دەچین ناوی گردەکە پێشتریش هەر شۆمەرۆن بووەو عۆمری ناوەکەی وەکو خۆی هێشتۆتەوەو نموونەش لە مێژوو لەسەر ئەمە زۆرە.

جێگەی سامیرە شوێنەواری پێش شوێنەوارە ئیسرائیلییەکانی لەخۆ گرتووە. پشکنینە شوێنەوارییەکانی زانکۆی (هارڤارد) لە سەرەتای سەدەی بیست لە سامیرە دەریانخستبوو کە لە ژێر ئەو چینەی وا گومان دەبرێت هی ئیسرائیلییەکان بێت کەلوپەل دۆزراونەتەوە کە دیارە دەگەڕێنەوە بۆ خەڵکی پێش ئەوانو لە سەرانسەری فەڵەستین ئەو کەلوپەلانە دۆزراونەتەوە.[٨٦] بەڵام ئەگەر تەنانەت پێش عۆمریش ناوەکە شۆمەرۆن نەبووبێت ڕەنگە ناوی گردەکە شێمێر (ناوی کەسەکەی گردەکەی بە عۆمری فرۆشتبوو) بووبێت کە ئەم ناوە نزیکە لە ناوی شۆمەرۆن. هەروەها دەکرێت ناوی ئەو شوێنە بەرز لە وشەی (شامەر)، بەواتای (دیمەن)، داڕێژرابێت.[٨٧]

کێشەیەکیش ئەوەیە تا چەند باوەڕ بە گێڕانەوەکەی پەیمانی کۆن بکەین کە عۆمری سامیرەی بنیات نابوو. ئێمە نازانین کۆنترین کۆشك کە لەوێ دۆزراوەتەوەو بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە هی عۆمرییە یان هی پێش ئەوە. (رایزنەر)، کە بەڕێوەبەری پشکنینی دوو ساڵی ١٩٠٩ و ١٩١٠ لە ڕاپۆرتی ساڵی ١٩٠٩ دەربارەی پشکنینی شوێنەواریی زانکۆی هارڤارد لە

---

[85] لە کوردەواریی خۆمان نموونەی لەمە هەیە وەك تەفسیرکردنی ناوی گوندی (دێگەڵە) بەوە کابرایەك ((گەڵاوگەڵ)) دەڕۆشت!

[86] George A. Reisner, The Harvard Expedition to Samaria Excavations of 1909, in; JSTOR, vol. 3, No. 2, April, 1910, p.252.

[87] A. E. Cowley, Samaria, in; Encyclopædia Biblica, vol. IV, col. 4255.
نووسەرەکە دەڵێت کە دەکرێت هەروەها شێمێر ناوی تیرە بێت.

سامیره دەڵێت هیچ نووسراوێك له كۆشكه ئیسرائیلییەكه نەدۆزراوەتەوەو پشكنینەكانیش ناوی تەنانەت یەك پادشای ئیسرائیلییان لێ بەئەنجام نەكەوتوونو دەستنیشانكردنی ئەوەی بیناكە كۆشكە ئیسرائیلییەكەی عۆمرییە، دوای ئەویش هی ئاخئاب، دەگەڕێتەوە بۆ بەڵگە شوێنەوارییەكان.[88] دواتریش لە ڕاپۆرتی تەواوی هەر سێ ساڵەكە كە لەدوو تۆی كتێبێك دەرچووە دەڵێت كە لە پشكنینی ساڵی ١٩٠٩ـەوە وا دیار بوو كە یەكەم بینای سەر لوتكەی گردەكە لەڕووی قەبارەو پێكهاتەوەو دروستكردنەوە پادشایانە بووەو دەبێت كاتی كڕینی گردەكە لەلایەن پادشاكانی ئیسرائیلەوە دروستكرابێت، بەڵگەش لەسەر ئەوە لە پشكنینی ١٩١٠ بوو كاتێك ژمارەیەك لەتەگۆزەی نووسراو دۆزرانەوە" گۆزەیەكی سەردەمی ئۆسۆركۆنی دووەم (پادشای بنەماڵەی ٢٢ی میسر كە بە ڕەچەڵەك لیبی بوو)ی هاوچەرخی ئاخئاب كە ئەمیان دوای عۆمری بوو، لەتەسواڵەتی نووسراوی ئیسرائیلی.. تاد. ڕایزنەر هێشتا گومانەكان پیشان دەدات كاتێك دەڵێت بیناكە لە كۆشك دەچێت نەك پەرستگەو هەرچەندە بەڵگەكان ئاشكرا نین بەڵام خۆیان ناویان ناوە كۆشكی ئیسرائیلی.[89] مێژووی تەواوی لەتەسواڵە نووسراوە ئیسرائیلییەكان نەزانراوەو لەو كۆشكە نەدۆزراونەتەوە كە بە هی عۆمری زانراوە بەڵكو لەو بەشەی كۆشكەكە كە درێژكراوەی ئەو كۆشكەیەو بە هی ئاخئاب زانراوە.[90]

[88] G. A. Reisner, *op.cit.*, p.248.

[89] G. A. Reisner, in; Harvard Excavations at Samaria, 1908-1910, vol. 1, p.60.

[90] G. A. Reisner, The Harvard Expedition to Samaria, *op.cit.*, p.227.

بەم شێوەیەو هەرچەندە بەڵگە شوێنەوارییەکان پشتگیریی ئەوە دەکەن کە یەکەم بینای سەر گردەکە کۆشك بووە، بەڵام بڕیاردان لەسەر ئەوەی کۆشکەکە هی عۆمری بووە ناکرێت سەد لە سەد بەدڵنیاییەوە وەربگیرێت‌و دەمێنێتەوە ئەو پرسیارە: ئایا پێش ئەوەی عۆمری ئەو شوێنە بکاتە پایتەختی خۆی شوێنەکە شارێك نەبوو؟ بەو جۆرەش ناوبردنی سامیری لەلایەن قورئانەوە مەبەست لێی کەسێکی خەڵکی شاری سامیرەی کاتی مووساو پێش ئەوەی ببێتە پایتەختی پادشانشینە باکوورییەکەی جوولەکە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە سامیرە لە دەقە ئاشورییەکان، واتە سامیرینا یان سامێرینا، وەکو شێوە عیبرییەکەی نییە کە شۆمەرۆنە. ئینجا ئایا ناو عیبرییەکە دەستکاریکراوەو سامیرینا ناوە ئەسڵییەکەیە؟

شاری صومور

وەڵامی سێیەمیش ئەوەیە مەرج نییە سامیری لە سامیرەوە هاتبێت‌و بۆی هەیە کابرای سامیری خەڵکی شوێنێکی تر بووبێت. تەوراتیش کاتێك باسی دەرچوونی ئیسرائیلییەکان لە میسر باسی ئەوە دەکات کە شەشسەد هەزار کەس بوون جگە لە منداڵەکان، هەروەها ژمارەیەکی زۆریان لەگەڵ دەرچوون (خروج ١٢: ٣٨)، واتە ئەوانەی دەرچوون هەموویان ئیسرائیلی نەبوون‌و بۆی هەیە سامیری یەکێك لەوان بووبێت.

زۆر پێش ڕەمسیسی دووەم، کە زۆرترین بۆچوون کە ئەو فیرعەونی سەردەمی مووسا بوو، شارێك لە سووریا هەبووە بەناوی صومور Şumur.
دوور نییە سامیری خەڵکی ئەوێ بووبێت‌و چووبێتە میسرو لەگەڵ

ئیــسرائیلییەکان میــسری جێهێــشتبێت. ئیحتمــالی ئــەوەی ســامیریو خــەڵکێکی تــری صــومور چــووبێتنە میــسر بــەوە بــەهێزتر دەبێــت کاتێــك دەزانین ئەو شارە مەڵبەندی ئەو ناوچەیەی سووریا بوو کە سەر بــە میــسر بوو. لەوەش زیاتر صومور گرنگترین شاری سەر بە میسر بوو لە باکوور.[٩١] صومور لە رۆژئــاوای ســووریا بــوو بــەڵام شــوێنی تــەواوی نەدۆزراوەتــەوە. پێشتر بە (سومرە)ی ئەمڕۆ زانرابوو لە باکووری شاری تــەڕابلوس[٩٢]، بــەڵام بۆچوونە نوێکان شوێنەکەی بە (تەل کــازەل) دەستنیــشان دەکــەن(بڕوانــە خوارەوە).

بەپێی (ئۆتۆ ڤێبەر) کە تێبینییەکانی ســەر نامــەکانی تــەل ئەلعەمارنــەی[٩٣] نووســـیوە صـــومور بریتییـــە لـــە ســـیمورۆس (Simyros) Σίμυρος لای ستیفانوســی بیــزەنتی (ســەدەی شەشــەمی زایــنی)، کــسیمورا Ξίμυρα (Ximyra) لای ســترابۆنی جوگرافیاناســی یۆنــانی (٦٤پ.ز–٢٤ ز)، زیمــیرا Zimyra لای پلینیۆســی رۆمــایی (ســەدەی یەکــەمی زایــنی). بــە نووســینی هیرۆگلیفیش دەنووسرا صمر (یان جمــر) ***ḏmr***[٩٤]. بــەپێی ئــەو نووســینەش

---

[91] بڕوانە:
Trevor Bryce, Letters of the Great Kings of the Ancient Near East, p.151.

[92] **O. Weber, in; Die El-Amarna Taflen, 2, S.1141.**

[93] تەل ئەلعەمارنە، (ئخت ئاتون)ی کــۆن، شــوێنەواری پایتــەختی ئیخنــاتون بــوو. لــەو گردە ژمارەیەك نامە دۆزرانــەوە کــە بــە خــەتی مێخــیو زمــانی ئەکــەدی نووســرابوون. ئەکەدی زمانی جیهــانیی ئــەو ســەردەمە بــوو و بــۆ ئــاڵوگۆڕکردنی نامــە بــەکاردەهات. نامەکان لە پادشایانی بابلو ئاشورو میتتانیو خاتی... تاد هەروەها لە فەمانڕەواکانی شام بۆ ئیخناتونو ئامینحوتپی باوکی لەگەڵ ژمارەیــەك نامــە بــێ نــاوبردنی پادشــاکە، چەند نامەیەکی کەمی ئەمانیش بۆ پادشاو فەرمانڕەوای تر، نامەی کەسانی تریش لــەو ئەرشیفە هەن جگە لە چەند دقێکی داستانەکان.

[94] **O. Weber, , in; Die El-Amarna Taflen, 2, S.1141.**

ڤاوڵـەکان نەدەنووسـران بۆیـە دەکرێـت صـومور بێـت یـان صـەمەر یـان صیمیر.. تـاد.[٩٥] ئـەوەی گرنگـەو جێگـەی سـەرنجە شـێوەیەکی نووسـینی ناوەکەیە لای تحۆتمسی سێیەمی بنەماڵەی ١٨ی میـسر کـە بـەم جۆرەیـە: صئمیرئـ*d̠ʒ-my-rʒ* کـە نزیکـە لـە صـامیرا یـان صـەمیرە. پادشـا لـە لەشکرکەشیی شەشەمی لە ساڵی سییەمیو دوای چوونە قادش (قدشـو بـە میسری) دەچێتە صەئمیرئـ ئینجا ئارڤاد یان ئارواد (بە هیرۆگلیفـی: *ʒ-rʒ-t̠-wt*)[٩٦] کە ئەو دوو شارە نزیکی صومور بوون. پادشا باسـی زیانگەیانـدن بە دوو شارەکە دەکات بەڵام هیچ سەبارەت بە صومور ناڵێت. فیرعەونەکـە دەڵێت کوڕانو برایانی سەرۆکەکانی ئـەو ناوچـانەی بـۆ میـسر گواسـتەوە، واتە لەو کاتەوە کەسانی سەر بە بنەماڵە فەرمانڕەواکان لە میسر دەژیـانو دیارە کەسانی سەر بە صومور لەناویان بوون. ناوی صومور بەهـەمان ئـەو شـێوەیەی لـە نووسـینی تحۆتمـسی سـێیەم هـاتووە لـە نووسـینەکانی (کەرنـەك)ی سـێتیی یەکـەمی بنەماڵـەی ١٩ و بـاوکی ڕەمسیـسی دووەم هاتووە.[٩٧]

---

[95] لە ناوە میسرییەکە هێمای یەکەم تێکەڵە لە (د) و (ج)و بە هێماگۆڕینی لاتینی بە d و خەتێك لەژێر تەعبیری لێ دەکرێت، هەروەها (لا)ی عیبری، واتە (ص) کە ئێستا بـە (تس) دەخوێنرێتەوە.

[96] **Breasted, vol, II, S465, p.198.**

[97] **Breasted, vol. III, S114, p.114.**

برێستد بۆ ئەمەیان دەڵێت لە دەقەکە *ty* هـاتووە کـە پێویستە رئـ *rʒ*. بێت (هـەمان سەرچاوەو لاپەڕە پەراوێزی b).

وەك وتمــان بۆچــوونێكی نــوێتر ســەبارەت بــە صــومور ئەوەیــە (تــەل كازەل)ی[٩٨] سووریایە نزیك دەریاو رۆژئاوای شاری (حـیمص)ــەو ئەمـەیان پشتگیریی شوێنەواریی زیـاتری هەیـە. صـومور هـەروەها رۆژئـاوای شـاری (قادش)ـە كە شەڕی میسرییەكانو خاتییەكانی لەسەر هەبووەو یەكێك لـە قۆناغەكانی ئەو جەنگە لە كاتی رەمسیسی دووەم بوو.

تەل كازەل **Tell Kazel** كە پشكنینی شوێنەرایی تیّ كرا بۆ ئەوەی بزانرێـت شاری سومور یان سیمورا **Simyra** یە ناوی لە كتـێبی تـەكوینو دەقـەكانی میـسری كـاتی تحۆتمـسی سـێیەمو لەوحـەكانی تـەل ئەلعەمارنـەو دەقـە ئاشورییەكانو نووسەرە كلاسیكییەكان (یۆنانیو رۆمایيەكان) هاتووە.[٩٩]

لە كتێبی تـەكوین (١٠: ١٨)و لـە كتـێبی یەكـەمی هەواڵـەكانی رۆژان (سـفر اخبـار الایـام الاول، ١: ١٦) كەسـی صــەماری (تــسەماری) צְּמָרִי كـوڕی كەنعانــە ئــەویش كــوڕی حــام كــوڕی نووحــە. هەرچــەندە ئەمــە باســی سەردەمێكی زۆر كۆن دەكات بەڵام ئاشكرایە كەرەستەی نویّ بەكارهاتووە واتە ناوی شارێك یـان تیرەیـەكی سـەردەمی نووسـینەوەی ئـەو ڕسـتەیەی پەیمانی كۆن بەكارهاتووە بۆ باسكردنی سەردەمێكی كۆنتر.

---

[98] هیچ نووسراوێك لە تەل كازەل نەدۆزراوەتەوە پشتگیریی ئـەوە بكـات بـەڵام تـەواو دیـارە كـە ئەوێیــە ئــەویش بەپــشتبەستن بــە شــوێنە ســتراتیجییەكەیو بــە دۆزراوە زۆرەكانی كە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی برۆنزیی نـویّو چـینەكانی ١ و٢ ی سـەردەمی ئاسنین، واتە ئەو كاتەی صومور دەورێكی سەرەكیی هەبووە لە ئامورو:
Leila Badre, Tell Kazel-Simyra, BASOR, 343, Aug. 2006, p.67.

[99] **Leila Badre, Tell Kazel-Simyra, p.65.**

ناوی صـومور لـە چـەندین نامـەی تـەل ئەلعەمارنـە هـاتووە. نـاوی شـاری صـومور لـەو نامانـە بـە چـەند شـێوەیەك هـاتووە: صـوموری، صـومور، صومورا، زوموری[١٠٠].

یەكێك لەو نامانە نامەی ریب–ئاددا (ریب–ئاددی، ریب–خاددا)یـە (نامـەی ژمارە EA68) كە فەرمانڕەوای گوبلا (جوبەیلی ئێستا لە لوبنان) بـوو و بـۆ پادشای میسر ئیخناتون ناردبووی، ریب–ئاددا بە فیرعەونەكـە دەڵێـت كـە بەهۆی صومورەوە، كە فەرمانبەرێكی فیرعـەون فـەرمانڕەوای بـوو، گـوبلا پارێزرابوو. دەشـڵێت دوژمنایـەتیی جـەنگاوەرانی (خـاپیرو) SA.GAZ.MEŠ بەرامبەری زۆر گەورەیە بۆیە فیرعەونەكە دوانەكەوێت لە ناردنی یارمـەتیی بۆ صومور نەوەكو پەیوەندی بە خاپیرووە بكەن[١٠١] نامەیەكی تری هـەمان كەس (EA76)، ناوی شارەكە بەشێوەی صومورا دەبات. لەم نامەیە ریب–ئاددا بە فیرعەون كە وڵاتی پادشـا (واتـە ناوچـەكانی سـەر بـە فیرعـەون)و شاری صومور كە پایتەختی پادشایە لەوێ پەیوەنـدییان بـە خـاپیرو amêlu

[100] بۆ ئەو شێوانەو شێوەی نووسینی ناوەكەو ژمارەی ئەو نامانەو ئەو دێڕانەی نـاوی شارەكەی تێ هاتووە بڕوانە ناوی شارەكە لە پێڕستی ناوی جوگرافییەكان:
E. Ebeling, in; Die El-Amarna Taflen, II, S.1158.
[101] Knudtzon, Die El-Amarna Taflen, I, 68, S.361.
لەو نامانە ناوی ئەو خەڵكە كە بە كۆچەریو چەتەیی، هەروەها كۆیلـە، ناسـرابوون بـە زاراوەی سومەری SA.GAZ یان GAZ .. هاتووەو بە (خـاپیرو) زانـراوە كـە ئـەمیان بـە ئەكەدییە. خاپیرو یان عاپیرو نەتەوەیەكی دیاریكراو نەبوون بەڵكو زاراوەیـەك بـوو بـۆ كەسانێكی وڵاتی دووڕوبـارو سـووریاو دەوروبـەریو ناوەكـەیان زۆر پـێش پەیـدابوونی ئیسرائیلییەكان هەبوو بۆیە بۆچوونی جیاواز دەربارەی پەیوەندیی ئـەوان بـە زاراوەی (عیبرییـەكان)ـەوە هەیـە بـەڵام بەشـێوەیەكی گشتی بۆچـوونی زاڵ ئەوەیـە خـاپیرو پەیوەندییان بە عیبرییەكانەوە نییەو زاراوەیەكی نەتەوەیی نییە. میـسرییەكان پێیـان وتوون (عپرو) كە دەكرێت بە (عەپرو) یان عەپیرو بخوێنرێتەوە.

GAZ.MEŠ وه کـرد ئـەویش دەستەوەسـتان بـوو. ئینجـا داوای نـاردنی سەرباز دەکات.[102]

جگە لە خاپیرو پادشانشینی بچووکی (ئـامورڕو) دوژمنێکـی تـر بـوو و لـە باکووری گوبلا بوو و تا ئوگاریت درێژ دەبووەوە و سەرەتا سـەر بـە میـسر بوو و دوایی لێی یاخی بوو. نامەیەکی تر ریـب–ئـاددا (EA71) بـۆ وەزیـری فیرعەونەکەیـەو لۆمـەی دەکـات کـە بۆچـی بـە پادشـای نـەوت بـۆ نـاردنی سـەرباز بـۆ گـرتنی صـومور (صـومورا). قـسەش بـە عەبـدی عەشـیرتا، فـەرمانڕەوای ئـامورڕو، دەڵێـت کـە ئـەو چییە تـا وڵاتـی پادشـا بـۆ خـۆی بەرێت؟ باسی بـەهێزبوونی عەبـدی عەشـیرتاش دەکـات بـەهۆی کۆمـەڵانی خاپیرو GAZ amêlu وە.[103]

صومور کەوتبووە دەستی عەبدی عەشیرتا، دوای مردنی ئەمیش کەوتـەوە دەسـتی میـسرییەکان، بـەڵام گـەورەتربوونی دەسـەڵاتی کـوڕانی عەبـدی عەشیرتا بەسەر ناوچەکە وای کرد صومور لە مەترسی بێـت، ئـەوەش بـوو جارێکی تر کەوتە دەستیان، ئەو کەسەش کە زیاتر نـاوی دێـت (ئـازیرو)ی کوڕی عەبـدی عەشـیرتا بـوو کـە هێـشتا خـۆی وەك وابەسـتەی فیرعـەونی میـسر خـۆی بـۆ ئـەو فیرعەونـە پیـشان دەدا.[104] شـارەکە بـەهۆی شـەڕو گەمارۆوە خراپی بەسـەر هـاتبوو، ئیخنـاتونیش فـەرمانی بـە ئـازیرو دابـوو بنیاتی بنێتەوە، ئەویش بەڵێنی پێدا بـەڵام بەڵگـە لەسـەر ئـەوە نییـە کـە بەڵێنەکەی جێبەجێکردبێت..[105]

---

102 **Knudtzon, Die El-Amarna Taflen, I, 76, S.383.**
103 **Knudtzon, Die El-Amarna Taflen, I, 71, S.367**
104 **Trevor Bryce, Letters of the Great Kings of the Ancient Near East, p.146ff.**
105 ***ibid*., pp.151-2.**

له دەقـه ئاشـورییەکان هـەر سـێ نـاوی صـومور (بـه شـێوەی صـیمیرا)و زیمـاررا (ڕەنگـه صـەماری تـەورات بێـت)و سـامیرە (سـامیرینا) وەك سـێ شـوێنی جیـاواز دەردەکـەونو ئەمـه ئیحتمـالی سەرچـاوەی نـاوی کـابرای سامیری زیاد دەکات بۆ دوان وەك له خوارتر ڕوونی دەکەینەوە.

صـومور لای ئاشـوورییەکان بـه صـیمیرا Şimirra نـاوبراوە" تـیگلات پلاسـەری سـێیەم (٧٤٥–٧٢٧ پ.ز) باسـی ژمارەیـەك شـاری ناوچـەکە دەکات کە صیمیرا یەکێکیانە دوای ناوی گوبلا .. کە ئەمانەی خستە ژێـر دەسەڵاتی خۆی. هـەر لـەو نووسـراوەو پـاش صـیمیرا شـارێکی تـر هەیـە ئینجا ناوی شاری زیماررا Zimarra.[١٠٦] شارەکانی باکووری کەناری سـووریا له هـەرێمێك ڕێکخرابـوون کـه مەرکەزەکـەی صـیمیرا بـوو.[١٠٧] دواتـر نـاوی صـیمیرا بـەپاڵ سـامیرە لـه نووسـراوێکی سـارگۆنی دووەمـی ئاشـوری سـەبارەت بـه شـەڕی سـاڵی دووەمـی (٧٢٠ پ.ز) دژی چـەند شـارێکی سـووریاو فەڵەسـتین وەك قارقـارو صـیمیراو دیمەشـقو سـامیرە (لـه دەقەکـە: Samirina)و غـەززە.... و بەپـشتیوانیی فیرعـەونی میـسر جەنگا.[١٠٨] هەبوونی ناوی زیمـاررا بـەپاڵ صـیمیرا لـه یـەك دەقـی تـیگلات

[106] Luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol. I, S815 (p.292).

[107] Nicholas Geoffrey Lemprière Hammond ,Empires and Other States of the Near East, p.468.

له سەرچاوەی خوارەوە: سترابۆ پێـی وتـووە سـیمورا Simyra (بـەپێی خوێندنـەوەی یۆنانیی y شتێکی نزیکه له "و")و ئێستا (سومرا)یـە، بـەڵام نووسـەرەکه صـومور بـه زەمار Zemar دەنووسێت کە له تەورات هاتووە (تـەکوین ١٠: ١٨)، بـەڵام بەبۆچـوونی خۆمان ئەوە هەڵەیە چونکە وەك باسمان کرد لـه نووسـراوەکەی سـەرەوەی تـیگلات پلاسەری سێیەم له دوای نـاوی سـیمیرا شـارێکی تـر ئینجا شـاری زیمـاررا Zimarra هاتووە کە ناوی ئەمیان نزیکترە له زەمار.

[108] Luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol. II, S5 (p.3).

ZAGROS WEBSITE

پلاسەری ئاشوری ئیحتمالێکی ترمان بۆ سەرچاوەی ناوی (سامیری)ی قورئان زیاد دەکاتو بەم جۆرە نەك تەنها صومور یان (صیمیرا)مان هەیە بۆ ئەسڵی ناوی سامیری بەڵکو (زیماررا)شمان هەیە. لەڕێگەی ئەو دەقەی سەرەوەی تیگلات پلاسەرو دەقێکی تری ئاشکرا دەبێت کە زیماررا شارێکی ترەو جیایە لە صیمیرا و سامیرە. ناوی سامیرە لەم دەقەی تری تیگلات پلاسەر بەشێوی سامێرینا **Samerina** بوو و لە هەمان ئەو دەقە ناوی صیمیرا هاتووە کە لەگەڵ چەند شارێك لەسەر کەناری دەریا بوون.[109] کەواتە دەکرێت سامیری خەڵکی زیماررا بووبێت هەرچەندە ئێمە زیاتر ئەوە پەسەند دەکەین کە خەڵکی صومور (صیمیررای ئاشوری) بووبێت، ئەوەش بەبێ ئەوەی ئیحتمالی هەبوونی سامیرە لە کاتی مووسا پشتگوێبخەین وەك چۆن لە سەرەوە ڕوونمان کردەوەو کە بەم جۆرە دەکرێت سامیری خەڵکی یەکێك لەو سێ شارە بووبێت.

بەم شێوەیەش نەك تەنها وەڵامی ئەو ڕەخنەیە دەدەینەوە بەڵکو هەروەها ئێمە زیاتر لە یەك وەڵاممان هەیە. وەك وتیشم باسی مێژووی کۆنو شوێنەوار بەو ئاسانییە نییە کەسێك ناوێك ببینێتو بەسەرپێیی ئەنجامێکی لێ دەربهێنێت.

[109] D. D. Luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol. I, S772 (p.276).

٨-فیرعەون لە خنکان ڕزگاری دەبێت

وَجَاوَزْنَا بِبَنِي إِسْرَائِيلَ الْبَحْرَ فَأَتْبَعَهُمْ فِرْعَوْنُ وَجُنُودُهُ بَغْيًا وَعَدْوًا حَتَّى إِذَا أَدْرَكَهُ الْغَرَقُ قَالَ آمَنتُ أَنَّهُ لا إِلِهَ إِلاَّ الَّذِي آمَنَتْ بِهِ بَنُو إِسْرَائِيلَ وَأَنَاْ مِنَ الْمُسْلِمِينَ * آلآنَ وَقَدْ عَصَيْتَ قَبْلُ وَكُنتَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ * فَالْيَوْمَ نُنَجِّيكَ بِبَدَنِكَ لِتَكُونَ لِمَنْ خَلْفَكَ آيَةً وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ عَنْ آيَاتِنَا لَغَافِلُونَ – يونس: ٩٠-٩٢)).

عبدالفادی دەڵێت ئەم ئایەتە دەڵێت فیرعەون لە خنکان ڕزگاری بوو بەڵام لە سوورەتی القصص دەڵێت فیرعون خنکا:

وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرِي فَأَوْقِدْ لِي يَا هَامَانُ عَلَى الطِّينِ فَاجْعَل لِّي صَرْحًا لَّعَلِّي أَطَّلِعُ إِلَى إِلَهِ مُوسَى وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ مِنَ الْكَاذِبِينَ * وَاسْتَكْبَرَ هُوَ وَجُنُودُهُ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَظَنُّوا أَنَّهُمْ إِلَيْنَا لَا يُرْجَعُونَ * فَأَخَذْنَاهُ وَجُنُودَهُ فَنَبَذْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الظَّالِمِينَ – القصص: ٣٨-٤٠)).

کەواتە قورئان لەگەڵ خۆی ناڕێکە هەروەها ناڕێکە لەگەڵ قسەی داوودی پێغەمبەر کە وتبووی: ((پاڵی بە فیرعەون و هێزەکەیەوە نا بۆ ناو دەریای سووف (یەم سووف) יַם-סוּף)) (مەزموورى ١٣٦: ١٥).

* * * *

ئەگەر بەپێی تەفسیری باو قسە بکەین دەڵێین ناڕێکی نییە لە نێوان دوو باسەکەی قورئان چونکە دووەمیان بەئاشکرا باسی خنکانی فیرعەون دەکات، یەکەمیشیان هەر باسی خنکان دەکات بەڵام ئەوە لاشەی فیرعەون بوو کە ڕزگاری بوو نەك فیرعەون بەزیندوویی.

ئایەتەکە دەڵێت (ڕزگارت دەکەین بە لاشەتەوە) یان (بەهۆی لاشەتەوە ڕزگارتان دەکەین)و ئەوەی لێ تێدەگەین کە فیرعەون خنکا بەلاّم لاشەکەی ڕزگاری بوو، ئەوەشە ئەوانەی باسی ئیعجازی قورئان دەکەن دەیکەنە بەڵگە لەسەر ئیعجاز، واتە قورئان باسی ئەوە دەکات لاشەی فیرعەون ڕزگاری بوو بۆ ئەوەی ببێتە نیشانە بۆ ئەو کەسانەی دوای خۆی، لە سەدەی نۆزدەش مۆمیاکەی ڕەمسیسی دووەم دۆزرایەوەو تا ئێستا ماوەو خەڵك دەتوانن بیبینن.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە ئەو مەزموورەی عبدالفادی کردوویەتی بە بەڵگە کە فیرعەون خنکا بۆ خۆی بەڵگە نییە: خودا فیرعەونو هێزەکە پاڵ پێوەنا بۆ ناو دەریای (سووف)، بەلاّم بەئاشکرا ناڵێت خنکا. ئەوەش وای کردووە لە لێکۆڵەرەوەیەکی تەورات کە بڵێت مووسا باسی تێکشکاندنی لەشکری فیرعەونی کردووە بەلاّم قەت باسی لەناوچوونی خودی فیرعەونی نەکردووە[110]، واتە هەمان ئەو قسەیە دەکات کە عبدالفادی کردوویەتی بە ڕەخنە بەسەر قورئان.

لێرە ئەگەر بەکورتیش بێت پێم باشە باسێکی خنکانی فیرعەون بکەم کە باسێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی پێشتری خۆمە:[111]

زۆربەی بۆچوونەکانو بەڵگەکان ئەوەن کە ڕەمسیسی دووەم فیرعەونی مووسا بوو، بەلاّم شیکردنەوەی مۆمیای ڕەمسیسی دووەم (کە لەڕووی دەرەوە کرابوو) نەیسەلماندووە کە بە خنکان مردبوو، هەروەها ئەوەشی ئاشکرا کردبوو کە لەکۆتایی ژیانی ژمارەیەك نەخۆشیی پیریی هەبوو و

[110] Douglas Petrovich, Amenhotep II and the Historicity of the Exodus-Pharaoh, pp.89-90.

[111] لێکۆڵینەوەکەم لە کۆنگرەی بەرگری لە قورئان کە پێشتر ئاماژەم بۆ کردبوو.

نەخۆشییەکانی بەجۆرێك بوون نەیاندەهێلا سواری عارەبانەی جەنگ بێت و شوێنی بەنو ئیسرائیل بکەوێت. لەوەشەوە ئەو بۆچوونەم خستە ڕوو کە ڕووداوی دەرچوون لە کۆتایی ژیانی ڕەمسیس نەبوو بەڵکو پێشتر بوو و ڕەمسیسی دووەم لە دەریا خنکابوو بەلام خنکان (غرق) واتای مردن نییە بۆیە وای بۆچووبووم کە ڕەمسیسی دوای ئەوە تا مردنی لە حالەتی بێهۆشی بوو. بۆ پالپشتی ئەوەش ئەوەم کردە بەلگە کە تەنها یەك جار باسی خنکانی خودی فیرعەون کراوە و جارەکانی تر باسی ئالی فیرعەون یان سەربازەکانی فیرعەون کراوە. هەروەها ئایەتی ((فاخذناه وجنودَه فنبذناهم في اليم وهو مُليم-الذاريات: ٤٠)) هەیە کە موفەسیران وشەی (مليم)یان بە لۆمەکراوە تەفسیر کردووە بەمەرجێك ئەوە لەگەل زمانی عەرەبی ناگونجێت، ئەو وشەیەش یەك جاری تر بەکارهاتووە ئەویش بۆ یوونسی پێغەمبەر کە خۆی فڕێدایە دەریاو نەهەنگەکە قووتی داو نەمردو ئەو حالەتەی تووشی ببوو لە هی لۆمەکردن ناچێت: ((فالْتَقمَهُ الحوتُ وهو مُليم -الصافات: ١٤٢))، بۆیە لەوە دەچێت ئەوەی فیرعەون حالەتێکی لەو جۆرە بێت نەك مردن بەهۆی خنکانەوە.

٣٠-کچی فیرعەون یان ژنەکەی؟

((وَقَالَتِ امْرَأَتُ فِرْعَوْنَ قُرَّتُ عَيْنٍ لِّي وَلَكَ لَا تَقْتُلُوهُ عَسَى أَن يَنفَعَنَا أَوْ نَتَّخِذَهُ وَلَدًا وَهُمْ لَا يَشْعُرُونَ –القصص:٩)).

سوورەتی قەصەص باسی ئەو ئافرەتە دەکات کە مووسای لە روبارەکە هەڵگرتەوە کە ژنی فیرعەون بوو، تەوراتیش دەڵێت کچی فیرعەون چووە ڕوبارەکە خۆی بشواتو سەبەتەکەی بینیو کەنیزەکەی نارد بۆ هەڵگرتنەوەیو بینی منداڵێکە دەگری ئیتر دڵی بۆی نەرم بوو و وتی ئەمە منداڵێکی عیبرییەکانە... تا دەگاتە ئەوەی کە گەورە دەبێت دایکی دەیهێنێتەوە بۆ کچەکەی فیرعەونو ئەم دەیکاتە کوڕی خۆی (خروج٢: ٥–١٠). عبدالفادی ئەم باسە بەکورتی دەهێنێتەوە.

* * * *

لە قورئان باسی ئەوە نەکراوە کێ مووسای هەڵگرتەوە، ئایەتەکەی پێش ئەوە دەڵێت : ((فالتقطه آل فرعون ليكون لهم عدواً وحَزَناً..)). دەکرێت کچەکەی فیرعەون بێت. لە ئایەتەکەی دوای ئەوەش ژنەکەی فیرعەون بە فیرعەون دەڵێت مەیکوژن بەڵکو بەکەڵکمان بێت یان بیکەینە منداڵی خۆمان. کەواتە گێڕانەوەکەی تەورات باسەکەی کورتکردۆتەوەو کەسایەتییەکەی کردۆتە یەك کەس ئەویش کچی فیرعەون. نموونەی تریشمان هەیە لە کورتکردنەوە لە باسەکانی تەورات کە دواتر دەیانبینین. بەئاسانیش تێدەگەین حەزی ژنەکەی فیرعەون بەوەی منداڵەکە بکاتە

کوڕی خۆی بۆچی بووه. ڕەمسیسی دووەم چەند ژنێك بوو و نزیکەی سـەد کوڕو کچی هەبووە، منداڵەکانیشی بـەردەوام دەمـردن‌و کاتێـك خـۆی مـرد ئەوەندەی کوڕی نەمابوو. ڕەنگە ئەو ژنەی فیرعەون منداڵی نەدەبوو، یـان کچی بووەو حەزی دەکرد کوڕی هەبێت.

بەڵام جگە لەم وەڵامە دەتوانین ئەوەش بڵێین کە هـەردوو باسـەکە ڕاسـتن واتە ئافرەتەکە کچی فیرعـەون‌و ژنێـشی بـوو. چـەندین فیرعـەون خوشـکی خۆیان یان، ئەمەشیان کەمتر، کچی خۆیانیـان دەهێنـا. واش دیـارە ئـەوە تایبەت بووە بە بنەماڵەی پادشایانە. ڕەنگـە هۆیـەکی ئـەوەش بگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە ئـەو جـۆرە ژنهێنانـە، کـە لـە ئەفـسانەکانی تایبـەت بـە خوداوەنـدەکان هەیـە، وەك ئیمتیـازێکی پادشـایانە تەماشـا دەکـرا کـە پادشـاکە لـە خەڵکەکـە جیادەکاتـەوە.[١١٢] هەرچـەندە بـەپاڵ ئـەوە ڕێـی تێدەچێت دەوری هەبووبێت لە هێشتنەوەی دەسەڵات لەناو بنەماڵەکە.[١١٣]

ڕەمسیسی دووەم کە پاڵێوراوی گەورەیە بۆ ئەوە فیرعـەونی مووسـا بێـت ژمارەیەك ژنی هەبووە کە یەکێکیان بنـت عنـات، کـچی گـەورەی خـۆی لـە ئیزیس نفـرت (ئـست نفـرت)ی ژنـی. کـچێکی تـری ڕەمـسیس مریـت ئـیمن (مریت ئامون) لە ژنەکەی نفرتاری. کچێکی تری کە دواتر بـووە ژنـی نـاوی (نبت تاوی) بوو. یەکێکی تر (حنت می رع) کە ناسراو نییە.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکیش نموونەی زۆر کەم هەن بۆ ژنهێنانی لەم جۆرە لـە ناو خەڵکی سادە لە میسری فیرعەونی.[١١٤] ڕەنگە ژنهێنانی براو خوشك لـە

---

[112] Ian Shaw, Paul Nicholson, The British Museum Dictionary of Ancient Egypt, p.171, Terry G. Wilfong, Marriage and Divorce, in; Oxford Encyclopedia of Ancient Egypt, vol. II, p.343.
[113] Wilfong, *ibid*, p.343.
[114] *ibid*, p.344.

نـاو پادشـایانی سـەردەمی پادشانـشینی نـوێو بەتایبـەتی بنەماڵـەی ١٨ (بنەماڵەکەی پێش ئەوەی رەمسیسی) زیاتر هەبووبێت، بەڵام لە سەردەمی تـریش هـەبووە، تـەنهاش لـە سـەردەمی ڕۆمـایی لـە میـسر ژنهێنـانی بـراو خوشك لەناو خەڵکی ئاسایی بڵاوببووەوە.[115]

[115] ***ibid.***

٣١-فڕێدانی منداڵان بۆ ناو ڕوبارەکە پێش لەدایکبوونی مووسا بوو نەك دوای ناردنی بە پێغەمبەر

((وَقَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِ فِرْعَونَ أَتَذَرُ مُوسَى وَقَوْمَهُ لِيُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ وَيَذَرَكَ وَآلِهَتَكَ قَالَ سَنُقَتِّلُ أَبْنَاءهُمْ وَنَسْتَحْيِي نِسَاءهُمْ وَإِنَّا فَوْقَهُمْ قَاهِرُونَ – الاعراف:١٢٧)).

((إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا فِي الْأَرْضِ وَجَعَلَ أَهْلَهَا شِيَعًا يَسْتَضْعِفُ طَائِفَةً مِّنْهُمْ يُذَبِّحُ أَبْنَاءهُمْ وَيَسْتَحْيِي نِسَاءهُمْ إِنَّهُ كَانَ مِنَ الْمُفْسِدِينَ * وَنُرِيدُ أَن نَّمُنَّ عَلَى الَّذِينَ اسْتُضْعِفُوا فِي الْأَرْضِ وَنَجْعَلَهُمْ أَئِمَّةً وَنَجْعَلَهُمُ الْوَارِثِينَ * وَنُمَكِّنَ لَهُمْ فِي الْأَرْضِ وَنُرِي فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَجُنُودَهُمَا مِنْهُم مَّا كَانُوا يَحْذَرُونَ * وَأَوْحَيْنَا إِلَى أُمِّ مُوسَى أَنْ أَرْضِعِيهِ فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِي الْيَمِّ وَلَا تَخَافِي وَلَا تَحْزَنِي إِنَّا رَادُّوهُ إِلَيْكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ الْمُرْسَلِينَ – القصص: ٤-٧)).

عبدالفادی دەڵێت لە سوورەتی ئەعراف میسرییەکان شکاتی مووسایان لای فیرعەون کرد ئەویش وتی منداڵەکانیان دەکوژین‌و ئافرەتەکانیان دەهێڵینەوە، سوورەتی قەصەصیش باس لە فیرعەون دەکات کە پێش لەدایکبوونی مووسا منداڵەکانی دەکوشت‌و ئافرەتەکانی دەهێشتەوە، بەم جۆرەش ئەو دوو ئایەتە ناڕێکن بەیەکتر.

* * * *

کاتێك ڕەخنە دەگیرێت بەوەی کە ناڕێکی لە باسەکان هەیە پێویستە بزانرێت کە ناڕێکی کاتێك ڕاستە ئەگەر یەکێك لە دوو شتەکە هەبێت‌و

ئەوەی تر نەبێت. ئەم حاڵەتەش ئەو ناڕێکییە نایگرێتـەوە چـونکە هـەردوو کارەکە دەکرێت هەبووبن، واتە دەکرێت پێش لەدایکبوونی مووسا کوشتنی منداڵـەکان ڕوویـدابێت، دەشـکرێت دوای ئـەوەی مووسـا بـووە پێغەمبـەر کارەکـە دەسـتی پێکردبێتـەوە. کـاتێکیش دەڵـێین ((دەکرێـت هـەبووبن)) مەبەستمان لە مەنهجی بیرکردنەوەو ڕەخنەیە ئەگینا لە قورئان بە ئەکیدی هەبووە چونکە جاری دووەم کە باسکراوەو وەك لە ئایەتەکان دیـارە دوای ئەوەی سیحری جادووگـەرانی فیرعـەون بـەتاڵ بـوو و ئـەمان باوەڕیـان بـە مووسا هێنا:

((قَـالَ فِرْعَـوْنُ آمَنـتُم بِـهِ قَبْـلَ أَن آذَنَ لَكُـمْ إِنَّ هَـذَا لَمَكْـرٌ مَّكَرْتُمُـوهُ فِـي الْمَدِينَـةِ لِتُخْرِجُواْ مِنْهَا أَهْلَهَا فَسَوْفَ تَعْلَمُونَ * لأُقَطِّعَنَّ أَيْدِيَكُمْ وَأَرْجُلَكُم مِّنْ خِلاَفٍ ثُمَّ لأُصَلِّبَنَّكُمْ أَجْمَعِينَ * قَالُواْ إِنَّا إِلَى رَبِّنَا مُنقَلِبُونَ * وَمَا تَنقِمُ مِنَّا إِلاَّ أَنْ آمَنَّا بِآيَاتِ رَبِّنَا لَمَّا جَاءتْنَا رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَتَوَفَّنَا مُسْلِمِينَ * وَقَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِ فِرْعَونَ أَتَـذَرُ مُوسَـى وَقَوْمَـهُ لِيُفْـسِدُواْ فِـي الأَرْضِ وَيَـذَرَكَ وَآلِهَتَـكَ قَـالَ سَـنُقَتِّلُ أَبْنَـاءهُمْ وَنَسْتَحْيِي نِسَاءهُمْ وَإِنَّا فَوْقَهُمْ قَاهِرُونَ –الاعراف: ١٢٣–١٢٧)).

عبدالفادی نازانێـت کـە ئـەو ڕەخنـە هەڵەیـە باسـێکی تـەورات دەگرێتـەوە ئەویش ئیشی سوخرەی بەنو ئیسرائیل کـە فیرعـەون پێـی دەکـردن پـێش لەدایکبوونی مووسا (خـروج: ئیـصحاحی ١)و بـەردەوام بـوو بـۆ دوای ئـەو کاتەی مووسا بووە پێغەمبەر، بـەڵکو قورسـتریش کـرا لەسـەریان (خـروج: ئیصحاحی ٥). ئایا دەکرێت بڵێین دوو باسەکە دژ بە یەکن؟

٣٢-مارەیی ژنەکەی مووسا

((قَالَ إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أُنكِحَكَ إِحْدَى ابْنَتَيَّ هَاتَيْنِ عَلَى أَن تَأْجُرَنِي ثَمَانِيَ حِجَجٍ فَإِنْ أَتْمَمْتَ عَشْرًا فَمِنْ عِندِكَ وَمَا أُرِيدُ أَنْ أَشُقَّ عَلَيْكَ سَتَجِدُنِي إِن شَاءَ اللَّهُ مِنَ الصَّالِحِينَ – القصص: ٢٧)).

عبدالفادی دەڵێت زانراوە کە یەثرۆن، خەزووری مووسا حەوت کچی هەبووە نەك دوانو یەکێکیانی دا بە مووسا بێئەوەی هەشت یان دە ساڵ خزمەتی بکات. ئەوەی خزمەتی خەزووری کرد وەك مارەیی کچەکەی یەعقووب بوو کە حەوت ساڵ خزمەتی کرد (تکوین ٢٩: ١٨).

* * * *

تا چەند دەتوانین باوەڕ بەوە بکەین لەکاتێك خودی تەورات ناڕێکە لەبارەی خەزووری مووسا؟ تەورات (خروج ٢: ١٨) ناوەکەی بە رەعوئیل רְעוּאֵל دەبات (هەروەها لە کتێبی ژمارەکان ١٠: ٢٩ کە چوارەم کتێبی پێنج کتێبی تەورات)، بەڵام لە ئیصحاحی دوای ئەو (خروج ٣: ١،هەروەها لە چەند شوێنێکی تری کتێبی دەرچوون) ناوی بە یەثرۆن (یترۆ، یثرۆ) יִתְרוֹ دەبات. لە کتێبی ژمارەکان حۆباب חֹבָב کوڕی رەعوئێلە بەڵام لە کتێبی قازییەکان (٤: ١١) حۆباب خۆی خەزووری مووسایە. لەو دوو کتێبەی تەورات (دەرچوون، ژمارەکان) خەزووری مووسا بە میدیانی

(خەڵکی میدیان) ناوبراوە بەڵام لە قازییەکان بە قینی קֵינִי (قضاة١: ١٦ و ٤: ١١).[116]

هەر لەوێش تەورات دەڵێت مووسا مەڕەکانی خەزووری دەلەوەڕاند کە ئەمە واتای ئەوەیە کاری بۆ خەزووری دەکرد. سەبارەت بەوەش کە یەعقووب وەکو مارەیی حەوت ساڵ خزمەتی خەزووری کرد شتی نامەعقوول لەو باسە هەیە ئەویش کە یەعقووب حەزی لە راحیل بوو و حەوت ساڵ خزمەتەکەی بۆ باوکی تەواو کرد ئینجا باوکی پێی دا، واتە یەعقووب حەوت ساڵ چاوەڕێی کردو کاری کرد تا ئەوی دەستکەوت. چیرۆکەکە دوای ئەوە دەڵێت باوکی راحیل کچەکەی تری دا بە یەعقووب، چونکە گەورەکەیان بوو، بێئەوەی یەعقووب بزانێت چونکە شەو بوو بۆیە یەعقووب داوای راحیلی کردەوە ئەویش وتی دوای هەفتەیەك دەیداتێ بەو مەرجەی حەوت ساڵی تر کاری بۆ بکات (تەکوین ٢٩: ٩–٢٨).

جگە لە نامەعقوولیەتی چیرۆکەکە بەڵام وا دیارە دوو چیرۆکن و تیکەڵ بە یەك کرابن. چیرۆکی دووەم، ئەویش تەنها ئەم برِە: راحیل دەدرێت بە یەعقووب ئینجا حەوت ساڵی کار بکات، رێی تێدەچێت بۆیە دوور نییە لە چیرۆکێکی تر وەرگیراوەو تێکەڵ بە چیرۆکە سەیرەکەی پێشتر کراوە ئەویش کارکردن بۆ حەوت ساڵ ئینجا یەعقووب راحیل بهێنێت، سەرباری ئەوەش فێڵی لێدەکرێت.

---

[116] بۆ ئەمانەو هەوڵی وەڵامی ئەو نارێکییانە بروانە:
Nahum M. Sarna, S. David Sperling, *Jethro*, in; Encyclopaedia Judaica, vol. 11, pp. 251-2.

٣٣-ئیسرائیل میراتیی میسری نەگرت

((قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ اسْتَعِينُوا بِاللّهِ وَاصْبِرُواْ إِنَّ الأَرْضَ لِلّهِ يُورِثُهَا مَن يَشَاء مِنْ عِبَادِهِ وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ * قَالُواْ أُوذِينَا مِن قَبْلِ أَن تَأْتِينَا وَمِن بَعْدِ مَا جِئْتَنَا قَالَ عَسَى رَبُّكُمْ أَن يُهْلِكَ عَدُوَّكُمْ وَيَسْتَخْلِفَكُمْ فِي الأَرْضِ فَيَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ -الاعراف: ١٢٨-١٢٩)).

عبدالفادی ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کە قورئان هەڵەی کردووە کاتێك باسی ئەوەی کردووە میسر بووە میراتیی بەنو ئیسرائیل. عبدالفادی قسەی بەیزاوی دەگێڕێتەوە کە گێڕاویانەتەوە کە میسر بەشێك بوو لە وڵاتانەی دەست بەنو ئیسرائیل لە کاتی داوود کەوت (ج٣، ص٥١). عبدالفادی دەڵێت هەموو کەس دەزانێت کە خاکی کەنعان نەك میسر بووە میراتیی بەنو ئیسرائیل.

* * * *

هەڵبەت لەو دوو ئایەتەی کە عبدالفادی هێناونی ئاشکراتر و گونجاوتر بۆ مەبەستەکەی هەیە ئەوەیش لە سوورەتی الشعراء: فَأَخْرَجْنَاهُم مِّن جَنَّاتٍ وَعُيُونٍ * وَكُنُوزٍ وَمَقَامٍ كَرِيمٍ * كَذَلِكَ وَأَوْرَثْنَاهَا بَنِي إِسْرَائِيلَ (الشعراء: ٥٧-٥٩).

ئەگەر ئەوەشی ببینیایە دڵی خۆشتر دەبوو بەڵام مەخابن دڵخۆشییە یەکەمەکەی لەجێگەی خۆی نییە چونکە قسەی بەیزاوی تەنها قسەیە، ئەم ئایەتەی دوایش ئەگەر بیزانیایە هەر سوودی نەدەبوو چونکە بەڵێ بەڕاستی بەنو ئیسرائیل میراتیی میسریان گرت بەڵام لەکوێ؟ لە

فەڵەستین‌و دەوروبەری لەبەر ئەوەی ئەوانە موڵکی میسر بوون. دواى رەمسیسی دووەم مرنپتاحی کوڕی‌و فیرعەونەکانی دوای ئەو هەوڵی گەڕاندنەوەی هەیبەتی میسر لەو ناوچانەیان دابوو بەڵام وردەوردە ئەو ناوچانەیان لەدەست دەردەچوون‌و بەنو ئیسرائیل وردەوردە دەستیان بەسەر چەند ناوچەیەك دەگرت تا شکۆمەندییەکی گەورەیان لەسەردەمی داوود و زیاتر سەردەمی سولەیمان دامەزرا.

دەربارەی گورزەکان لە میسر

دوو پرسیار هەن: ژمارە ٣٤ کە باسی هەموو گورزەکانەو ژمارە ٥١ کە باسی لافاوە.

٣٤-گورزەکان کە لە میسر دران دە بوون نەك نۆ

وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى تِسْعَ آيَاتٍ بَيِّنَاتٍ فَاسْأَلْ بَنِي إِسْرَائِيلَ إِذْ جَاءهُمْ فَقَالَ لَهُ فِرْعَونُ إِنِّي لَأَظُنُّكَ يَا مُوسَى مَسْحُورًا * قَالَ لَقَدْ عَلِمْتَ مَا أَنزَلَ هَؤُلاء إِلاَّ رَبُّ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ بَصَآئِرَ وَإِنِّي لَأَظُنُّكَ يَا فِرْعَونُ مَثْبُورًا * فَأَرَادَ أَن يَسْتَفِزَّهُم مِّنَ الأَرْضِ فَأَغْرَقْنَاهُ وَمَن مَّعَهُ جَمِيعًا * وَقُلْنَا مِن بَعْدِهِ لِبَنِي إِسْرَائِيلَ اسْكُنُواْ الأَرْضَ *فَإِذَا جَاء وَعْدُ الآخِرَةِ جِئْنَا بِكُمْ لَفِيفًا* (الاسراء : ١٠١-١٠٤).

عبدالفادی لێرە سێ ڕەخنەی هەیە:

١-لە قورئان باسی نۆ گورز کراوە بەڵام تەورات باسی دە گورز دەکات.

٢-پاش لەناوچوونی فیرعەونو لەشکرەکەی لە دەریا بەنو ئیسرائیل لە میسر نیشتەجێ نەبوون بەڵکو لە کەنعان.

٣-فیرعەون نەیدەویست جوولەکە لە میسر دەربکات بەڵکو دەیویست بیانهێڵێتەوە بۆ ئەوەی کۆیلەیان بکات.

* * * *

سەبارەت بە گورزەكان ئایەتەكە باسی نۆ گورز ناكات بەڵكو نۆ نیشانە كە موفەسیرەكان بەچەند جۆرێك تەفسیریان كردووەو ئەمانەی خوارەوە نزیكترن لە دەقەكانی قورئان:

نیشانەی كردنی دارەكە بە مار، نیشانەی دەستەكە، خوێن، بۆق، كوللە، لافاو، ((قوممەل))، قاتوقڕی، خنكان لە دەریا.

نیشانەی دوایەمین نیشانە نەبوو بۆ فیرعەون چونكە دوای لەناوچوونی لەشكرەكەی فیرعەون بوو بەڵام دەتوانرێت بوترێت نیشانە بوو بۆ خەڵكی میسر بەگشتی. دەشكرێت لەجیاتی ئەوە (الرجز) بێت كە سزایەكی ناونەبراوە:

((وَلَمَّا وَقَعَ عَلَيْهِمُ الرِّجْزُ قَالُواْ يَا مُوسَى ادْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ لَئِن كَشَفْتَ عَنَّا الرِّجْزَ لَنُؤْمِنَنَّ لَكَ وَلَنُرْسِلَنَّ مَعَكَ بَنِي إِسْرَائِيلَ * فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ الرِّجْزَ إِلَى أَجَلٍ هُم بَالِغُوهُ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ– الأعراف: ١٣٤–١٣٥)).

سزاكانی تەوراتیش دە سزان: خوێن، بۆق، مێشوولە، مێش، تەپوتۆز، دوومەڵ، تەرزە، كوللە، تاریكی، مردنی نۆبەرەكانی میسرییەكان. بەم جۆرەش ئەوانەی لە قورئان باسكراون جیاوازن لەوانەی تەورات چونكە ئەوانەی قورئان نیشانەن كە بەشێكیان سزان‌و ئەوانەی تەورات سزان‌و دەكرێت سزای تر هەبن لە قورئان باس نەكرابن یان بەپێچەوانەوە دە سزاكەی تەورات لەوە كەمتر بن‌و نووسەرانی تەورات زیادیان كردبن.

سەبارەت بە ڕەخنەی دووەمیش كە گوایە قورئان وتوویەتی ئیسرائیلییەكان لە میسر نیشتەجێ بوون، ئەوە هەڵەیەكە دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتنی عبدالفادی چونكە ئایەتەكە دەڵێت: ((وَقُلْنَا مِن بَعْدِهِ لِبَنِي إِسْرَائِيلَ اسْكُنُواْ الأَرْضَ))، مەبەستیش لە زەوی لێرە ئەو زەوییەیە كە لە

ئایەتی تر بە ((زەویی پیرۆز)) ناوبراوە واتە فەلەستین‌و دەوروبەری وەك چۆن لەسەر زاری مووسا دەلێت: ((يَا قَوْمِ ادْخُلُوا الأَرْضَ المُقَدَّسَةَ الَّتِي كَتَبَ اللّهُ لَكُمْ..– المائدة: ٢١))، لەدوای خنکاندنی قەومەکەی فیرعەونیش: ((وَأَوْرَثْنَا الْقَوْمَ الَّذِينَ كَانُواْ يُسْتَضْعَفُونَ مَشَارِقَ الأَرْضِ وَمَغَارِبَهَا الَّتِي بَارَكْنَا فِيهَا... – الاعراف: ١٣٧)).

سەبارەت بە رەخنەی سێیەم کە قورئان دەلێت فیرعەون ویستبووی بەنو ئیسرائیل لە میسر دەربکات بەلام تەورات دەلێت فیرعەون دەیویست بۆ کۆیلێتی بیانهێلێتەوە قورئان روونە لەوەی فیرعەون نەیویست ئیسرائیلییەکان دەربچن چونکە جگە لەوەی کە لە قورئان فیرعەون نە زۆری لێکردبوون‌و نە رێگەی پێدابوون دەربچن ئەو تەنانەت قبوولیشی نەکردبوو دەربچن (بروانە ئایەتەکانی دواتر)و دەرچوونەکەیان بە شەو بوو: ((وَلَقَدْ أَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِي فَاضْرِبْ لَهُمْ طَرِيقًا فِي الْبَحْرِ يَبَسًا لَّا تَخَافُ دَرَكًا وَلَا تَخْشَى–طه: ٧٧))، ((وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنْ أَسْرِ بِعِبَادِي إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ–الشعراء: ٥٢))، ((فَأَسْرِ بِعِبَادِي لَيْلًا إِنَّكُم مُّتَّبَعُونَ–الدخان: ٢٣))، شەورەوییەکەش، کە روالەتی دەقی تەوراتیشە، گونجاوترە لە باسەکەی تەورات کە لەلایەك دەلێت فیرعەون پاش گورزی مردنی نۆبەرەکان رێگەی دا ئیسرائیلییەکان دەربچن، میسرییەکانیش خۆیان داکۆکییان لێکردن کە دەربچن (خروج ١٢: ٣١–٣٣)، کەچی هەرچەندە میسرییەکان زانییان بەنو ئیسرائیل ولات جێدەهێلن قبوولیشیان کرد کەلوپەلی زیو و زێر و پۆشاکیان بە قەرز بدەنێ. دیارە نووسەرانی تەورات بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەمە ئەوەیان زیاد کردووە کە خودا نیعمەتی بە ئیسرائیلییەکان بەخشی کە میسرییەکان ئەو کەلوپەلانەیان بە قەرز پێدان (خروج ١٢: ٣٥–٣٦،

هەروەها ٣: ٢١–٢٢، هەروەها ١١: ٢–٣).[117] ئەو قسەیەش کە لە کتێبی (ژمارە) هاتووە تەفسیری ئەوە ناکات بەڵکو ئاڵۆزتری دەکات. لەو کتێبە وتراوە کە ئیسرائیلییەکان بەبەرچاوی میسرییەکان دەرچوون چونکە میسرییەکان خەریکی ناشتنی نۆبەرەکانیان بوون (العدد ٣٣: ٣–٤) چونکە کتێبی دەرچوون باسی وەرگرتنی کەلوپەلەکان پاش مردنی نۆبەرەکان دەکات، کەواتە نەك تەنها میسرییەکان شتەکانیان بە ئیسرائیلییەکان دا هەرچەندە دەیانزانی وڵات جێدەهێڵن بەڵکو لەوە زیاتر ئەو کارەیان کرد لەو کاتەی ئەو کارەساتە لە هەموو ماڵەکان قەومابوو.

قورئان باسی داواکارییەکەی مووسا کە فیرعەون ئیسرائیلییەکان بەرەڵا بکات: ((وَقَالَ مُوسَى يَا فِرْعَوْنُ إِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ*حَقِيقٌ عَلَى أَن لاَّ أَقُولَ عَلَى اللّهِ إِلاَّ الْحَقَّ قَدْ جِئْتُكُم بِبَيِّنَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ فَأَرْسِلْ مَعِيَ بَنِي إِسْرَائِيلَ–الاعراف: ١٠٤–١٠٥))، ((وَلَقَدْ فَتَنَّا قَبْلَهُمْ قَوْمَ فِرْعَوْنَ وَجَاءهُمْ رَسُولٌ كَرِيمٌ *أَنْ أَدُّوا إِلَيَّ عِبَادَ اللَّهِ إِنِّي لَكُمْ رَسُولٌ أَمِينٌ– الدخان: ١٧–١٨)). ئەوان بەڵێنیان بە مووسا دا قەومەکەی بەرەڵا بکەن بەڵام پاشگەزبوونەوە: ((وَلَمَّا وَقَعَ عَلَيْهِمُ الرِّجْزُ قَالُواْ يَا مُوسَى ادْعُ لَنَا رَبَّكَ بِمَا عَهِدَ عِندَكَ لَئِن كَشَفْتَ عَنَّا الرِّجْزَ لَنُؤْمِنَنَّ لَكَ

---

[117] داواکارییە کۆنەکەی مووسا ئەوە بوو بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بچنە چۆڵەوانی بۆ ئەوەی جەژنی خودا بگێڕن و ئەمە وەکو فێڵێك بوو بۆ ئەوەی بەتەواوەتی لە میسر هەڵبێن (خروج ٥: ٣)، بەڵام سیاقی باسی ڕێگەپێدانەکەی فیرعەون و داواکەی میسرییەکان وا دەخوازێت ڕێگەپێدانەکە بۆ دەرچوونێکی تەواوەتییە نەك کاتی، ئەوەش بەئاشکرایی لە (خروج ١١: ١) دیارە کە خودا پێش گورزی نۆبەرەکان دەڵێت: ((کاتێکیش بەرەڵاتان دەکات بەتەواوەتی لێرە دەتانکاتە دەرەوە))، هەروەها (خروج ١٢: ٣٩): ((چونکە لە خاکی میسر دەرکران)).

وَلَنُرْسِلَنَّ مَعَكَ بَنِي إِسْرَآئِيلَ* فَلَمَّا كَشَفْنَا عَنْهُمُ الرِّجْزَ إِلَى أَجَلٍ هُم بَالِغُوهُ إِذَا هُمْ يَنكُثُونَ–الاعراف: ١٣٤–١٣٥)).

بۆیه ڕەنگه وشەی (زەوی) له ئایەتی ((فَأَرَادَ أَن يَسْتَفِزَّهُم مِّنَ الأَرْضِ فَأَغْرَقْنَاهُ وَمَن مَّعَهُ جَمِيعًا)) هەمان وشەی زەوییە کە مەبەست لێی زەویی پیرۆز، واتە فیرعەون ویستی نەچنە ناو فەڵەستین کە سەر بەو بوو و هەر ئەو بوو ناچاری کردبوون ئەو ڕێگەیە بگرنە بەر کە لە ڕێگەی میسر–فەڵەستین دووریاندەخاتەوە. لە تەوراتیش گۆڕینی ئەو ڕەوتە باس کراوە بەڵام تەفسیرێکی تری پێدراوە کە گوایە خودا ئەو ڕەوتەی پێ گۆڕین: ((کاتێکیش فیرعەون گەلەکەی بەرەلا کرد خودا ڕێگەی خاکی فەڵەستینییەکانی پێ پیشان نەدان هەرچەندە نزیك بوو چونکە خودا وتی: نەوەکو گەلەکە پەشیمان ببنەوە ئەگەر تووشی جەنگ ببنو بگەڕێنەوە بۆ میسر، ئیتر خودا ڕووی گەلی وەرچەرخان بەرەو ڕێگەی چۆڵەوانیی دەریای سووف– خروج ١٣: ١٧–١٨)). ئەوەش کە ئەم بۆچوونەمان بەهێز دەکات ئەوەیە باسی ئەم هەوڵەی فیرعەون بۆ ڕێگەگرتن لە بەنو ئیسرائیل بچن بۆ فەڵەستینو خنکانی لە دەریا لە یەك ئایەت هاتووە بەجۆرێك تێدەگەین لە یەك کات بوو، دیاریشە پێش ئەوەی لەشکرەکەی نوقمی دەریا بێت بەنو ئیسرائیل بەرەو فەڵەستین دەچوون ئەویش نەیویست بچن بەڵکو ویستی دەستگیریان بکات.[118]

[118] وشەی (استفز) و شێوەکانی لە چەند ئایەتێکی قورئان هاتوون کە یەکێکیان لەگەڵ دەرکردن ناگونجێت: واستفزز من استطعت منهم بصوتك کە قسەی خودایە لەگەڵ ئیبلیس. واتایەکی (فزّ) بریتییە لە ترساندن (لسان العرب، ٥، ص ٣٠٤٩). ئەسڵی فرمانی (استفزز)یش لای قورتوبی (بڕین)ە (الجامع لاحكام القران، ١٣، ص

١١٨)، بەم شێوەیەش دەتوانین بڵێین فیرعون ویستی ڕێگەی گەیشتن بە زەویی پیرۆزیان پێ ببڕێت کە دیارە ئەمە نیازی بوو.

٥١-لافاو بۆ میسرییەکان

((فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ الطُّوفَانَ وَالْجَرَادَ وَالْقُمَّلَ وَالضَّفَادِعَ وَالدَّمَ آيَاتٍ مُّفَصَّلاَتٍ فَاسْتَكْبَرُواْ وَكَانُواْ قَوْمًا مُّجْرِمِينَ -الاعراف:١٣٣)).

عبدالفادی پاش ناوبردنی دە گورزەکە کە لە میسرییەکانی دا دەڵێت لافاو لە میسری کاتی فیرعەونی نەدا بەڵکو ڕووداوێکی ناودار بوو تووشی قەومی نووح بوو وەك لە قورئان هاتووە.

* * * *

یەکێك لەو گورزانەی لە تەورات هاتوون ڕووداوێکی نزیکە لە لافاو. گورزەکە بە کورتی بە گورزی تەرزە ناسراوە بەڵام ئەگەر وردەکارییەکەی ببینین دەزانین کە پێویستە ئەنجامەکەی لافاو بووبێت چونکە باسی ناردنی تەرزە بە ئەندازەیەکی زۆر گەورە دەکات کە لەوەتەی میسر دامەزرابوو نموونەی نەبووە (خروج ٩: ١٨)و سەرانسەری میسر گرتەوە(خروج ٩: ٢٢ و ٢٥)و شتێکی زۆر مەزن بوو کە هاوشێوەی لە هەموو زەویی میسر ڕووی نەدابوو لەو کاتەوە ببووە نەتەوە (خروج ٩: ٢٤)، دواییش دەزانین تەنها تەرزەو هەورەگرمەش نەبوو بەڵکو بارانیش بوو (خروج ٩: ٣٣). تەرزەو بارانی مەزنی وا لە هەر شوێنێك ببارێت لافاوی بەدوا نایەت؟ بێگومان لافاوەکە دێت ئەگەر لە زەوییەکی ئاسایی بێت، بەڵام بۆ میسر لافاوەکە حەتمییە چونکە بەشە ئاوەدانەکەی میسر بریتییە لە دۆڵێك نیلی بەناو دەڕوات، دۆڵی نیلیش هێندە بەرتەسکە

بەجۆرێك كە لەو شوێنەی تاڤگەی یەكەم (لە باشووری میسر) جێدەهێڵێت بۆ تەنها ١٠ میل (١٦ كیلۆمەتر) فراوان دەبێتو كاتێك دەڕژێتە ناو دەریا (واتە لە باكوور و كە زەوییەكە فراوان دەبێت) دەوروبەری ٣١ میل (نزیكە ٥٠ كیلۆمەتر) دەبێت[119]، بەڵام لە هەندێك شوێن زۆر لەوەش كەمتر دەبێت، بۆیە هەموو ئەو تەرزە بارانە لە شوێنێكی بچووك كۆدەبنەوەو ئاستی رووبارەكە بەرزدەكەنەوەو دەبنە لافاو.

---

[119] ج. هـ. بریستد، تاریخ مصر، ص٢.

٣٥-بەردەکەی حۆرێب بیرەکانی ئێلیم نییە

وَإِذِ اسْتَسْقَى مُوسَى لِقَوْمِهِ فَقُلْنَا اضْرِب بِّعَصَاكَ الْحَجَرَ فَانفَجَرَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْناً قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ *كُلُواْ وَاشْرَبُواْ مِن رِّزْقِ اللَّهِ وَلاَ تَعْثَوْاْ فِي الأَرْضِ مُفْسِدِينَ*–البقرة: ٦٠)).

وَقَطَّعْنَاهُمُ اثْنَتَيْ عَشْرَةَ أَسْبَاطًا أُمَمًا وَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى إِذِ اسْتَسْقَاهُ قَوْمُهُ أَنِ اضْرِب بِّعَصَاكَ الْحَجَرَ فَانبَجَسَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْنًا قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ *وَظَلَّلْنَا عَلَيْهِمُ الْغَمَامَ وَأَنزَلْنَا عَلَيْهِمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى كُلُواْ مِن طَيِّبَاتِ مَا رَزَقْنَاكُمْ وَمَا ظَلَمُونَا وَلَكِن كَانُواْ أَنفُسَهُمْ يَظْلِمُونَ*–الاعراف: ١٦٠)).

قورئـان باسـی موعجیزەیـەکی مووسـا دەکـات: کاتێـك قەومەکـەی داوای ئاویان لێ کرد خودا فەرمانی پێدا بە دارەکەی لە بـەرد بـدات ئـیتر دوانـزە کانی، بە ژمارەی دوانزە تیرەی قەومەکـەی، تەقینـەوە. عبـدالفادی دەقـی تەورات دەهێنێتەوە کە خەڵکەکە گەیشتنە (ئێلیم)و دوانـزە کـانیو حـەفتا دارەخورمایان بـینی (خـروج ١٥: ٢٧) پاشـان ئـەوێیان جێهێـشتو چـوونە چۆڵەوانیی (سین) کە کەوتۆتە نێوان ئێلیمو سینای (سینائـ) סִינַי (خـروج ١٦: ١)، لەوێشەوە چوونە (رفیدیم)و ئاو لەوێ نەبوو، خەڵکەکەش بێزاریـی خۆیان لە مووسا دەربڕی ئـەویش داوای لـە خـودا کـرد، خـوداش پێـی وت دەچمە سەر ئەو بەردەی لە (حۆرێب)ـە تۆش بە دارەکـە لێـی بـدەو ئـاوی لێ دەردەچێت (خروج ١٧: ١-٦).

* * * *

ڕەخنەکەی عبدالفادی ئەوەیە ئەو دوانزە کانییەی ئێلیم ئەو بەردەی حۆرێب نییە. ڕەنگە مەبەستی ئەوە بێت دوانزە کانییەکە لە ئێلیم هەبوونو لێدانی بەردەکە لە حۆرێب بوو بەڵام لەوێ دوانزە کانی نەبووە بەڵکو تەنها باسی ئاو دەرچوون کراوە.

ماف خۆشمانە بپرسین: چۆن بوو لە ئێلیم אֵילִם بە ژمارەی تیرەکانی بەنو ئیسرائیل کانی هەبوون، بەڵام لە حۆرێب חֹרֵב دوانزە کانی بە دارەکەی مووسا هەڵنەقوڵان؟ ئەمەش بۆ خۆی دوو پرسیارە: یەکەمیان ئەوەیە دوانزە تیرەکە دەگەنە شوێنێكو دەبینن دوانزە کانی بۆیان ئامادەن (لە هەندێك وەرگێڕانی تەورات لەجیاتی دوانزە کانی دوانزە بیر هەبوون)، کە ئەمەیان لە ڕێکەوتێکی زۆر سەیر دەچێت بەپێچەوانەی قورئان کە ئەمە بۆ کارێکی بەئەنقەست دەگەڕێنێتەوە. دووەم پرسیاریش ئەوەیە پاش ئەو ڕێکەوتە سەیرە دەچنە رفیدیم רְפִידִים کە ئاوی لێ نەبوو و داوای ئاو دەکەن کەچی کارە بەئەنقەستەکەو موعجیزە خوداییەکە وەکو ڕێکەوتەکەی پێ نەکراو لەجیاتی دوانزە کانی یەك کانی هەڵقوڵا.

ئاشکرایە هەبووونی دوانزە کانی بۆ دوانزە تیرە بۆ ئەوەی هەر تیرەیەك کانیی خۆیی هەبێت هەر وەك قورئان دەڵێت: ((قَدْ عَلِمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَّشْرَبَهُمْ)). تەنانەت لە تەوراتیشو لە باسی ڕۆیشتن لە سینەوە بۆ رفیدیم وتراوە: ((پاشان هەر کۆمەڵێکی بەنو ئیسرائیل لە چۆڵەوانیی سین دەرچوون بەپێی قۆناغەکانیان)) (خروج ١٧: ١). کەواتە کێشەکە لە دەقی تەورات هەیە.

بەپاڵ هەموو ئەمانەشەوە نارێکییەك لەباسەکانی تەوراتی بەردەستمان هەیە چونکە ئەوەی لەسەرەوە بینیمان لە کتێبی (دەرچوون) بوو، بەڵام

له كتێبی (ژماره) شتی تر هه‌یه: بێزاریی ئیسرائیلییه‌كان له رفیدیم نه‌بوو به‌ڵكو له چۆڵه‌وانیی صین (تسین) بوو ((كه قادێشه)). چیرۆكه‌كه‌ش لێره جیاوازه چونكه له‌جیاتی فه‌رمانی خودا كه مووسا به داره‌كه‌ی له به‌رده‌كه بدات پێی وت قسه له‌گه‌ڵ به‌رده‌كه بكات به‌ڵام مووسا دوو جار داره‌كه‌ی به به‌رده‌كه كێشاو ئاو ده‌رچوو. ئه‌مه‌ش شتێكی بچووكه له‌چاو ئه‌مه‌ی خواره‌وه:

ئه‌م ڕووداوه‌ی كتێبی (ژماره) له دوای ساڵی دووه‌می ده‌رچوونیان بوو، به‌ڵام باسه‌كه‌ی كتێبی (ده‌رچوون) له سه‌ره‌تای ده‌رچوونیان بوو، ئه‌ویش له مانگی دووه‌می ده‌رچوونیان (خروج ١٦: ١)، زیاتریش له‌وه ته‌ئیكد ده‌بین كاتێك ده‌بینین له مانگی سێیه‌می دوای ده‌رچوونیان له رفیدیم چوون بۆ سینائـ (خروج ١٩: ١).

كتێبی (ژماره)ش چۆڵه‌وانیی سین מִדְבַּר סִין و چۆڵه‌وانیی صین (تسین) מִדְבַּר צִן ی به دوو شوێنی جیاواز پیشان داوه. ڕێڕه‌وی ئیسرائیلییه‌كانیش ئه‌وه ده‌رده‌خات: ده‌چنه چه‌ند شوێنێك پاشان ئێلیم كه دوانزه كانییه‌كه‌ی لێ بوو پاشان ده‌ریای سووف (ده‌ریای سوور)، پاشان چۆڵه‌وانیی سین پاشان دوفقه דָּפְקָה پاشان ئالووش אָלוּשׁ پاشان رفیدیم له‌ویش ئاو نه‌بوو بیخۆنه‌وه به‌ڵام كتێبه‌كه باسی ده‌رچوونی ئاو له به‌رده‌كه ناكات پاشان چۆڵه‌وانیی سینائـ، ئینجا پاش ژماره‌یه‌ك قۆناغو شوێنی تر گه‌یشتنه چۆڵه‌وانیی صین كه قادێشه (العدد ٣٣: ٩-٣٦). ئا لێره‌ش، واته چۆڵه‌وانیی صین باسی ده‌رچوونی ئاوه‌كه له به‌رده‌كه كراوه (ئیصحاحی ٢٠) نه‌ك رفیدیم، وه‌ك كتێبی ده‌رچوونی باسی كردووه، كه ئه‌م ریفیدیمه دوای سین بوو (العدد ٢٠: ١-١١)، ئه‌مه‌ش مانگی یه‌كه‌می

ساڵی سێیەم بوو نەك سەرەتای دەرچوونیانو بەم جۆرە نارێكیی نێوان دوو كتێبەكە هەیە. ئەوەشی زیاتر گومانەكە ناهێڵێت ئەوەیە لە كتێبی دەرچوون مووسا شوێنەكە ناو دەنێت مەسساه מַסָּה و مەریباه מְרִיבָה لەبەر ئەوەی گەلەكە ناكۆكیی لەگەڵ خودا كردو لەبەر ئەوەی خودایان تاقیكردەوە(خروج ١٧: ٧)، لە كتێبی ژمارەش خودا شوێنەكە ناو دەنێت مەریباه لەبەر ئەوەی بەنو ئیسرائیل ناكۆكییان لەگەڵ پەروەدگاریان كرد(العدد٢٠: ١٣)، واتە باسی یەك ڕووداوی دەرچوونی ئاو لە بەرد كراوە بەڵام لە هەر كتێبێك لەم دوانە لە كاتێكو شوێنێكی جیاواز باس كراوە" لە كتێبی دەرچوون لە رفیدیم بوو و لە كتێبی ژمارە لە چۆڵەوانیی صین بوو. سەرباری هەموو ئەمەش ناوی مەریباه لە هەردوو شوێنەكە هەیە.

لەناو ئەم نارێكییانەش چۆن دەتوانین بڵێین تەوراتی بەردەستمان حاكمە بەسەر قورئانو قسەكەی ئەو ڕاستە سەبارەت بە چیرۆكی دوانزە كانییەكە؟

٣٦-دوو لەوحەكەی شەریعەت

((*وَكَتَبْنَا لَهُ فِي الأَلْوَاحِ مِن كُلِّ شَيْءٍ مَّوْعِظَةً وَتَفْصِيلاً لِّكُلِّ شَيْءٍ فَخُذْهَا بِقُوَّةٍ وَأْمُرْ قَوْمَكَ يَأْخُذُواْ بِأَحْسَنِهَا سَأُرِيكُمْ دَارَ الْفَاسِقِينَ* -الاعراف:١٤٥)).

عبدالفادی دەڵێت زانراوە كە مووسا شەریعەتی لەسەر دوو لەوح نەك چەند لەوحێك نووسییەوەو لەسەر ئەو دوو لەوحە دە ئامۆژگارییەكەی نووسی نەك وردەكاریی هەموو شتێك.

* * * *

ئێمەش دەڵێین هەروەها زانراوە كە لە كتێبی دەرچوون دە ئامۆژگارییەكە بەپاڵ ئامۆژگارییەكانو یاساكانی تر هەن كە ئەوانەی جگە لە دە ئامۆژگارییەكە (خروج٢٠) سێ ئیصحاح داگیردەكەن" ئیصحاحی ٢١ تا ٢٣ ، ئەوەش ئەو كاتەی مووسا (لەگەڵ هاڕوون) لە كێوی سینا بوو و خەڵكەكە لە خوارەوە بوون، ئەو یاسایانەش ئەوانەن كە قورئان بە وردەكاریی هەموو شتێك (تفصیلا لكل شئ) ناویان دەبات. مووسا دوایی هەموو ئەو حوكمانەی بە خەڵكەكە وت و ئەوان بە یەك دەنگ وتیان كار بە هەموویان دەكەین، مووساش هەموو ئەو شتانەی نووسی(خروج٢٤: ٣-٤)، كەچی دەبینین بۆ بەیانی كتێبی پەیمانیان بۆ دەخوێنێتەوە (خروج ٢٤: ٧)، ئینجا بە فەرمانی خودا خۆیو هاڕوونو حەفتاو دوو گەورەی بەنو ئیسرائیل سەركەوتنو خودایان بینیو پێكەوە خواردیانو خواردیانەوە(خروج٢٤: ٩-١١)، ئینجا خودا پێی دەڵێت تەنها تۆ

سەربكەوەو لەویێ چاوەڕێ بكە تا دوو لەوحی بەردەكەت بدەمێ كە شەریعەتو ئامۆژگارییەكانیان لەسەرە كە بۆم نووسین (خروج٢٤: ١٢)..

كەواتە

١–مووسا پێشتر حوكمەكانی شەریعەتی نووسی.

٢–دواتر خودا پێی وت لەسەر دوو لەوحەكە شەریعەتیش‌و ئامۆژگارییەكانی بۆ دەنووسێت.

دوای ئەوەش ژمارەیەك داواكاریی زۆری خودا كە بەنو ئیسرائیل بیكەن: كەلوپەلی زێرو زیۆ و مس‌و قوماشی وەنەوشەیی‌و... تاد و دروستكردن تابووت و مێزی نانی پێشكەشكاری‌و منارەو نیشەجێیەك‌و شوێنی سەربڕین‌و پۆشاكی كاهنەكان.... ئەمانەو شتی زۆری ترو هەموو بە وردەكاریی زۆر كە پێنج ئیصحاح (٢٥–٣٠) داگیردەكەن، ئینجا تەورات دەڵێت: كە خودا قسەكانی لەگەڵ مووسا لەسەر كێوی سینا تەواوكرد دوو لەوحی ئامۆژگارییەكەی دایە (٣١: ١٨)، بەڵام وەك وتمان نەك تەنها ئامۆژگاری بەڵكو شەریعەتیشی بۆ نووسیبوو.

لەدوای ئەوەش گەڕانەوەكەی‌و بینینی گوێرەكە زێڕینەكەو شكاندنی دوو لەوحەكە (خروج ٣٢)و دوایی خودا پێی دەڵێت دوو لەوحی بەرد بتاشە وەكو ئەوانەی پێشوو و من قسەی سەر دوو لەوحی پێشوویان لەسەر دەنووسم (خروج٣٤: ١)، هەر وەكو جارەكەی تریش مووسا چل ڕۆژو چل شەو لە كێوی سینا دەمێنێتەوە (ئەمجارە بەڕۆژوو دەبێت)و خودا چەند ئامۆژگارییەكی دەكات كە لەناو ئەوانە تەنها نەپەرستنی غەیری خوداو پاراستنی شەممەیان لە دە ئامۆژگارییەكەی پێشوو دەچن كەچی تەورات لێرە دەڵێت: خودا پێی دەڵێت ئەم قسانەم بنووسە، پاش باسی مانەوەی

بۆ چل رۆژو چل شەو: مووسا لەسەر دوو لەوحەکە قسەی پەیمانی نووسی (واتە خۆی نووسی نەك خودا بۆی نووسی) کە دە ئامۆژگارییەکەن(خروج٣٤: ١٤-٢٨)، بەواتایەکی تر دە ئامۆژگارییەکە لێرە دەبنە شتێکی تر، جگەلەوەی وەکو وتمان پێشتر پێی دەڵێت من قسەکانی خۆمت لەسەر دوو لەوحە تازە دەنووسمو دوایی دەبینین مووسا خۆی ئەوانە (کە جیاوازییان زۆرە لەوانەی پێشوو) دەنووسێت.

نارێکییەکی تریش ئەوەیە ئەو شوێنە لە کتێبی دەرچوون چیای سینا بوو (خروج ١٩: ١٦ و ٢٠) بەڵام لە کتێبی تەثنیە بە خەڵکەکە دەڵێت خودا لە چیای حۆرێب قسەی لەگەڵ کردن (تثنية ٤: ١٠، ١٥).

کەواتە جارێك باسی دە ئامۆژگارییەکەیەو جارێك باسی ئەوانو شەریعەتە، سەرلەبەری باسەکانیش نارێکییان لەخۆ گرتووە، لەناو ئەو نارێکییانەش کێ دەتوانێت بڵێت ئەوەی مووسا وەریگرتبوو دوو لەوح بوون یان هەزار؟

٣٧-ئـايا داوايـان كردبوو خودا ببينن؟

((وَإِذْ قُلْتُمْ يَا مُوسَى لَن نُّؤْمِنَ لَكَ حَتَّى نَرَى اللَّهَ جَهْرَةً فَأَخَذَتْكُمُ الصَّاعِقَةُ وَأَنتُمْ تَنظُرُونَ * ثُمَّ بَعَثْنَاكُم مِّن بَعْدِ مَوْتِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ–البقرة: ٥٥-٥٦)).

((يَسْأَلُكَ أَهْلُ الْكِتَابِ أَن تُنَزِّلَ عَلَيْهِمْ كِتَابًا مِّنَ السَّمَاء فَقَدْ سَأَلُواْ مُوسَى أَكْبَرَ مِن ذَلِكَ فَقَالُواْ أَرِنَا اللّهِ جَهْرَةً فَأَخَذَتْهُمُ الصَّاعِقَةُ *بِظُلْمِهِمْ ثُمَّ اتَّخَذُواْ الْعِجْلَ مِن بَعْدِ مَا جَاءتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ فَعَفَوْنَا عَن ذَلِكَ وَآتَيْنَا مُوسَى سُلْطَانًا مُّبِينًا* –النساء: ١٥٣)).

عبدالفادى دەڵێت قورئـان باسـەكەى تـەوراتى پێچەوانە كردۆتـەوە لەبـەر ئەوەى دەڵێت بەنو ئیـسرائیل داوایـان كـرد خـودا ببیـنن لـەكاتێك تـەورات دەڵێت كە بەنو ئیسرائیل لە خودا ترسانو بـە مووسـایان وت تـۆ قـسەمان لەگەڵ بكەو با خودا قـسەمان لەگـەڵ نـەكات بـا نـەمرین (خـروج ٢٠: ١٩).

ڕەنگـە موحەممـەد ویـستبێتى عـەرەب بترسـێنێت كاتێـك داوایـان كردبـوو كتێبێكیان لە ئاسمانەوە بۆ دابەزێنێت.

* * * *

عبدالفادى تەنها ئەو ڕستەیەى سەرەوە دەهێنێتـەوە سـەبارەت بـە باسـى بەنو ئیسرائیل كە دەنگى خودایان نەبیـستبوو، بـەڵام هـەر تـەورات خـۆى باسى ئەوە دەكات كە بەنو ئیسرائیل دەنگى خودایان بیستبوو:

لە كتێبى تەثـنیە دواى دە ئامۆژگارییەكە مووسا پێیان دەڵێت: ئێوە وتتان ئـەوەتا پـەروەردگار (یـەهوەه) شـكۆمەندىو مـەزنێتیى خۆیمـان پـێ پیـشاندایىنو لەناوەڕاسـتى ئـاگر گوێمـان لـە دەنگـى بـوو (تثینـة ٥: ٢٤).

کەواتە گوێیان لە دەنگ بوو هەرچەندە دواتر باسی قسەکەیانە کە دەڵێن: ئەگەر دەنگی پەروەردگار ببیستن دەمرین (تثنیة ٥: ٢٥). لە ئیصحاحی پێش ئەوەش مووسا هەمان شتیان پێ دەڵێت: پەروەردگار (یەهوەه) لە ناوەڕاستی ئاگرەکە قسەی لەگەڵ کردن‌و دەنگی قسەکردنتان دەبیست‌و وێنەتان نەدەبینی (تثنیة ٤: ١٢).

داواکردنی بینینی خودا شتێکی ون نییە لە تەورات بەڵکو ئاماژە هەن بۆی، بۆ نموونە:

دابەزە گەل ئاگادار بکەرەوە نەوەکو خۆیان بکەن بە شوێنەکە بۆ لای پەروەردگار بۆ ئەوەی تەماشا بکەن[120] ئیتر کەسانێکی زۆریان دەکەون (خروج ١٩: ٢١). کەواتە نیازێکی تەماشاکردن هەبوو. لە هەمان کتێبیش (خروج ٢٤: ٩–١١) باسی مووساو هاروون‌و ناداب‌و ئەبیهوو لەگەڵ حەفتا شێخی ئیسرائیل سەرکەوتن‌و خودای ئیسرائیلیان بینی‌و لەژێر دوو پێی وەکو عەقیقی شینی روون‌و[121] وەکو ئاسمان بوو لە پاکی بەڵام دەستی نەبرد بۆ ئەشرافی بەنو ئیسرائیل ئیتر خودایان بینی‌و خواردیان‌و خواردیانەوە. دەقێکی تریش بۆ قبووڵنەکردنی خودا کە ببینن لە (تثنیة ٤: ١٥): ئێوە هیچ وێنەیەکتان نەبینی ئەو رۆژەی پەروەردگار لە حۆرێب لەناوەڕاستی ئاگرەوە قسەی لەگەڵ کردن ئەویش نەوەکو گەندەڵ بن‌و پەیکەرێکی تاشراو بۆ خۆتان دروست بکەن.

---

[120] یان بەپێی وەرگێڕانی تر: بۆ ئەوەی پەروەردگار ببینن.. یان: بۆ ئەوەی هەوڵ بدەن خودا ببینن.

[121] ئەم رستەیە بەپێی وەرگێڕانەکان دەگۆڕێت: شتێکی دروستکراو وەك عەقیقی شینی ڕوون، وەکو ئەرزیەی یاقووتی شینی ڕوون...

٣٨-قۆرەح نەك قـاروون

((إِنَّ قَارُونَ كَانَ مِن قَوْمِ مُوسَى فَبَغَى عَلَيْهِمْ وَآتَيْنَاهُ مِنَ الْكُنُوزِ مَا إِنَّ مَفَاتِحَهُ لَتَنُوءُ بِالْعُـصْبَةِ أُولِـي الْقُـوَّةِ إِذْ قَـالَ لَـهُ قَوْمُـهُ لَا تَفْـرَحْ إِنَّ اللَّـهَ لَا يُحِـبُّ الْفَـرِحِينَ – القصص:٧٦)).

((فَخَسَفْنَا بِهِ وَبِدَارِهِ الْأَرْضَ فَمَا كَانَ لَهُ مِن فِئَةٍ يَنصُرُونَهُ مِن دُونِ اللَّهِ وَمَا كَانَ مِنَ الْمُنتَصِرِينَ –٢٨: ٨١))

عبـدالفادی دەڵێـت زانـراوە کـە قـاروونی قورئـان (کرۆسـوس)ی پادشـای لیدیایە (٥٦٠-٥٤٦ پێش زاین) کە کەسێکە لەناو عەرەبو غەیری عـەرەب بە دەوڵەمەندی ناودارەو هیچ پاساوێك نییە بۆ تێکەڵکردنی بـە قـۆرەح کـە باسەکەی لە تەورات هـاتووەو هـیچ پەیوەندییـەك نییـە لـەنێوان قـاڕوونو قۆرەح کە لەگەڵ داثان و ئەبیرام شۆڕشیان لـەدژی مووسـا گێـڕا، زەویـش دەمی کردەوەو قووتی دان (العدد ١٦).

* * * *

بەڵێ لەوە ناچێت هیچ پەیوەندییەك هەبێت لە نێوان قاڕوونو قۆرەح קֹרַח چونکە قاڕوون، بەپێی قورئان، کەسێك بوو لەڕادەبەدەر دەوڵەمەنـد بـوو و گوناهەکـەی ئـەوە بـوو سـامانەکەی بـە بەخشـشی خـودای نـەدەزانیو ستەمکاریی بەرامبەر قەومی مووسا کردبـوو، بـەڵام هـیچ باسـێکی سـامانی قۆرەح لە تەورات نەکراوە جگەلەوەی لە باسی نغرۆبوونی وتراوە: ((هەموو

ئەوانـەی هـی قـۆرەح بـوون لەگـەڵ هـەموو ئـەو شـتانەی هـەیانبووە))[١٢٢] نغرۆبـوون (العـدد ١٦: ٣٢). سـەرەتای باسـەکەش ئـەوە بـوو سـێ کـەس: قۆرەحو دوو بـرا: داثـان דָּתָןو ئـەبیرام (ئـەڤیرام) אֲבִירָם هـەروەها ئـۆن אוֹן کوڕی پێلێث פֶּלֶת و کوڕانی رائـوبین (ریئـۆبێن) בְּנֵי רְאוּבֵן لەگـەڵ خەڵکانێکی بەنو ئیسرائیل: ٢٥٠ سـەرۆکی کۆمەڵەکـە. ئەوانـە بـە مووسـاو هاڕوونیان وت: بەسە! هەموو کۆمەڵەکە پیرۆزە ئیتر بۆچی خۆتان بەسـەر کۆمەڵی خودا بەرزدەکەنـەوە. ڕووداوی نغرۆبوونەکـەش لـەو کاتـە بـوو کـە بەنو ئیسرائیل لە چۆڵەوانی بوونو ئەمە لەگەڵ سەروەتو سامانی قـاڕوون ناگونجێت، هەروەها لەگەڵ خانووەکەی چونکە ئەوانـە لـە خێـوەت بـوون. داثان و ئەبیرام بە مووسا دەڵێن: تۆ لە زەوییەك ئێمەت دەرکرد کـە شـیرو هەنگوینی لێ دەڕژێت بۆ ئەوەی لـە چـۆڵەوانی بمـانمرێنی.. پێـشی دەڵـێن ئێمەت نەهێنا بۆ زەوییەك شیرو هەنگوینی لـێ دەڕژێـت.. (العـدد١٦: ١٢-١٤). تـەنها یەك شـت قـاڕوونو قـۆرەح کۆدەکاتـەوە: نغرۆبـوون لـە زەوی، وەك چۆن تـەنها یەك شت قاڕوونو کرۆسوس Croesus کۆدەکاتەوە ئەویش دەوڵەمەندی. کرۆسوس پەیوەندیی نییـە بـە قاڕوونـەوە چـونکە لیـدیا کـە دەکەوتە رۆژئـاوای تورکیـای ئێـستا دوور بـوو لـە میـسر و لـە فەڵەسـتینو کرۆسـوس پادشـای وڵاتێـك بـوو نـەك تـەنها کەسـێکی دەوڵەمەنـد. ئـەو مەنهەجـەش، واتـە زانـینی کەسـێکی سەرچـاوەیەك بـە کەسـێکی تـری سەرچاوەیەکی تر تـەنها لەبـەر یـەك شـتی لەیەکـچوو مەنهـەجێکی لاوازەو مەبەستی زیاتر رەتکردنەوەی یەکێکە لە سەرچـاوەکانەو لـە کـاری ئەوانـە

---

[122] ((ئـەو شـتانەی هـەیانبووە)) یـان ((هـەموو کەلەوپەلـەکانیان)) یـان ((هـەموو پارەکان)).

دەچێت کە ناوی شارێك لەوپەڕی جیهان دەبیستن‌و لەگەڵ شـارێکی وڵاتـی خۆیان بەراوردی دەکەن.

٣٩-سوله‌یمان یان ئه‌بشالۆم؟

((وَدَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ إِذْ يَحْكُمَانِ فِي الْحَرْثِ إِذْ نَفَشَتْ فِيهِ غَنَمُ الْقَوْمِ وَكُنَّا لِحُكْمِهِمْ شَاهِدِينَ * فَفَهَّمْنَاهَا سُلَيْمَانَ وَكُلًّا آتَيْنَا حُكْمًا وَعِلْمًا وَسَخَّرْنَا مَعَ دَاوُودَ الْجِبَالَ يُسَبِّحْنَ وَالطَّيْرَ وَكُنَّا فَاعِلِينَ-الانبياء: ٧٨-٧٩)).

ئه‌م چیرۆکه ده‌رباره‌ی ناکۆکییه‌که که سوله‌یمان به ئاماده‌بوونی داوودی باوکی چاره‌سه‌ری کرد. به‌کورتی عبدالفادی قسه‌ی موفه‌سیره‌کان ده‌هێنێته‌وه که ئه‌و کاته سوله‌یمان یانزه سالْ بوو. عبدالفادی ڕه‌خنه‌ی ئه‌وه ده‌گرێت که ناکرێت داوودی خاوه‌ن ئیلهام نه‌توانێت ئه‌و کێشه‌یه چاره‌سه‌ر بکات‌و سوله‌یمان کوڕی قسه له حوکمه‌کانی بکات. ئه‌و که‌سه‌ش که ڕه‌خنه‌ی له حوکمه‌کانی داوودی باوکی گرتبوو ئه‌بشالۆم کوڕی بوو که ویستبووی شۆڕش له‌دژی باوکی بکات‌و دڵی خه‌ڵکی بۆ لای خۆی ڕاده‌کێشاو ده‌یوت: کێ ده‌مکاته دادوه‌ر بۆ ئه‌وه‌ی هه‌قی سته‌ملێکراو بسه‌نم، پاشان شۆڕشێکی سه‌رنه‌که‌وتووی به‌رپاکرد (٢ صه‌موئیل: ١٥).

* * * *

ئه‌وه‌ی عبدالفادی باسی ده‌کات شتێکی جیاوازه، ئه‌وه‌ی کتێبی دووه‌می صه‌موئیل باسی ئه‌بشالۆم (ئه‌ڤشالۆم) אַבְשָׁלוֹם ـه که داوودی باوکی ناشیرین ده‌کرد. ئه‌و ڕێگه‌ی به هه‌ر که‌سێك ده‌گرت که ده‌چووه لای باوکی بۆ ئه‌وه‌ی حوکمی بۆ بدات‌و دیوت: که‌س نییه له‌لایه‌ن پادشاوه گوێت بۆ بگرێت، خۆشی لای خه‌ڵکه‌که شیرین ده‌کرد تا دواتر له باوکی یاخی بوو،

بەڵام چیرۆکەکەی سولەیمان یەك ڕووداو بوو ئـەویش چارەسـەری کێـشەی نێوان خاوەنی کێڵگەکەو خاوەنی مەڕەکان بوو.

٥٢-شائوولی پادشا یان جدعونی قازی؟

((وَقَالَ لَهُمْ نَبِيُّهُمْ إِنَّ اللّهَ قَدْ بَعَثَ لَكُمْ طَالُوتَ مَلِكًا قَالُوَاْ أَنَّى يَكُونُ لَهُ الْمُلْكُ عَلَيْنَا وَنَحْنُ أَحَقُّ بِالْمُلْكِ مِنْهُ وَلَمْ يُؤْتَ سَعَةً مِّنَ الْمَالِ قَالَ إِنَّ اللّهَ اصْطَفَاهُ عَلَيْكُمْ وَزَادَهُ بَسْطَةً فِي الْعِلْمِ وَالْجِسْمِ وَاللّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُ مَن يَشَاء وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ (٢٤٧) وَقَالَ لَهُمْ نِبِيُّهُمْ إِنَّ آيَةَ مُلْكِهِ أَن يَأْتِيَكُمُ التَّابُوتُ فِيهِ سَكِينَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَبَقِيَّةٌ مِّمَّا تَرَكَ آلُ مُوسَى وَآلُ هَارُونَ تَحْمِلُهُ الْمَلآئِكَةُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (٢٤٨) فَلَمَّا فَصَلَ طَالُوتُ بِالْجُنُودِ قَالَ إِنَّ اللّهَ مُبْتَلِيكُم بِنَهَرٍ فَمَن شَرِبَ مِنْهُ فَلَيْسَ مِنِّي وَمَن لَّمْ يَطْعَمْهُ فَإِنَّهُ مِنِّي إِلاَّ مَنِ اغْتَرَفَ غُرْفَةً بِيَدِهِ فَشَرِبُواْ مِنْهُ إِلاَّ قَلِيلاً مِّنْهُمْ فَلَمَّا جَاوَزَهُ هُوَ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ قَالُواْ لاَ طَاقَةَ لَنَا الْيَوْمَ بِجَالُوتَ وَجُنودِهِ قَالَ الَّذِينَ يَظُنُّونَ أَنَّهُم مُّلاَقُو اللّهِ كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللّهِ وَاللّهُ مَعَ الصَّابِرِينَ (٢٤٩) وَلَمَّا بَرَزُواْ لِجَالُوتَ وَجُنُودِهِ قَالُواْ رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَثَبِّتْ أَقْدَامَنَا وَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ (٢٥٠) فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ اللّهِ وَقَتَلَ دَاوُدُ جَالُوتَ وَآتَاهُ اللّهُ الْمُلْكَ وَالْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُ مِمَّا يَشَاء *وَلَوْلاَ دَفْعُ اللّهِ النَّاسَ بَعْضَهُمْ بِبَعْضٍ لَّفَسَدَتِ الأَرْضُ وَلَكِنَّ اللّهَ ذُو فَضْلٍ عَلَى الْعَالَمِينَ*-البقرة: ٢٤٧-٢٥١)).

لە چیرۆکی داوودو تالووتو جالووت لە قورئان تالووت (پادشای ئیسرائیلییەکان) بە لەشکرەکەی دەڵێت خودا بە رووبارێك تاقیتان دەکاتەوە" ئەوەی لێی خواردەوە ئەوە لە منەو لەوە لێی نەخواردەوە لە من نییە مەگەر کەسێك چنگێك ئاوی هەڵگرت، کاتێکیش گەیشتنە رووبارەکە زۆربەیان لێیان خواردەوە.

عبدالفادی دەڵێت قورئان ئەم چیرۆکەی شائوول، کە بـە تـالووت (طـالوت) ناوی دەبات، لەگەڵ چـیرۆکی جـدعونی قـازی (گیـدعۆن גִּדְעוֹן)ی تێکـەڵ کردووە کە بە خواردنەوەی ئاوی ڕووبارەکە تاقیکرایەوە ئەویش لەمیانـەی شەڕەکەیان دژ بە میدیانییەکان (خەڵکی میدیەن یان میـدیان) (قـضاة۷: ١–٨)و بەم جۆرە قورئان شائوول یاخود تالووتی بە گیدعۆن داناوەو شەڕ دژی فەڵەستینییەکانی لەجیاتی شەڕ دژی میدیانییەکانی داناوە.

* * * *

ئەگەر پەیمانی کۆنی بەردەستمان بەڵگەنامەیەکی مێژوویی دوور لە گومـان بوایـە ئـەو ڕەخنەیـە جێگـەی بایـەخ دەبـوو، بـەڵام حـاڵی پـەیمانی کـۆن پێـچەوانەیەو لـەم باسـەی شـائوول שָׁאוּל و داوود (داویـد דָּוִד) نـاڕێکی هەیـە. بـۆ نموونـە جارێـك بـاپیری شـائوول بـە ئـەبیئێل אֲבִיאֵל نـاوبراوە (١صموئیل ٩ :١)، جارێکیش بە نێر נֵר ناوی هـاتووە (١ أخبـار ٨ :٣٣ و٣٩). تەنانەت لە کتێبی تایبـەت بـە هـەمان پێغەمبـەر جیاوازییـەکی وەك ئەمە دەبینین: لە کتێبی ١ی صەموئێل پـاش ئـەوەی داوود گۆلیـات גָּלְיָת (جـالووتی قورئــان)ی فەڵەســتینیی کوشــت ســەرەکەی بــۆ ئۆرشــەلیم (یەروشەلایم) برد (١صـموئیل ١٧ :٥٤) ئـەو کاتـەش هێـشتا شـائوول وەك پادشای ئیـسرائیلییەکان مـابوو، کەچـی لـە کتـێبی ٢ی صـەموئێل کاتێـك داوود کرایـە پادشـا ئۆرشـەلیم لـە دەسـتی ئیـسرائیلییەکان نـەبوو بـەڵکو لەدەسـتی (یەبووسـییەکان) بـوو و ئەوانـە نەیانهێـشتبوو داوود بـچێتە شارەکە (٢صـموئیل ٥ :٦). لـە هـەمان شـوێنیش باسـی ئـەوە کـراوە کـە تەمەنی داوود سی ساڵ بوو کاتێك بووە پادشا، چل ساڵیش پادشایی کرد، لە حێبرۆن חֶבְרוֹן حـەوت سـاڵو شـەش مـانگ پادشـایی بەسـەر یـەهوودا

کـردو لـه ئۆرشـەلیم سیوسـێ سـاڵ پادشـایی بەسـەر هـەموو ئیـسرائیل‌و یەهوودا کرد (٢صموئیل ٥: ٤–٥).

نارێکییـەکی تـر ئەوەیـە لـە کتـێبی یەکـەمی صـەموئیل داوود دەبێتـە عـوودژەنی شـائوول‌و شـائوول زۆری خۆشـدەوێت‌و دەبێتـە چـەکهەڵگری‌و دەشـزانێت بـاوکی داوود بیـشای יִשַׁי یـە چـونکە پێـی دەوترێـت بیـشای کورێکی هەیە دەزانێـت عـوود بـژەنێت، هـەروەها شـائوول پەیامبـەران بـۆ بیشای دەنێرێت کە داوودی بۆ نێرێت، دواییش کە داوودی بەدڵ دەبێت بۆ باوکی دەنێرێت کە داوودی بەدڵ بووەو با لای بمێنێتەوە(١ صەموئیل ١٦: ١٨–٢٢)، کەچی لەهەمان کتێب‌و کاتێك داوود دەچێتە بەردەمی لەشـکری فەڵەستینییەکان بۆ شەڕکردن لەگەڵ گۆلیات شـائوول لـە ئـەبنێر אַבְנֵר ی سەرۆکی لەشـکر دەپرسـێت ئـەو کـوڕە کـوڕی کێیـە ئـەویش سـوێندی بـۆ دەخوات کە نازانێـت، دوایـی لـە داوود دەپرسـێت (١ صـەموئیل ١٧: ٥٥–٥٨). لەم ئیـصحاحە باوکی داوود خواردن بەدەست داوود بـۆ سـێ براکـەی دەنێرێت کە شوێنی شائوول بـۆ شـەڕی فەڵەسـتینییەکان کـەوتبوون‌و لـەو قسەیەی نێوان داوودو شائوول کاتێك داوود وتی بۆ شەڕی گۆلیات دەچێت هەست بەوە ناکرێـت کـە شـائوول پـێش ئـەوە داوودی ناسـیبێت یـان ئـەو کەسـە بێـت کـە لـە ئیـصحاحی پێـشتر ئـەو کەسـە بـوو کـە زۆری خۆشدەویست‌و هەڵگری چەکی بوو.[١٢٣]

---

[123] بـۆ سـێ ڕەخنەکـەی سـەرەوە: نـاوی بـاپیری شـائوول، وەزعـی ئورشـەلیم کـاتی کوشتنی گۆلیات، نەناسینەوەی داوود.. سوودمان لە پێگەیەکی مەسـیحی وەرگرتـووە کە گوایە وەڵامی ئەو گومانانەو گومانی زۆری تر دەداتـەوە. هەنـدێك زانیاریـشمان بـۆ ئەو ڕەخنانەی سەرەوە زیاد کردووە:

http://www.answering-islam.org/Arabic/Books/Claims/1sa.html

که حاڵی سەرچاوەکەش وا بێت بۆمان هەیە بپرسین: ئەی بۆچی پەڕینەوە لـە روبارەکـەو باسـی خواردنـەوەی ئاوەکـەی سـەر بـە چـیرۆکی شـەڕی شائوولو گۆلیات، نەك گیدعۆنو میدیانییەکان نەبووبێت؟

مەریەم و مەسیح

چەند پرسیارێکی عبدالفادی هەن پەیوەندییان بە مەسیحو مەریەمی دایکییەوە هەن:

پرسیارەکانی ٥ – ٩ – ١٠ – ١١– ٤٠ تایبەتن بە مەریەم.

پرسیارەکانی ٤١ – ٥٣ – ٥٤ – ٥٥ تایبەتن بە مەسیح.

٥–مەریمی پاکیزە خوشکی هارِوونە و کچی عیمرانە

((وَمَرْيَمَ ابْنَتَ عِمْرَانَ الَّتِي أَحْصَنَتْ فَرْجَهَا فَنَفَخْنَا فِيهِ مِن رُّوحِنَا وَصَدَّقَتْ بِكَلِمَاتِ رَبِّهَا وَكُتُبِهِ وَكَانَتْ مِنَ الْقَانِتِينَ–التحريم: ١٢)).

((فَأَتَتْ بِهِ قَوْمَهَا تَحْمِلُهُ قَالُوا يَا مَرْيَمُ لَقَدْ جِئْتِ شَيْئًا فَرِيًّا * يَا أُخْتَ هَارُونَ مَا كَانَ أَبُوكِ امْرَأَ سَوْءٍ وَمَا كَانَتْ أُمُّكِ بَغِيًّا–مريم: ٢٨–٢٩)).

عبدالفادی دەپرسێت: ئینجیل دەڵێت مەریمی پاکیزە کچی (هالی)یە (لوقا٣: ٢٣) ئیتر چۆن قورئان دەڵێت کچی عیمرانە کە ئەم باوکی مووسایە یان دەڵێت خوشکی هارِوونە لەکاتێك لەنێوان مەریەمو لەلایەکو عیمرانو هارِوونو مووسا لە لاکەی تر ١٦٠٠ساڵ ماوە هەیە؟

* * * *

ئەمە یەکێکە لەو ڕەخنانەی کە بەردەوام دووبارە دەکرێنەو دەبێتە مایەی دڵخۆشییان گوایە بەڵگەیە لەسەر ناڕاستیی قورئان لەکاتێك کە بەڵگەیە لەسەر نەشارەزایی خۆیان.

بڕیار لەوەی کە قورئان مەریەمی بە خوشکی ڕاستەوخۆی هاڕوونی زانیوە نیشانەی نەشارەزاییە لە قورئان چونکە خودی قورئان لەدوای مووساو هاڕوون باسی تالّووتو داوودو سولەیمانی کردووە، باسی پێغەمبەرەکانی بەنو ئیسرائیلیشی کردووەو باسی ئەو پێغەمبەرانەی کردووە کە ئیسرائیلییەکان باوەڕیان بە هەندێکیان نەکردووەو هەندێکیانیان کوشتووە. بەواتەیەکی تر قورئان باسی سەردەمانێکی زۆری نێوان مووساو هاڕوون لەلایەکو مەریەمی دایکی مەسیح لەلاکەی تر کردووە.

ئەوەش ئەوپەڕی بێئاگاییە لە قورئان کە ئەو باسانە نەزانرێنو تەنها باسی تەعبیرەکەی قورئان بکرێت ((ئەی خوشکی هاڕوون)). موفەسیرە کۆنەکان ئەوەیان زانیوەو زانیویشیانە ئەو تەعبیرە واتای ڕەچەڵەکی مەریەمە کە سەر بە لقەکەی هاڕوونە.

هەمان شتیش بۆ ناوبردنی مەریەم وەك کچی عیمڕان (عەمرام) עַמְרָם و کە هاڕوونو مووساش کوڕی عیمڕانن کە ئاشکرایە باس لە دوو عیمڕانە یەکێکیان عیمرانە کۆنەکەیەو ئەوەی تری باوکی مەریەمە، یان لە یەك کات مەبەستی لە هەردووکیان بێت.

سەیریشە عبدالفادی ناوی ئینجیلی لوقا (٣: ٢٣) دەبات وەك سەرچاوە بۆ ئەوەی کە گوایە مەریەم کچی (هالی)یە لەکاتێك لەو شوێنە نەسەبی مەسیح وتراوە کە کوڕی یووسفە کوڕی هالی کوڕی ... تاد تا دەگاتە یەهوودا کوڕی یەعقووبو لەوەش بۆ کۆنتر تا ئادەم. واتە ڕواڵەتی دەقەکە

پێمان دەڵێت هالی باوکی یووسفی دەزگیرانی مەریەم بوو نەك باوکی مەریەم کە ئەمەیان، واتە زنجیرەکە هی مەریەمو عیسایە، بۆچوونە نەك ڕواڵەتی دەقەکە (بڕوانە هەروەها پرسیاری تایبەت بە قسەکردنی مەسیح لە بێشکە). عبدالفادی ئاگای لە ئینجیلەکەی خۆشی نییە.

٩-زەکەرییا سەرپەرشتیی مەریەم دەکات

((إِذْ قَالَتِ امْرَأَةُ عِمْرَانَ رَبِّ إِنِّي نَذَرْتُ لَكَ مَا فِي بَطْنِي مُحَرَّرًا فَتَقَبَّلْ مِنِّي إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ * فَلَمَّا وَضَعَتْهَا قَالَتْ رَبِّ إِنِّي وَضَعْتُهَا أُنثَى وَاللّهُ أَعْلَمُ بِمَا وَضَعَتْ وَلَيْسَ الذَّكَرُ كَالأُنثَى وَإِنِّي سَمَّيْتُهَا مَرْيَمَ وِإِنِّي أُعِيذُهَا بِكَ وَذُرِّيَّتَهَا مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ * فَتَقَبَّلَهَا رَبُّهَا بِقَبُولٍ حَسَنٍ وَأَنبَتَهَا نَبَاتًا حَسَنًا وَكَفَّلَهَا زَكَرِيَّا كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا الْمِحْرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزْقاً قَالَ يَا مَرْيَمُ أَنَّى لَكِ هَذَا قَالَتْ هُوَ مِنْ عِندِ اللّهِ إنَّ اللّهَ يَرْزُقُ مَن يَشَاء بِغَيْرِ حِسَابٍ–ال عمران: **٣٥–٣٧**)).

قورئان باسی ژنی عیمڕان، کە دایکی مەریمە، دەکات کە سکی بە مەریەم پڕببوو و منداڵەکەی سکی، کە بەتەمابوو کوڕ بێت، بۆ خودای نەزر کرد. دواییش کە مەریەمی بوو خودا وایکرد زەکەرییا کەفالەتی بکات. هەر کاتێکش زەکەریا دەچووە میحراب لای مەریم دەیبینی خواردنی لایە. لێشی پرسی سەبارەت بەو خواردنە ئەویش وتی ئەوە لەلای خوداوەیە.

عبدالفادی دەڵێت ئەمە لەگەڵ ڕووداوەکانی مێژوو ناڕێکە چونکە مەریەم کچی عەمرام (بەپێی تەورات) نە شووی کردبوو و نە منداڵی ببوو. مەریەم خوشکی هاڕوونەو ناوی دایکی یۆکابد (یۆکێبێد، یۆخێبێد) יוֹכֶבֶד ـە. عبدالفادی لێرە ژنی عیمڕانی بە دایکی مووساو هاڕوون زانیوە ئەوەش تەنها لەبەر ئەوەی قورئان وتوویەتی (ژنی عیمڕان)، عیمڕانیش باوکی مووساو هاڕوونە، لەکاتێك قورئان لێرە مەبەستی لە دایکی مەریەمە کە دایکی مەسیحە (بڕوانە پرسیاری ٥ و ٥٣).

دوای ئەوە عبدالفادی دەنووسێت:

تاکە ئافرەتیش کە ئەوەی ناو سکی خۆی نەزر کردبوو حەننا חַנָּה ی دایکی صەموئێلی پێغەمبەر بوو. باسی ئەوەش نەهاتووە کە زەکەرییا لە هەیکەل لە ئورشەلیم دەژیا تا سەرپەرشتیی مەریەم بکات چونکە زەکەرییا خەڵکی (حێبرۆن) بوو و کاتێك دەچوو لە هەیکەل خزمەت بکات تەنها بۆ ماوەی پانزە ڕۆژ لە ساڵێك بە تیروپشك دەچوو (لوقا١: ٥-٤٠). کەسیش ناچێتە ناو میحراب یان تێی نامێنێتەوە جگە لە سەرۆکی کاهنەکان ئەویش ساڵی یەك ڕۆژ لە ڕۆژی گەورەی کەفارەتو بە خوێنی قوربانییەك بۆ ئەوەی کەفارەتی گوناهەکانی گەل بکات (١ ملوك٨: ٦ و و ٩: ١٦). زەکەرییاش سەرپەرشتیی مەریەمی نەکرد چونکە مەریەم سەر بە سیبتی یەهوودا بوو و زەکەرییا لە سیبتی لاوی بوو (عبرانيين٧: ١٤)، زەکەرییاش لە حێبرۆن دەژیاو مەریەم لە ناصیرە.

لەو شوێنەی عبدالفادی ئاماژەی بۆ دەکات کە مەریەم لە سیبتی یەهوودا بوو و زەکەریا لە سیبی لاوی بوو واتە (عبرانيين ٧: ١٤) تەنها باسی ئەوە کراوە کە مەسیح لە سیبتی یەهوودا بوو و باسی زەکەرییا نەکراوە، ئەوەش گرنگ نییە چونکە دەزانین زەکرییا لە سیبتی لاوی بوو لەبەر ئەوەی کاهن بوو، کاهنەکانیش لە سیبتی لاوی بوون. هەموو باسی (عیبرانییەکان)یش گرنگ نییە چونکە ئەوە قسەی پۆلسە. (عیبرانییەکان) بریتییە لە نامەکانی پۆلسە بۆ عیبرانییەکان (سەدەی یەکەمی زاینی) کە

هەندێك زانای مەسیحیی كۆن گومانیان هەبووە هـی پـۆلس بێـت یـان هـەر نووسینێكی تری نێردراوان بێت.[١٢٤]

ئەو بەشەش قسەی سەیرو سەمەرەی تێ هەیـە. لـەو بەشـە پـۆلس باسـی پادشایەك دەكات ئەویش مەلكی صادق (مەلكی تسێدێق) מַלְכִּי צֶדֶק كە ئیبراهیم دە یەكی لە هەموو شتێك دایە ئەویش بەرەكەتی لێ كرد (تەكوین ١٤: ١٨). پۆلس دەڵێت لاوییەكان دە یەك لە گەل وەردەگرن، بەڵام كاتێك لاوی لـە پـشتی ئیـبراهیم بـوو ئیـبراهیم دە یـەكی دا بـە مـەلكی صـادق (عبرانیین ٧: ٥–١٠). پۆلس دەڵێـت گوایـە خـودا بـە مەسـیحی وتـووە تـۆ كـاهنی تـا هـەتا لەسـەر پلـەی مـەلكی صـادق (عـبرانیین ٥: ٦). ئەمـەش شـتێكە لـە باسـەكە پـۆلس بـەڵام عبـدالفادی بـەو ڕسـتەیە ویـستوویەتی بیسەلمێنێت زەكەرییا سەرپەرشتیی مەریەمی نەكردووە. شایەنی وتنیـشە ئەگـەر بـەپێی ئـەو نامەیـەی پـۆلس بێـت پێویـستە پێـچەوانەی قـسەكەی عبدالفادی بێت، واتە لەبەر ئەوەی مەسیح كە كـوڕی مەریەمـە كاهـەنووتی هەیە ئەگەرچی لە سیبتی یەهوودایە هەروەكو كاهەنووتی زەكەرییا كە لـە سیبتی لاوی بوو دەكرێت زەكەرییا سەرپەرشتیی مەریەم بكـات وەك چـۆن ئیبراهیم (باپیری گەورەی لاوی) دە یەكی دا بە مەلكی صـادق كـە مەسـیح لەسەر پلەی ئەو بووە كاهن.

بەدەر لە پۆلسو نامەكەیو هەر سەبارەت بـە قـسەكەی عبـدالفادی گوایـە زەكەرییا كەفالەتی مەریەمی نەكردووە چـونكە زەكـەرییا لـە سـیبتی لاوی بوو و مەریەم لە سیبتی یەهوودا بوو، ئەو زانیارییـە هەیـە كـە ئەلیـصابات

[124] بڕوانـە: سـتیفن م. میلـر، روبـرت ف. هـوبر، تـاریخ الكتـاب المقـدس ص٦٩ ، هەروەها: ٩٤، ٩٧ ، مارتن لوتەریش بە ڕاستی نەزانیوە، ل ٢٠٩.

(ئێلیشێبەع אֱלִישֶׁבַע بە عیبری) ژنـی زەکـەرییا لـە کـچانی هـاڕوون بـوو، مێردەکەشی لە گرووپی ئەبییا بوو (لوقا ١: ٥)، کـە گرووپێکـی کاهنـەکان بوو، واتە هـەردوو لـە سـیبتی لاوی بـوونو ئەلیـصابات بـە خزمـی مەریـەم نـاوبراوە[١٢٥] و بـەم جـۆرە خزمایـەتی لـەنێوان زەکـەرییاو مەریـەم هـەبوو، ئەمەش هەموو ئەگەر نەکرێت کەفالەتی بکات لەبەر ئەوەی لە سیبتێکی تر بێت، بەڵام عبدالفادی ئەوەی نەوتووەو بەڵگەشی لەسەر نەهێناوە.

زنجیرە بنەماڵەی مەسیح لە مەتتاو لوقا هێندە جیاوازیی زۆریان هەیە کـە زۆر جار پەنا براوە بۆ گریمانـەی ئـەوەی یـەکێکیان هـی یووسـفەو ئـەوەی تریـان هـی مەریەمـە بـەڵام ئـەوە نارێکـە بـەوەی کـە باسـکراوەو کـە هەردووکیان ئاماژە بۆ یووسف دەکـەن، بـەڵکو هـەروەها دوورخـستنەوەی ئەوەی یەکێکیان هی مەریەم بێـت هـەر لەسـەرەتای لوقاوەیـە کـە وتـراوە مەریـەمی خزمـی ئەلیـصاباتی هاروونییـە، بـەڵام ئەگـەر واش بوترێـت کـە یەکێکیان هی مەریەم بێت ئەوانە کاتێك دانـران بیرۆکـە پـاکیزەیی مەریـەم نەبوو، کەواتە بۆ عەقیدەی پاکیزەیی ناچار بوون تـەعبیری ((وا زانرابـوو)) بخنە ناو قسەکە، بەڵام ئەگەر لە سەرەتاوە بـیر لـە تێخنینێکـی وا کرابێـت کەواتە بەهیچ جۆرێك زنجیرەی پشتەکان بایەخی نییە.[١٢٦]

سەبارەت بە باسـی میحـرابیش کـە عبـدالفادی ڕەخنـەی لێگرتـووە بڕوانـە پرسیاری ژمارە ١٠.

---

[125] ئینجیلی لوقا ئیصحاحی یەکەم: ٣٦. قسەکە لەسەر زمانی جبریلە کە مژدەکە بە مەریەم دەدات و دەڵێت هـەمان مـژدە دراوە بـە ئەلیـصاباتی خزمـت. گریمانەیـەکیش هەیـە کـە لەتـەرەفی دایکییـەوە لاوی بـووەو لـە تـەرەفی باوکییـەوە نـەوەی داوود (لـە سیبتی یەهوودا) بوو، بەڵام دەبوایە ئەمە باس بکرایە:

Paul W. Schmiedel, Mary, in; Encyclopædia Biblica, vol. III, col. 2957.

[126] **Paul W. Schmiedel, *ibid.*, cols. 2957-2958.**

١٠-دووركەوتنەوەی مەریەم

((وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ مَرْيَمَ إِذِ انتَبَذَتْ مِنْ أَهْلِهَا مَكَانًا شَرْقِيًّا * فَاتَّخَذَتْ مِن دُونِهِمْ حِجَابًا فَأَرْسَلْنَا إِلَيْهَا رُوحَنَا فَتَمَثَّلَ لَهَا بَشَرًا سَوِيًّا * قَالَتْ إِنِّي أَعُوذُ بِالرَّحْمَن مِنكَ إِن كُنتَ تَقِيًّا * قَالَ إِنَّمَا أَنَا رَسُولُ رَبِّكِ لِأَهَبَ لَكِ غُلَامًا زَكِيًّا * قَالَتْ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَلَمْ يَمْسَسْنِي بَشَرٌ وَلَمْ أَكُ بَغِيًّا * قَالَ كَذَلِكِ قَالَ رَبُّكِ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَلِنَجْعَلَهُ آيَةً لِلنَّاسِ وَرَحْمَةً مِّنَّا وَكَانَ أَمْرًا مَّقْضِيًّا-مريم: ١٦-٢١)).

عبدالفادی دەڵێت قورئان ناڵێت بۆچی مەریەم چووە شوێنێکی ڕۆژهەڵاتیو لە کەسوکاری خۆی دوورکەوتەوەو حیجابێکی دانا لەنێوان خۆیو ئەوان پێش ئەوەی مژدەی مەسیحی پێبدرێت. ئایا شەڕی بووە لەگەڵ کەسوکاری هەرچەندە بە تەقوا ناسرابوو؟ بۆچیش کچێك دوور لە کەسوکارییەوە دەژی هەرچەندە قورئان دەڵێت مەریەم لە میحراب بوو بە سەرپەرشتیاریی زەکەریبا؟ ئینجیلیش دەڵێت مەریەم لە ناصیرە بوو و دەزگیرانی یووسفی دارتاش بوو (لوقا١: ٢٦-٣٦).

* * * *

ئەمەش شایەنی قسەکردن نییە چونکە شتێك نییە لەو باسەی قورئان لە دوورکەوتنەوەی مەریەم جێگەی پرسیار بێت، کاتێکیش زەکەریبا کەفالەتی مەریەم دەکات ئەوە بەهیچ واتایەکی ئەوە ناگەیەنێت کە بەردەوام لای خۆی بووبێت، عبدالفادیش بەهەڵە لە هەبوونی مەریەم لە میحرابەکە تێدەگات چونکە وای داناوە میحرابەکە لەماڵی زەکەریبا یان

شوێنێك لەو جۆرە بێت. لە ئینجیلی سەرەتای یەعقووب کە یەکێکە لە ئینجیلەکانی ئەپۆکریفا باسی ئەوە کراوە کە دایکی مەریەم، کاتێك هێشتا مەریەم شەش مانگ بوو، میحرابێکی لە ژوورەکەی خۆی بۆ دروستکرد (انجیل البدایە لیعقوب ٦: ٢).[127] هەروەها تا تەمەنی گەیشتە دوانزە ساڵ لە هەیکەل مایەوە ئینجا یووسف هەڵبژێدرا بۆ کەفالەتکردنی (انجیل البدایە لیعقوب ٨–٩).

دیاریش نییە چوونی مەریەم بۆ ئەو شوێنە رۆژهەڵاتییە ماوەیەکی پێ چوو یان کەمی پێچوو ئینجا فریشتەکە چووە لایو مژدەی مەسیحی پێدا.

[127] ابوكريفا العهد الجديد ، ج١، ص٥٤

١١-مەریەم لە دەشتایی منداڵەکەی دەبێت و ئەم لەژێرییەوە قسەی لەگەڵ دەکات

((فَحَمَلَتْهُ فَانتَبَذَتْ بِهِ مَكَانًا قَصِيًّا (٢٢) فَأَجَاءهَا الْمَخَاضُ إِلَى جِذْعِ النَّخْلَةِ قَالَتْ يَا لَيْتَنِي مِتُّ قَبْلَ هَذَا وَكُنتُ نَسْيًا مَّنسِيًّا (٢٣) فَنَادَاهَا مِن تَحْتِهَا أَلَّا تَحْزَنِي قَدْ جَعَلَ رَبُّكِ تَحْتَكِ سَرِيًّا (٢٤) وَهُزِّي إِلَيْكِ بِجِذْعِ النَّخْلَةِ تُسَاقِطْ عَلَيْكِ رُطَبًا جَنِيًّا (٢٥) فَكُلِي وَاشْرَبِي وَقَرِّي عَيْنًا فَإِمَّا تَرَيِنَّ مِنَ الْبَشَرِ أَحَدًا فَقُولِي إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّمَ الْيَوْمَ إِنسِيًّا - مريم: ٢٢-٢٦)).

عبدالفادی دەڵێت: مەریەم لە (بەیت لەحم) عیسای بوو هەروەك چۆن پێغەمبەرانی تەورات سەدان ساڵ بەرلەوە پێشبینییان کردبوو نەك لە تەنیشت قەدی دارخورمایەك. مەریەم مەسیحی لە بەیت لەحم بوو و کۆرپەکەی لە گەورەکە دانا (لوقا٢: ١-٢٠) سەیریشە منداڵەکەی لەژێرییەوە قسەی لەگەڵ دەکاتو پێی دەڵێت قەدی دارخورماکە ڕابوەشێنێتو لە خورماکەی بخواتو ئاوی جۆگەکە بخواتەوە، ئەگەر کەسێکیش بەلای تێپەڕی پێی بڵێت نەزرم کردووە بۆ خودا بەڕۆژوو بمو قسە لەگەڵ هیچ مرۆڤێك نەکەم. ئیتر کوا ڕۆژوو لەکاتێك خورمای خواردووەو ئاوی خواردۆتەوەو قسەشی کردووە؟

* * * *

قورئان ئاشکرا باسی جۆری ئەو ڕۆژووە دەکات کە ڕۆژووە لە قسەکردن، گوناهی عبدالفادیشە لەوە تێناگات، خۆ ئەگەر ڕۆژوو بێت لە خواردنو

خواردنــەوە ئــەوە لــەدوای خــواردنی خورماکــەو خواردنــەوەی ئاوەکەیــە. ڕووژووگرتنی قسەنەکردنیش ناڕێك نییــە لەگــەڵ قورئــان کــە دەڵێــت ((فَإِمَّا تَـرَيِنَّ مِـنَ الْبَـشَرِ أَحَدًا فَقُولِي إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَنِ صَوْمًا فَلَنْ أُكَلِّـمَ الْيَـوْمَ إِنسِيًّا)) چونکە (قەول) لــە زمــانی عــەرەبی مــەرج نییــە بــە زمــان بێــت بــەڵکو هــەر ئاماژەیەك بە ئەندامێکی لەش کە واتایەکی هەبێت بە قەول ناو دەبرێت، بۆ نموونە کەسێك ئاماژەیەك بە دەستی دەکات ئەمەی بۆ بــەکاردێت: ((فقـال بيده هكذا))، قسەی مەریەمیش لەو جۆرەیە واتە ئامــاژەی بــۆ دەمــی کــرد کە ڕۆژووی لە قسەکردن گرتووە.

سەبارەت بەوەش کێ قسەی لەگەڵ مەریەم کــردووە ئــەوەیان دیــار نییــەو هەنــدێك بــە عیــسای دەزانــنو هەنــدێکی تــر بــە جبریلــی دەزانــن،[١٢٨] هــیچ موفەســیرێك قــسەی یەکلاکــەرەوەی نییــە، ئەگــەر گــرنگیش بوایــە قورئــان باسی دەکرد بەڵام لای قورئان قسەکە گرنگتر بوو لە قسەکەر.

[128] بڕوانە: تەفسیر ابن کثیر، ج ٥، ص ٢٢٤.

٤٠-هاجەر یان مەریەم؟

(هەمان پێنج ئایەتەکەی سوورەتی مریم لە پرسیاری ١١).

عبدالفادی ڕەخنە لە قورئان دەگرێت کە باسی هاجەری دایکی ئیسماعیل لە تەوراتی کردووە بە باسی مەریەم. ئایەتەکانی سوورەتی مەریەم دەڵێن کاتێك خەریك بوو مەریەم منداڵەکەی لای قەدی دارەخورماکە ببێت وتی خۆزگە پێشتر بمردمایە، ئیتر لە خوارەوە بانگی کرد خەفەت نەخۆی چونکە خوداکەت کانییەکی لەژێرتەوە داناوە، قەدەکەش بجووڵێنە خورمات بەسەر دەبارێنێ.

عبدالفادی دەڵێت ئەوە هاجەر بوو کە بۆ چۆڵەوانی هەڵهات بە خۆیو ئیسماعیلی کوڕییەوە، کاتێکیش تینووی بوو خودا کانییەکی بۆ ڕەخساند، بەڵام مەریەم نە بۆ چۆڵەوانی هەڵهاتو نە پێویستی بە ئاو بوو و نە لەژێر دارەخورما بوو.

* * * *

ئەمە تێگەیشتنێکی لارە چونکە قورئان باسی چۆڵەوانی ناکات. قورئان باسی شوێنێکی دوور دەکات. بەڵام ئایا مەریەم بەڕاستی قەت هەڵنەهاتبوو؟ بەپێی ئینجیل نەخێر" ئەوەتا لە ئینجیلی مەتتا مەریەم لەگەڵ یووسفی دەزگیرانیو کوڕەکەی بۆ میسر هەڵهاتن (مەتتا ٢: ١٣-١٥).

تەنانەت قورئان کە باسی ڕۆشتنی مەریەم بۆ شوێنێکی دوور پێش ئەوەی منداڵەکەی ببێت لەگەڵ لوقا گونجاوە کاتێك باسی ئەوە دەکات کە قەیسەر بڕیاری دا خەڵك ناونووس بکرێن، یووسفیش کە خەڵکی بەیت لەحم بوو مەریەمی بە سکپڕییەوە لەناصیرەوە بۆ بەیت لەحم لەگەڵ خۆی برد (لوقا ٢: ١-٦)، نێوان ناصیرەو بەیت لەحم زیاتر لە سەد کیلۆمەترە. کەواتە مەریەمی چووە شوێنێکی دوور لە کەسوکارییەوەو لەوێ منداڵەکەی بوو.

٤١-خوانێك له ئاسمان دانهبهزییوو

((إِذْ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَن يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ السَّمَاء قَالَ اتَّقُواْ اللّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ * قَالُواْ نُرِيدُ أَن نَّأْكُلَ مِنْهَا وَتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا وَنَعْلَمَ أَن قَدْ صَدَقْتَنَا وَنَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ الشَّاهِدِينَ * قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا أَنزِلْ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ السَّمَاء تَكُونُ لَنَا عِيداً لِّأَوَّلِنَا وَآخِرِنَا وَآيَةً مِّنكَ وَارْزُقْنَا وَأَنتَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ * قَالَ اللّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيْكُمْ فَمَن يَكْفُرْ بَعْدُ مِنكُمْ فَإِنِّي أُعَذِّبُهُ عَذَابًا لاَّ أُعَذِّبُهُ أَحَدًا مِّنَ الْعَالَمِينَ -المائدة: ١١٣-١١٥)).

عبدالفادی دهڵێت له ئینجیل نه قوتابییهكانی مهسیح داوای خوانێكی ئاسمانییان لیّ كردبوو و نه خوانێك له ئاسمان دابهزیبوو بهڵكو ئهو كهسانهی له چۆڵهوانی شوێنی مهسیح كهوتن بۆ ئهوهی ڕێنماییهكانی ببیستن زۆر لهگهڵی مانهوه، مهسیحیش نهیویست ئهوانه بهزمانی بهڕۆژووهوه بنێرێتهوه نهوهكو هێزیان لیّ ببڕێت ئیتر ئهوه بوو پێنج نانو دوو ماسیی هێناو بهرهكهتی بهسهر ئهو خواردنه ڕژاند ئهوانیش لێیان خواردو لێشی مایهوه. عبدالفادی دهڵێت ڕهنگه چیرۆكهكهی قورئان دهربارهی دابهزینی خوانێك له ئاسمان ئهنجامی خراپ تێگهیشتنه له ههندێك ئایهتی ئینجیل ئهگینا له چوار ئینجیلهكه باسی شیوی خودایی (العشاء الربانی) هاتووه كه مهسیح كردییه یادهوهرییهك بۆ لهخاچدانی.

* * * *

ئـەوەی عبـدالفادی باسـی دەكـات ڕووداوێكـی تـرە ئـەگینا لـە ئینجیـل ئاماژەیەك هەیە بۆ شیوی خـودایی (دواشـیو). لـە ئینجیلـی یوحـەننا دوای ئەم ڕووداوە كە موعجیزەی زۆركردنی خواردن بۆ خەڵكە زۆرەكە بوو و كـە نزیكەی پێنج هەزار پیاو بـوون بـۆ ڕۆژی دوایـی خـەڵكێكی زۆر چاوەڕێیان دەكـردو دوایـی كـە دۆزییانـەوە لێیـان پرسـی: چـی بكـەین بـۆ ئـەوەی كردارەكـانی خـودا بكـەین، یەسـووعیش وەڵامیدانـەوە: ((ئەمـە كـرداری خودایـە: بـاوەڕ بـەو كەسـە بكـەن كـە ناردوویـەتی)). پێیـان وت: ((چ نیشانەیەك دەكەی بۆ ئـەوەی ببیـنین‌و بـاوەڕت پێبكـەین؟ چـی دەكـەی؟ باوكانمان گـەزۆیان لـە چـۆڵەوانی خـوارد، وەك نووسـراوە: خـودا نـانی لـە ئاسمانەوە دانێ بۆ ئەوەی بخۆن)) (یوحنا ٦: ٢٨-٣١).

دواتریش مەسیح پێیان دەڵێت خۆی نانی ژیانە، هەركەسێك بـۆلای بـچێت برسیی نابێت‌و كـێ بـاوەڕی پـێ بهێنێـت قـەت تینـووی نابێـت (یوحنـا ٦: ٣٥)، پاشان وەڵامی جوولەكەكانی دایەوە كە ڕەخنـەیان لێگرتبـوو كاتێك وتبووی منم ئەو نانەی لە ئاسمان دابەزی: ئەو كەسـەی بـاوەڕم پێبهێنێـت ژیـانێكی هەتاهـەتایی دەژی، مـنم نـانی ژیـان، باوكانتـان گـەزۆریان لـە چـۆڵەوانی خـواردو مـردن.. پاشـان دەڵێـت نانەكـە لاشـەمە كـە بـۆ ژیـانی جیهـان دەیبەخـشم (یوحنـا ٦: ٤١-٥١)، پاشـان: ((ئەگـەر لاشـەی كـوڕی مرۆڤ نەخۆن‌و خوێنەكەی نەخۆنەوە ژیانتان تـێ نییە، ئـەو كەسـەی لاشـەم بخوات‌و خـوێنم بخواتـەوە ژیـانێكی هەتاهـەتایی هەیـە)) (یوحنـا ٦: ٥٣-٥٤).[١٢٩]

[129] خـواردنی لەتـە نانەكـەو خواردنـەوەی شـەراب بـەپێی ئـەو بـاوەڕە سـرووتێكی مەسیحییەو یەكێكە لـە حـەوت نهێنییـەكانی كەنیسـەی كـاتۆلیكی‌و دوو نهێنییەكـەی

تێبینی بکە کە لە ئینجیلی یوحەنا باسی خواردنی لاشەی مەسیحو خواردنەوەی خوێنەکەی دوای باسی بەرەکەت خستن لە ماسیو نانەکە بۆ ئەو خەڵکە زۆرە، بەڵام باسەکەی لە ئینجیلە لەیەکچووەکان، واتە مەتتاو مەرقوسو لوقا دواترەو لە جەژنی فصح (فیصح)ـە، (پێسەح פֶּסַח) بووە، کە جەژنی جوولەکەیە بەبۆنەی دەرچوونیان لە میسرو ڕزگاربوونیان.[130]

کەواتە لە ئینجیلی یوحەننا باسی خواردنی لاشەی مەسیحو خواردنەوەی خوێنەکەی لەمیانەی دواشیو یاخود شیوی خودایی نەکراوەو باسی لاشەو خوێنی مەسیح لەو شوێنە، واتە لە باسی موعجیزەی زۆرکردنی خواردن، باسی دواشیو لاواز دەکات، بەم شێوەیەش ناتوانین دواشیو بە ڕووداوێکی مێژوویی ڕاستەقینەو بێ گومان بزانین.

عبدالفادی بۆ دواشیو ئاماژە بۆ هەر چوار ئینجیلەکە، بە ئینجیلی یوحەنناوە (یوحنا ١٣: ١—٣٠)، دەکات، بەڵام ئەمەیان جیاوازە لەبەر ئەوەی لە سێ ئینجیلەکەی تر ڕووداوەکە لەکاتی جەژنی فیصح بوو و لە یوحەننا پێش جەژنەکە قوتابییەکانی بینی (یوحنا ١٣: ١). لەوەی یوحەنناش تەنها باسی کاتی خواردنی ئێوارە کراوە (یوحنا ١٣: ٢)، باسی

کەنیسەی پرۆتستانتیو پێی دەوترێت ئەفخارستیا Eucharist یان نهێنی قوربانیی پیرۆز. بەپێی زۆربەی مەزهەبە مەسیحییەکان نانەکە بەڕاستی دەبێتە لاشەی مەسیحو شەرابەکە بەڕاستی دەبێتە خوێنی مەسیح. مەزهەبی تری مەسیحیەت ئەوە بە هێمایەکو بەیادکردنەوە دەزانن.

[130] لە مەتتا باسی چیرۆکی بەرەکەتی خواردنەوە لە ئیصحاحی ١٤ـەو باسی خواردنی لاشەکەیو خواردنەوەی خوێنەکەی لە ئیصحاحی ٢٦ـە، لە مەرقوس دوو چیرۆکی لەیەکچووی دوو کاتی جیاواز لە ئیصحاحی ٦ و٨، باسی لاشەو خوێنەکەش لە ئیصحاحی ١٤ ـە، لە لوقا چیرۆکەکە لە ئیصحاحی ٩یەو لاشەو خوێنەکە لە ئیصحاحی ٢٢ـە.

نانخواردنیش نەکراوە تەنها لە دوو بڕگە: یەکەمیان کاتێك مەسیح دەڵێت: ئەوەی نانم لەگەڵ دەخوات پاژنەی خۆی لەدژم بەرزکردەوە (یان: لەدژم وەستا) (یوحنا ١٣: ١٨)و ئەو بڕگەیەی پەیوەندیی بە یەهوودای سکاریۆتەوە هەیە کە مەسیحی ڕادەستی جوولەکە کرد ئەویش کاتێك مەسیح دەڵێت یەکێکتان ڕادەستم دەکات، یەکێکیش لە قوتابییەکانی لە باوەشی دەبێتو لەسەر داوای قوتابییەکی تر لێی دەپرسێت کێیە ئەویش دەڵێت ئەو کەسە نانەکەی بۆ تێهەڵدەسووموو دەیدەمێ ئینجا مەسیح ئەوە دەکاتو دەیداتە یەهوودا (یوحنا ١٣: ٢١-٢٦). ئیتر ئەو باسانە ماڵئاواییو ئامۆژگارینو کۆبوونەوەکە نانخواردنێکی تەقسی نەبوو، لەوەی باسیشمان کرد زیاتر باسی نانخواردنی لەخۆنەگرتووەو باسی لاشەو خوێنی مەسیحی نەکردووە.

٥٣-له بێشكه قسه دەكات

((وَيُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلاً وَمِنَ الصَّالِحِينَ-آل عمران: ٤٦)).

((إِذْ قَالَ اللّهُ يَا عِيسى ابْنَ مَرْيَمَ اذْكُرْ نِعْمَتِي عَلَيْكَ وَعَلَى وَالِدَتِكَ إِذْ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ الْقُدُسِ تُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلاً *وَإِذْ عَلَّمْتُكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ وَإِذْ تَخْلُقُ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ بِإِذْنِي فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِي وَتُبْرِئُ الأَكْمَهَ وَالأَبْرَصَ بِإِذْنِي وَإِذْ تُخْرِجُ الْمَوتَى بِإِذْنِي وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَنكَ إِذْ جِئْتَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ إِنْ هَذَا إِلاَّ سِحْرٌ مُّبِينٌ*- المائدة: ١١٠)).

((فَأَشَارَتْ إِلَيْهِ قَالُوا كَيْفَ نُكَلِّمُ مَن كَانَ فِي الْمَهْدِ صَبِيًّا -مريم: ٢٩)).

عبدالفادی دەڵێت بەپێی ئینجیل مەسیح لە حیکمەتو باڵاو نیعمەت گەشەی دەسەند (لوقا٢: ٥٢) بۆیە ڕووینەدابوو مەسیح لە بێشکە قسەی کردبێت (قسەی عبدالفادی تەواو).

* * * *

ئەگەر سەرچاوەش نەبێت بۆ قسەکردنی مەسیح لە بێشکە عەقڵ ئەو قسەکردنە (یان هەر موعجیزەیەکی تری لەو جۆرە) دەخوازێت چونکە چۆن تۆمەت لەسەر دایکی لابچێت ئەگەر منداڵێکی ئاسایی بێت؟[131] ئەی

---

[131] لە ئینجیلی ناقانوونیی مەتتا (ئیصحاحی ١٢) یووسف و مەریەم سرووتێك دەکەن (خواردنەوەی ئاوی تاقیکردنەوەی خوداوەندو حەوت جار ڕۆشتن بەدەوری مەزبەحی هەیکەل) کە ئەگەر درۆزن بن نیشانەیەك لە دەموچاویان دەردەکەوێت. ئەوان سرووتەکەیان کردو هیچ نیشانەیەك دەرنەکەوتو ئەوە بوو بەڵگەیەك بۆ بێتاوانییان:

بۆچی جوولەکە بەپێی شەریعەتی خۆیان سزای ڕەجمیان بەسەر مەریەم نەسەپاند؟ بەپێی شەریعەتی جوولەکە سزای بەردباران بۆ چەند کەسێك هەیە: ئەو کەسەی ژنێکی هێناو کاتێك چووە لای رقی لیّ هەڵگرتو تۆمەتی خستە پاڵی ئەگەر تۆمەتەکە درۆ بوو پیاوەکە سزا دەدرێت بەڵام ئەگەر قسەکەی راست دەرچوو تا مردن بەردباران دەکرێت (تثنية ٢٢: ١٣-٢١)، پیاوێکیش ئەگەر لەگەڵ ژنێکی مێردار بنوێت هەردوکیان بەردباران دەکرێن (تثنية ٢٢: ٢٢)، حاڵەتێکی تریش کە نزیکە لە حاڵەتەکەی مەریەم ئەوەیە پیاوێك لەگەڵ ئافرەتێکی دەزگیراندار بنوێت ئەگەر لە شار بوو هەردوکیان بەردباران دەکرێن چونکە ئافرەتەکە دەیتوانی هاوار بکات بەڵام ئەگەر لەناوی کێڵگە بوو تەنها پیاوەکە بەردباران دەکرێت چونکە ئافرەتەکە هاواری کردبوو و کەس گوێی لیّ نەبوو (تثنية ٢٢: ٢٣-٢٧).

عبدالمسیح بسیط، ابوکریفا العهد الجدید، .ص ١١١، د. ابراهیم سالم الطرزي، ابوکریفا العهد الجدید، الکتاب الاول،ج١، ص ٩٥-٩٦. لە ئینجیلە قانوونییەکان شتێك نییە بۆ بەڵگە لەسەر بێتاوانیی مەریەم جگە لە چەند شتێکی ناڕاستەوخۆ وەك هاتنی مەجووسەکان کە هاتن بۆ لای پادشای جوولەکە چونکە ئەستێرەکەیان لە رۆژهەڵات بینیبوو (مەتتا٢: ١ بەدواوە)، لە لوقا فریشتەی خودا قسە لەگەڵ چەند شوانێك دەکاتو مژدەی مەسیح دەدات (لوقا٢: ٨-٢٠)، دواتر خواناسێك بەناوی سیمعان داوای بەرەکەت بۆ منداڵەکە دەکاتو مژدە دەدات کە دەبێتە ڕزگاریو شکۆمەندی (لوقا٢: ٢٥-٣٥)، پێغەمبەرێکی ئافرەتیش بەناوی حەننا کچی فەنوئیل باسی مەسیحی کردووە(لوقا٢: ٣٦-٣٨) کە هیچ لەمانە بەس نەبوون وەك نیشانەیەکی خودایی بۆ بێتاوانیی مەریەم، سەبارەت بە دوو ئینجیلە قانوونییەکەی تریش واتە مەرقوسو یوحەننا ئەو دوانە باسی منداڵێتیی مەسیح ناکەن.

ئینجیلی بەردەستمان ئەوەی بە قسەیەکی سەیر چارەسەر کردووە ئەویش ئەوەیە لای خەڵك یووسفی دەزگیرانی مەریەم لای خەڵك باوکی منداڵەکە بوو:

لە لوقا هاتووە کە کاتێك عیسا دەستی پێکرد (واتە دەستیکرد بە وەعزو بانگەوازو موعجیزە) تەمەنی دەوروبەری سی ساڵ بوو.. دوای ئەوەش پشتەکانی دەژمێرێت تا ئادەمو بەم جۆرە: کوڕی یووسف[١٣٢] کوڕی هالی[١٣٣]... تاد(لوقا ٣: ٢٣–٣٨)، لە ئینجیلی مەتتاش: یەعقووب یووسفی لێ بوو ئەویش پیاوەکەی مەریەمە کە یەسووعی لێ بوو (مەتتا ١: ١٦).

ئەمە بەشێکی گەورەی چیرۆکی عیسا لەبنەوە هەڵدەتەکێنێت چونکە یەکەم موعجیزەی عیسا لە ئینجیل بریتی بوو لەوەی بێ باوك هاتۆتە بوون، کاتێکیش خەڵك وادەزانن کوڕی یووسفە موعجیزەکە هیچ واتایەکی نامێنێت. خۆ ئەگەر باسی باوەڕەکەیان بکەین کە کوڕی خودایە ئەو کاتە گرفتەکە لە بێواتاییەوە دەچێتە خانەی نامەعقوولی لەبەر ئەوەی

---

[132] ژمارەیەك وەرگێڕان وەك ڕوونکردنەوەی قسەکە ڕستەی : (وەك خەڵك وایاندەزانی) دەخاتە ناو کەوانەوە بەنیشانەی ڕوونکردنەوەی وەرگێڕە بەڵام وەرگێڕانی تر ڕستەکە دەخاتە ناو قسەکە بێ کەوانە بەجۆرێك وا تێدەگەی لە خودی قسەی ئینجیلی لوقایە. بۆ وەرگێڕانە جیاوازەکانی ئەمە (بۆ ئینگلیزی) تەماشای ئەم لینکە بکە:
http://www.biblegateway.com/passage/?search=Luke+3%3A23

[133] دەقەکە ڕوونە کە هالی باوکی یووسفە، بەڵام تەفسیرێك دەڵێت باوکی مەریەمە: قاموس الکتاب المقدس، ص ١٩٥٨. بەڵام باسی پشتەکانی یووسف کە باوکی عیسا نییە شتێکی بێمانایە بۆیە ئەو بۆچوونە لەڕاستتر دەچێت کە زنجیرەی پشتەکان هی مەریەمە.

ئیددیعای ئەوەی کوڕی خودایە نامەعقوول دەبێت لەگەڵ هەبوونی باوکێکی بەشەری.

لەوەش ناچێت ئیسرائیلییەکان باوەڕیان بە باوکێتیی یوسسف هەبووبێت، باوەڕیشیان بە لەدایکبوونە موعجیزەکەیان نەکردبوو بۆیە ئاساییە تۆمەتی زینای بدەنە پاڵ مەریەم چونکە باوکی دیار نەبوو، بەڵام بەهۆی شتێکی نادیارەوە نەیاندەتوانی ئەوە بسەلمێنن تا سزای بدەن، چیش لە موعجیزەیەك شیاوترە ئەو شتە نادیارە بێت؟ قورئان ڕێکە کاتێك باسی قسەی جوولەکە لەبارەی مەریەمەوە دەکات: ((وبکفرهم وقولهم علی مریم بهتانا عظیما- النساء:١٥٦))، واتە وتنی بوهتانێکی گەورە بەرامبەر مەریەم، لەوەشەوە قسەکردنی مەسیح بەساوایی لەگەڵ ڕووداوەکە ڕێکە.

ترس لە کوشتنی مەریەم بە ئاشکرایی لە ئینجیلی یەعقووب، کە بە ئەپۆکریفا زانراوە، هەیە ئەویش کاتێك یووسف دەزانێت مەریەم سکی پڕ بووەو دەگریو لەخۆی دەپرسێت ئەگەر گوناهەکەی بشارێتەوە دژی شەریعەتی خودا دەوەستێتو ئەگەر ئابڕووی بەرێت دەترسێت ئەوەی سکی فریشتەیەك بێتو ئەو کاتە خوێنێکی بێتاوان بداتە دەست سزای مردن.[١٣٤]

ترسی یووسفیش کە مەریەم ئابڕووی بچێت لە ئینجیلە قانوونییەکەی مەتتاش هەیە، پێویستیشی کرد فریشتەی خودا لە خەو پێی بڵێت مەریەم تاوانی نەکردووەو باسی چۆنێتیی سکپڕبوونەکەی بۆ بکاتو فریشتەکە بەڵگەی لە پەیمانی کۆن بۆ بهێنێتەوە (مەتتا ١: ١٨-٢٣)

---

[134] عبدالمسیح بسیط، ابوکریفا العهد الجدید، .ص ٨٧، د. ابراهیم سالم الطرزي، ابوکریفا العهد الجدید، الکتاب الاول،ج١، ص ٨٥.

بەڵام بەپاڵ حوکمی عەقڵو مەنتق ئینجیلی تر هەن ئەگەرچی ئەوانیش بەهەمان شێوە بە ئەپۆکریفا دانراون باسی قسەکردنی مەسیح بە ساوایی دەکەن. یەك لەو دەقانە پێی دەوترێت ئینجیلی عەرەبیی منداڵێتیی کە کەنیسە بە هەڵبەستراوی دەزانێت. لەو ئینجیلە (ئیصحاحی ١) مەسیح لە بێشکە قسەی لەگەڵ دایکی کردووە.[135] دەقێکی تر کە پێی دەوترێت ئینجیلی ناقانوونی(ئەپۆکریڤا)ی مەتتا مەسیح تەمەنی دوو ساڵ دەبێتو قسە لەگەڵ ئەژدیهاکان دەکات.

ڕەنگە ئەم پرسیارە بکرێت: ناشێت پێغەمبەری ئیسلام زانیارییەکانی لە ئینجیلی منداڵێتیی عەرەبی، کە باسی قسەکردنی مەسیحی کردووە، وەرگرتبێت؟

ئەوەی ئەو ئیحتمالە ڕەت دەکاتەوە ئەوەیە هیچ شتێکی ئەو ئینجیلە، کە باسی منداڵێتیی مەسیح دەکات، لە قورئان باس نەکراوە هەرچەندە بەشی زۆر باسی موعجیزەکانی مەسیحە. لەکۆی ٥٥ ئیصحاحی تەنها سێ موعجیزەی ناو قورئان باسکراون: چاککردنەوەی گولیو زیندووکردنەوەی مردوویەكو دروستکردنی چۆلەکە بە قوڕ و بەخشینی گیان پێیان. هەروەها ئەو موعجیزانە لە قورئان بەناو باسکراون بێ هیچ وردەکارییەك وەك لەوەی لەو ئینجیلە هاتوون. جگە لەوەشو وەك لە قورئان دیارە ئەو موعجیزانە لەکاتی گەورەیی مەسیح کران نەك بە منداڵی وەك لەو ئینجیلە باس کراون. موعجیزەیەکی تر کە چاککردنەوەی نەخۆشییەك بوو تووشی چاوی منداڵەکان دەبوو جیاوازە لە موعجیزەی قورئان چونکە ئەوەی

---

[135] عبدالمسيح بسيط، ابوكريفا العهد الجديد، .ص ١٣١، د. ابراهيم سالم الطرزي، ابوكريفا العهد الجديد، الكتاب الاول،ج١، ص ١١٥.

قورئان چاککردنەوەی چاوی کوێری زگماکە. بەهەر حاڵیش موعجیزە یەکەم و دووەم بەشێوەی تر لە ئینجیلە قانوونییەکان باسکراون. بەم جۆرەش ئەو ئینجیلە زۆر لە باسەکانی قورئانەوە دوورەو ناتوانرێت بە سەرچاوەی موعجیزەی قسەکردنی مەسیحی ساوا بزانرێت.

٥٤-له قورِ باڵنده دروست دهكات

((*إِذْ قَالَ اللّهُ يَا عِيسى ابْنَ مَرْيَمَ اذْكُرْ نِعْمَتِي عَلَيْكَ وَعَلَى وَالِدَتِكَ إِذْ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ الْقُدُسِ تُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلاً وَإِذْ عَلَّمْتُكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ* وَإِذْ تَخْلُقُ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ بِإِذْنِي فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِي وَتُبْرِىءُ الأَكْمَهَ وَالأَبْرَصَ بِإِذْنِي *وَإِذْ تُخْرِجُ الْمَوتَى بِإِذْنِي وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَنكَ إِذْ جِئْتَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ إِنْ هَذَا إِلاَّ سِحْرٌ مُّبِينٌ*- المائدة: ١١٠)).

((*وَرَسُولاً إِلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ* أَنِّي قَدْ جِئْتُكُم بِآيَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ أَنِّي أَخْلُقُ لَكُم مِّنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ فَأَنفُخُ فِيهِ فَيَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِ اللّهِ *وَأُبْرِئُ الأكْمَهَ والأَبْرَصَ وَأُحْيِي الْمَوْتَى بِإِذْنِ اللّهِ وَأُنَبِّئُكُم بِمَا تَأْكُلُونَ وَمَا تَدَّخِرُونَ فِي بُيُوتِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَةً لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ*-آل عمران: ٤٩)).

ئايەتەكانی قورئان باسی موعجیزەیەكی مەسیح دەكەن كە باڵندەی بە قوڕ دروست دەكردو بە فەرمانی خودا گیانی دەكرد بە لەشیانو دەیكردن بە باڵندەی زیندوو. عبدالفادی دوای هێنانەوەی ئەو ئایەتانە دەڵێت: موسڵمانان دەڵێن مەسیح بەمنداڵی باڵندەی لە قوڕ دروست دەكرد، مەسیحییەكانیش باوەڕیان ئەوەیە مەسیح وشەی خودایەو ئەو بوو ((هەموو شتێك بەو بوو، بە غەیری ئەویش هیچ شتێك لەوەی بوو نەببوو- یوحنا ١: ٣)). كاتێكیش مەسیح بوو بە جەستە ٣٠ ساڵ مایەوە پێش

ئەوەی وەعز بکاتو موعجیزەکانی لێ بوەشنەوە (لوقا ٣: ٢٣).. (قسەی عبدالفادی تەواو).

* * * *

ئایەتەکانی قورئان ئاشکران کە دروستکردنی باڵندەکان لە کاتی گەورەییو پێغەمبەرایەتییەکەی بوو نەك کاتی منداڵی. باسنەکردنی ئەو موعجیزەیەش لەو ئینجیلانە بەڵگە نییە کە کە نەکرابوو. مەسیح موعجیزەی زۆری نواندبوو کە هەموویان لە ئینجیلەکان باس نەکراون وەك دوایەمین ئایەتی ئینجیلی یوحەننا ئاشکرای دەکات کاتێك دەڵێت: ((شتی زۆری تری کردبوو کە ئەگەر یەك بە یەك بنووسرێن باوەڕ ناکەم کە جیهان خۆی کتێبە نووسراوەکان لەخۆ بگرێت– یوحنا ٢١: ٢٥)). لە کۆتایی ئیصحاحی پێشتریش: ((نیشانەی زۆری تریش کە یەسووع لەبەردەم قوتابییەکانی کردنی لەم کتێبە نەنووسراون– یوحنا ٢٠: ٣٠)).[١٣٦]

باسی دروستکردنی باڵندەی قوڕو زیندووکردنیان لەکاتی منداڵیی مەسیح لە ئینجیلە ئەپۆکریفەکان هاتووە. لە ئینجیلی ئەپۆکریفای مەتتا (ئیصحاحی ٢٧)[١٣٧] باسی ئەوە کراوە کە لە منداڵییەوە، کە تەمەنی چوار

[136] هەرچەندە ئەمەی دواییان لە باسی گەڕانەوەی مەسیحو خۆدەرخستنی بۆ قوتابییەکانی باس کراوە، بەڵام لەو باسە هیچ نیشانەیەك نەوتراوە جگە لەوەی شوێنی بزمارەکانی لەخاچدانەکەی پیشاندان بەجۆرێك دەقەکە تەنها ئەوە هەڵدەگرێت کە نیشانەکان بریتی بن لەوانەی لە ڕۆژی یەکەمەوە کردنی.

[137] بڕوانە: عبدالمسیح بسیط، ابوكريفا العهد الجديد، .ص١٢٠–١٢١، د. ابراهيم سالم، ابوكريفا العهد الجديد، الكتاب الاول ، ج١، ص١٠٤.

ساڵ بوو[١٣٨]، ئەوەی دەکرد، هەمان شتیش لە ئینجیلی ئەپۆکریفای تۆما بەڵام بە پێنج ساڵی[١٣٩] هەروەها ئینجیلی عەرەبیی منداڵێتی ئەویش کاتێك حەوت ساڵی تەمەنی تەواو کرد (ئیصحاحی ٣٦ و ٤٦).[١٤٠] کەواتە باسێك لەو جۆرە هەبووە لەدەرەوەی ئینجیلە قانوونییەکان.

بینیمان عبدالفادی پشت بە ئینجیلی یوحەننا دەبەستێت بۆ ڕەتکردنەوەی ئەوەی مەسیح باڵندەی لە قوڕ دروست دەکرد ئەو کاتەی منداڵ بوو، وتیشمان قورئان باسی منداڵیی نەکردووە، بەڵام گریمان مەسیح موعجیزەی وا بە منداڵی کردبێت ئەوە کارێکی پێویستە بۆ ئەو دوو ڕستەیەی ئینجیل یوحەننا، واتە: ((هەموو شتێك بەو بوو،[١٤١] بە غەیری ئەویش هیچ شتێك لەوەی بوو نەببوو))، هەروەها بۆ رستەکانی پێشتر: سەرەتا وشە بوو، وشە لای خودا (یان لەگەڵ خودا) بوو، خودا وشە بوو.. چونکە ئەگەر وابێت پێویستە مەسیح لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونییەوە موعجیزە بنوێنێت نەك ئەو کەسەی کە هەموو شتەکان لەڕێگەی ئەوەوە دروست ببوون چاوەڕێ بکات تا تەمەنی سی ساڵی بۆ ئەوەی مژدە بکاتو وەعز بکاتو موعجیزە بنوێنێت.

---

[138] وا دەردەکەوێت لە باسەکەی ئیصحاحی ٢٦ هەرچەندە بۆ دروستکردنی چۆلەکەکان نەوتراوە تەمەنی چەند بووە.

[139] بڕوانە: عبدالمسیح بسیط، ابوکریفا العهد الجدید، .ص٩٦، د. ابراهیم سالم، ابوکریفا العهد الجدید، الکتاب الاول ، ج١، ص٦٥، ص ٧٢-٧٣، ص٧٧-٧٨.

[140] عبدالمسیح بسیط، ابوکریفا العهد الجدید، .ص١٤٦ و ١٥٠، د. ابراهیم سالم، ابوکریفا العهد الجدید، الکتاب الاول ، ج١، ص١٣١ و ١٣٥.

[141] ئەو ڕستەیەی عبدالفادی هێناویەتی بە چەند جۆرێك وەرگێڕدراوە: خودا هەموو شتێکی لەڕێگەی ئەوەوە دروست کرد، خودا هەموو شتێکی لەڕێگەی وشەوە دروستکرد، هەموو شتێك لە دەستی ئەو بوون، ئەو هەموو شتەکانی دروست کرد...

٥٥-باوەڕنەهێنان بە لەخاچدانی مەسیح

((وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِن شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُواْ فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلاَّ اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا * بَل رَّفَعَهُ اللّهُ إِلَيْهِ وَكَانَ اللّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا - النساء: ١٥٧- ١٥٨)).

عبدالفادی دەڵێت: بۆچی قورئان لەخاچدانی مەسیحو کوشتنی لەسەر دەستی جوولەکە ڕەتدەکاتەوە هەرچەندە جوولەکە ددان بەوە دەنێنو مەسیحییەکان تەئیکدی لەسەر دەکەنو شانازیی پێوە دەکەن؟ سەرتاپای ئینجیلیش باسی لەخاچدانی مەسیحەو مژدەدانە بە مەسیح وەك فیداکاری مرۆڤایەتی. لە قورئانیش دەیان ئایەت هاتوون کە قورئان تەوراتو ئینجیل پشتڕاست دەکاتەوە، قورئانیش لە شوێنی تر باسی مردنی مەسیحو هەڵسانەوەیو بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان دەکات[١٤٢]، ئینجا، بەپاڵ ئایەتەکانی سەرەوە، ئەم ئایەتانە دەنووسێت:

١-((إِذْ قَالَ اللّهُ يَا عِيسَى إِنِّي مُتَوَفِّيكَ وَرَافِعُكَ إِلَيَّ)).

[142] لێرە وەڵامی ئەوە بەدوورودرێژی نادەینەوە کە قورئان باسی مردنی مەسیحو هەڵسانەوەی نەکردووە چونکە واتای وشەی (متوفيك) دیار نییە مردنە یان بردنەوەی بێ مردنە. سەبارەت بە بەرزبوونەوەی، یان ڕاستتر بەرزکردنەوەی، ئەوەیان لە قورئان هاتووە.

تەواوکردنی ئایەتەکەش: ((وَمُطَهِّرُكَ مِنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ وَجَاعِلُ الَّذِينَ اتَّبَعُوكَ فَوْقَ الَّذِينَ كَفَرُواْ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ ثُمَّ إِلَيَّ مَرْجِعُكُمْ فَأَحْكُمُ بَيْنَكُمْ فِيمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ – آل عمران: ٥٥)).

٢–((فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ)).

سەرەتای ئایەتەکەش: ((مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلاَّ مَا أَمَرْتَنِي بِهِ أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ –المائدة: ١١٧)).

هەروەها:

((وَالسَّلَامُ عَلَيَّ يَوْمَ وُلِدتُّ وَيَوْمَ أَمُوتُ وَيَوْمَ أُبْعَثُ حَيًّا – مريم: ٣٣)).

عبدالفادی دەڵێت:

ئایا سەیر نییە کەسێك پاش شەشسەد ساڵ بێتو لەخاچدانی مەسیح بەڕاست نەزانێت؟ ڕووداوی لەخاچدان ڕاستییەکی مێژووییە ڕۆماییەکانو یۆنانەکانو جوولەکەو مەسیحییەکان تۆماریان کردبوو. لە مەجمەعی (نیقیە)ش کە ساڵی ٣٢٥ سازدرا ئوسقوفەکان یاسای باوەڕیان نووسی کە لەخاچدانی مەسیح بۆ ڕزگاریی مرۆڤ پشتڕاست دەکاتەوە، ئەویشە ئەو یاسایەی کە هەموو مەسیحییەك لە هەموو کەنیسەیەك لە هەموو شوێنو سەردەمێك دەیخوێننەوە. شوێنەوارەکانی مەسیحییەکانیش لە بیست سەدە ڕابوردووەکە نیشانەکانی خاچیان پێوەیە ئیتر چۆن کەس مێژوویێتیی لەخاچدان بەڕاست نازانێت؟ (قسەی عبدالفادی تەواو).

* * * *

سەرەتا پێویستە مەجمەعی نیقیە نەکرێتە بەڵگە لەسەر ئاینی مەسیح لەبەر ئەوەی کۆدەنگیی مەسیحییەکان لەسەر ئەو بڕیارەی مەجمەعەکە

نەبوو.[١٤٣] مەجمەعەکەش لە بناغەوە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان بوو و بەتایبەتی سەبارەت بە بیروباوەڕەکانی (ئاریوس)، واتە ناکۆکییەکە هەبووە. سەبارەت بە لەخاچدانیش دیسان بڕیارەکەی مەجمەعەکە، کە سێ سەدە لە دوای دیارنەمانی مەیسح سازدرا، نابێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی خودی مەسیح بوو کە لەخاچدرا، بەڵکو ناشبێتە بەڵگە لەسەر ڕووداوی لەخاچدانەکە خۆی.

لەخاچدانی مەسیح

عبدالفادی دەڵێت: ڕووداوی لەخاچدان ڕاستییەکی مێژوویییە ڕۆماییەکانو یۆنانەکانو جوولەکەو مەسیحییەکان تۆماریان کردبوو. ئێمەش دەڵێین خۆ ئەگەر دەیان سەرچاوەی وا باسی لەخاچدان بکەن هیچ لەمانە بایەخەیان نییە ئەگەر لەلایەن کەسانێکەوە نەنووسرابن کە بۆ خۆیان ئاگاداری ئەو ڕووداوە بووبن[١٤٤] چونکە باسکردنی ڕووداوەکە بە تەنها بەس نییە بۆ سەلماندنی لەبەر ئەوەی بۆی هەیە ئەو سەرچاوانە باسی ڕووداوەکەیان لە خەڵکەوە وەرگرتبێت، بەم جۆرەش هەموو مەسەلەکە وای لێ دێت: کەسێك لە خاچ درا کە وازانرابوو مەسیحە، ئەو باسەش لەناو خەڵك بڵاوببووەوە، دواتریش مێژوونووس و نووسەر هاتوون ئەو ڕووداوەیان باس کردووەو کەسیان شایەتحاڵ نەبوون، تەنانەت شایەتحاڵی خودی مەسیحیش نەبوون.

---

[143] بڕوانە دەقەکە کە بە یاسای باوەڕی پێ وترا لە: د. حنا جرجس الخضري، تاريخ الفكر المسيحي، ص ٦٣١.

[144] مەبەستمان لێرە نووسینە مێژووییەکانە ئەگینا گوایە یوحەننا ئاگای لە مەسیحو لەخاچدانی بوو، بەڵام کێ دەتوانێت بەدڵنیاییەوە بڵێت یوحەننا کەسێکی ڕاستەقینە بووە یان خۆی ئەو ئینجیلەی نووسیبوو؟

بـەڵام گومانـەکان لـە ڕووداوی لەخاچـدان گـەورەترن چـونکە گومـانێکی گەورەتر هەبووە ئەویش کە بەڕاستی مەسـیح هـەبووبێت بۆیـە ئـەو جـۆرە سەرچاوانە نەك تەنها بۆ سەلماندنی ڕووداوی لەخاچدان بەڵکو لـەوە زیـاتر وەکو بەڵگە لەسەر هەبوونی مەسیح دەهێنرێنەوە.

قسەکەی عبدالفادیش کاتێك دەڵێت: سەیرە پاش شەشسەد سـاڵ کەسـێك بێتو لەخاچدانەکە بەدرۆبخاتەوە ڕەخنەیەکـە ئاڕاسـتەی خـۆی دەبێتـەوە چونکە ئەگەر بیوتایە پاش شەش ساڵ ڕەخنەکەی مەعقوول دەبوو چونکە ماوەکە کەمەو ئیحتمالی تێخنینی درۆ کەمترە لـە مـاوەی شەشـسەد سـاڵ کـە ئەمـەیان ماوەیـەکی زۆرە بـەجۆرێك بەئاسـانی درۆکـان دەچـنە پـاڵ ڕاستییەکان. دووبارەکردنەوەی زانیارییەکیش بـۆ مـاوەی شەشـسەد سـاڵ نابێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی زانیارییەکە ڕاستە وەك چۆن دووبارەکردنەوەی چـیرۆکی مردنـی (تـەمموز)و گەڕانـەوەی لـە بـەهاران، وەك دواتـر باسـی دەکەین، بۆ ماوەی سەدان ساڵ نەبۆتە بەڵگە بۆ ڕاستێتیی ئەو چیرۆکە.

ئێمـە دەتـوانین لێـرە بوەسـتین چـونکە ئەمـە بەسـە بـۆ وەڵامدانـەوەی قسەکانی عبـدالفادی بـەڵام لەگـەڵ باسـی لەخاچـدانو فیـدا[١٤٥] دەڕۆیـن بـۆ ئەوەی خوێنـەر بزانێـت چـۆن شـەپۆلەکانی دەریایـەکی گومـان یـاری بـەو باوەڕە دەکەنو چۆن مرۆڤ لەدوای خوێندنەوەی زیاتر لەبارەیانـەوە خـۆی لـەناو چ گێـژاوێك دەبینێـتو بـەم جـۆرە دەزانێـت ئـەو بـاوەڕە لەسـەر چ بناغەیەك دروستکراوە.

---

[145] وشەی عەربیی فیدا (الفداء) کە بۆ ئەم مەبەستە بەکاردێت لەجیاتیی قوربـانی یـان قوربانیدان بـەکاردەهێنین بـۆ ئـەوەی ئـەو واتـا تایبەتـەی بـدەینێ کـە لـە بیربـاوەڕی مەسیحیی هەیە.

نموونــه لەســەر سەرچــاوەی مێــژوویی کــە گوایــە باســیان لەخاچــدانی مەسیحیان وەك ڕووداوکی مێژوویی کردووە ئەمانەن:

سەرچـاوەیەکی ڕۆمـایی لەوانـە هـی وتاربێـژو کاربەدەسـتو مێژوونووسـی ڕۆمـایی تـاکیتوس Tacitus ـە، دەوروبـەری (٥٦ — ١٢٠)ی زایـنی، ئـەویش کتێبی ساڵنامەکانو لەمیانەی باسی سـووتانی شـاری ڕۆمـا لـە سـەردەمی ئیمپراتۆرەکــەی، واتــە نــیرۆنو دوای باســی ڕووداوەکــەو دوای باســی هۆکارەکەی کـە دیـار نییـە ئەگـەر ڕووداوێکـی نـەخوازراو بووبێـت یـان بـە نەخشەی ئیمپراتۆر و کە نووسەران باسی هەردووکیان کردبـوو (کتـێبی ١٥ : ٣٨)[١٤٦]، تاکیتوس دەڵێت کە بۆ نەهێشتنی ئەو بـاوەڕەی کـەوا ئاگرەکـە بەهۆی فەرمانێکەوە بووە نیرۆن گوناهەکەی خستە سەر توێژێك کە پێیـان دەوترێــت مەســیحییەکانو ئەشــکەنجەیەکی باشــی بەســەر ســەپاندن. تــاکیتوس دەڵێــت ئــەم نــاوە، واتــە مەســیحییەکان، بــەهۆی خریــستوس (مەســیح) Christus ـەوە بــوو کــە تووشــی ســزایەکی ســەخت بــوو لــە سەردەمی تیبێریـوس لەسـەر دەسـتی پۆنتـوس پیلاتـوس کـە یەکێکـە لـە نوێنەرەکانمان (کتێبی ١٥ : ٤٤).[١٤٧] کەواتە نەك تـەنها کـاتی لـەدایکبوونی تاکیتوس بـەڵکو خـودی دەقەکـەش ئاشـکرایە کـە باسـی ئاکـامی مەسـیح دووبارەکردنەوەی قسەیەکی بڵاوە، سەرباری ئەوەش نە باسی کوشتنو نە لەخاچدانی نەکردووە.

نموونەیەکی تر مێژوونووس فلاڤیوس جۆسیفوس Flavius Josephus ـە کە بە ڕەچەڵەك جوولەکە بوو و دوایی چووە پاڵ ڕۆماییەکانو کە لە کتێبێکـی

[146] The Annals of Tacitus, p.301.
[147] *ibid*, p.304.

خۆی باس مەسیحو لەخاچدانیو هەڵسانەوەی دەکات،[١٤٨] هەروەها ئەو دەقەی لای مەسیحییەکان بۆ هەبوونی مەسیح گرنگەو بە (شایەتیی فلاڤیانی) ناسراوە، بەڵام گومان لەو باسە کراوەو لێکۆڵەرەوەکان وای بۆچوون کە یان باسەکە لەلایەن مەسیحییەکانەوە لەو کتێبە تێخنراوەو یان باسەکە هەیە بەڵام مەسیحییەکان دەستکارییان کردووە چونکە جۆسیفوس بەگەورەیی باسی مەسیح دەکاتو وەکو کەسێك باوەڕی بە مەسیح هەبێت وەسفی دەکات لەکاتێك ئەو کە جوولەکە بوو و دوای بەشداریکردنی لە شۆڕشی جوولەکەکان دژی ڕۆما خۆی دا بەدەستەوەو چووە پاڵ ڕۆماییەکان.

ناوبردنێکی تری مەسیح لەلایەن جۆسیفوسەوە هیچی لەخۆ نەگرتووە چونکە باسی بەسەرهاتێکی کورتە، کە دوای مەسیح بوو، ئەویش لەبارەی برای مەسیحەوەیەو بەم جۆرەیە: برای ئیسوس (عیسا) کە (ئەمیان) پێی دەوترا مەسیح.[١٤٩] بەم شێوەیەو لە کتێبێکی بیست بەرگی سەبارەت بە مێژووی جوولەکە لە دروستبوونی بوونەوەرە تا جەنگی یەکەمی جوولەکەو ڕۆما (کە ساڵی ٦٦ ی زایینی دەستیپێکردو جۆسیفوس لەو شۆڕشە یەکێك بوو لە سەرکردە جوولەکەکان) جۆسیفوس تەنها لەم دوو نموونەیە باسی مەسیح دەکات کە یەکێکیان جێگەی گومانە.

---

[148] جۆسیفوس مەسیح بەوە وەسف دەکات کە پیاوێکی دانا بوو ئەگەر ڕەوا بێت پێی بڵێین پیاو (واتە مرۆڤ) و شتی نایابی کردبوو و مامۆستا بوو و ڕاستیی فێر دەکردن.. بۆ دەقەکە بڕوانە:

Flavius Josephus, The Antiquities of the Jews, Book 18, Ch. 3, Section 3.

[149] **Flavius Josephus, *op. cit.*, Book 20, Ch. 9, Section 1.**

نووسەری تریش ثاللوس Thallus ی سامیرییە[150] ئەویش لەبارەی رۆژگیران لە رۆژی لەخاچدانی مەسیح، بەڵام ئەمەشیان جێگەی گومانە چونکە کتێبەکەی ثاللوس فەوتاوەو کەسی تر قسەکەی لێ وەرگرتووە ئەویش جولیوس ئەفریکانوس Julius Africanus (نووسەرێکی مەسیحیی سەدەی سێیەم)و ڕەخنەی لێ گرتووە کە ئەو ڕۆژگیرانەی بە دیاردەی سروشتی ناوناوە نەك موعجیزە چونکە ئەو کاتە مانگ تەواو بوو و رۆژگیران لەکاتی مانگی تەواو ناگیرێت.[151] کەواتە ثاللوس باسی رۆژگیرانی کردووە نەك مەسیحو ئەمە لە ئەفریکانوسەوە هاتووە.[152] ئەمەش جگە لە گومان دەربارەی ئەو کاتەی ثاللوس ئەوەی نووسیبوو کە گوایە ساڵی ٥٢ ی زاینی بووەوئەمە لە ڕاست ناچێت بەڵکو زۆر لەوە دەچێت لە سەدەی دووەم بووبێت.[153]

بەم شێوەیە ئەگەر بەدوای ئەو ئیددیعایانە بچین کە سەرچاوە مێژووییەکان باسی لەخاچدانی مەسیحیان کردووە هیچمان دەستناکەوێت،[154] شتی راستەقینەش دەستبکەوێت گرنگ نییە چونکە

---

[150] د. حنا جرجس الخضري، تاريخ الفكر المسيحي، ص ٣٤١ هەروەها ص ١٥٤ بەڵام بێ باسی مەسیح.

[151] **Richard Carrier, Thallus and the Darkness at Christ's Death, p.186.**

[152] ***ibid*., p.187.**

[153] ***ibid*., pp.188-189.**

[154] بەپاڵ ئەوەی بەڵگەی مێژوویی لەسەر چیرۆکی لەخاچدان نییە دەبینین کە حاڵی چیرۆکی هەڵسانەوەی مەسیح لەوە خراپترە. سەرباری ئەو حاڵە خراپەی چیرۆکی لەخاچدان کەچی کاتێك ئەوان دێنە سەر چیرۆکی هەڵسانەوە دەڵێن ڕووداوی لەخاچدان دەتوانرێت لەڕووی مێژووییەوە بسەلمێنرێت بەڵام ئەمە بۆ هەڵسانەوە ئاسان نییە، بڕوانە ئەم سەرچاوە کە چۆن باسی کێشە مێژووییەکانی لەخاچدانو دواتر باسی هەڵسانەوە دەکات: تاريخ الفكر المسيحي، ص ٣٥٤–٣٥٥.

وەك باسمان كرد مێژوونووس باسی شتێكی كردووە بەو شێوەیەی لە خەڵكی بیستووە واتە لە خەڵكی بیستووە مەسیح لەخاچدراوە.

ئەمەیان بۆ سەرچاوە ڕۆمايييەكان، بۆ سەرچاوەی جوولەكەش ئەو لەخاچدانە لە تەلموود هاتووە،[155] بەڵام لەخاچدانەكە بەشێوەیەكی جیاواز لەوەی ئینجیلەكان باسكراوە. كەواتە ڕاستە جوولەكە ددان بەوە دەنێن كە میسیحیان لەخاچداوە، بەڵام ئەمە قسەی خۆیانەو ئەو گومانە دەمێنێتەوە كە ئایا بەڕاستی ئەو كەسەی لەخاچدرا مەسیح بوو یان كەسێكی تر.

قورئان ئەوە تەئكید دەكاتەوە كە جوولەكە دەڵێن مەسیحیان كوشتووە بەڵام نە كوشتبوویانو نە لەخاچیان دابوو بەڵكو وایانزانیبوو ئەوەیان كردبوو: ((وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا الْمَسِيحَ عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ اللّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَكِن شُبِّهَ لَهُمْ وَإِنَّ الَّذِينَ اخْتَلَفُواْ فِيهِ لَفِي شَكٍّ مِّنْهُ مَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِلاَّ اتِّبَاعَ الظَّنِّ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا –النساء:١٥٧)) كە عبدالفادی خۆی ئەو ئایەتەی هێناوەتەوە.

موفەسیرەكانی قورئان سەبارەت بە ڕستەی (ولكن شبه لهم) دەڵێن كەسێكی هاوشێوەی مەسیح بووە كە لەخاچدراوەو چەند گێڕانەوەیەك بۆ ئەمە دەهێننەوە كە زۆرتریان بەم جۆرەن: مەسیح بە قوتابييەكانی وت: كامتان خودا وەكو شێوەی منی لێدەكاتو دەكوژرێتو دوایی دەبێتە هاوڕێم لە بەهەشت، ئیتر یەكێكیان ئەوەی قبووڵ كردو ئەویان گرتو لەخاچیان دا.[156] لە گێڕانەوەیەكی ئیبنو ئیسحاقو پاش باسكردنی ئەوە، كە لە مەسیحییەكی وەرگرتبوو كە ببووە موسڵمان، پاش باسی

[155] بڕوانە: تاريخ الفكر المسيحی، ص ١٤٨.

[156] تفسير ابن كثير، ج٢، ص٤٤٨–٤٥٢.

خۆکوشتنی یەهوودای سکاریۆت (یهوذا الاسخریوطي)ش کە بە (یودس زکریا یوطا) ناوی دەبات دەڵێت: هەندێك نەصرانی دەڵێن ئەو کەسەی شێوەی بووە شێوەی مەسیح (یودس زکریا یوطا)[157] بوو ئەوانیش لەخاچیان دا ئەویش دەیوت: من ئەو نیم، من ئەو کەسەم کە شوێنەکەیم پێ پیشان دان.[158]

بەچاوپۆشینیش لە دروستیی ئەو گێڕانەوەیەش" گێڕانەوەکە[159] گرنگە چونکە ئیبنو ئیسحاق لە سەدەی هەشتەمی زاینی ژیاوەو بەم شێوەیە لەو کاتە ئەو باسە هەبووە. گرنگیی ئەو گێڕانەوەیەش لەوەیە کە شێوەکەی لەو گێڕانەوەیە دەچێت کە لەو ئینجیلەی بە ئینجیلی بارنابا[160] ناسراوە باس کراوە.

لەو ئینجیلە وتراوە کە یەهوودای سکاریۆت پاش ئەوەی پێش دوژمنەکان کەوت بۆ شوێنی مەسیح شێوەکەی گۆڕاو وەکو ئەوی لێ هات ئەوانیش بە

---

157 دیارە (یودەس)ـە کە شێوەی (یوداس)ی یۆنانییە.

158 تفسیر الطبري، ج٩، ص ٣٧٤ ، تفسیر ابن کثیر، ج٢، ص ٤٥٢.

159 تەبەری لە محمد بن حمید الرازی لە سلمة بن الفضل لە ابن اسحاق گێڕاویەتییەوە. جیاوازی لەبارەی موحەممەد کوڕی حومەیدەوە هەیە لەنێوان (ثقة)و (درۆزن)، بڕوانە: الحافظ المزی، تهذیب الکمال، ج ٢٥، ٥١٦٧، ص٩٧-١٠٨. ڕەنگە نزیکترین بۆچوونیش لە ئینسافەوە قسەیەکی یەحیا کوڕی مەعینە کە ئیبنو حومەید جێگەی متمانەیەو کێشەکە خۆی نییە بەڵکو ئەو فەرموودانەی لە شێخەکانییەوە وەریاندەگرێت (ل ١٠١). لە پەراوێزی موحەققیقی کتێبەکەش هاتووە: بەپێی ترمذي بۆچوونی بوخاری لەبارەیەوە باش بوو پاشان لاوازی کرد (پەراوێزی ٥، ل١٠٧). ئەو ڕوایەتەش لە شێخەکەییەوەیە، واتە سلمة بن الفضل الابرش کە زۆرینە لاوازیان کردووە: تهذیب الکمال، ج١١، ٢٤٦٤، ص٣٠٥-٣٠٩.

160 جگە لە ئینجیلی بارنابا نامەکانی بارنابا هەن کە پەیوەندییان بەو ئینجیلەوە نییە.

مەسیحیان زانیو گرتیان (برنابا ٢١٦: ١–٩)، دواییش لە خاچدراو ئەو هەر نکۆڵیی لەوە دەکرد کە مەسیحە (برنابا ٢١٧)[١٦١]. ئیتر بەدەر لە دروستیی گێرانەوەکەی ئیبنو ئیسحاقو لە ڕاستیی ئینجیلی بارنابا ئەوە بڕە ڕاستییە دەمێنێتەوە کە قسەیەکی وا هەیەو ئەو ئیحتیمالەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردو کە لە ئینجیلی بارنابا هەیە، واتە لەیەکچوونەکە بریتی بووە لەوەی یەهوودای سکاریۆت شێوەی گۆڕاو بووە شێوەی مەسیح، لەناو موسڵمانان زۆر کەمتر ناسرابوو و ئەوەی زۆرتر پەسەند کرابوو ئیحتمالەکەی تر ئەویش کە یەکێك لە حەوارییەکانی مەسیح لەسەر داوای خۆی چووە سەر شێوەی مەسیح.

کێشەو موناقەشەی زۆریش هەبووە لەبارەی ئینجیلی بارنابا، کە نوسخەی ئیتاڵیی هەیە کە وەرگێڕدراوە بۆ ئینگلیزیو نوسخەی ئیسپانیی هەبوو کە ون بووە[١٦٢]. نوسخە ئیسپانییەکە لەسەری نووسرابوو کە لە ئیتاڵییەوە وەرگێڕدراوە[١٦٣] کەسێکیش لە ساڵی ١٥٧٥ ئەم ئینجیلەی کۆپی کردووە یان دایهێناوە.[١٦٤]

بەپێی بڵاوکراوەی عەقیدەیی گێلاسیوس Gelasian Decree ئینجیلی بارنابا یەکێکە لە ئینجیلە قەدەغەکان، ئەگەر سەردەمی ئەو بڵاوکراوەیەش وەك بەشێوەیەکی گشتی پێشنیار کراوە سەدەی پاش پاپا

---

[161] بۆ ئەمانە بڕوانە وەرگێڕانی ئینگلیزیی ئەسڵە ئیتاڵییەکە:
Lonsdale and Laura Ragg, The Gospel of Barnabas, p.417ff.
هەروەها وەرگێڕانە عەرەبییەکە:
انجيل برنابا، ت. د. خليل سعادة، ص ٣١٣ بەدواوە.

[162] **Lonsdale and Laura Ragg, The Gospel of Barnabas, p.x.**

[163] ***ibid*, p.xi.**

[164] ***ibid*, p.xliii.**

گێلاسیوس بووبێت ئەو کاتە ئەمە دەبێتە شایەتییەك بۆ مانەوەی ئەو ئینجیله تا کاتی موحەممەد.[١٦٥]

(مارگۆلیۆث)ی رۆژهەڵاتناس، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەو ئینجیلە لای موسڵمانان نەناسراو بوو ئەویش وەکو وەڵامی ئەو قسەیەی دەڵێت ئەو ئینجیله لای عەرەب ناسرابوو، سێ لە زانا ئیسلامییەکانیش ناو دەبات[١٦٦] کە ئەو ئینجیلەیان نەناسیوە هەرچەندە لەبارەی مسیحییەتەوە نووسیویانە: کۆنترینیان ئیبنو حەزم (٤٥٦ی کۆچی مردووە) لە کتێبی الفصل في الملل والاهواء والنحل، ئەوەی تر ئیبنو تەیمیە (٧٢٨ی کۆچی مردووە) لە (الجواب الصحیح لمن بدل دین المسیح)، هەروەها لێکۆڵینەوەکەی ابو الفضل السعودي کە ٩٢٤ی کۆچی نووسراوەو لەسەر بناغەی کتێبی ابو البقاء صالح الجعفری بوو. بەپاڵ ئەمانەش بیبلیۆگرافیای حاجی خەلیفە (١٠٦٧ك- ١٦٥٦-٧ ز) هیچ ئاماژەیەکی بۆ هیچ ئینجیلێکی لەم جۆرە، بە زمانی عەرەبی، نەکردووە.[١٦٧]

کورتەی هەموو باسەکانی سەرەوەش بەم جۆرە دەبێت:

-قورئان ناڕاستەوخۆ پیلانی جوولەکە بۆ لەخاچدانی مەسیح باس دەکات بۆیە ڕووداوی لەخاچدان ڕاستە بەڵام ئەوەی لەخاچدرا مەسیح نەبووەو

---

[165] *ibid*, p.xlv.

[166] مارگۆلیۆث پشت بە لیستی (شتاینشنایدەر)ی رۆژهەڵاتناس دەبەستێت بۆ ئەمەو ناوبردنی سێ زانا کە کتێبی ئەوانە ئەو کاتە چاپکرابوون، واتە نموونەکان لەوە زیاترن.

[167] ibid, p.xlviii.

ابو الفضل السعودي خاوەنی کتێبی (المنتخب الجلیل من تخجیل من حرّف الأنجیل)ـە کە هەڵبژاردەی کتێبی (تخجیل من حرّف الانجیل)ـە لە نووسینی ابو البقاء صالح بن الحسین الجعفري.

جوولەکـە وايـانزانيبوو ئـەو بـووە، بـەم جـۆرەش ڕووداوی لەخاچـدانی بەدرۆنەخـستۆتەوە وەك عبـدالفادی دەڵێـت بـەڵکو لەخاچـدانی خـودی مەسیحی بەدرۆخستۆتەوە.

–هەوڵدان بۆ ئەوەی لەخاچدانی مەسیح بە بەڵگەی مێـژوویی بسەلمێنرێت سەرکەوتوو نييـە چـونکە هـەر کەسـێك باسـی کردبێـت شـايەتحاڵ نـەبووە بەڵکو قسەکەی لە خەڵکی تر وەرگرتووە.

–ئەوەی وەکو بەڵگەی مێـژوویی لەسـەر لەخاچـدان هێنراوەتـەوە جێگـەی گومانە.

–نـاکۆکی لـەنێوان مەسـيحييەکان لـەبارەی کۆتـايی مەسـيحەوە هـەبووە: ((وَإِنَّ الَّـذِينَ اخْتَلَفُـواْ فِيـهِ لَفِـي شَـكٍّ مِّنْـهُ مَـا لَهُـم بِـهِ مِـنْ عِلْـمٍ إِلاَّ اتِّبَـاعَ الظَّـنِّ))، جوولەکەش خۆيان لەوە دڵنيا نەبوون کە مەسيحيان کوشتووە: ((وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًا)). ئێستاش کـە باسـی بـاوەڕی فيـدا دەکـەين دەزانـين بۆچـی ڕەوايـە گومان لەوە بکەين مەسيح بوو کە لەخاچ درابوو.

فيدا و چوار ئينجيلەکە

باوەڕی فيدا باوەڕێکی گەورەی مەسيحييەتە. باوەڕەکە بە کورتی ئەوەيـە مەسـيح کـە لـەخاچ درا هـەڵگری گوناهـەکانی مرۆڤايـەتی بـوو و ئـەو لەخاچدانەی کەفارەتی گوناهەکانمان بووە. ئەمـەش وەك وتمـان بـەکورتی ئـەگينا وردەکـاريی تـری هـەنو باوەڕەکـە لـەوە ئـاڵۆزترەو لـە خـوارەوە هەندێك لەو وردەکارييانە باس دەکەين.

قسەکەی عبدالفادی کە گوايـە ((سـەرتاپای ئينجيلـيش باسـی لەخاچـدانی مەسيحەو مژدەدانە بە مەسيح وەك فيداکاری مرۆڤايەتی)) هەڵەيـە چـونکە سـەرتاپای ئينجيـل باسـی ئـەوە نييـە. لەخاچـدانەکە بەشـێکە، بەشـێکی

بچووکیشه، له باسەکانی ئینجیلەکان، ئەوەش دیارە بۆ هەر کەسێك ئەو ئینجیلانەی خوێندبێتەوە. دیسانەوەش سەرتاپای ئیجیل باسی فیدا نییە، بەڵکو ئاماژەکان بۆ فیدا تەنها لە چەند شوێنێك هەن، دەشڵێین ((ئاماژە)) ئەگینا لە هیچیان بەشێوەیەك باس نەکراوە یەکلاکەرەوە بێت. تەرکیزکردن لەسەر لەخاچدانو هەڵسانەوەو فیدا لە ئینجیل کاری کەنیسە بوو نەك خودی ئینجیلەکان.

ئەوەی باوەڕی فیدا دەخاتە گومانەوە ئەو هاوارەی مەسیحە لەسەر خاچ لە ئینجیلی مەتتاو مەرقوس: ((خوداکەم، خوداکەم، بۆچی جێتهێشتم؟)) (مەتتا٢٧: ٤٦، مرقس١٥: ٣٤). لە ئینجیلی یوحەنناش دیسان قسەیەك هەیە کە مەسیح لەسەر خاچ دەیڵێتو هی کەسێکی ئاساییە لەسەرە مەرگ: ((پاشان یەسووع بینی کە هەموو شتێك تەواو بوو ئیتر بۆ ئەوەی کتێبەکە تەواو بێت وتی: تینوومە))[١٦٨] (یوحنا١٩: ٢٨)، قسەیەکی تریش کە ڕێك پێش مردنیو هی کەسێك نییە لەبەر فیدا لەخاچ درابێت: ((یەسووع بەدەنگێکی بەرز هاواری کردو وتی: باوکە! گیانی خۆم بە دوو دەستی تۆ دەسپێرم)) (لوقا ٢٣: ٤٦).

ئەوەی لە ئینجیل هاتووە تەئکیدکردنە لەسەر باوەڕهێنانی خودی مرۆڤەکەیە وەك ڕێگەی ڕزگاری. ئەوە لە هەر چوار ئینجیلەکە دەبینرێت، وەك نموونەش لە ئینجیلەکانی مەتتاو مەرقەس و لوقا ئامۆژگارییەکەی مەسیح بۆ قوتابییەکانی هاتووە: ئەو کەسەی دەیەوێت بەدوام بێت با

---

[168] وەرگێڕانی تر بۆ ئەمە هەیە وەك (وەرگێڕانی ژیانی نوێ) کە وەرگێڕانێکی پیتاو پیت نییە: یەسووع زانی کە ئێستا هەموو شتێك تەواو بوون. هەموو شتێك بەو شێوەیە ڕوویان دا کە نووسینە پیرۆزەکان وتبوویان ڕوو دەدەن. ئەو وتی: تینوومە.

خاچـەکەی هـەڵگرێتو شـوێنم بکـەوێت (مـەتتا١٦: ٢٤، مـەرقس٨: ٣٤، لوقا٩: ٢٣). یان لە یوحەننا: ئـەو کەسـەی گویٚ بـۆ قـسەکانم دەگرێـتو باوەڕ بەو کەسە بهێنێت کە ناردمی ژیـانێکی هەتاهـەتایی هەیـە (یوحنـا٥: ٢٤)، زۆری تریش لەو جـۆرە، بـەڵام باسـی فیـدا، واتـە مەسـیح بـۆ فیـدای جیهان لەخاچ درا، ئاشکرا نییە لەبەر ئەوەی هـەموو باسـەکان بـەپاڵ فیـدا ئـەو تەفـسیرەش هەڵـدەگرن کـە مردنـی مەسـیح قوربانییەکـە لـەپێناوی گەیاندنی پەیامەکە بووە (وەك چۆن پێغەمبەرانی پێشتر هەمان قوربانییان دابوو) نەك بە مردنی ئەو گوناهەکانی ئەوان بسڕێتەوە.[١٦٩]

ئەگەر تەماشای باسەکانی فیدا لە ئینجیلەکان ئەمانە دەبینین:

مەسیح لە دواشیو نانەکە دەداتە قوتابییەکانیو دەڵێت ئەمە لاشەکەمە کە لـەجیاتی ئێـوە دەبەخـشرێت، بـۆ پەرداخەکـەش دەڵێـت ئـەم پەرداخـە پەیمانی نوێیە بە خوێنەکەم کە بۆ ئێوە دەڕێژرێت (لوقـا ٢٢: ١٩—٢٠)،[١٧٠] ئەمە نەك تەنها بۆی هەیە واتـای قوربانیـدان بـۆ گەیانـدنی پەیامەکـە بێـت بـەڵکو واتایـەکی بچووکتریـشی هـەبێت ئـەویش قوربانیـدانی مەسـیحە بـۆ

---

[169] لەبارەی عەقیدەی فیداوە وتراوە کە مەسیح کاتێك بۆ گوناهەکانی مرۆڤ لەخاچ درا خۆی بوو بە گوناه وەك پۆلس دەڵێت: ((خودا ئەو کەسـەی گونـاهی نـەکردبوو کردیـە گوناه لەبەر ئێمە بۆ ئەوەی ئێمە ببینە چاکەی خـودا لـەو))!! (٢کـۆرنثـوس ٥: ٢١). کـاریش دەگاتـە ئـەوەی لـەبارەی ئـەو قـسەیەی مەسـیح، واتـە ((خوداکـەم، بۆچـی جێتهێشتم؟)) بوترێت کە خودا غەزەب لە مەسیحی لەخاچدراو دەگرێـت کـە نوێنـەری مرۆڤایەتی گوناهکارە، ئەو مرۆڤایەتییەی حوکمی مردنی بەسەر دراوە، بڕوانـە: تـاریخ الفکر المسیحی، ص ٣٥٨ ئەویش لە قسەیەکی کارل بارت کە لاهوتییەکی ناودارە.

[170] لە ئینجیلی مەرقوس باسی خوێنەکەی دەکات کە بـۆ زۆرێـك دەبەخـشێت (مـرقس ١٤: ٢٤)، لە ئینجیلی مەتتاش کە نوێترەو پشتی بەسـتووە بـە مـەرقوس هـەمان شـت هەیەو تەعبیری (بۆ سڕینەوەی گوناهەکان)ی بۆ زیادکراوە (متی ٢٦: ٢٨).

ئەوەی قوتابییەکانی سەلامەت بن وەك چۆن لە ئینجیلی یوحەنناو کاتێك بۆ گرتنی مەسیح دەچن مەسیح پێیان دەڵێت: پێم وتن من ئەوم، ئەگەر منتان دەوێت با ئەمانە (واتە قوتابییەکانی) بڕۆن، ئینجا نووسەری ئینجیلەکە دەڵێت: ((ئەویش بۆ ئەوەی ئەو قسەیە جێبەجێ بێت کە کردبووی: ئەو کەسانەی بە منت دان کەسیانم لەناونەبرد))(یوحنا ١٨: ٨).

هەروەها باسی دوو قوتابییەکە کە مەسیح گوایە پاش هەڵسانەوەی لە مردن قسەی لەگەڵ کردن‌و سەرەتا نەیانناسییەوەو کاتێك لێی پرسین باسی چی دەکەن وتیان باسی ڕووداوەکانی تایبەت بە یەسووع دەکەین دواییش دەڵێن: بەتەمابووین ئەو فیداکاری ئیسرائیل بێت (لوقا ٢٤: ١٣ بەدواوە). تێبینیش بکە ئەو کەسەی وەڵامی دەداتەوە بەم جۆرە باسی مەسیح دەکات: مرۆڤێکی پێغەمبەری بەتوانا لە کردارو گوفتار بوو لەبەردەم خوداو هەموو گەل.

دوای ئەوەش بۆ یانزە قوتابییەکەی دەرکەوت‌و قسەی بۆ کردن‌و یەکێك لە قسەکانی ئەوە بوو کە نووسرابوو مەسیح ئازار بچێژێت‌و لە مردووان لە سێیەم ڕۆژ هەڵسێت و *بەناوی ئەوەوە* بانگەوازی سڕینەوەی گوناهەکان بۆ هەموو میللەتان بکرێت (لوقا ٢٤: ٤٧). دیاریشە ئەمە بەڕاشکاوی فیداکاری نییە بەڵکو چەمکی گشتیی سڕینەوە گوناهەکانی میللەتانە لەڕێگەی ناوی مەسیحەوە نەك لەڕێگەی فیداکارییەکە.

لە ئینجیلی مەرقوس[١٧١] کە بە کۆنترین ئینجیل لە چوار ئینجیلەکە زانراوە ئەمە هەیە:

---

[171] دوو نووسەری کتێبی مێژووی کتێبی پیرۆز دەڵێن کە لە دەستنووسە کۆنەکان ئینجیلی مەرقوس کتوپڕی بە باسی ئەو ئافرەتانەی لای گۆڕە بەتاڵەکەی مەسیح

چونکە کوڕی مرۆڤ هەروەها بۆ ئەوە نەهاتووە خزمەت بکرێت بەڵکو بۆ ئەوەی خۆی خزمەت بکاتو بۆ ئەوەی خۆی وەك قوربانییەك بۆ زۆر خەڵك ببەخشێت (مرقس ١٠: ٤٥)، کە دیسانەوە ئەو واتایەی قوربانییەش هەڵدەگرێت کە لەسەرەوە باسمان کرد، واتە خۆبەختکردن لەپێناوی گەیاندنی پەیامەکە.

فیداکارییەکە لە یۆحەنناش هەیە بەڵام دیسان مانای تر هەڵدەگرێت. با تێبینیی ئەوەش بکەین کە ئینجیلی یۆحەننا جیاوازییەکی زۆری هەیە لە سێ ئینجیلەکەی تر. ئەگەر لەو ئینجیلانەش مەسیح بە نموونە قسە دەکات دەبینین لە یۆحەننا قسەکردن بە نموونە دواتر دێتو لە سەرەتا ئەو قسانەی مەسیحی گوایە وتوونی لە قسەی کەسێك دەچن پەیوەندیی بە جیهانی دەوروبەری خۆیەوە نەبێت. ئەوەش کە گومان دەخاتە باسەکانی ئەو ئینجیلە ئەوەیە گوایە یوحەننا نووسیویەتییەوەو گوایە

بوونو کە ترسابوون کۆتایی پێ دێت، هەر لە سەرەتاشەوە ئەم کۆتاییە سەری لە هەندێك مەسیحی تێکدابوو چونکە سلبی بوو ئەگینا بۆچی ئەو ئافرەتانە بە هەڵسانەوەی مەسیح دڵیان خۆش نەبوو؟ بۆ وەڵامی ئەوەش کەسێك لە سەدەی دووەم ژمارەکانی ٩ تا ٢٠ ی بۆ ئەو ئیصحاحە زیادکرد ئەویش بەپشتبەستن بە ئینجیلەکانی تر هەروەها بەپشتبەستن بە کارەکانی نێردراوان: ستیفن م. میلر، روبرت ف. هوبر، تاريخ الكتاب المقدس، ص ٧٣. دوو نووسەری ئەم کتێبە دەڵێن بەشێکی زۆری ئینجیلی مەرقوس باسی ئازارەکانی مەسیحو مردنی دەکات (ل ٧٣)، بەڵام ئەمە موبالەغەیە چونکە لە کۆی ١٦ ئیصحاح تەنها سێ ئیصحاحی کۆتایی باسی هەموو بەسەرهاتی پیلانگێڕان لەدژی مەسیح تا گرتنیو لەخاچدانی، جگە لەوانەش باسێکی کورت لەبارەی ئازارەکانو هەڵسانەوەی مەسیح لە ئیصحاحەکانی ٨ و ٩ و ١٠ هەیە.

یەکێك بوو لـە دوانـزە قوتابییەکـە مەسـیح بـوو[172] بـەڵام شـێوازی ئـاڵۆزی باسەکان لە قسە سـادەکان شـوێنکەوتووانی پێغەمبـەران ناچـن. هـەر لـە سەرەتای ئینجیلەکەش باسی فیداکاری کراوە:

یوحەننای عیمادکار[173] مەسیح دەبینێتو دەڵێت: ئەمەتا بەرخەکەی خـودا کە گوناهی جیهان لادەبات (یوحنا ١: ٢٩)، بـەڵام هێشتا ئـەوە تەفسیری تریش هەڵدەگرێت جگە لە فیدا، بەهەمان شێوەش قسەی مەسیح کە خودا لەبـەر ئـەوەی جیهـانی خۆشویـست تاکـە کوڕەکـەی بەخـشی هـەروەها قسەکەی کە خودا کوڕەکەی نارد بۆ ئەوەی جیهان ڕزگار بکات (یوحنـا ٣: ١٧)، ئاماژەکانی تریش بەهەمان شێوە بۆ خۆبەخشین: ئەو نانەی دەیدەم لاشەکەمە کە بۆ ژیانی جیهان دەیبەخشم (یوحنـا ٦: ٥١)، هـەروەها: مـنم شوانی باش، شوانی باشیش ئەوەیـە کـە خـۆی بـۆ مـەڕەکان دەبەخـشێت (یوحنا ١٠: ١١).

ئایا فیداکارییەکە دەستکاریکردنێکی مەسیحییەکانی دواترە بـۆ قـسەکانی کاهنــە جوولەکــەکان؟ لــە ئینجیلــی یوحــەننا هــاتووە کــە کاهنــەکانو فەریسییەکان کۆبوونەوە بۆ باسی موعجیزەکانی مەسیحو وتیان ئەو مرۆڤە

---

[172] گومان ئێستا هەیە کە یوحەننا خۆی نووسیبێی بـەڵکو شـوێنکەوتەیەکی یوحـەننا بووەو دوایی یەکێك یان زیاتر زیادەی لەسەر کرد: ستیفن م. میلـر، روبـرت ف. هـوبر، تاريخ الكتاب المقدس، ص٧٦. نموونەی ئەوەش ئەوەیە ئینجیلەکە دوو کۆتـایی هەیـە یەکێکیان لە ئیصحاحی ٢٠ و ئەوەی تر لە ٢١ کە دوایەمین ئیـصحاحە، بـەپێی ئـەوەو بەڵگەی تر پێدەچێت کە نووسەرێکی تر ئیزافەی بۆ کردووە بـەڵام ڕێـزی لـە ئەسـڵەکە گرتووە بۆیە هـەردوو دەقەکـەی بەتەنیـشت یەکـەوە دانـاوە: تـاريخ الكتـاب المقدس، ص٧٦-٧٧.

[173] لای مەسـیحییەکان، بەعـەرەبیش: یوحنــا المعمـدان، یـەحیای پێغەمبەریـشە لای موسڵمانان. یوحەنناش کە ئینجیلی یوحەننای بەناوی ئەوەوە نراوە کەسێکی ترە.

مــوعجیزەی زۆر دەکــاتو ئەگــەر وازی لێبهێــنین خــەڵکێکی زۆر بــاوەڕی پێدەهێنن ئـیتر ڕۆماییـەکان دێـنو شـوێنەکەمانو میللەتەکـەمان دەبـەن، ئینجا سەرۆکی کاهنەکان لەو ساڵە کە قـەیافا Caiaphas ی نـاو بـوو وتــی: ئێوە هیچ شتێك نازاننو بیر لەوە ناکەنەوە کە یـەك مـرۆڤ بـۆ گـەل بمرێـت باشترە بۆ ئێمە نەك هەموو میللەتەکە لەناوبچێت. نووسـەری ئینجیلەکـەی یوحەننا لێرە دەڵێت: ئەم قسەیەی لـەخۆوە نـەوتووە بـەڵکو لەبەرئـەوەی سەرۆکی ئەو ساڵەی کاهنەکان بوو پێشبینیی کرد مەسیح بڕیـاری داوە بـۆ میللەت بمرێت، نەك تەنهاش بۆ میللەت بەڵکو بۆ ئەوەی کوڕانی خـودا کـە پەرتەوازەن لە تاکێك کۆبکاتەوە (یوحنا١١: ٤٧–٥٢).

ئەگەر ئینجیلی یوحەننا ئاشکراتر باسی فیدا بکات (هەرچەندە وەك وتمـان واتـای تـر هەڵدەگرێت) ئـەوا کۆتـایی ئـەو ئینجیلـە، یـان ڕاسـتتر هـەردوو کۆتاییەکـەی، گـورز لـە بـاوەڕی فیـدا دەوەشـێنن. لـە کۆتـایی یەکـەمی ئینجیلەکە (ئیصحاحی ٢٠) نووسەری ئینجیلەکـە، کـە چـەند جارێك خـۆی بەم شێوەیە وەسف دەکرد: ((ئەو قوتابییەی یەسووع خۆشی دەویست))، لەگەڵ قوتابییەکی تر چوو بۆ گۆڕەکەی مەسیحو دوای ئـەوەی چـووە نـاو گۆڕەکەو کفنەکانو دەسرەکە سـەر سـەری بـینی ((بـاوەڕی هێنـا چـونکە هێشتا کتێبەکەیان نەدەزانی: پێویستە لە مردووان هەڵسێت)) (یوحنـا ٢٠: ٩). واتە لەو کاتە هەر ئەوەندەی زانی: مەسیح لە مردن هەڵدەستێت.

هەموو ئیصحاحەکەش باسی فیـدا ناکـات ئەگەرچـی مەسـیح بـۆ مەریـەمی مەجـدەلی دەرکـەوتو قـسەی لەگـەڵ کـردو دوایــی بــۆ قوتابییــەکانی دەرکەوتو قسەی لەگەڵ کردن، یەکێکیش لە قوتابییەکان کـە نـاوی تۆمـا بـوو لـەوێ نـەبوو و بـاوەڕی نـەکرد ئینجـا مەسـیح بـۆ ئـەوانو بـۆ تۆمـا

دەرکەوتو قسەی لەگەڵ ئەم کرد، لە هیچیش لەمانە باسی فیدا نەکراوە. کۆتایی ئیصحاحەکەش ئەوەیە نووسەرەکە دەڵێت: نیشانەی زۆری تریش لەبەردەمی قوتابییەکانی کردنی لەم کتێبە نەنووسراون، بەڵام ئەمانە نووسراون بۆ ئەوەی باوەڕ بهێنن کە یەسووع مەسیحی کوڕی خودایەو بۆ ئەوەی بەناوی ئەو ژیانێکتان هەبێت ئەگەر باوەڕتان هێنا (یوحنا ٢٠: ٣٠-٣١). ئەمەش پەیامی ئینجیلەکەیە: بەهۆی باوەڕهێنان بە مەسیح مرۆڤ ژیانێکی جیاوازی دەبێت.

لە ئیصحاحەکەی تریش کە دیارە بۆی زیادکراوەو بۆتە کۆتایی دووەمی ئینجیلەکەو سەرباری باسی دەرکەوتنی بۆ قوتابییەکانیو قسەکردنی لەگەڵیان بەدرێژایی ئیصحاحەکە باسی فیدا نەکراوە بەمەرجێك باوەڕێکی وا گرنگ دەبوایە لەلایەن مەسیحەوە بۆیان ئاشکرا بکرایە، بەجۆرێك ئەو بۆچوونەمان بۆ دروست دەبێت کە باسی فیدا لە سەرەتای ئینجیلەکە هەروەها لە بەشەکانی دواتر کە لە سەرەوە باسمان کردن زیادکراونو لە ئەسڵێکی ترەوە وەرگێراونو خراونەتە ناو ئینجیلی یوحەننا یان بەپێچەوانەوە باسی ئەسڵیی ئینجیلی یوحەننان بەڵام کۆتاییەکە هی ئەسڵێکی ترەو وەکو خۆی خنراوەتە ناو ئەو ئینجیلە.

ئەوەی بەئاشکرایی فیدا لە نامەکانی پۆلسی نێردراو هەیە کە مەسیحی نەبینیوە بەڵکو قوتابییەکانی بینیوە.[١٧٤] بۆ نموونە لە نامەی یەکەمی

[174] پۆلس، کە ناوە عیبرییەکەی شائوولە پیاوێکی ئاینیی جوولەکە بوو مەسیحییەکانی دەچەوساندەوە، دواتر کە بەرەو دیمەشق بۆ ئەو کارە دەچوو گوایە مەسیح بۆی دەرکەوتو پێی وت: شائوول .. شائوول بۆچی دەمچەوسێنیتەوە؟ پاشان شائول باوەڕی پێدەهێنێت (اعمال الرسل ٩: ١ بەدواوە). لێکۆڵەرەوەکان وای بۆ دەچن نامەکانی پۆلس یەکەمین لەناو کتێبەکانی پەیمانی نوێ کە نووسرابێتنەوەو

پۆلس بۆ مەسیحییەکانی کۆرنثوس دەربارەی ئەو ناکۆکییانەی کەوتۆتە نێوانیان هەروەها بۆ ئامۆژگاریکردنیان دەڵێت: مەسیح بۆ گوناهەکانمان مرد بەپێی کتێبەکانو نێژراو لە سێیەم ڕۆژ هەڵسایەوە[175] بەپێی کتێبەکان.. (١ کورنثوس ١٥: ٣-٤)، بەڵام وا دیارە ئەو بەشە بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێبکات کە زیندووبوونەوە هەیە چونکە لە بڕگەی ١٢ی ئەو

تەنانەت پێش ئینجیلەکانیش بوون کە باسی ژیانی مەسیحیان دەکرد: ستیفن م. میلر، روبرت ف. هوبر، تاریخ الکتاب المقدس، ص٦٩. پۆلس دەورێکی گەورەی لە مەسیحیەت هەبووەو بە دامەزرێنەری دووەمی مەسیحیەت دەزانرێت.

175 باسی ئەوە کراوە کە زیندووبوونەوەی مەسیح لاسایی کردنەوەی چیرۆکی تەمووز (دوموزی)یە، کە چیرۆکێکی سومەرییەو کە بەهاران زیندوو دەبێتەوەو هاوینانو پاییزان دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی مردووانو سرووتی میللی هەبوون بۆ گریان بۆی. بەپێی چیرۆکەکە شەیتانەکانی جیهانی خوارەوە بەدوای تەمووز، کە خوداوەندێکی شوانە، دەگەڕێن بۆ ئەوەی بیخەنە جێگەی ئینانا (عشتار)ی ژنی کە تازە لەو جیهانە دەرچووبوو و دەبینن لە گەوری مەڕەکانێتی ئیتر بە چەکەکانیان پەلاماری دەدەنو دەیکوژن، لای کەنعانییەکان خوداوەند بەعل لەسەر دەستی خوداوەندە دوژمنەکەی دەکوژرێت، ئەدۆنیسی خوداوەندیش وەکو ئەو دوانە دەمرێتو زیندوو دەبێتەوە، بۆ ئەمانەو بۆ بەراوردی لەگەڵ مردنو ئازارەکانی مەسیحو هەڵسانەوەی بڕوانە: د. فاضل عبدالواحد علي، من الواح سومر الى التوراة ، ص٣٥١-٣٥٦. بۆ چیرۆکی دابەزینی عشتار بۆ جیهانی خوارەوە (دەقی سومەریو بابلی)و پەیوەندیی ئەوە بە تەمووزەوە بڕوانە هەروەها: طه باقر، مقدمة فی ادب العراق القدیم، ص٢٣٥-٢٤٩، بۆ وەرگێڕانی تەواوی دەقە سومەرییەکە بڕوانە:
S. N. Kramer, Inanna's Descent to the Nether World, in; ANET, pp.52-57.
گریان بۆ تەمووز لەناو جوولەکەش بڵاوببووەوە وەك چۆن لە کتێبی حەزقیال (حزقیال٨: ١٤) هاتووە کە بینی ئافرەتانێك دانیشتبوون بۆ تەمووز دەگرین، من الواح سومر ، ص٣٥٥، ئەوەش یەکێك بووە لە کارە خراپەکانی ئیسرائیلییەکان کە خودا پیشانی حەزقیالی دابوون. داستانە میسرییەکەشمان لەبیر نەچێت کە باسی کوشتنی ئۆزیریس لەسەر دەستی سێتی برایو زیندووکردنەوەی لەسەر دەستی (حۆر)ی کوڕی دەکات.

ئیـصحاحه تـا كۆتاییەكـەی باسـی ئـەوە هەیـە: بـەڵام ئەگـەر مـژدە بـە هەڵسانەوەی مەسیح لە مردووەكان دەكرێت چۆن كەسانێك لە ئێوە دەڵێن هەڵسانەوەی مردووان نییە؟[١٧٦]

بـەڵام نامەكـەی بـۆ خـەڵكی ڕۆمـا فیكرەیـەكمان دەداتـێ سـەبارەت بـە ڕەچەڵەكی فیدا كـە مەسـەلەی كـاری چاكەو ڕزگارییـە: ئایـا كـاری چاكە پێویستە بۆ ڕزگاری؟ باسێكی وا ، بەڵام بەشێوەیەكی تر، لەناو موسڵمانان هەبووە ئەویش ئایا كردارەكان بەشێكن لە باوەڕ یان بەشێك نـین لێـی. لـە ئیـسلام تـاقمی مورجیئـە تەیكیـدیان لەسـەر بـاوەڕ دەكـردو كرداریـان نـەدەكردە بەشـێك لـە بـاوەڕ. هەرچـەندە دوو باوەڕەكـە، واتـە فیـدا لای مەسیحییەكان‌و ئیرجاء لای موسڵمانان جیاوازییان هەیـە بـەڵام یـەكێك لـەو شتانەی كۆیاندەكاتەوە بریتییە لە ڕزگاربوون بەهۆی كردارەوە.

مەسەلەی كردار لە ئاینی جوولەكە پەیوەندیی بـە شـەریعەتەوە هەیـە كـە پێویـستە بـاوەڕدار پابەنـدی شـەریعەت (نـامووس) بێـت. ئەركـەكانی شەریعەتیش بۆ میللەتانی بتپەرستان زۆر قورس بوون بۆیـە ئـەو بۆچـوونە دروست بوو كە ئەو كارانە بۆ باوەڕ گرنگ نین. یەكێك لە ئەركە گرنگـەكانی شـەریعەت خەتەنـەكردن بـوو كـە جیاكەرەوەیـەكی نێـوان بـاوەڕداران‌و بتپەرستان بوو و بەپێی تەورات پەیمانی خودایە لەگـەڵ گەلەكـەی. پـۆلس

---

[176] قورئان لە باسی ئەهلی ئەشكەوت دەڵێت كە خودا ویستی خـەڵك بـاوەڕ بهێـنن بـە بەڵێنەكەی‌و بە قیامەت: (وَكَذَلِكَ أَعْثَرْنَا عَلَيْهِمْ لِيَعْلَمُوا أَنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَأَنَّ السَّاعَةَ لَا رَيْبَ فِيهِ– الكهف: ٢١)، تێگەیـشتنیش لەمـە ئاسـانە چـونكە زەحمـەت بـوو بـۆ میللەتانێك لە منداڵییەوە فێركراون كە مـردوو ناگەڕێتـەوە بـاوەڕ بـە زیندووبوونـەوەی هەموو مردووان بكەن.

لەو نامەیە باسی ئەوە دەکات چاکەی خودا[177] بەبێ شەریعەت دەرکەوت (واتە چاکە خودا پێویستی بە شەریعەت نەبوو بۆ ئەوەی دەربکەوێت)، چاکەی خودا بەهۆی باوەڕهێنانە بە مەسیح (رومیە ٣: ٢١–٢٢). ئەم چاکبوونەش بەخۆڕایی دەبێت لەڕێگەی فیداوە بۆ ئەوەی چاکەی خۆی پیشان بدات بۆ سڕینەوە گوناهە کۆنەکان (رومیە ٣: ٢٤–٢٥)، نموونەی ئیبراهیمیش دەهێنێتەوە کە ئەگەر بە کردارەکان چاك بووبێت ئەوە شانازییە بۆی بەڵام نەك لای خودا چونکە بەپێی کتێبەکە باوەڕی هێنابوو ئیتر بۆی بە چاکە حساب بوو (رومیە ٤: ٢–٣). بەڵێنیش بۆ ئیبراهیم یان نەوەکەی بۆ ئەوەی ببێتە میراتگری جیهان بە شەریعەت نەبوو بەڵکو بە چاکەی ئیمان (رومیە ٤: ١٣) چاکەش تەنها بۆ ئەو نەژمێردرا بەڵکو بۆ ئێمەش کە باوەڕمان بەو کەسە هێنا کە مەسیحی لە مردووان هەڵساند، ئەو مەسیحەی لەبەر گوناهەکانمان تەسلیم کرا و بۆ ئەوەی چاك بین هەڵسێنرا)) (رومیە ٤: ٢٣–٢٥).

پۆلس لەو نامەیە باسی نەك تەنها چاکبوون بەهۆی قوربانییەکەی ((کوڕەکەی خودا)) دەکات بەڵکو هەروەها ئاشتبوونەوە لەگەڵ خودا

---

[177] وشەی چاکە هەرچەندە واتای پیتاوپیتی زاراوە مەسیحییەکە دەدات بەڵام واتای تەواوی نادات. وشەکە بە عەرەبی (بر)ـە، چاککردنیش (تبریر) justification ـە. زاراوەکە لە عەقیدەی مەسیحی بریتییە لە ڕاگەیاندنی چاکیو ئاشتبوونەوە لەگەڵ خودا، ئەو کەسانەش کە باوەڕ بە مەسیح دەهێنن خودا چاکییان ڕادەگەیەنێت. لای کەنیسەی کاسۆلیکی چاککردن بە هەردوو باوەڕو کردارە، لای پرۆتستانتیش چاککردن بە باوەڕە بەتەنیا. چەمکەکە تەرکیز لەسەر بەخششی خودایی‌و باوەڕو فیدا دەکات. لەو وشەیەش بەکارهێنانی نوێ کە بە کوردی پێی دەڵێن (پاساوهێنانەوە) هاتووە، چونکە پاساوهێنانەوە نیشاندانی چاکەی کارێك کە پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە.

بەهۆی ئەو قوربانییەی ((کورەکەی))، ئەوەش نەك تەنها لەو قۆناغە، واتە ئەو کاتەی مرۆڤ خراپە یان ئەو کاتەی دوژمن بوو بەڵکو دەڵێت لەدوای چاکبوونمان زۆر لەپێشترە بە خوێنەکەی لە توورەیی ڕزگارمان بێتو زۆر لەپێشترە لەدوای ئاشتبوونەوەمان بەهۆی ژیانی ئەوەوە ڕزگارمان بێت (رومیە ٥: ٨–١٠)، بەواتایەکی تر فیدا تەنها بۆ سڕینەوەی گوناه پێویست نییە بەڵکو لەدوای ئەو سڕینەوەیە زۆرتر پێویستە.

لەمەوە نەك تەنها عەقیدەی فیدا لای پۆلس ئاشکرا دەبێت بەڵکو ڕەچەڵەکەکەشی دەزانین ئەویش پێشخستنی باوەڕەو سووککردنی کردارە لەسەر باوەڕداران. ئاشکراشە کە بچووککردنی کردار پێویستی بە پڕکردنەوەیە، باوەڕیش ئەو پڕکردنەوەیە دەکات، بەڵام، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ ئیسلام دەبینین کە لەو کاتە خودی باوەڕ لای بەشێك لە موسڵمانان بەس بوو لە عەقیدەی پۆلس باوەڕ بە مەسیح پەیوەست کرا بە ڕووداوی لەخاچدانەکەو پێکەوە عەقیدەی فیدایان دروست کرد.

بەڵام وەنەبێت کێشەی قورسیی شەریعەتی جوولەکەو کرداری چاکە بەتەنیا بەرهەمهێنەری باوەڕی فیدا بووبن، بەڵکو وای بۆ دەچین شتی تریش هەن وەك خۆجیاکردنەوە لە جوولەکەو نموونەی قوربانییەکەی ئیبراهیمو کوڕەکەی:

١–خۆجیاکردنەوە لە جوولەکە، کە باوەڕیان بە مەسیح نەهێنابوو و لەخاچیان دابوو و شوێنکەوتووەکانیان دەچەوساندنەوە، پێویست بوو بۆ دوورکەوتنەوە لێیان، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو ئاینە وەکو ئاینێکی نوێ دەربکەوێت نەك تەنها تەواوکەری ئاینی پێغەمبەرەکانی جوولەکە. وێستگەیەکی ئەو خۆجیاکردنەوەیە بریتییە لە جەژنی فیصح کە بۆ

ئیسرائیلییەکان بریتی بوو لە یادکردنەوەی ڕزگاربوونیان لـە فیرعـەون.[178]
فیـصحی مەسـیحی لـەجیاتی ئـەوەی پەیوەنـدیی بـە سـەربڕینی مـەڕێكو خوێنی ئەو مەڕەو خواردنی نانی هەویرێکی هەڵنەهاتوو بـووە قوربانیـدانی ((بەرخەکـەی خـودا))و تەئکیـدکردن لەسـەر خـوێنی مەسـیحو خـواردنی نانەکە لەو جەژنە مەسیحییە.[179] بەم شێوەیەش پەیوەستکردنی فیصح بە ڕزگـاربوون شـێوەیەکی تـری لـە مەسـیحیەت وەرگـرتو بـووە خـاڵێکی خۆجیاکردنەوە لە جوولەکە.[180]

[178] خواردنەکەی کاتی دەرچوون بەم جۆرەیە لە (خروج ١٢: ١—٢٠): نانی هەڵنەهاتوو یادی ئەوەی کە ئیسرائیلییەکان بەپەلە میسریان جێهێشتو هەویرەکەیان فریانەکەوت هـەڵبێت، خـوێنی بەرخـە سـەربڕاوەکانیش درا لـە دوو لاتەنیـشتو بەشـی سـەرەوەی دەرگای ئەوماڵەی بەرخی تیێ دەخورێت بۆ ئەوەی بـەڵای خـودا (مردنـی نۆبـەرەکان) ئەو ماڵانە جیابکاتەوەو بەر ئەوان نەکەوێت (خروج ١٢: ٧ و ١٣). لـە کتـێبی تـەثنیـە، کە باسی سەردەمی دوای دەرچوونە، کەمێك جیاوازی هەیە (تثنیة ١٦).

[179] دواشیوەکەی مەسیح کە لە ئینجیلەکان باسکراوە کێشەیەکی گـەورەی ناوەتـەوە لەڕووی دەستنیشانکردنی تەواوی کاتەکەی لەگەڵ ئـەوەی کـە ئایا مەسـیح خـواردنی فیصحی جوولەکەی دەخوارد بڕوانە: حنا جـرجس الـخضري، تـاریخ الفکـر المـسیحی، ج٢، ص٣١٥—٣٢٠.

[180] لـە سـێ ئینجیلـە لەیەکـچووەکە (مـەتتاو مـەرقوسو لوقـا) دواشـیو خـواردنی فیصحەکەو یادکردنەوەی دوا خوانی ئیسرائیلییەکان پـێش هـەڵهاتنیان لـە میسر بـوو بەڵام لە ئینجیلـی یوحـەننا ئـەوە ڕۆژی پێـشتر بـوو. لـەو سـێ ئینجیلـە کـە خـواردنی فیصحیان خـوارد نـانو شـەرابەکە بوونـە لـەشو خـوێنی مەسـیح بـەڵام یوحـەننا وای دەبینی کە مەسیح خۆی ئەو بەرخەیە کە لە خـوانی فیـصح دەخورێـت بۆیـە وتـی کـە مەسیح ئەو کاتـە مـرد کـە بـەرخی فیـصح سـەردەبڕدرا: سـتیفن م. میلـر، روبـرت ف. هوبر، تاریخ الکتاب المقدس، ص٧٥. بڕوانە تەئکید کردن لەسەر خوێنی مەسـیح چ لـە دواشیوو چ لە ئەدەبیاتی مەسیحی.

فیصحی جوولەکە بەم شێوەیەیە: شەوەکەی گۆشتی مەڕێکی نێر یان گیسکێکی یەك ساڵە دەخورێت (پێویستە بە ئاگر ببرژێنرێت نەك بکولێنرێت یان بە کاڵی)و بۆ بەیانییەکەی هیچی لێ نەمێنێتو ئەوەی دەمێنێت بە ئاگر بسووتێنرێت، لەو حەوت ڕۆژەش هیچ نانێك نەخورێت جگە لە نانێك کە هەویرەکەی هەڵنەهاتووە دواشیوی مەسیح هاوشێوە کرا لەگەڵ خواردنی فیصح کە ڕزگاریی ئیسرائیلییەکان بوو لە میسر، مەسیحیش بەهەمان شێوە بووە هۆی ڕزگاری، هەروەها بووە بەرخە سەربڕاوەکەی جەژنەکە.

٢–لە مێژووی بەنو ئیسرائیل قوربانییەکەی ئیبراهیم هەبوو ئەویش کاتێك خودا فەرمانی پێدابوو ئیسحاقی کوڕی سەرببڕێت (و بیسووتێنێت) فریشتەی خودا بانگی دەکات کە دەستی بۆ نەبات، ئینجا ئیبراهیم بەرانێك دەبینێت دوو شاخی لە دەوەنەکە گیریان خواردووە ئەویش دەیباتو لەجیاتی کوڕەکەی دەیسووتێنیت (تەکوین٢٢).[181] بەم جۆرەش ئیسحاق ڕزگاری بوو و نەوەیەکی لێ دروستبوو. کردنی مەسیحیش بە بەرخێك کە دەکرێتە قوربانی (ئەمەتا بەرخەکەی خودا کە گوناهی جیهان لادەبات – یوحنا ١: ٢٩) دەبێتە مێژوویەکی نوێ بۆ ئاینە نوێکە. خوداش دوای

[181] جیاوازیی ئەو چیرۆکە لەگەڵ ئەوەی قورئان زۆرە چونکە ئەمەیان باش نەهۆنراوەتەوە: ئیسحاق نازانێت بۆ کوێ دەبرێتو بۆچی، بەڵام قورئان پێمان دەڵێت کە ئیبراهیم بە کوڕەکەی (کە ناوی نەوتراوە) دەڵێت بەتەمای چییەو کوڕەکەی قبووڵی دەکات فەرمانی خودا بەجێبهێنێت، لەوەی تەوراتی بەردەستمان پەیدابوونی بەرانەکە لە ڕێکەوت دەچێتو کەس پێی ناڵێت ئەوە قوربانیی کوڕەکەیەتی، بەڵام لەوەی قورئان لەلایەن خوداوە نێردراوەو بە ئاشکراییە وتراوە کە قوربانیی کوڕەکەیەتی

ڕزگارکردنی ئیسحاق پەیمان بە ئیبراهیم دەدات کە بەرەکەتی لێ بکاتو نەوەکەی وەکو ئەستێرەی ئاسمانو لمی سەر کەنار دەریا زیاد دەکات (خروج٢٢: ١٧)، چیش لە چیرۆکی مەسیحیش هاوشێوەی ئەو پەیمانە بۆ دامەزراندنی پەیمانێکی نوێ لە قوربانییەك باشترە؟ کەواتە با مەسیح لەجیاتی بەرانەکە (لێرە دەبێتە بەرخ) بۆ رزگاری بێت. ئەوەتا پۆلس دەڵێت: ((بە خوێنی خۆی، نەك بە خوێنی گیسك یان گوێرەکە، یەك جار چووە شوێنە پیرۆزەکەو فیدایەکی هەتاهەتایی دەستکەوت-عبرانیین٩: ١٢))

****

ئەگەر هەموو زانیارییەکانی سەرەوە کۆبکەینەوە دەگەینە چەند ئەنجامێك لەبارەی لەخاچدانو هەڵسانەوەی مەسیحو بوونی بە قوربانیی گوناهەکان:

١-کەسێك لەخاچدرا کە باوەڕی مەسیحی دەڵێت مەسیح بووەو قورئان دەڵێت کەسێکی تر بووە.

٢-شوێنکەوتەیەك یان چەند شوێنکەوتەیەکی مەسیح لاشەی کەسە لەخاچدراوەکەی لە گۆڕەکە فڕاندو وایزانیبوو مەسیحە.

٣-هەموو باسەکانی بینینی مەسیح دروستکراون یان وەهمن هەر وەکو بینینی مەسیح لەلایەن پۆلسەوە کە ماوەیەکی زۆر بوو دوای ((لەخاچدانی)) کە ناچار نین بڕوا بەو بینینە بکەین.

٤-لەخاچدانەکە پەیوەست کرا بە قوربانییەکەی جەژنی فیصحی جوولەکەو بووە بەدیل بۆ فیصحی جوولەکەو مەسیح بووە بەرخی فیصح کە سەردەبڕدرێت.

٥–بــەهۆی پەیوەســتبوونی فیــصح بــە ڕزگارییــەوەو بــەهۆی ڕووداوی لەخاچــدانەکە ئــەو لەخاچــدانە بــووە هــۆی ڕزگــاری ئــەویش لەڕێگــەی قوربانییەوە.

٦–لــە ســەردەمەکانی دواتــر پاســاوی گــەورە هــەبووە بــۆ قوربــانی وەك هۆکــاری لێخۆشــبوون ئــەویش بــەهۆی بــاوەڕ بــە مەســیحەوە چــونکە کــە نێردراوەکان چــوونە نــاو میللــەتانی تــری غــەیری جوولەکــە، ئەوانــە وەکــو جوولەکە شەریعەتیان نەبوو، شەریعەتی جوولەکەش زۆر قــورس بــوو بۆیــە سووککردنی بــاری سەرشــانیان پێویــست بــوو. لەمەشــەوە تەئکیــد لەســەر بەخششی خوداییو لەسەر باوەڕ بە مەسیح کرا، هــیچ شــتێکیش بــۆ ئەمــە لــەو بــاوەڕە گونجــاوتر نییــە کــە خــودا کوڕەکــەی خــۆی کردبێتــە فیــدای گوناهــەکانی مــرۆڤ. چــیرۆکی ئیبراهیمیــشمان لــە یــاد نەچــێت کــە ویــستی کوڕەی بکاتە قوربانی.

٧– باوەڕی نوێش کە مەسیحییەتە دەورەکـانی فیداکارییەکـەی ئیـبراهیمو ئیسحاقی گۆڕی: کوڕەکە لە پەیمانی کۆن ئیسحاق بوو و لە پــەیمانی نــوێ بووە مەسیح کە پەیمانی نوێ لێوەی دەست پێ دەکات.

٨–هەڵسانەوەی مەسیح لاســاییکردنەوەی داســتانو چــیرۆکی میللــەتانی ترە، هەوڵیشە بۆ ئــەوەی تــازە بــاوەڕداران قەناعــەت بــە زیندووبوونــەوەی مردووان بکەن کە شتێکی نوێیە بۆیان یان بە عەقڵیان ناچێت.

دەربارەی پێغەمبەران

ئیبراهیم

٤-ئازەر باوکی ئیبراهیمە

((وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ لأَبِيهِ آزَرَ أَتَتَّخِذُ أَصْنَامًا آلِهَةً إِنِّي أَرَاكَ وَقَوْمَكَ فِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ- الانعام: ٧٤)).

عبدالفادی دەڵێت راستەکەی ئەوەیە کە کتێبی پیرۆز وتوویەتی ئەویش باوکی ئیبراهیم ناو تارەح بوو (تکوين ١١: ٢٧).

* * * *

چۆن بزانین تارەح، کە ناوەکەیە لە وەرگێڕانە عەرەبییەکانو کە بە عیبری تێراخ תֶּרַח ـە بەڕاستی ناوی باوکی ئیبراهیم بوو؟

ئەو کەسەی باوەڕی بە تەورات وەك وەحییێکی ئاسامانی نەبێت ناتوانێت هیچمان پێ بڵێت لەبارەی ڕاستیو دروستیی ناوی تارەح. لەنێوان ئیبراهیمو مووسا، کە گوایە ئەمیان تەوراتی نووسیبووەوە، نزیکەی شەشسەد ساڵ بوو و ماوەیەکی دووری وا ناوەکانو بەسەرهاتەکان دەخەنە خانەی گومانەوە. ئەوانەی باوەڕیان بە تەورات وەك وەحییێکی ئاسمانی هەیە (بەم جۆرەش ڕەخنە لە قورئان دەگرن کە تارەحی کردووە بە ئازەر) ناتوانن هەروەها وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە بۆچی قورئان

لەناو ئەو بەسەرهاتانەی کە گوایە لە تەورات وەریگرتوون هەڵە لە شتێکی سادەی وا بکات کە ناوی کەسێکەو بەو جۆرە زۆر جیاوازە باسی بکات.
بەڵام تەنانەت ئەو کەسەش کە باوەڕی وایە خودی مووسا تەوراتی نووسیبووەوە ناتوانێت لەوە دڵنیامان بکاتەوە کە ناوەکە بە دروستی نووسراوەتەوە. ناوەکانی تەورات نموونەن لەسەر ئەو دڵنیانەبوونو لەو نموونانە ئەوانە وەردەگرین کە لە سەردەمی ئیبراهیم بوون:
نموونەیەك لەوانە ناوی پادشاکانی ئەو کاتانە (لە کتێبی تەکوین: ئیصحاحی ١٤): پادشای عیلام עֵילָם کە کتێبی تەکوین پێی دەڵێت (کدەرلەعۆمێر) כְּדָרְלָעֹמֶר کە ئێلام پادشای وای بەو ناوە نەبووەو برگەی یەکەمی لەناوی پادشایانی تر وەرگیراوە کە (کودور)ـەو کراوەتە کدەر. ناوێك لەم جۆرەو لە نزیك سەردەمی ئیبراهیم بریتییە لە (کودور–مابوك) کە ناوێکی ئێلامییە، ناوی باوکیشی هەر ئێلامییەو خۆشی بە ئێلامی زانراوە هەرچەندە ناکۆکی لەبارەیەوە هەیەو بە ئامورریەکانەوە پەیوەست کراوە.[١٨٢] ئایا بەشی دووەمی ناوی کدەرلەعۆمێر بەتایبەتی (عۆمێر) پەیوەندیی هەیە بە ئامورریەکانەوە؟ نازناوێکی کودور–مابوك بریتی بوو لە ((باوکی وڵاتی ئامورری)).[١٨٣] دوو کوڕەکەی کودور–مابوك پادشای شاری (لارسا) بوون لە باشووری وڵاتی دوو ڕووبار. ناوێك لە بەسەرهاتەکەی ئیبراهیم لە تەورات کە لەگەڵ باسی کدەرلەعۆمێرو ئێلام هاتووە بریتییە لە شوێنێك بەناوی ئێلاسار אֶלָּסָר کە نزیکە لە ناوی

---

[182] بڕوانە بۆچوونەکان دەربارەی ئەوەی ئێلامی بێت یان ئاموری بێتو پەیوەندیی نزیکی لە ئێلامییەکانەوە یان نیو ئێلامیو نیو ئامورری:
Madeleine A. Fitzgerald, The Rulers of Larsa, pp.130-131.
[183] ***ibid*, p.132.**

لارساو له سەردەمی ئیبراهیم پادشانشینێکی بەهێز بوو و بەتایبەت لە کاتی کوڕی دووەمی کودور–مابوك“ واتە ریم–سین.

ریم–سین (١٨٢٢–١٧٦٣ پ.ن)، کە وەکو براکەی خاوەنی ناوێکی ئەکەدی بوو، بەبۆچوونی خۆم هاوچەرخی ئیبراهیم بوو. ریم–سین دوایەمین پادشای لارسا بوو و حامورابیی بابل (١٧٩٢–١٧٥٠ پ.ن) بەزاندیو شارەکەی گرت، ئەویش هەڵهات بەڵام دوایی حامورابی گرتی.[١٨٤] ریم–سین وەکو پادشاکانی ئەو سەردەمە خۆی کردبووە خوداوەندو دوور نییە ئەو پادشایە بێت کە قورئان باسی موناقەشەی ئەو و ئیبراهیمی کردووە. ئەگەر ئێلاساری تەوراتیش لارسا بێت ئەو کاتە ناوی ئاریۆك אַרְיוֹךְ کە تەورات وەك پادشای ئێلاسار ناویبردووە هەڵەیەکی تر دەبێت چونکە شارەکە هیچ پادشایەکی نەبووە بەو ناوەو ناوی ئاریۆك لە ناوێکی خورری دەچێتو[١٨٥] ڕەنگە ئاریۆك ناوێکی سەردەمێکی دواتر بووبێت لە باسەکان تێخنراوە.

لە هەمان باس ناوی ئەمرافیێل אַמְרָפֶל هاتووە کە پادشای شینعار שִׁנְעָר بوو، کە ئەمیان وڵاتی بابل بوو. ڕەنگە ئەمرافیێل گۆڕینی ناوی حامورابی بێت (بە ئەکەدی دەنووسرێت: خاممورابی بەڵام پێدەچێت بەشێوەی تر بخوێنرێتەوە وەك عەممو رافی، حەموو رابی... تاد). بزانە چۆن کتێبی تەکوین لەجیاتی بابل ناوی شینعار دەبات، ئەمرافیێلیش دەکاتە هاوپەیمانی کدەرلەعۆمێر بەڵام ئەگەر ڕاست بێت ئەمرافیێل حامورابی بێتو

---

[184] ***ibid* p.148.**

[185] خوررییەکان لە بەشێکی گەورەی کوردستان نیشتەجێبوونو بەتایبەتی لە باکووری کوردستان بەڵام لەو سەردەمە گەیشتبوونە باشوورتر وەك ناوچەکانی پشدەرو هەولێرو کەرکووكو نەگەیشتبوونە ناوەڕاستو باشووری وڵاتی دووڕووبار.

کدەرلەعۆمێر کـودور–مـابوك بێـت هەڵەیـەك لـە مێژووەکـەی تـەوراتی بەردەستمان هەیە لەبەر ئەوەی حامورابی هاوچەرخی کودور–مابوك نەبوو بەڵکو هاوچەرخی ریم–سینی کوڕی بوو.

هەڵەیەکی مێژوویی تری ئەو کتێبە ئەوەیە گوایە خودا بەڵێنی بە ئیبراهیم دابوو نەوەکەی ئەو وڵاتانەیان دەستدەکەوێت کە دەکەونە نێوان نیلو فورات، یەکێکیش لەو ناوانە وڵاتی خاتییەکان (خێت) کە ئاشکرایە ئەو کاتە، واتە سەدەی ١٩ یان ١٨ ی پێش زاین، خاتییەکان نەهاتبوونە گۆڕەپانی مێژوو. مێژووی خاتییەکان زۆر لەوە نوێترە. پێشتر خاتییە کۆنەکان هەبوون کە لە ئەنادۆڵ بوون بەڵام ئەو خاتییانەی لە سووریا دەستڕۆشتوو بوونو وڵاتەکەیان لە ئەنادۆڵ بوو دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی ١٤ ی پێش زاین. باسی خاتییەکان بۆ سەردەمی مووسا گونجاو بوو کە لە سەردەمی ڕەمسیسی دووەم، هاوچەرخی مووسا، شەڕ لە سووریا لەنێوان میسرو خیتا هەبوو و دواتر پەیمانی ئاشتییان پێکەوە بەست.

بەپاڵ ئەوانەوەو هەرچەندە ناوی باوکی ئیبراهیم لە قورئان ئازەرە بەڵام موفەسیرە ئیسلامییەکان ئاگایان لەناوی تارەح بوو کە لە تەورات هاتووە بۆیە ئەوانیش ئەو قسەیەیان وتووەو بۆ ناوی ئازەر چەند شتێکیان وتووە وەك ئەوەی ناوی باوکی ئیبراهیم تارەح بووەو ئازەر ناوی بتە، تەفسیرێکی تریش ئەوەیە ئازەر جنێوێکە، تەبەریش کە ئەوانە نەقڵ دەکات ئەوەی پەسەند کردووە ناوەکە ئازەر بێتو دەکرێت دوو ناوی هەبووبێت یان یەکێکیان نازناو بووبێت.[١٨٦]

---

[186] تفسیر ابن کثیر، مجلد ٣، ص ٢٨٨–٢٨٩.

سەیریش نییە ئەگەر عبدالفادی کە هەموو جارێك پەنا بۆ بەیزاوی بەرێت ئێستا پشتگوێی بخات چونکە بەیزاوی ئەو بۆچوونانە دووبارە دەکاتەوە. بەیزاوی دەڵێت لە کتێبەکانی مێژوو هاتووە کە ناوی باوکی ئیبراهیم تارەح بوو بۆیە وترا کە تارەحو ئازەر دوو ناوی ئەون، وتراویشە ناوەکە تارەحە ئازەریش وەسفە بەواتای پیاوی بەتەمەن یان کەسی لار وتراویشە بتێك بوو تارەح دەیپەرست.[187] واتە تەنها بۆ مەبەستی ڕەخنە عبدالفادی بەیزاویی پشتگوێ خستووە.

بۆچوونی خۆشم دەربارەی ناوی باوکی ئیبراهیم ئەوەیە کە ناوی ئازەرە، وەك چۆن بەشێك لە موفەسیرەکان دەڵێنو زاهیری قورئانیش نیشانی دەدات، قسەکانی ئەو موفەسیرانەش کە دەڵێن کە ئەوە ناوی بتە یان جنێوە یان... تاد بۆ گونجاندنە لەگەڵ باسەکەی تەوراتو قسەیەکی بێبناغەن. بۆ ئەوانەش کە قورئان بۆ سەرچاوە عیبریو مەسیحییەکان دەگەڕێننەوە ئەوە دووبارە دەکەمەوە کە ئەوان ناتوانن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە: چۆن قورئان ئەو هەموو بەسەرهاتانەو ناوی هەموو ئەو کەسانەی وەرگرتووە بەڵام لە شتێکی وا ئاسان هەڵە دەکاتو نازانێت ناوی باوکی ئیبراهیم لە تەورات چی بووە؟

---

[187] تفسير البيضاوي، مجلد ٢، ص ٤٢٢.

٢٢-ئیبراهیم لەکوێ و نەمروود لەکوێ؟

((أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِي حَآجَّ إِبْرَاهِيمَ فِي رِبِّهِ أَنْ آتَاهُ اللّهُ الْمُلْكَ إِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّيَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ قَالَ أَنَا أُحْيِي وَأُمِيتُ قَالَ إِبْرَاهِيمُ فَإِنَّ اللّهَ يَأْتِي بِالشَّمْسِ مِنَ الْمَشْرِقِ فَأْتِ بِهَا مِنَ الْمَغْرِبِ فَبُهِتَ الَّذِي كَفَرَ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ – البقرة: ٢٥٨)).

ئایەتەکە باسی موناقەشەی نێوان ئیبراهیمو ئەو کەسەی خۆی بە خوداوەند ناوبردبوو کە ناوی نە لە قورئانو نە لە فەرموودەی صەحیح نەهاتووە. لە تەفسیرەکان، بەڵکو تا ئێستاش، وا باوە پادشاکە نەمروودی ناو بووە کە ئەو ناوە لە تەورات هاتووە، عبدالفادیش پاش هێنانەوەی قسەیەکی بەیزاوی دەپرسێت: چۆن ئەو شتە لەنێوان ئیبراهیمو نەمروود ڕووی دا لەکاتێك نەمروود سێ سەد ساڵ پێش ئیبراهیم بوو؟ لەنێوان ئیبراهیمو نووح دوانزە نەوە هەبوون (لوقا٣: ٣٤-٣٦)و لەنێوان نەمروودو نووح چوار نەوە هەبوون (تەکوین ١٠: ١-٨).

* * * *

وەك وتم ناوی نیمرۆد (نەمروود) נִמְרֹד نە لە قورئانو نە لە فەرموودە نەهاتووە، کەواتە خەتای ئەو کەسانەیە کە خەتایانە.

لەڕووی مێژووییشەوە پادشایەك نەناسراوە لە سەردەمی ئیبراهیم ناوی نیمرۆد بووبێت. ئەگەر شوێنی ئیبراهیم دیار نەکرابێت دەتوانین بڵێین ڕەنگە پادشای وا هەبووبێتو ناوی تۆمار نەکراوە بەڵام لەبەر ئەوەی

تەورات باسی ئەوە دەکات ئیبراهیم لـە ئـوری کلدانییـەکان[188] بـوو گومـان سـەبارەت بـە نیمـرۆد زۆر بـەهێز دەبێـت چـونکە نـاوی پادشـایانی ئـەو سـەردەمەو ئـەو شـوێنە زانـراون. ناشـلێین نـاوبردنی ئـوری کلدانییـەکان لەلایەن تەوراتەوە هەڵەیە هەرچەندە کلدانییەکان، کە تیرەیـەکی ئـارامین، نزیکەی هەزار ساڵ دوای ئیبراهیم ڕوویـان کـردە ولاّتـی دووڕوبـار، ئـەویش لەبەر ئەوەی دیارە تەورات ئەو ناوە بەکاردەهێنێت کە کاتی نووسینەوەی یان دیسانەوە نووسینەوەی باو بوو.

ڕاستیشە باسی نیمـرۆد وەك پادشـایەکی هاوچـەرخی ئیـبراهیم هەڵەیـەکی گەورەیە، بەڵام ئەو هەڵەیە گوناهی کێیە؟ قورئان ئەوەی نـەوتووە بـەڵکو قـسەی موفەسـیرە ئیـسلامییەکانە، بـەڵام گوناهەکـە هـی ئـەوانیش نییـە چونکە ئەوان باسی هاوچەرخێتیی ئیبراهیمو نیمرۆدیان لـە سەرچـاوەکانی جوولەکەوە وەرگرتووە وەك لە خوارەوە ڕوونی دەکەینەوە.

بەپێی تەورات نیمرۆد کوڕی کووش כּוּשׁ ـە، کووشیش کـوڕی حـام کـوڕی نووحە (تکـوین ١٠: ١–٨)، واتـە ڕاسـتە نیمـرۆد زۆر کـۆنترە لـە ئیـبراهیم، ئەویش ئەگەر نیمرۆد کەسێکی راستەقینە بێت کە وای نـازانین ڕاسـتەقینە بێـت. باسـەکەی نیمـرۆدیش پـڕ لـە هەڵەیـە چـونکە گوایـە سـەرەتای پادشانشینەکەی بابلو ئوروكو ئەکەد بوو (تکوین ١٠: ١٠) کە ئەمە هەڵەیە چونکە ئەگەر نیمرۆد ڕاسـتەقینە بێت هێنـدە کۆنـە کـە هێـشتا هـیچ لـەو شارانە دروست نەببوون بەڵکو باشووری عیراق هیچ نیشەجێیەکی لێ نەبوو و دەریـا داپۆشـیبوو. نووسـەرانی تـەوراتی بەردەسـتمان مێژوویـەکیان

[188] بە شێوەی (ئوور کاسدیم) אוּר כַּשְׂדִּים هاتووە.

نووسیوه بەپێی زانیاریی سەردەمی خۆیان (بڕوانە زیاتر لە باسی بورجی بابل).

دیارە موفەسیرە ئیسلامییەکان ناوی نیمرۆد (نەمرود)و بەسەرهاتی لەگەڵ ئیبراهیمیان لە کتێبەکانی تری جوولەکە وەرگرتووە وەك بۆ نموونە (کتێبی یاشەر) יָשָׁר. ئەو کتێبە فەوتابوو بەڵام لە دوو کتێبی قانوونیی جوولەکە ناوی هاتووە: یەشووع (١٠: ١٣)و (٢صموئیل ١: ١٨)، ئینجا گوایە دوایی دۆزرایەوەو بڵاوکرایەوە بەڵام بێئەوەی دڵنیایی هەبێت لە ئەگەری ئەوەی ڕاست بێت. ئیبراهیم لەو کتێبە بتەکانی تێراخی باوکی دەشکێنێت (یاشەر ١١: ٣٣)،[189] پاشان نیمرۆد ئیبراهیم دەگرێت (یاشەر ١٢: ١)و[190] دواتر لەسەر پێشنیاری گەورەکانی وڵاتەکە دەیخاتە ناو ئاگرەوە بەڵام ڕزگاری دەبێت (یاشەر ١٢: ٥–٢٧).[191] سەرچاوەی تری جوولەکەش کە باسی هاوچەرخێتیی ئیبراهیمو نیمرۆد بکات تەلموودە، بۆ نموونە ئەم قسەیە: با نیمرۆد بێتو شایەتی بدات کە ئیبراهیم بتەکانی نەپەرستبوو (عابۆداھ زاراھ– ٣أ)[192] و نیمرۆد بوو کە ئیبراهیمی فڕێدایە ناو ئاگرەکە (پێسەحیم– ١١٨أ).[193]

---

[189] **The Book of Jasher, p.29.**

ئەمە وەرگێڕانێکی ئینگلیزیی نوسخەیەکی عیبرییە کە سەدەی حەڤدە بۆ یەکەم جار لەچاپدرا، ئاماژەش بۆ نوسخەی تر کراوە کە بە ساختەی دەزانن، نوسخەی ساختەش جار جار دەردەکەوتن.(لاپەڕە V پێشەکیی لێکۆڵەرەوەیەك).

[190] **The Book of Jasher, p.31.**

[191] ***ibid*, pp.32-34.**

[192] **The Soncino Babylonian Talmud, Abodah Zarah, book I, p.7; M. L. Rodkinson, The Babylonian Talmud, vol.XI, ch.I, p.4.**

[193] **The Soncino Babylonian Talmud, Pesochim, book IV, p.93; M. L. Rodkinson, The Babylonian Talmud, vol 5, ch.X, p.252.**

کەواتە گوناهی موفەسیرە ئیسلامییەکان نییە چ جای ئەوەی باسەکە پەیوەندیی بە قورئانەوە هەبێت. هەڵەی موفەسیرەکان ئەوەیە کە ئەو باسەیان نەقڵکردووە، پێش ئەوەش گوناهی عبدالفادییە کە ئاگای لەو سەرچاوانە نییە.

یووسف

پرسیارەکان سەبارەت بە یووسف: ژمارە ٦ و ژمارەکانی ٢٤ تا ٢٩.

٦-یووسف نیازی بوو خراپە بکات

((وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِ وَهَمَّ بِهَا –یوسف: ٢٤)).

عبدالفادی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە قورئان وای باسکردووە کە یووسف نیازی بوو کاری خراپە لەگەڵ ژنی عەزیزی میسر بکات بەڵام ئەمە دژی مێژووی پیرۆزە کە دەڵێت کاتێك ئافرەتەکە ویستی کاری خراپە بکات یووسف داواکەی قبوولْ نەکردو کاتێك دەستی دایە کراسەکە یووسف کراسەکەی بۆ جێهێشت و هەڵهات (تکوین ٣٩: ٩).

* * * *

ئایەتەکەش بەتەواوی:

((وَلَقَدْ هَمَّتْ بِهِ وَهَمَّ بِهَا لَوْلا أَن رَّأَى بُرْهَانَ رَبِّهِ كَذَلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاء إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ)).

ئەوەی لای عبدالفادی سەیر بوو، واتە یووسف نیازی فاحیشەی بووبێت، لای موفەسیرە کۆنەکانیش سەیر بوو بۆیە بەپاڵ ئەو لێکدانەوەیە باسەکە بەجۆرێکی تر لێك دراوەتەوە. تەعبیری ((هم بها)) بۆ یووسف نەك نیازی پەلامارە بۆ کردنی فاحیشە لەلایەن یووسفەوە بەڵکو تەنها ئەو نیازەی

چووه دڵ، بەپێی تەفسیری تریش کە ئاواتەخواز بوو ببێتە ژنی خۆی، بەپێی تەفسیری تریش ویستی لێی بدات.[194]

بەبۆچوونی خۆشم ئەو تەفسیرانە بێمانان چونکە لەگەڵ ئایەتەکە یەکناگرنەوە کە دەڵێت (لَوْلا أَن رَّأَى بُرْهَانَ رَبِّهِ كَذَلِكَ لِنَصْرِفَ عَنْهُ السُّوءَ وَالْفَحْشَاء إِنَّهُ مِنْ عِبَادِنَا الْمُخْلَصِينَ) کە زاهیری ئەو ئایەتە زۆر ئاشکرایە: ئافرەتەکە ویستی پەلاماری بداتو یووسفیش ویستی پەلاماری بدات نیشانەکەی خاوەنەکەی نەبینیایە، ئاواش بۆ ئەوەی خراپەو فاحیشە لە یووسف دووربخەینەوە.

ئایەتەکە زۆر ئاشکرایە کە ئەو شتە بەدڵی یووسف چوو بەڵام خودا پاراستی، ئیتر پێویست بە زۆر لەخۆکردن ناکات بۆ ئەوەی تەفسیرێکی دوور لە واتای ئایەتەکە بهێنرێتەوە.

بگەڕێینەوە سەر عبدالفادی و بڵێین کە ئەسڵەن ئەوە جێگەی ڕەخنە نییە چونکە خودا باسی یەك ساتی کورتی لاوازیی یووسفی کردووە کە ئەویش مرۆڤەو جاروباری تووشی ئەو لاوازییە دەبێت. دەشبوایە عبدالفادی ڕەخنەی لە تەورات بگرتایە کە شتی زۆر خراپی پێغەمبەران باس دەکات وەك بۆ نموونە (لووت) کە بەپێی تەورات لەدوای لەناوبردنی سەدۆم סְדֹם و عامۆرە (عامۆراه) עֲמֹרָה دوو کچەکەی سەرخۆشیان کردو لەگەڵی نوستن بۆ ئەوەی وەچەیان لە باوکیان هەبێت چونکە باوکیان پیر ببوو و ماڵەکە پیاوی تێ نەدەما، ئیتر یەکی مندالێکی لە باوکیان بوو (تەکوین ١٩: ٣١ بەدواوە). جیاوازیی دوو چیرۆکەکە جیاوازیی دوو تێڕوانینەکەمان بۆ دەردەخات: قورئان بۆمان باس دەکات کە یووسف لە کاری خراپە

[194] تفسير ابن كثير، ج ٤، ص ٣٨١.

پارێزرا، تەوراتیش، کە دیارە لەم بەشە پەیوەندیی بە وەحیی خوداییەوە نییە، ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت کە خودا بێباك بوو لەو کارە خراپە.[١٩٥]

[195] هۆی دروستکردنی چیرۆکەکە دیارە: گەڕاندنەوە ڕەچەڵەکی دوو گەلی ناوچەکە بۆ کارێکی فاحیشە چونکە کۆتایی چیرۆکەکە ئەوەیە کە کچە گەورەکە کوڕەکەی ناو نا مۆئاب מוֹאָב و ئەو بووە باوکی مۆئابییەکان‌و کچە بچووکەکە کوڕەکەی ناو نا بێن عامی בֶּן-עַמִּי ئەمیان باوکی عامۆنییەکان (بەنی عامۆن בְּנֵי-עַמּוֹן). ئەو گەڕاندنەوەیە جگەلەوەی واتای سووکایەتییە، هەروەها هەوڵێکە بۆ تەفسیرکردنی ڕەچەڵەکی گەلان.

٢٤-كوڕانی یەعقووب داوا دەكەن یووسف یارییان لەگەڵ بكات

((قَالُواْ يَا أَبَانَا مَا لَكَ لاَ تَأْمَنَّا عَلَى يُوسُفَ وَإِنَّا لَهُ لَنَاصِحُونَ * أَرْسِلْهُ مَعَنَا غَدًا يَرْتَعْ وَيَلْعَبْ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ –یوسف: ١١-١٢)).

قورئان باسی ئەوە دەكات براكانی یووسف لە یەعقووبی باوكیان داواكرد یووسفیان لەگەڵ بنێرێت بۆ ئەوەی ئەویش یاری بكات. عبدالفادیش دەبینێت لە تەورات شتی تر هەیە ئەویش كە یەعقووب یووسفی نارد بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لە سەلامەتی ئەو برایانەی، كاتێكیش بینییان وتیان ئەوەتا خاوەنی خەونەكان هاتووە با ئێستا بیكوژینو فڕێی بدەینە بیرێكو بڵێین دڕندەیەكی خراپ خواردیو بزانین خەونەكانی چی دەبن. (تەكوین ٣٧: ١٢-٢٠- عبدالفادی بەكورتی دەیهێنێتەوە).

قورئان ڕێكتر باسی ئەوە دەكات: سەرەتا باسی ئەوە دەكات كە براكانی یووسف بڕیاری كوشتنی دەدەن، یەكێكیشان دەڵێت فڕێی بدەنە بیرێك، ئینجا دەچنە لای باوكیانو داوای لێ دەكەن یووسفیان لەگەڵ بنێرێت بۆ یاریو لێی دەپرسن بۆچی متمانەی بەوان نییە، ئینجا قەناعەتی پێدەكەن. بەڵام باسەكەی تەوراتی بەردەستمان لە نامەعقوول دەچێت: یەكەم لەبەر ئەوەی براكانی یووسف كە زۆرن دەچن بۆ لەوەڕاندی ئاژەڵەكانیانو دوادەكەون كەچی یووسف بۆ سۆراغیان دەنێرێت كە یەعقووب لەوانی خۆشتر دەویست چونكە بەپیری بوویەتی (تەكوین ٣٧:

٣)و یەك كەسەو منداڵترە. كاتێكیش یووسف دەگاتە لایان بیر لە كوشتنی دەكەن. ئەمەی دوایی ڕێگەی تێدچێت بەڵام ناگاتە ڕێكیی سیاقی قورئـان كە نەخشەو پیلانەكە پێشتر داڕێژرابوو.

٢٥-داهێنانی منداڵێك شایه تمانی دەڵێت

((وَاستَبَقَا الْبَابَ وَقَدَّتْ قَمِيصَهُ مِن دُبُرٍ وَأَلْفَيَا سَيِّدَهَا لَدَى الْبَابِ قَالَتْ مَا جَزَاء مَنْ أَرَادَ بِأَهْلِكَ سُوَءًا إِلاَّ أَن يُسْجَنَ أَوْ عَذَابٌ أَلِيمٌ * قَالَ هِيَ رَاوَدَتْنِي عَن نَّفْسِي وَشَهِدَ شَاهِدٌ مِّنْ أَهْلِهَا إِن كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِن قُبُلٍ فَصَدَقَتْ وَهُوَ مِنَ الكَاذِبِينَ * وَإِنْ كَانَ قَمِيصُهُ قُدَّ مِن دُبُرٍ فَكَذَبَتْ وَهُوَ مِن الصَّادِقِينَ * فَلَمَّا رَأَى قَمِيصَهُ قُدَّ مِن دُبُرٍ قَالَ إِنَّهُ مِن كَيْدِكُنَّ إِنَّ كَيْدَكُنَّ عَظِيمٌ * يُوسُفُ أَعْرِضْ عَنْ هَذَا وَاسْتَغْفِرِي لِذَنبِكِ إِنَّكِ كُنتِ مِنَ الْخَاطِئِينَ -یوسف: ٢٥-٢٩)).

باس له ڕووداوەکەی نێوان یووسفو ژنی عەزیزی میسر دەکات کاتێك یووسف له دەستی ژنەکه ڕای کردو ئەو کراسەکەی لەدواوە ڕاکێشاو دڕاندی، ژنەکەش تۆمەتی خستە پاڵ یووسف، ئینجا که بینییان کراسەکەی یووسف دڕاوە ((شایەتێك له کەسوکاری ئافرەتەکە وتی ئەگەر کراسەکەی لەپێشەوە دڕابێت ژنەکە ڕاست دەکاتو یووسف درۆ دەکاتو ئەگەر کراسەکەی لەپشتەوە دڕابێت ژنەکە درۆ دەکاتو یووسف ڕاست دەکات)).

وەك دیارە قورئان ناڵێت ئەو شایەتە کێ بووە، بەڵام بە بیرکردنەوەیەکی کەم، یان هەر بەبێ بیرکردنەوە، مرۆڤ دەزانێت کەسێکی گەورەیە نەك منداڵ چونکە مێشکی مرۆڤ بۆ منداڵ ناچێت. ئەی بۆچی فەرموودەیەك هەیە دەڵێت منداڵێکی ناو بێشکە بوو؟ بەیزاوی کە عبدالفادی شتی لێوە نەقڵ دەکات دەڵێت: وتراوە ئەو کەسە ئامۆزایەکی ژنەکە بووە، وتراویشە

خالۆزایەکی بووە کە منداڵێکی ناو بێشکە بوو (بەیزاوی ٣، ل٢٨٣).[١٩٦] واتە بەیزاوی هەدوو قسەکە نەقڵ دەکاتو هەردووکیان بە (وتراوە) وەسف دەکات. بۆ دووەمیشیان پشت بە فەرموودەیەك دەبەستێت کە چوار کەس بە منداڵی قسەیان کردووە کە یەکێکیان ئەوە بوو (ج٣، ص ٢٨٣)[١٩٧]، کە فەرموودەکە بەو لەفزە دروست نییە.[١٩٨]

کارەکەی بەیزاوی خۆی لە خۆی هەڵەیە، واتە هەڵەیە ئەو تەفسیرانە نەقڵ بکرێن کە (وا وتراوەو وا وتراوە)، عبدالفادیش لەوە خراپتری دەکات بەوەی تەنها قسەی دووەمی نەقڵکردووەو ئینجا دەیکاتە ڕەخنە بەسەر قورئانەوە، بەڵام کارەکەی عبدالفادیش لەوەش خراپتر چونکە شایەتیی منداڵەکە لە سەرچاوەیەکی جوولەکە هەیە ئەویش (کتێبی یاشەر)، کە پێشتر باسمان کردبوو. لەو کتێبە، کە وەکو چیرۆکەکانی تر چیرۆکی یووسف درێژتر لەوەی تەورات دەگێڕێتەوە، لەو کاتەی پیاوانی (پۆتیفار) لە یووسف دەدەن پۆتیفار منداڵەکەی کە یانزە مانگ تەمەنی بوو دەکەوێتە قسەو دایکی خۆی تاوانبار دەکاتو ڕاستیی ڕووداوەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە (کتێبی یاشەر ٤٤: ٦٤-٦٦).[١٩٩]

---

196 عبدالفادی قسەکەی بەیزاویی بەهەڵە وەرگرتووەو نووسیویەتی: وتراوە ئامۆزایەکی بوو کە منداڵێکی ناو بێشکە بوو.

197 تفسیر ابن کثیر، ج٤، ص ٣٨٣-٣٨٤.

198 فەرموودەی صەحیح بەو شێوەیە هەیە بەڵام شێوازەکەی جیاوازەو باسی شایەتەکەی یووسفی تێ نییە، بڕوانە (السلسلة الضعيفة والموضوعة)ی ئەلبانی (ج٢، ح٢٨٨٨). بەپاڵ ئیسنادەکەش ئەلبانی لەبەر ناڕێکیی لەگەڵ قورئان ڕەتی دەکاتەوە (لاپەڕە ٢٧٣).

199 The Book of Jasher, p.141.

باقیی ڕەخنەکانی عبدالفادیش نیشانەی ڕەخنەی سەرپێیین: چۆن مێردەکەی قبوولّ دەکات خۆیو یووسف پێکەوە لە ماڵەکە بمێننەوە؟ بۆچیش یووسف لەبەر پاکییەکەی دەخاتە بەندیخانە؟

ئێمە نازانین یووسف دوای ئەو ڕووداوە لە چ شوێنێکی ماڵەکە مایەوە، بەڵام دەزانین خانووی دەوڵەمەندانو بەرپرسان گەورە بوونو دەزانین ئەو خانووە وەکو خانووەکەی عبدالفادی نەبووە تەنها ژنو پیاو و منداڵەکانیان لەخۆ گرتبێت بەڵکو کۆیلەیو خزمەتکاریشی لێ بووە، دەشزانین قورئان قسەی پیاوەکە دەگێڕێتەوە کە بە ژنەکەی وتووە داوای لێخۆشبوون بکات چونکە تاوانی کردووە، واتە پیاوەکە دەرفەتێکی بە ژنەکە دابوو، دەشزانین هەموو پیاوەکان وەکو یەك لە حاڵەتی وا ڕەفتار ناکەن. کارەکەی دواتریش هەر خۆی تەفسیری هێشتنەوەی یووسف دەکات، واتە بەپێویستیان زانی ماوەیەك یووسف دووربخەنەوە بەجۆرێك دووربکەوێتەوە لەو ماڵەو قسەی خەڵك ببڕنو وایان تێبگەیەنن یووسف تاوانبار بووە.

عبدالفادی وەڵامی ئەوەی نییە کە بۆچی بێتاوانیی یووسف ئاشکرا نەبوو. عەزیزی میسر لە تەورات باوەڕی بە ژنەکەی کرد کە یووسف تاوانبارە، پاشان دەرچوونی یووسف لە بەندیخانە بەهۆی ئەوەی تەفسیری خەونی پادشای کرد، بەڵام قورئان باسی ئەوە دەکات کە یووسف هەر لە بەندیخانە خەونەکەی بۆ پادشا تەفسیر کرد، کاتێکیش پادشا ناردی بەدوای یووسف بۆ ئەوەی لە بەندیخانەی دەربچێتو بچێتە لای، یووسف قبووڵی نەکردو بە نێردراوەکەی وت: بگەڕێرەوە بۆ لای گەورەکەتو پێی بڵێ مەسەلەی ئەو ئافرەتانە چی بوو کە دەستی خۆیان بڕی. کە پادشاش

ئەو ئافرەتانەو ژنی عەزیزی میسری کۆکردنەوە ئافرەتەکان وتیان شتی خراپمان لە یووسف نەبیستووەو ژنی عەزیزی میسر ددانی بە تاوانی خۆی نا، ئینجا یووسف لەبەرچاوی پادشا گەورەتر بوو و وتی بیهێنن بۆ لام بۆ ئەوەی بیکەمە کەسێکی تایبەتی خۆم. ئەم سیاقە زۆر گونجاوە بۆ دەرخستنی بێتاوانیی یووسف نەك تەنها توانای یووسف لەبواری تەفسیری خەون کە ئەوە بەس نییە چونکە بۆی هەبوو خەڵك بڵێن تواناکەی ڕزگاری کردبوو، هەر بۆیەش لە گێڕانەوەکەی قورئان یووسف نەیویست بەهۆی ئەو توانایەوە لە بەندیخانە ڕزگاری بێت. لە باسەکەی تەورات یووسف تەنانەت لەبەردەمی خاوەنەکەی بەرگریشی لە خۆی نەکرد.

ئەو باسانە لە تەوراتی بەردەستمان ونن، لەبەر ئەوەش کە موسڵمان باوەڕی بەوەیە تەورات لەلایەن خوداوە هاتووە پێویستە موسڵمان بڵێت ئا لێرە ئەو باسانە بۆ مەبەستی کورتی پەڕێنراون، نموونەی تریشمان لە ڕەخنەی (بەندکردنی بنیامین) هەیە. ئەوەش بزانین کە کتێبی تەکوین لە دروستبوونی بوونەوەرە دەست پێ دەکاتو بە چیرۆکەکەی یووسف کۆتایی پێ دێت، ئەو بەسەرهاتو زەمەنە زۆرانەش دیارە پێویستیان بە کورتکردنەوە هەبووە.

٢٦-داوەتێکی ئافرەتانەی وەهمی

((وَقَالَ نِسْوَةٌ فِي الْمَدِينَةِ امْرَأَةُ الْعَزِيزِ تُرَاوِدُ فَتَاهَا عَن نَّفْسِهِ قَدْ شَغَفَهَا حُبًّا إِنَّا لَنَرَاهَا فِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ * فَلَمَّا سَمِعَتْ بِمَكْرِهِنَّ أَرْسَلَتْ إِلَيْهِنَّ وَأَعْتَدَتْ لَهُنَّ مُتَّكَأً وَآتَتْ كُلَّ وَاحِدَةٍ مِّنْهُنَّ سِكِّينًا وَقَالَتِ اخْرُجْ عَلَيْهِنَّ فَلَمَّا رَأَيْنَهُ أَكْبَرْنَهُ وَقَطَّعْنَ أَيْدِيَهُنَّ وَقُلْنَ حَاشَ لِلّهِ مَا هَذَا بَشَرًا إِنْ هَذَا إِلاَّ مَلَكٌ كَرِيمٌ * قَالَتْ فَذَلِكُنَّ الَّذِي لُمْتُنَّنِي فِيهِ وَلَقَدْ رَاوَدتُّهُ عَن نَّفْسِهِ فَاسَتَعْصَمَ وَلَئِن لَّمْ يَفْعَلْ مَا آمُرُهُ لَيُسْجَنَنَّ وَلَيَكُونًا مِّنَ الصَّاغِرِينَ -يوسف: ٣٠-٣٢)).

عبدالفادی دوو ڕەخنەی هەیە: یەکەمیان ئەوەیە چۆن ژنی ئەفسەرێکی گەورە داوەتێك بۆ گەورەژنانی شارەکە دەکات بۆ ئەوەی لەبەردەمی ئەوان رایبگەیەنێت شەیدای کۆیلەکەی بووەو پەردەی حەیا لەڕووی خۆی هەڵبماڵێت بێئەوەی لە ئابڕووچوون بترسێت؟ دووەمیشیان چۆن ئەو ئافرەتانە لەجوانیی یووسف ئاگایان لە خۆیان نابێتو دەستی خۆیان بە چەقۆی دەستیان دەبڕن بێئەوەی هەستی پێبکەن.

* * * *

عبدالفادی دووەمیان بە خەیاڵی نەخۆش ناودەبات، بەڵام ئەوە نیشانەی نەخۆشیی عەقڵەکەیەتی چونکە ئەوە حاڵەتێکە تووشی هەموو کەس دەبێت، واتە شتێك دەبێتە هۆی سەرسامبوون یان ترسی یان ئەو کەسە لەناکاو دەبرێتو بێئەوەی ئاگای لەخۆی بێت کارێك دەکات ڕەنگە ئازاریشی بدات. ئینجا لەبەر ئەوەی مرۆڤەکان زۆرنو سروشتەکانیش زۆرن

کاردانەوەشـیان زۆر جیـاواز دەبێـت، واتـە لەگـەڵ زۆربـوونی ژمـارەی کەسەکان ئیحتمالەکانیش زۆرتر دەبن.

کەواتە ئەگەر ڕەخنەت گرت ڕەخنە لە ڕووداوێك مـەگرە بەوەیـە ناماقووڵـە ئەگەر ڕووداوەکە پەیوەندیی بە کەسی زۆرەوە هەبێت (کـە لێـرە مرۆڤـە).

نموونە لەوەی سەرەوە ئاسانتر ڕەخنەگرتنە لە ڕاستێتیی هەبوونی کەسێك بە بیستنی دەنگی فڕۆکە تووشـی وڕبـوون دەبێـت. هەڵـەی ئـەم ڕەخنەیـە ئەوەیە مرۆڤەکان زۆرن‌و جیاوازن‌و کاردانەوەشیان بەرامبـەر بـە شـتەکان‌و ڕووداوەکان جیاوازە.

هەمان بنەمای ڕەخنەگرتنیش ڕەخنەی یەکەمیش دەگرێتەوە، واتە هەڵەیە پرسیار بکرێت کە چۆن ژنی عەزیزی میسر بێ شەرم بەو ئافرەتانە دەڵێـت حەزی لە کۆیلەکەی بوو. هەڵەکەو وەك پێـشتر ڕوونم کـردەوە لەوەیـە کـە ئیحتمالیەتی ڕووادوەکە زۆرە لەبەر زۆریـی ئـەو کەسـانە کـە پەیوەنـدییان پێوەی هەیە (کۆی مرۆڤەکان). ڕەخنەکەی عبدالفادیش ناڕاستەوخۆ پێمان دەڵێت لە کۆی ملیاران ئافرەت یـەك ئـافرەت نییـە ئـاوا بـێ پـەردە باسـی حەزی خۆی ئاشکرا بکات.

وەڵامی تریشمان بۆ ئەو ڕەخنەیە ئەوەیـە بـەدەر لـەوەی نـازانین عـەزیزی میسر ئەفسەر بووە یان نا و بەدەر لەوەی مەرج نییە ژنەکان ژنـی ئاسـایی بوون یان گەورەژنی شار بوون وەك عبدالفادی دەڵێت، ژنی عـەزیزی میـسر ئەوانی بۆ ئەوە کۆنەکردبووەوە تـا حـەزی خـۆی بـۆ یووسـف ڕابگەیـەنێت چـونکە ئـەو قـسەیە پێـشتر بڵاوببـووەوە، کۆکردنـەوەیان بـۆ ئـەوە بـوو پیشانیان بـدات لۆمـەکردنی ئـەوان لەجێگـەی خـۆی نییـەو یووسـف ئـەوە دەهێنێت حەزی لێ بکرێت. خاڵێکی تر کە نیشانەی بێئاگـایی عبدالفادییـە

له مێژووی میسری فیرعـەونی ئەوەیـە ئـەو جـۆرە باسـانە لـەو کۆمەڵگەیـە ئاسایی بوون. دەقێکی ناسـراو هەیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمێکی دواتـر ئەویش سەردەمی رەمسیسی دووەمو لە دەقە لەسەر زاری کچێك کە قـسە لەگـەڵ خۆشەویـستەکەی دەکـاتو پێـی دەڵێـت کـە دەیـەوێت بـچێتە نـاو ڕووبارەکـە بـۆ خۆشـتنو ئـەویش تەماشـای بکـاتو ڕێگـەی پـێ بـدات جوانییەکـەی لـە تـەنکترین جلـەوە ببینێـت.[200] پەیوەندییـەکانی نێـوان ئافرەتو پیاو لە میسری فیرعەونی، بەڵکو تا ئێستا کەمترین موحافزکاریی هەبووە لەچاو کۆمەڵگەی تری رۆژهەڵاتی.

---

[200] کینیث کیتشن، رمسیس الثاني، ص ٢١٣–٢١٥.

٢٧-بۆچی بەندکردنی یووسف درێژەی کێشا؟

((وَقَالَ لِلَّذِي ظَنَّ أَنَّهُ نَاجٍ مِّنْهُمَا اذْكُرْنِي عِندَ رَبِّكَ فَأَنسَاهُ الشَّيْطَانُ ذِكْرَ رَبِّهِ فَلَبِثَ فِي السِّجْنِ بِضْعَ سِنِينَ –يوسف: ٤٢))

پاش ئەوەی یووسف خەونی هەر یەکێك لەو دوو کەسەی لە بەندیخانە لەگەڵی بوون تەفسیر دەکات بەو کەسە دەڵێت کە ڕزگاری دەبێتو بەپێی خەونەکە دەبێتە ساقیی پادشا باسم بکە لای گەورەکەت، واتە لای پادشا، ئیتر شەیتان ئەوەی لەبیر دەباتەوەو یووسف چەند ساڵێك لە بەندیخانە دەمێنێتەوە. عبدالفادی قسەی بەیزاوی نەقلّ دەکات کە پێغەمبەری ئیسلام وتوویەی: ڕەحمەتی خودا لە یووسفی برام ئەگەر ئەوەی نەوتایە پاش پێنج ساڵەکە حەوت ساڵ لە بەندیخانە نەدەمایەوە. عبدالفادی ئینجا دەپرسێت ئایا حەرامە مرۆڤ لەکاتی تەنگانە پشت بە برای خۆی ببەستێت؟

* * * *

عبدالفادی نموونە دەهێنێتەوە کە ئەوە حەرام نییەو هەڵبەت ئێمەش دەتوانین نموونەی تر بهێنینەوە کە حەرام نییە بەڵام مەسەلەکە بەو جۆرە نییە. جارێ عبدالفادی تەواوی قسەی بەیزاویی نەقلّ نەکردووە کە ئایەتەکەی (فانساه الشيطان ذكر ربه– شەیتان باسی خاوەنەکەی لەبیر بردەوە) دەگەڕێنێتەوە بۆ ساقییەکە، واتە شەیتان باسی یووسف لای خاوەنەکەی، واتە لای پادشا، لەبیر ساقییەکەی بردەوە. ئینجا بەیزاوی

تەفسیرەکەی تر دەڵێت ئەویش کە شەیتان زیکری خودای لەبیر یووسف بردەوە بۆیە پشتی بە غەیری خودا بەست. ئەم دوو تەفسیرە لای موفەسیری تریش هەن، بۆ نموونە ئیبنو کەثیر هەردوودکیان باس دەکاتو کە کێ لە موفەسیرەکان ئەو دوانەی وتووە، یەکەمیشیان پەسەند دەکاتو دەڵێت ئەو فەرموودەیە زۆر لاوازە.[٢٠١] قورتوبیش باسی دوو بۆچوونەکە دەکاتو بۆ ئەو لەتەفسیرەی بیرچوونەوەکە بۆ یووسف دەگەڕێنێتەوە دوو گێڕانەوەی بێبنەما دەهێنێتەوە کە گوایە جبریل چووە لای یووسفو پێی وت سزاکەی ئەوەیە چەند ساڵێك لە بەندیخانە بمێنێتەوە.[٢٠٢]

بەیزاوی دەڵێت هەرچەندە پشتبەستن بە مرۆڤەکان لەکاتی تەنگانە بەشێوەیەکی گشتی دروستە بەڵام شایەنی پایەی پێغەمبەران نییە (ج٣، ص٢٩٠) کە ئەمە قسەی خۆیەتیو بەڵگەی پێچەوانە هەیە بۆ ئەوە.

کەواتە عبدالفادی تەنها یەك تەفسیری وەرگرتووەو ئەوەی تری پشتگوێ خستووە. بەبۆچوونی خۆشمان تەفسیرکردنی ئەوە بە سزادانی یووسف لەڕووی سیاقی باسەکەوە تەفسیرێکی لاوازە.

ئەگەر بشگەڕێینەوە بۆ کتێبی یاشەر دەبینین هەردوو باسەکە هەیە: کاتێك یووسف بەو کەسە دەڵێت کە ڕزگاری دەبێت باسم بکە لای گەورەکەت (یاشەر ٥٦: ١٠)و[٢٠٣] باسی ئەوەی کە کابراکە لەبیریچوو باسی یووسف بکات بەڵام باسی شەیتان نەکراوەو باسی لەبیرچوونەوەش نەکراوە بەڵکو هۆی باسنەکردنەکە گەڕێنراوەتەوە بۆ خودا ((باسی نەکرد

---

[201] تفسیر ابن کثیر، ج٤، ص٣٩١. فەرموودەکە بەشێوەیەکی ترە نەك پاش پێنج حەوت، بڕوانە هەروەها تەفسیری قورتوبی، الجامع لاحکام القران، ج١١، ص ٣٥٦.

[202] تفسیر القرطبي، ج١١، ص ٣٥٥.

[203] The Book of Jasher, p.145.

لای پادشا وەك بەڵێنی پێ دابوو، ئەمەش لەلایەن پەروەردگارەوە بوو بۆ ئەوەی سزای یووسف بدات لەبەر ئەوەی متمانەی بە مرۆڤ کرد)) (یاشەر ٥٦: ١٩) ئیتر یووسف بۆ ماوەی دوو ساڵی تر لە زیندان مایەوەو مانەوەکەی بوو بە دوانزە ساڵ (یاشەر ٥٦: ٢٠).[٢٠٤] هەمان شتیش لە کتێبی تر هەن وەك تەرگومی[٢٠٥] یەکەمی ئورشەلیمی لەسەر پێنج کتێبی

---

[204] *ibid*., p.146.

[205] (تەرگوم) ڕاڤەکردنو ڕوونکردنەوەو درێژەپێدانی پەیمانی کۆنە بۆ زمانێکی تر کە بەدەم دەوترێت. کاتێکیش باسی تەرگوم دەکرێت مەبەست لە وەرگێڕانە بۆ زمانی ئارامی. وشەکە هێندە بەرامبەری زمانی ئارامی زانراوە کە جوولەکەکانی کوردستان کە بە ئارامی قسە دەکەن بە زمانەکەیان دەڵێن تەرگوم:

Encyclopaedia Judaica, vol. 19, p.513.

زمانی عیبری لەدوای ڕاگواستنی جوولەکەوە بۆ بابل چیتر وەکو زمانی ڕۆژانە نەمایەوە. لە سەرەتای سەردمی مەسیحی جوولەکەی میسر بە یۆنانییەکی مەکدۆنی قسەیان دەکرد، ئەوانەی بابلیش بە زمانێك قسەیان دەکرد کە بنچینەکەی ئارامی بوو لەگەڵ تێکەڵەیەکی کەمی عیبریو زمانی بێگانە، بڕوانە:

J. W. Etheridge, The Targums of Onkelos and Jonathan Ben Uzziel on the Pentateuch (Genesis and Exodus), p.3f.

تەرگومەکان سەرەتا بە دەم بوونو دوایی بوونە نووسین. چەند تەرگومێکیش هەبوون" تەرگومی بابلی یان تەرگومی ئۆنکیلۆس کە تەرگومی ڕەسمییە. تەرگومی ئورشەلیمی، یان ڕاستتر فەڵەستینی، هەیە کە ئەو شێوەیەی ماوەتەوە هی پاش پێغەمبەری ئیسلامە، تەرگومی تریش هەن، بڕوانە:

F. C. Burkitt, *Targums*, in; Encyclopædia Biblica, vol.IV, col.5028.

بەهەڵەش بە تەرگومی فەڵەستینی وترابوو تەرگومی یوناتان کوڕی عوزیئیل، کە ئەمیان تەرگومێکی ترە. ئاشکرایە وشەکە لەگەڵ فرمانی عەرەبیی (ترجم)و ناوی عەرەبیی (ترجمە) یەکدەگرێت. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەو لە سەدەی بیست ژمارەیەکی تری دەستنووس، وەك ئەوانەی قاهیرەو دەریای مردوو دۆزرانەوە کە ڕێژەیەکی کەمیان تەرگومن.

یەکـــەمی پـــەیمانی کـــۆن، کـــە مانـــەوەی یووســـف بـــۆ هـــەمان هـــۆ دەگەڕێنێتەوە[206] هەروەها لە پارچەکانی تەرگومی ئورشەلیمی کـە ئـەمیان درێـژە بـەو قـسەیە دەداتو دەگەڕێتـەوە بـۆ نووسـینی پـیرۆز کـە لـەویێ هاتووە: نەفرەت لەو کەسـەی متمانـە بـە گۆشـت (واتـە: لاشـە، مـرۆڤ...) ببەسـتێتو موبـارەك بێـت ئـەو کەسـەی متمانـە بـە وشـەی پـەروەردەگار دەکات.[207]

کەواتە بەپاڵ جیاوازیی باسەکانی قورئانو موفەسیرەکان لەلایـەكو کتـێبی یاشەرو تەرگوم لەلاکەی تر باسی مانەوەی زیاتری یووسف لە زیندان وەکو سزایەکی خودایی بەئاشکرایی لەو کتێبانە هەیەو بەم جۆرە تـەنها گونـاهی نەقڵکردنی ئەو جۆرە باسانە دەچـێتە ئەسـتۆی موفەسـیرانی ئیـسلام، کـە لەڕووی بابەتی سەرەکیی ئەم کتێبەمان، واتە ڕەخنەگرتن لە ڕەخنـەگر لـە قورئان، گوناهی ئەوان نییە بەڵکو گونـاهی کتێبـەکانی جوولەکەیـە، بـەڵام لەڕووی تەفسیری قورئان ناتوانین بە گوناهی نەزانین لەبەر ئەوەی تەفسیر پڕکرا بەو قسانەی خەڵك وەکو ڕاستی تەماشایان دەکرد چونکە لـە زانـاوە دەرچوون، لەوەش خراپتر ئەوەیە حوکمو بیرکردنەوەو ڕەفتار لەسەر ئـەو جۆرە قسانە بینا کراوە

ئەو بیرکردنەوەیەش کە بۆ هیچ شتێك پشت بـە غـەیری خـودا نەبەسـترێت تەنانەت کـاتی زەرووەتـیش بیرکردنەوەیـەك بـوو لـە کۆمەڵگـە موسـڵمانە کۆنەکان هەبووەو زیاتر پەیوەست بووە بە تەسەووف کـۆن کـە دەیویـست پەیوەنـدیی ڕاسـتەخۆ لـەنێوان خـوداو مـرۆڤ هـەبێت بۆیـە تەنانـەت ئـەو

---

[206] **J. W. Etheridge, The Targums of Onkelos and Jonathan Ben Uzziel on the Pentateuch (Genesis and Exodus), Section IX, Ch. XL, pp.299f.**

[207] **J. W. Etheridge, *ibid*., p.300.**

تەسەووفە بایەخی بە فەرموودەش نەدەداو هەیانبووە دەیوت (حدثني قلبي عن ربي)، بۆیە ئاساییە تەفسیری لەو جۆرە هەبێت یان ئەو هۆکارەی لە کتێبەکانی جوولەکە وتراوە پەسەند بکرێت.

٢٨-بەندنەكردنی بنیامین

((قَالَ بَلْ سَوَّلَتْ لَكُمْ أَنفُسُكُمْ أَمْرًا فَصَبْرٌ جَمِيلٌ عَسَى اللّهُ أَن يَأْتِيَنِي بِهِمْ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْعَلِيمُ الْحَكِيمُ * وَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا أَسَفَى عَلَى يُوسُفَ وَابْيَضَّتْ عَيْنَاهُ مِنَ الْحُزْنِ فَهُوَ كَظِيمٌ-يوسف: ٨٣-٨٤)).

عبدالفادی باسی چوونی براكانی یووسف بۆ میسر و خۆنەناساندی یووسفو گلدانەوەی شەمعوونی برای تا براكانی تری برا بچووكەكیان بهێنن كە لە ولاتی خۆیان مابوو ئەویش بۆ ئەوەی بیسەلمێنن كە سیخوڕ نین، ئەمەش لە قورئان باس نەكراوە پاشان كە لەگەل بنیامین گەڕانەوە یووسف بنیامینی بە تۆمەتی دزینی پەرداخەكەی گرت ئەوانیش بەرگرییان لە بنیامین كرد ئینجا یووسف خۆی بەوان ناساند، بەم جۆرە براكانی یووسف سێ جار چوونە میسر بەلام قورئان دەیكاتە چوار جار.

* * * *

جگە لە ڕەخنە گشتییەكە ئەویش ساغنەبوونەوەی دروستیی هەموو باسەكانو وردەكارییەكانی تەوراتی بەردەستمان بۆ ئەوەی بیكەنە بناغە بۆ زانینی دروستیی قورئان، ڕەخنەیەكی ترمان هەیە:

باسەكەی تەورات شتێكی ناڕێكی هەیە ئەویش گرتنی بنیامین كە شتێكی زیادەیە لەبەر ئەوەی یووسف یەكسەر لەوێ خۆی ناساند، بەواتایەكی تر یووسف پیلانێكی گێڕا، كە تۆمەتی دزیكردن بوو، بۆ ئەوەی بنیامینی برای لای خۆی گل بداتەوەو براكانی تر بڕۆنەوە بەلام كە براكانی باسی حالی

خۆیان‌و باوکیان کرد دەستی کرد بە گریان‌و خۆی ناساند، ناشـزانین چـۆن یووسف دەیویست پاش گەڕانەوەی براکانی بـاوکی بزانێـت خـۆی یووسـف بووەو بچێتە میسر بۆ لای، بەڵکو لە چیرۆکەکە هیچ نەخـشەیەکی یووسـف دیار نییە بۆ هاتنی باوکی. ڕەنگە لەبـەر ئـەوەش بێـت قـسەیەکی یووسـف زیادکراوە (تەکوین ٤٥: ٣) دوای ئەوەی خۆی بـە براکـانی ناسـاند ئـەویش کاتێك پرسیاری لێ کردن: ((باوکم هێشتا زیندووە؟))، ئەم پرسیارەش لـە جێگەی خۆی نییە چونکە یووسف دەیزانی باوکی ماوە لەبەر ئـەوەی هـەر لـەو شـوێنەو پـێش ئـەو پرسـیارەو پـاش ئـەوەی بڕیـاری دا بنیـامین گـل بداتەوە پێی وتن: ئێوەش بەئاشتییەوە بچن بۆ لای باوکتان (تـەکوین ٤٤: ١٧)، یەکسەریش یەهوودا قـسەیەکی دوورودرێـژی لەگـەڵ دەکـاتو باسـی باوکی دەکات کە پیرەو دڵی بە بنیامینەوە بەستراوەتەوەو ئەگـەر بزانێـت ونبووە دەمرێت (تەکوین ٤٤: ١٨ بەدواوە)، دیسانەوە یەکسەریش یووسف خـۆی دەناسـێنێتو دەپرسـێت: بـاوکم هێـشتا زینـدووە؟(تـەکوین ٤٥: ١ بەدواوە)، بۆیە وای بـۆ دەچـین پرسـیارەکە زیادەیەکـە بـۆ پڕکردنـی ئـەو کەلێنەی باسمان کرد، واتە ئەگەر بنیـامین لای یووسـف بمایـەوە، براکـانی تریشی بڕۆشتنایەوە لای باوکیان باسی چوونی یـەعقووب بـۆ لای یووسـف نەدەکرا، بەڵکو پێویستیشی دەکرد جـارێکی تـر لەسـەر فـەرمانی باوکیـان بـچوونایە لای یووسـف. کەواتـە وا دیـارە لـەم شـوێنەو بـۆ کـورتی شـتێك پەرێنراوە کە زنجیرەی ڕووداوەکان تەواو بکاتو ببێتـە هۆکـار بـۆ چـوونی یەعقووب هەروەها بۆ ئەوەی پیلانەکـەی یووسـف بـۆ گلدانـەوەی بنیـامین وەکو شتێکی زیادە دەرنەکەوێت.

گێڕانەوەکەی قورئانە ڕێکترە چونکە پیلانەکەی یووسـف بـۆ هێـشتنەوەی بنیامین بوو تا لای خۆی گلی بداتەوەو لەو برایانەی ڕزگاری بکات. براکانی یووسف جگە لە گەورەکەیان دەگەڕێنەوە لای باوکیانو پاشان بەفـەرمانی باوکیان دەگەڕێنەوە بۆ لای یووسف ئینجا یووسف خۆی دەناسێنێت، لـەم سیاقەش پیلانەکەی یووسف شتێکی زیادە نییە.

٢٩-كراسێكی سیحری

((اذْهَبُواْ بِقَمِيصِي هَذَا فَأَلْقُوهُ عَلَى وَجْهِ أَبِي يَأْتِ بَصِيرًا وَأْتُونِي بِأَهْلِكُمْ أَجْمَعِينَ- يوسف: ٩٣)).

عبدالفادی قسەی موجاهید، موفەسیری بەناوبانگ كە لە ئیبنو عەبباس تەفسیر دەگێڕێتەوە، دەهێنێتەوە كە ئەو كراسەی یووسف كە دای بە براكانی بۆ ئەوەی بیدەن بەسەر دەموچاوی یەعقووبی باوكیو ئەویش چاوی چاكبووەوە.. ئەوە هی ئیبراهیم بوو و دواتر دای بە ئیسحاقو ئیسحاق دای بە یەعقووبو كە یووسف گەورە بوو یەعقووب كردیە ناو قامیشێكی زیو و وەكو نوشتە بە ملی هەڵیواسی. ئەو كراسەی ئیبراهیم ئەوە بوو كە جبریل لە ئاوریشمی بەهەشت بۆی هێنا پاش ئەوەی جلەكەیان لەبەر داكەندو خستیانە ناو ئاگر..تاد.[٢٠٨]

عبدالفادی دەپرسێت چۆن خەڵكی زەوی جلی بەهەشت لەبەر دەكەنو چۆن موعجیزە دەكات بۆ ئەوانەی كراسەكە بووە میراتییانو چیی بەسەرهاتووەو ئایا گاڵتە بەو كەسانە ناكەین كە نوشتە دەكەنە ملو بەری منداڵەكانیان...

پێویست ناكات هیچ وەڵامی عبدالفادی بدەینەوە چونكە ئەمەی نەقڵی كردووە قسەیەو پەیوەندیی بە قورئانەوە نییەو گێڕانەوەكەش دروست

---

208 بڕوانە بۆ ئەوە تەفسیری قورتوبی، ١١، ص ٤٤٦. گێڕانەوەكە لە (السُدّی) لە باوكییەوە لە موجاهید. هەروەها بڕوانە تفسیر البغوی، مجلد ٤، ج١٣، ص ٢٧٥ كە تەنها ناوی موجاهیدی هێناوە، لە (الضحاك)یشەوە كراسێكی بەهەشت بوو.

نییه، بۆیه نەقڵمان کرد بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێت چۆن تەفسیری بێبنـەما، بەتایبەتیش کە بەناوی موفەسیرانی نـاودار دەلکێنرێـت، زیـان بـە ئیـسلام دەگەیەنێت.

نـــووح

٧-نووح داوای گومڕایی دەکات

((وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا ضَلَالًا-نوح: ٢٤)).

عبدالفادی دەپرسێت: چۆن نووح داوا لە خوداکەی دەکات خەڵکی زیاتر گومڕا بکەن؟ خوداش سەرچاوەی گومڕایی نییەو نووح حەز بە گومڕایی ناکاتو مێژووی پیرۆز شایەتیی ئەوەی بۆ دەدات: نووح پیاوێکی چاکەکاری کامڵ بوو لەناو نەوەکانی خۆی (تەکوین٦: ٩)، هەروەها ((نووح وەعزی چاکەکاریی دەکرد)) (٢پوتروس ٢: ٥)

* * * *

ئایەتەکە هەمووی: وَقَدْ أَضَلُّوا كَثِيرًا وَلَا تَزِدِ الظَّالِمِينَ إِلَّا ضَلَالًا.

نووح داوای گومڕایی کێی کردووە؟ هەر قەومەکەی خۆی بووە و هەمووش کەللەڕەق بوون. ئینجا دوعاکە بۆ ستەمکارانە نەك بۆ هەموو خەڵکی. عبدالفادی کە دەڵێت نووح لە مێژووی پیرۆز بە پیاوێکی چاکەکار ناوبراوە نەك پیاوێکە دوعا لە خەڵك دەکات دەیسەلمێنێت کە ئاگای لە تەورات نییە چونکە لە تەورات بەشێوەیەکی خراپتر وێنەکراوە. لە تەورات هاتووە کاتێك خودا بینی خراپەکاریی مرۆڤ لە زەوی زۆر بووە خەفەتی خوارد کە مرۆڤی دروست کردبوو و وتی ئەو مرۆڤە لەسەر ڕووی زەوی دەسڕمەوە کە

دروستم کردووه، مـرۆڤ و ئاژەڵـەکانو باڵنـدەکانی ئاسمـانیش (تـەکوین٦: ٥-٧).[٢٠٩]

[209] دوای لافاوەکەش دیسان پەشیمان بوونەوە دەخاتە پـاڵ خـودا کـە گوایـە دەڵێـت لەمـەودوا نـەفرەت لـە زەوی ناکـەم لەبـەر مـرۆڤ و هـەموو زینـدەوەرێك لـەناو نابـەم (تەکوین٨: ٢١).

١٤-خنکانی کوڕەکەی نووح

((*وَهِيَ تَجْرِي بِهِمْ فِي مَوْجٍ كَالْجِبَالِ* وَنَادَى نُوحٌ ابْنَهُ وَكَانَ فِي مَعْزِلٍ يَا بُنَيَّ ارْكَب مَّعَنَا وَلاَ تَكُن مَّعَ الْكَافِرِينَ * قَالَ سَآوِي إِلَى جَبَلٍ يَعْصِمُنِي مِنَ الْمَاء قَالَ لاَ عَاصِمَ الْيَوْمَ مِنْ أَمْرِ اللّهِ إِلاَّ مَن رَّحِمَ وَحَالَ بَيْنَهُمَا الْمَوْجُ فَكَانَ مِنَ الْمُغْرَقِينَ-هود: ٤٢-٤٣)).

عبدالفادی قسەی بەیزاوی دەهێنێتەوە کە کەنعان کوڕی نووحەو قبووڵی نەکرد لەگەڵ نووح سواری کەشتییەکە بێت ئیتر خنکا. زانراویشە (ئەمەش قسەی عبدالفادییە) نووح تەنها سێ کوڕی هەبوو: سامو حامو یافث و سێ ژنیان هەبوو، بەو جۆرە ئەوانەی چوونە کەشتییەکە هەشت کەس بوون: نووحو ژنەکەیو سێ کوڕەکەیو ژنەکانیان. ئیتر کوا باسی خنکانی کەنعان؟ زانراویشە کە کەنعان هێشتا لەدایك نەببوو. کەنعانیش کوڕی نووحی نەبوو بەڵکو کوڕی حام بوو ئەویش پاش لافاوەکە (تەکوین١٠: ١ و ٦ و ١٥).

* * * *

بەیزاوی (ج٣، ل ٢٣٥) باسی خوێندنەوەی تری ڕستەی (ونادی نوح ابنە) دەکات ئەویش (ونادی نوح ابنها) واتە کوڕی ژنەکەی کە بەخێوی کردووە... ئیتر هەموو ئەمانە قسەنو دەکرێنەماڵ بەسەر قورئان ئەگینا قورئان باسی نەکردووە ئەو کوڕەی نووح کێ بوو و ناوی چی بوو، ئەوەی تەوراتیش باسی دەکات ئەکید نییە واتە ناوی کوڕەکانی نووح و ئەوەش

ئەکید نییە بەڕاستی کـەنعان کـوڕی حـام بـووە، بـەڵکو ئاشکراشـە بۆچـی کەنعان کراوەتە کوڕی حام وەك لەخوارەوە باسی دەکەین.

کەنعان لە هەزاری دووەمی پێش زاین وەك زاراوەیەکی جـوگرافی بـریتی لـە زەوییەکانی رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست کـە رۆژئـاوای ڕوبـاری ئـوردونن، هەروەها فینیقیا (زەوییەکانی کـەنار دەریـا لـە لوبنـانو بەشـێکی کـەناری دەریـا لـە سـووریاو فەڵەسـتین)و بەشـێکی باشـووری سـووریا.[٢١٠] هـیچ ناوبردنێکی ئەکیـدیش نییـە بـۆ ئـەو زاراوەیـە لـە هـەزاری سـێیەمی پـێش زاین.[٢١١] یەکەم ناوبردنی کەنعانیش لە لەوحێکی مێخیی شاری مـاری[٢١٢] لـە سەدەی هەژدەیەمی پێش زاین بـوو.[٢١٣] کـەنعان لـە دەقـە میـسرییەکانیش دەردەکـەوێتو یەکـەم جـار ناوبرێـت لەسـەردەمی ئـامنحوتپی دووەم (١٤٥٤–١٤١٩ پ.ز) بوو[٢١٤] و دواتریش لـە نووسـینی فیرعەونـەکانی تـریش

[210] **James M. Weinstein, *Canaan*, in; Oxford Encyclopedia of Ancient Egypt, vol. 1, p.227.**
[211] ***ibid*.**

[212]مـاری شـارێکە لـە سـووریا لەسـەر فـورات ماوەیـەك دەوڵـەتێکی سـەربەخۆ بـوو و ماوەیـەك سـەر بـە ئاشـوورییەکان بـوو و حـامورابیی بابـل پـاش ئـەوەی ماوەیـەك هاوپـەیمانی بـوو وێرانـی کـردو نـاوی سـڕایەوە لـە مێـژوو. بیعـسەیەکی فەڕەنـسی لـە سـییەکانی سـەدەی بیـست کـاری تـێ کـردو هـەزاران دەقـی مێخیـی دۆزییـەوە کـە بەشێکیان نامە بوون لە فەرمانڕەوایانی شارەکە یان بۆ ئەوان هاتبوون جگەلـە نامـەی تریش. نامەکانی ماری کـە لـەناو مێژووناسـانو شوێنەوارناسـان زۆر نـاودارن زانیـاریی بـەنرخو زۆریـان پێـشکەش کـرد دەر بـارەی سیاسـەتو جـەنگو کـاری دیپلۆماسـیو سیخوڕیی ئەو سەردەمانەو بەشێك لەو زانیارییانە پەیوەندییان بە کوردستانی کۆنەوە هەیە.

[213] **J. Weinstein, ibid.**
[214] **ibid, p.228.**

ئەم سەرچاوەیە، واتە مەوسـووعەی ئۆکـسفۆردی تایبـەت بـە میـسری کـۆن، مێـژووی ((بەرز)) بەکاردەهێنێت، بـەپێی مێـژووی ((نـزم))یش ئـامنحوتپی دووەم لـە ١٤٢٧–

هاتووەو لە سەردەمی ڕەمسیسەکان بەپاڵ وڵاتی کەنعان شاری کەنعان هەبوو کە ئەمیان شێوازێکی تری ناوی شاری (غەززە) بوو[٢١٥] یەکێك لەوانەی لەسەردەمی ئەو ناوی کەنعان هاتووە رەمسیسی دووەمە کە پاڵێوراوێکی بەهێزە بۆ ئەوەی بە فیرعەونەکەی مووسا بزانرێت.

لەبەر ئەوە ئاشکرایە کە زاراوەی کەنعان کە لە کاتی دەرچوونی ئیسرائیلییەکان لە میسر هەبووەو ناوچەیەکی فراوان بووە دزەی کردووە بەناو باسەکانی تەوراتو لەوەوە ناوی ئەو ناوچە گرنگە دراوە بە ناوی کوڕەزایەکی نووح، واتە ناوی ناوچەکە سەرچاوەی ناوی کەسەکەیە. ناوێکیش ئەوە سەرچاوەکەی بێت بایەخ بۆ باسکردنی لە تەورات یان لای موفەسیرەکانی قورئان کە شتی زۆریان لە جوولەکە وەرگرتووە نابێتو بەم جۆرە ڕەخنە لە قورئان بەپشتبەستن بە قسەی بەیزاوی کارێکی بێ بنەمایە، هەروەها بەر لەوەی ڕەخنە لە موفەسیرەکان بگیرێت (کە هەقە ڕەخنەیان لێ بگیرێت) پێویستە ڕەخنە بگیرێت لە باسەکانی جوولەکە کە خنراونەتە ناو تەورات.

١٤٠٠ پ.ز حوکمی کردووە. لە مێژووی میسری فیرعەونی دیاریکردنی ساڵی فەرمانڕەوایی پادشاکان جیاوازیی هەیەو مێژووی نزمو بەرز هەیە. لە پادشانشینی نوێ جیاوازییەکە نزیکەی چارەکە سەدەیەکە، لە پادشانشینی ناوەڕاستو کۆنیش لە پەنجا ساڵ زیاترەو بۆ بنەماڵە کۆنترەکان لەوە زیاترە:

W. A.Ward, in; Encyclopedia of the Archaeology of Ancient Egypt, p.273.

جیاوازی لەو جۆرەش لە مێژووی وڵاتی دووڕووبار هەبووەو کاتی خۆی سێ جۆر بوو: درێژو ناوەڕاستو کورت، بەڵام ئێستا تەنها ناوەڕاستو کورت بەکاردێن. کۆنترین ساڵیش کە بەوردی دەستنیشان کراوبێت لە مێژووی میسر ساڵی ٦٦٤ی پێش زاینەو لەوە بەدواوە ساڵەکانی بەپێی فەرمانڕەوایی پادشاکانو بەپێی هاوچەرخێتیی پادشایانی وڵاتە جیاکان دەستنیشان کراون.

[215] **J. Weinstein, *op. cit.*, p.227.**

لێرەش پێکەوەبەستنێك هەیە لەنێوان کەنعان کوڕی حامو کەنعانییەکان. کەنعانییەکان کە بتپەرست بوونو دوژمنی ئیسرائیلییەکان بوون خنراونەتە ناو تەورات کە ئەمانە نەوەی کەنعانو حامی باوکی کەنعان کاری نەشیاوی کردبوو. بەپێی تەورات نووح سەرخۆش ببوو و لەناو ڕەشماڵەکەی خۆی ڕووتکردبووەوە، حامیش باوکی بینیو بە دوو براکەی تری وت ئەوانیش چۆن باوکیان داپۆشی بێئەوەی تەماشای بکەن ئینجا کە نووح ئەوەی زانی بەرەکەتی بۆ سام داواکردو دوعای بۆ یافت کردو لەعنەتی لە کەنعان کردو کە ببێتە کۆیلەی سامو یافت (تەکوین ۹: ۲۱-۲۷). تەوراتی بەردەستیش تەئکید لەسەر کەنعان دەکات کاتێك دوای ئەوەی باسی ئەوە دەکات کە کوڕەکانی نووح کە لە کەشتییەکە دەرچوون سامو حامو یافث دەڵێت: حامیش باوکی کەنعانە (تکوین ۹: ۱۸)، ئینجا باسی کردەوەکەی حام دەکات.

هەر بۆیەش سەیر نییە کە مصراییم، باوکی میسرییەکان، بکرێتە کوڕی حام، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی ئەوانەی کە دژ بە خودان لە نەوەی حام بوون وەك نیمرۆد کوڕی کووش کوڕی حام کە لە خاکی شینعار بوو (کە لەو خاکەوە بابلییە کلدانییەکان پەلاماری جوولەکەیان دا)، لە خاکی نیمرۆدیش ئاشور دەرچوو (ئاشورییەکانیش دژی جوولەکە جەنگابوون)، فەڵەستینییەکانیش کە دیسان دژی جوولەکە شەڕیان کردبوو لە نەوەی میصراییم بوون، لە کەنعانیش خاتییەکانو یەبووسییەکانو ئامورییەکانو گرگاشییەکان.. تاد (تکوین ۱۰: ۱-۲۰)، کە گوایە خودا بەڵێنی دابوو بە ئیبراهیم خاکی ئەم چوارە گەلە لەگەڵ کەنعانییەکان (لەگەڵ گەلی تریش) بداتە نەوەکەی (تکوین ۱۵: ۱۸-۲۱).

لەمەشەوە ئاساییە بزانین بۆچی کەنعان بووە ئەو کوڕەی نووح کە لە خودا یاخی ببوو و لەگەڵ خەڵکەکەی خنکاو دەزانین سەرچاوەی ئەو باسەی موفەسیرەکانی قورئان کێ بوو.

١٩- نزم و بێ ئەرزشەکان شوێنی نووح نەکەوتبوون

((وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحًا إِلَى قَوْمِهِ إِنِّي لَكُمْ نَذِيرٌ مُّبِينٌ * أَن لاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ اللّهَ إِنِّيَ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ أَلِيمٍ * فَقَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قِوْمِهِ مَا نَرَاكَ إِلاَّ بَشَرًا مِّثْلَنَا وَمَا نَرَاكَ اتَّبَعَكَ إِلاَّ الَّذِينَ هُمْ أَرَاذِلُنَا بَادِيَ الرَّأْيِ وَمَا نَرَى لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ بَلْ نَظُنُّكُمْ كَاذِبِينَ – هود: ٢٥-٢٧)).

((وَجَعَلْنَا ذُرِّيَّتَهُ هُمْ الْبَاقِينَ–الصافات: ٧٧)).

عبدالفادی دەڵێت قورئان باسی ئەوەی کردووە کە نزمەکانو بێ ئەرزشەکانی قەومی نووح باوەڕیان پێ کردبوو، بەڵام بەپێی تەوراتو ئینجیل کەس لە قەومەکەی باوەڕی پێ نەهێنابوو و ئەوانەی لەگەڵی چوونە ناو کەشتییەکە ژنەکەیو کوڕەکانی و ژنەکانی کوڕەکانی کە ئەمانە نزمو بێ ئەرزشن. لەلایەکی ترەوە عبدالفادی ئایەتەکەی سوورەتی (الصافات) دەکاتە بەڵگە کە خودا نەوەی نووحی هێشتەوە، کەواتە ئەو قسەیەی لەنێوان نووحو قەومەکەی کە هەندێك لە قەومەکەی باوەڕیان پێ هێنابوو قسەیەکە ڕووی نەدابوو.

عبدالفادی کە ئایەتەکەی صافات دەهێنێتەوە ئایەتەکەی پێشتری باس ناکات: ((وَنَجَّيْنَاهُ وَأَهْلَهُ مِنَ الْكَرْبِ الْعَظِيمِ –الصافات: ٧٦)) کە تەئکیدە لەسەر ئەوەی کەسوکاری لەگەڵ بوون. لەلایەکی ترەوە عبدالفادی نەیتوانیوە کەمێك بیربکاتەوە تا بزانێت کە ڕاستە کەسانێك لە قەومی

نووح باوەڕیان پێهێنابوو ئەوانیش ژنـەکانی کوڕەکـانی! ئەمـەش هـەمووی ئەگەر بڵێین ڕاستە تەنها کەسـوکاری نـووح لەگـەڵ بـوون لـە کەشـتییەکە، بەڵام قورئان شتێکی تـر دەڵێـت: ((حَتَّى إِذَا جَاءَ أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ قُلْنَا احْمِلْ فِيهَا مِنْ كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلَّا مَنْ سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ وَمَنْ آمَنَ وَمَا آمَنَ مَعَهُ إِلَّا قَلِيلٌ–هود: ٤٠))، بەجۆرێك وا تێدەگەین کـە ئەوانـەی باوەڕیـان پێهێنـابوو جگە لە کەسـوکاری چـەند کەسـێکی کـەمن، لـە زاوزێـی ئەمانـەش لەگـەڵ نەوەی نووح هەموو نەوەکانی داهاتوو بوونە نەوەی نووح.

سـەبارەت بـە وەسـفکردنی شـوێنکەوتووانی نـووح بـەوەی کـە نـزمو بـێ ئەرزشن ئەوە قسەو تێڕوانینی قەومەکەی نووح بـوو بـۆ کوڕەکـانی نـووحو بەتایبەت ژنەکانیان کە ئافرەتن، هەروەها بۆ ئەو خەڵکە کەمەی باوەڕیـان هێنابوو.

ئەییووبی پێغەمبەر

دوو پرسیاریش هەن پەیوەندییان بە ئەییووبی پێغەمبەرەوە هەیە:
پرسیاری ژمارە (١٥): ئەییووب کوڕەزای ئیسحاقەو پرسیاری ژمارە (٤٩):ژنی ئەییووب.

سەردەمی ئەییووب

١٥- ئەییووب کوڕەزای ئیسحاقە

((وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ كُلاًّ هَدَيْنَا وَنُوحًا هَدَيْنَا مِن قَبْلُ وَمِن ذُرِّيَّتِهِ دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَى وَهَارُونَ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ- الانعام: ٨٤)).

ئایەتەکە ئەییووب دەکاتە نەوەی ئیبراهیم، ڕەخنەکەی عبدالفادیش ئەوەیە ئەییووب لە سەردەمی ئیبراهیم نەبوو. لە پرسیاری ژمارە (٤٩)ش دەڵێت: زانراوە ئەییووب پێش یەعقووب بوو. کەواتە ئەگەر دوو قسەکەی عبدالفادی کۆبکەینەوە ئەییووب پێش ئیبراهیم بوو، بەواتایەکی تریش ئەییووب پێغەمبەرێك بووە لە غەیری بەنو ئیسرائیل، بەڵکو هەر خۆشی لەم پرسیارە دەڵێت ئەییووب لە وڵاتی عەرەب پەیدا ببوو، بەم جۆرەش لەبیری چۆتەوە کە هەر خۆی لە پرسیاری (١٢) دەڵێت پێغەمبەران لە بەنو ئیسرائیلەوە بوون نەك لە میللەتانی تر.

عبدالفادی قسەکەی بەیزاوی نەقڵ دەکات کە دەڵێت: ئەییووب کوڕی (ئاموص)ـە،[٢١٦] لە سیبتەکانی (عیص) کوڕی ئیسحاق، دەشپرسێت ئاموص باوکی (ئیشعیا)ی پێغەمبەر لەکوێ‌و ئەییووب لە کوێ؟

وتمان ئەنجامی قسەکانی عبدالفادی ئەوەیە ئەییووب پێش سەردەمی ئیبراهیم بووە، بەڵام هەرچییەك لەبارەی سەردەمەکەیەوە دەوترێت تەنها قسەیەو نازانرێت سەردەمەکەی کەی بووە. چەند بۆچوونێکیش دەربارەی سەرەدمەکەی هەن: سەردەمی ئیبراهیم، سەردەمی تیرەکانی بەنو ئیسرائیل (کاتێك –بەپێی تەلموود/ف.ق– ئەییووب دینای کچی یەعقووبی هێنا)، کاتی دەرچوونی لە میسر، سەردەمی قازییەکان، کاتی گەڕانەوە لە ئاوارەییەکەی بابل، وتراویشتە هاوچەرخی شاژنی (سەبەئ) و ئەحەشوێرۆش (پادشای هەخامەنشی) بوو هەندێکیش دەڵێن ئەییووب قەت نەبووەو باسەکە چیرۆکێکی ڕەمزییە. بۆچوونی زۆر بڵاویش سەردەمی مووسا بوو و راوێژگاریی فیرعەون بوو، تەنانەت جوولەکە نارێکن ئەگەر ئەییووب جوولەکە بووبێت یان نا.[٢١٧]

سەبارەت بەوەش کە خودی مووسا ئەو کتێبەی ئەییووبی نووسیبوو یان تەنانەت پێش مووساش بووە" بەپێی ڕەخنەگرێکی نوێ کەس ئێستا[٢١٨] بەرگری لەو جۆرە بۆچوونانە ناکات[٢١٩].

---

[216] ئاموص، ئامۆتس אָמוֹץ باوکی ئیشعیا (یەشەعیاهوو) יְשַׁעְיָהוּ. شتێکی وای لەبارەوە نەزانراوە، ئەویش جیایە لە عامۆس עָמוֹס (سەدەی هەشتەمی پێش زاین) کە ماوەیەکی کەم دوای ئامۆص بوو و پێغەمبەرێکی ناسراوەو کتێبێك هەیە بەناویەوە.

[217] **Judith R. Baskin, *Book of Job* (section: *in the Aggadah*), in; Encyclopaedia Judaica, vol. 11, p.356.**

[218] مەبەست لە وشەی ئێستا کاتی نووسینەوەو بڵاوکردنەوەی ئینسکلۆپیدیایی کتێبی پیرۆز (ساڵی ١٩٠١ یەکەم جار بڵاوبووەوە).

ناوی ئەییووب، جگە لەو کتێبە ناوی ئەوی هەڵگرتووە، لە کتێبی حەزقیال (یحێزکێل) יְחֶזְקֵאל هاتووە: خودا ئەو خاکە سزا دەدات کە گوناه دەکاتو ئەگەر نووحو دانیال و ئەییووبیش لەوێ بن دەتوانن تەنها خۆیان ڕزگار بکەن بەهۆی کردارە چاکەکانیانەوە(حزقیال١٤: ١٤)[٢٢٠]،

سەردەمی دانیالی پێغەمبەر کە گوایە خاوەنی کتێبی دانیالە لەگەڵ هی حەزقیال (کە ساڵی ٥٩٢ پ.ز بانگەوازی پێغەمبەرایی کردبوو) زۆر لە یەکەوە نزیکن، بۆیە هاتنی ناوی دانیال لەگەڵ دوو پێغەمبەری زۆر کۆن جێگەی سەرنجە. ڕەنگە ئەمە هۆی ئەوە بێت ئەو دانیالە بە کەسێکی تر بزانرێت کە زۆر کۆنە. ناوەکە لە دەقی عیبریی کۆن (کە بێ بزوێنەکانە) بریتییە لە دنئل דנאל و لە دەقی (ماسۆری)ش[٢٢١] کە بزوێنەکان بۆ دەقە عیبرییەکان دانراون: دانیئێل דָּנִיֵּאל. لەهەموو حاڵەتێکیش هێشتا هەر کێشەکە لەناو تەمومژ دەمێنێتەوەو سەردەمی ئەییووب چارەسەر نەکراوە تا بەدڵنیاییەوە بتوانرێت ڕەخنە لە قورئان بگیرێت بەوەی کردوویەتی بە نەوەی ئیبراهیم.

---

[219] T. K. Cheyne, *Book of Job*, in; Encyclopædia Biblica, vol. II, col. 2465.

[220] ڕەخنە لە ناوی دانیال گیراوەو بە نووسینی هەڵە زانراوە کە ڕاستەکەی (حەناك)ـە واتە ئەخنۆخ:

T. K. Cheyne, *Enoch*, in; ; Encyclopædia Biblica, vol. II, col. 1295.

بەڵام ئەو دانیالەی ئەو دەقە بە دانیالی پێغەمبەر نەزانراوە بەڵکو بە کەسێکی زۆر داناو ڕاست، سەردەمەکەشی زانراو نییە (هەمان سەرچاوەو ستوونی سەرەوە).

[221] ماسۆرا دەقی تەقلیدیی عیبریی پەیمانی کۆنەو لە سەدەی شەشەمی زاینی دەستی پێکردو لە سەدەی دەیەمی زاینی کۆتایی پێهات بە مەبەستی ڕێکخستنیو دیاریکردنی کتێبە قانوونییەکانو داناى بزوێنەکان بۆی.

جگه له کتێبی ئەییووبو ئاماژەکەی کتێبی حەزقیال باسی ئەییووب لە کتێبێکی تر هەیە کە ناوی (پەیمانی ئەییووب)ـە کە گوایە ئەییووب دەڵێت من لە کوڕانی عێساو עֵשָׂו (برای یەعقووب)م،[222] بەڵام بێگومان پشت بەوە نابەسترێتو ئەوەندە هەیە لەم باسەو لە باسەکانی تری جوولەکەو مەسیحییەکان ئەسڵێك هەیە بۆ قسەی موفەسیرە موسڵمانەکانو ڕەخنەی عبدالفادی لە بەیزاوی، کە ناوی عێساو بە عیص دەبات،[223] لەجێی خۆی نییە.

بەیزاوی ڕەچەڵەکی ئەییووبی لە مێژوونووسانە وەرگرتووە بۆ نموونە مێژووی تەبەری کە لەڕێگەیەکی لاوازەوە لە وەهب کوڕی مونەببیە و[224] کە ئیبنو ئیسحاقی[225] تێیە کە ئەییووب کابرایەکی ڕۆمی بووەو کوڕی ئاموص کوڕی رازح کوڕی عیص کوڕی ئیسحاق کوڕی ئیبراهیم بوو.[226] تەبەری دەڵێت غەیری ئیبنو ئیسحاقیش دەڵێت: کوڕی مووص کوڕی رەعویل کوڕی ئەلعیص کوڕی ئیسحاق.[227]

---

222 **M. R. James, Testament of Job, p. 1.**

لەم سەرچاوەیەی خوارەوە ئەییووب ئاشکراتر باسی پەیوەندییەکەی لەگەڵ یەعقووب دەکات بەوەی بە کوڕو کچەکانی دەڵێت: ئێوە لە ڕەگەزێکی هەڵبژێردراو و ڕێزلێگیراوی نەوەی یەعقووبن کە باوکی دایکتانە:

Maarten Wisse, Scripture between Identity and Creativity, p.35.

223 وەك چۆن تەبەری باسی کردووە کە ئیسحاق دوو کوڕی هەبوو لە رفقەی ژنی: عیصو یەعقووب کە بە یەك سك ببوون: ضعیف تاریخ الطبري، مجلد٦، ص٢٢٨.

224 تابعییەکە کە شتی زۆر لە ئیسرائیلیاتو کتێبەکانی ئەهلی کیتابی گێڕاوەتەوە.

225 خاوەنی کتێبی سیرەتی پێغەمبەر.

226 ضعیف تاریخ الطبري، مجلد ٦، ص٢٣١.

227 ئەوەی بێ سەنەد وتووە.

دەمێنێتـەوە قـسەکەی کـە ئـەییووب کـە لـە وڵاتـی عـەرەب بـوو لـەکوێ‌و ئیـبراهیم‌و ئیـسحاق کـە لـە خـاکی فەڵەسـتین بـوون لـەکوێ. بـۆ ئەمـەش پێویستە باسی شوێنی ئەییووب بکەین

وڵاتـی ئەییووب

قورئان باسی دەکات کە ئەییووب نەوەی ئیبراهیم بوو، ئەگەر ئەییووب لـە دوورترین شوێنی وڵاتی عەرەبیش بووبێت ئایەتەکـە کێـشەی نییـە چـونکە ئیسماعیل کوڕی ئیبراهیم بوو و چووبووە ئەو شوێنەی دوایـی بـووە وڵاتـی عەرەب‌و ڕەخنەکەی عبدالفادی بێ بناغەیە، بەڵام نـەك تـەنها ئـەوە بـەڵکو کتێبی ئەییووب باسی وڵاتی عەرەب ناکات.

لـە کتـێبی ئـەییووب وتـراوە ئـەییووب لـە وڵاتـی عـووص بـوو. عـووص (عووتس) עוּץ (بە ئینگلیزی Uz) وەکو ناوی وڵات هاتووە، بەڵام هـەمان ناو بەکارهاتووە بۆ ناوی مرۆڤ:

عـووص עוּץ کـوڕێکی ئارامــە کــە ئــەمیان کــوڕی ســام کــوڕی نووحــە (تــەکوین١٠: ٢٣)ن هــەروەها عووصــێکی تــر هەیــە کــە کــوڕی گــەورەی (ناحۆر)ـە واتە برازای ئیبراهیمە (تەکوین٢٢: ٢١)، هەروەها عووصێکی تـر کە کـوڕی (دیـشان)ــە کـە ئـەمیان کـوڕی سـەعیر שֵׂעִיר ی خۆرییــە חֹרִי (تەکوین٣٦: ٢٨)کە لە وڵاتی ئێدۆم אֱדוֹם بـوون (٣٦: ٢١). [٢٢٨] و بـەپێی

---

[228] بۆ ئەمانەو قسەکردن لەسەریان بڕوانە:

T. K. Cheyne, *Uz*, in; Encyclopædia Biblica, Vol. IV, 5238-9.

تـەكوين (ئێـدۆم) هـەر (عێـساو) עֵשָׂו خۆیـەتی كـە بـرای یەعقووبـەو لـە ناوچەی سەعیر نیشتەجێ بوو (تەكوین٣٦: ٨).

سەبارەت بە عووصیش وەك ناوی شوێن بەپێی تێڕوانینی تەقلیدی ناوەكە پەیوەسـت كـراوە هـەم بـە ناوچـەیەك لـە بـاكووری فەڵەسـتین‌و هـەم بـە ناوچـەیەك لـە باشـووری فەڵەسـتین.[٢٢٩] وەك لـە لـە كتـێبی ئـەییووبیش هاتووەو شوێنەكەی دیار نییە: پیاوێك هەبوو لە وڵاتی عـووص עוּץ نـاوی ئەییووب (ئییۆب، ئییۆڤ) אִיּוֹב بوو. عووص لە (لاواندنـەوەكان)[٢٣٠] وتـراوە لە وڵاتی ئێدۆمە. لەو دەقە ئەمە هاتووە: دڵت خۆش بێت ئەی كچی ئێـدوم كە لە عووص نیشتەجێیە (مراثي ٤: ٢١).[٢٣١]

ناوچەی ئێدۆم باشووری فەڵەستین‌و باشووری ڕۆژئاوای ئـوردون بـوو ئـیتر چۆن عبدالفادی دەیباتە سەر وڵاتی عەرەب‌و بە هەڵەی دەزانێت كە لەگەڵ فەڵەستین پەیوەست كراوە؟ بەپێچەوانەشەوەو وەك باسمان كرد ئێدۆم بە عێساو، برای یەعقووب، پەیوەست كراوە چونكە عێساو بە باوكی ئێدۆم لە تەورات ناوبراوە.

لەسەر قسەكەی بەیزاویش لە پرسـیاری (٤٩) كـە دەڵێـت وتـراوە ژنەكـەی ئـەیووب (لیـا)ی كـچی یەعقووبـە وتراویـشە (رەحمـە) كـچی (ئـەڤرایم)ی یووسفە عبدالفادی دەنووسێت: زانراوە ئەییووب پێش یـەعقووب‌و یووسـف

---

[229] ***ibid.*, 5238.**

[230] ئەو لاواندنەوانە بەهی ئیرمیای پێغەمبەر زانـراون‌و لـەناوبردنی قـودس وتـراون كـە ساڵی ٥٨٦ پێش زاین بوو.

[231] یان لەوانەیە عووص نەبێت بەڵكو تێكدانی وشەی ئارص (ئارتس) ، واتە خاك یـان وڵات، بێت یان دووبارەكردنەوەی وشەی خاكە كە پێش ئەو وشەیە هاتووە:
T. K. Cheyne, *ibid*.

بوو ئیتر چۆن کچی یەعقووب دەهێنێت یان کوڕەزای یووسف دەهێنێت؟ وتیشمان هیچی ئەکید لەبارەی سەردمی ئەییووبەوە نەزانراوەو بەیزاوی هەرچییەکی نەقلکردووە لەسەرچاوەکانی جوولەکەو مەسیحییەکانی نەقلکردووە.

خۆراگریی ئەییووب

٤٩-ژنی ئەییووب

((وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَاضْرِب بِّهِ وَلَا تَحْنَثْ إِنَّا وَجَدْنَاهُ صَابِرًا نِعْمَ الْعَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ – ص: ٤٤)).

عبدالفادی لە پرسیاری ژمارە ٤٩ و لەبارەی ژنەکە ئەییووبەوە دەڵێت:

١–ئەییووب ئارامگرو بەحیلم بوو چۆن لە ژنەکەی تووڕە دەبێتو هەڕەشەی لێدەکات سەد جەڵدەی لێ بدات تەنها لەبەر ئەوەی خاوەخاوی کردبوو (کاتێك بۆ کارێك چووبوو).

٢–چۆنیش سوێند دەخوات سەد قامچیی لێ بدات بەڵام خودا ئامۆژگاریی دەکات بە سەد چیلکە (ڕاستەکەی: لاسك)[٢٣٢] یەك جار لێی بدات ئیتر سوێندەکەی ناکەوێت؟

ئەم دوانەشی لە تەفسیری بەیزاوی وەرگرتووە (ج٥، ص٤٩)و شتی لەم جۆرە لە تەفسیرەکانی تر هەیە.[٢٣٣]

---

[232] ئەگەر باس لە گیا بکرێت بەڵام ئەوە بە شتی تر تەفسیر کراوە، وا دیارە مەبەست لە چەپکێك بوو و باس لە سەد لاسك بێ بناغەیە.

چیرۆکی ئەییووب، وەك لە کتێبی ئەییووب هاتووە، یەکێکە لە بەشەکانی پەیمانی کۆنو چیرۆکێکی بێتام دووردرێژەو پڕە لە قسەو حیکمەتو سکاڵاو باسی خودا بەجۆرێك بە دروستکراو دێتە بەرچاومان، بەلای کەمەوە وردەکارییەکانو قسەکانو موناقەشەکان. ڕەنگە لەبەر ئەوەشە

---

233 تفسیر ابن کثیر، ج ٧، ص٧٦. هۆکەش لەو تەفسیرە: وترا پرچی فرۆشتو بەپارەکەی خواردنی بۆ کڕی، وتراش لەبەر هۆی تر. لە تەفسیری (الفخر الرازی)ش: ناکۆك بوون سەبارەت بە هۆی سوێندەکەی ئەییووب. الرازی بەدووری دەزانێت هۆکە ئەوانە بن کە باس کراون وەکو ئەوەی هانی مێردەکەی دابوو بەقسەی شەیتان بکات بۆ ئەوەی چاکبێتەوە یان لەبەر ئەوەی پرچی فرۆشتبێت بۆ کڕینی خواردنو دەڵێت نزیکتریان ئەوەیە بۆ کارێك چوو و دواکەوت: تفسیر الفخر الرازی، ج٢٦، ص٢١٥، پێشتریش چیرۆکێك دەگێڕێتەوە کە ئەو قسەیەی شەیتانی تێ هاتووە (ص٢١٢). قورتوبی لە تەفسیرەکەی چوار قسە نەقڵ دەکات: تفسیر القرطبي، ج١٨، ص٢١٧–٢١٨. پێش ئەوەش باسی چیرۆکەکەو شەیتانو ژنی ئەییووبو ئەو قسانە دەهێنێتەوە سەبارەت بە هۆی نەخۆشییەکەیو دوایی هەموویان پووچەڵ دەکاتەوە، ئینجا قسەی قازی ابن العربی دەهێنێتەوە کە هیچ شتێك لەبارەی ئەییووبەوە نەهاتووە جگە لە دوو ئایەتو یەك پیت لە فەرموودە لەبارەیەوە ڕاست نییە جگە لە یەك فەرموودە (کە پەیوەندیی بە نەخۆشییەکەیەوە نییە)و دەڵێت کەواتە چۆن ئەو باسە بیسترا؟ ئیسرائیلیاتیش لای زانایان بەتەواوەتی ڕەفز کراوە بۆیە تەماشایان مەکەو گوێیان لێ مەگرە (ص٢١٢–٢١٥). جێگەی تێبینیشە کە دوایی‌و وەك وتمان لەبارەی سوێندخواردنەکەی ئەییووب چوار هۆ دەهێنێتەوە کە یەکەمیان هی ئیبنو عەبباسە (صەحابییە ناودارەکە کە بە تەرجومانی قورئان ناسراوە)و دووەمیان هی سەعید کوڕی موسەییبە (گەورە تابیعی فەرموودەی لە ژمارەیەك صەحابی بیستبوو)و سێیەمیان هی یەحیا کوڕی سەللامە (موفەسیرو فەرموودەزانو عەرەبیزان کە ژمارەیەك تابیعیی بینیبوو)و غەیر ئەو، بۆ چوارەمیش ناوی کەسی نەوتووە (ص٢١٧–٢١٨)، بەڵام ئەو هۆیانەش لەو قسانەن کە قورتوبی بەو شێوەیەی سەرەوە باسیان دەکات، ئەوەی گرنگە لێرە قسەکەی ئیبنو عەبباسە کە بەر ئەو وەسفە دەکەوێت، قورتوبیش بەشێوەی لاوازکردن (واتە: وترا) باسی ناکات بەڵکو دەڵێت (گێڕایەوە یان وتی– حکاه).

هەندێك زانای جوولەكە بە ڕووداوێكی ڕاستەقینەیان نەزانیوە. كورتەی ئەو چیرۆكەش ئەوەیە شەیتان بە خودا دەڵێت ئەییووب بێ بەرامبەر خواپەرستی ناكات خوداش پێ دەڵێت: بچۆ زیانی لێ بدە بەڵام دەست لەخۆی مەدە، ئەویش دەچێتو دەبێتە هۆی لەدەستدانی منداڵەكانیو ئاژەڵەكانی بەڵام ئەییووب هەر خۆڕاگر دەبێت. ئەیووب سكاڵا لای سێ هاوڕێكەی دەكات (كە لە چیرۆكەكە ناویان هاتووە)و گوناه دەخاتە بەر خودا كە چاكەكاران سزا دەداتو واز لە خراپەكاران دەهێنێت، ئەوانیش سەرزەنشتی دەكەنو ئامۆژگاریی دەكەن، ئەویش وەڵامیان دەداتەوە، بەو شێوەیەش هەر دوو لا قسە دەكەنو وەڵامی یەكتر دەدەنەوە، دواتر یەكێكی تر كە تەمەنی لەوان كەمتر بوو و لەوێ بوو و تا ئەو كاتە بێدەنگ بوو لە ئەییووب تووڕە دەبێت چونكە وای دانابوو كە لە خودا باشترە هەروەها لە سێ هاوڕێكەی ئەییووب تووڕە دەبێت لەبەر ئەوەی وەڵامێكیان نەبوو و ئەییووبیان بە تاوانبار زانی (ئەییووب ٣٢: ٢)، پاشان گوایە لەناو زریانەوە دەنگی خوا دێت سەرزەنشتی ئەییووب دەكات (ئەییووب، ئیصحاحی ٣٨ بەدواوە)، بۆ نموونە پێی دەڵێت: من تاوانبار دەكەی بۆ ئەوەی تۆ چاكەكار[٢٣٤] بی (ئەییووب ٤٠ : ٨) هەروەها سەرزەنشتی سێ كەسەكە دەكات.. تاد.

بەم جۆرە عبدالفادی خۆشی نەیزانیوە چی لەو چیرۆكەی پەیمانی كۆن هاتووە كاتێك باسی خۆڕاگریی ئەییووب دەكاتو كە بە ژنەكەی دەڵێت: ((تۆ وەكو یەكێك لە نەزانەكان قسە دەكەی، خێر لە خودا قبوول بكەینو

[234] بۆ زاراوەی (چاكە)و واتا تایبەتەكەی بڕوانە باسی پۆلس لەو بەشەی تایبەتە بە لەخاچدانی مەسیح.

خراپەی لێ قبوول نەکەین؟))و ئاگای لە باقی چیرۆکەکە نییە کە چۆن ئەیووب کاتێك سێ کەسەکە لا دەبن جنێو بە ڕۆژەکەی دەداتو دەڵێت ((خۆزگە ئەو ڕۆژە لەناوبچووایە کە تێی لەدایك ببووم)) (ئەیووب ٣: ١بەدواوە)، سکاڵای ئەوەش دەکات کە خودا چاکەکاران ئازار دەداتو واز لە خراپەکاران دەهێنێتو ئەوە دەخاتە پاڵ خوداوە کە دەرووخێنێت ئیتر ئەوەی ڕووخاندی بینا ناکرێتەوەو دەرگا لەسەر مرۆڤ دادەخات ئیتر ئەو دەرگایە ناکرێتەوە (ئەیووب ١٢: ١٣–١٤)و میللەتان زیاد دەکات ئینجا لەناویان دەبات (ئەیووب ١٢: ٢٣).. تاد.

دەبوایە عبدالفادی باسی ئەو چیرۆکەی پەیمانی کۆنی نەکردایەو تەنها باسی خۆڕاگریی ئەیووبی لە قورئان بکردایە.

بەڵام تەنانەت ئەوەش بە کەڵك نایەت چونکە چیی تر هەیە بیزانین قورئان نەیوتووە؟ هیچمان نییەو قورئان تەنها ئەمەی وتووە: ((چەپکێك ببەو پێی لێ بدەو سوێنەکەت مەشکێنە–ص: ٤٤)). ئەوەی لەم بەشە ئایەتە دەیزانین ئەوەیە ئەیووب سوێندێکی خواردبوو کە بەپێی سیاقەکە ئەوە بوو لە کەسێك بدات، بەڵام کەسەکە کێیەو سوێندخواردن بۆ لێدانەکە لەبەر چی بووە؟ قورئان هیچمان پێ ناڵێت، باسی ژمارەی لێدانەکانیشمان بۆ ناکات. ئێمە هەر ئەو ئایەتە دەزانین، لەوەش بەدواوە قسەی موفەسیرەکان، هەر کەسێك بن، بەڕێزەوە لەسەر ڕەفەیەك دادەنێین، عبدالفادیش با بە ئارەزووی خۆی پشت بەو تەفسیرانە ببەستێتو بە حەزی خۆی نەشارەزایی خۆی لە کتێبە پیرۆزەکەی خۆی بسەلمێنێت.

دەمێنێتــەوە بــەراوردیی چــیرۆكی ئــەیووب لەگــەڵ چــیرۆكەكانی وڵاتــی دووڕووبار كە عبـدالفادی باسـی نـەكردووە. ئـەو چـیرۆكانە لای ڕەخنـەگران ئەسڵی چیرۆكە ئیسرائیلییەكەی ئەیووبن، چیرۆكەكانیش ئەمانەن:

١–ناودارترین چیرۆكو نزیكترینیان لە چیرۆكی ئەیووب چیرۆكێكی بابلییـە بەناوی (خودای دانایی شـكۆمەند بكـەم)، كـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەردەمی كاشییەكانو[٢٣٥] زیاتر بە ناوە نوێكەی: ئەیووبی بابلی ناسراوە. پاڵـەوانی چـیرۆكەكە پیـاوێكی دەوڵەمەنـدی خوداناسـە كـە خوداوەنـدەكان پـشتی بەردەدەنو ئاغاكەی لێی تـووڕە دەبێـتو پیـاوە گـەورەكان پیلانـی لـەدژ دەگێڕنو تەنانەت كەسوكاریشی خراپ مامەڵەی لەگەڵ دەكەن، بەڵام هـەر باوەڕی بە دادپەروەریی قەدەر دەكاتو كـە ڕۆژی ڕزگـاری دێـت، دوایـیش ئەو ڕۆژە دێت.[٢٣٦] لەو چیرۆكە پاڵەوانەكە هاوشێوەی ئەیووب دەوڵەمەندو خوداناس بوو، هاوشێوەی ئەویش هەموو كـەس، بەكەسـوكارییەوە، جێـی دەهیڵێن. هۆی نەهامەتییەكانی ئـەیووبیش ئـەوە بـوو خـودا تەسـلیمی بـە شەیتان كردبوو، لە چیرۆكە بابلییەكەش هۆكە ئەوە بـوو مـەردوخ، گـەورە

---

[235] كاشییەكان خـەڵكی لوڕسـتانی كوردسـتان بـوونو لـە سـەدەی ١٦ی پـێش زایـنی وڵاتی دووڕووباریان داگیركردو بۆ زیاتر لـە چـوار سـەدە فـەرمانڕەواییان كـرد (١٥٩٥–١١٥٧پ.ز).

[236] بـۆ كورتـەی چـیرۆكەكە بڕوانـە: د. فاضـل عبدالواحـد علـی، مـن الـواح سـومر الی التـوراة، ص٣٧٩–٣٨٩، طـە بـاقر، مقدمـة فی ادب العـراق القـدیم، ص١٤٨–١٥٠. بـۆ وەرگێڕانی تەواوی چیرۆكەكەش:
Robert H. Pfeiffer, Akkadian Observations on Life and the World Order, *"I will praise the Lord of Wisdom"*, in; ANET, pp.434-437.

خوداوەندی بابلی، لەگەڵ خوداوەندەکانی تر تەسلیمیان کردبوو بۆ خەڵکە خراپەکە.[٢٣٧]

٢-چیرۆکی دووەم، کە پێدەچێت هی کۆتایی سەردەمی کاشی یان سەرەتای هەزاری یەکەمی پێش بێتو حیوارێکە لەنێوان پیاوێکی بەئازارو هاوڕێیەکی دانا کە دڵنەوایی دەکات. شێوازی ئەم چیرۆکە جیاوازەو ئەو کەسەی تووشی نەهامەتی بووە گومانو گاڵتەجاڕیی خۆی پیشان دەداتو کار دەگاتە ڕادەی کوفر کردن.[٢٣٨]

٣-لەو دوانەش کۆنتر چیرۆکێکی سومەرییە کە لە پێنج بەش پێکهاتووە بەم شێوەیە: پێویستە مرۆڤ خزمەتی خوداوەندەکانی بکات، ئەو کەسەی تووشی نەخۆشیو بەدبەختی بووە بە فرمێسکو دوعا ڕوودەکاتە خوداوەندەکەی، بەشەکە گەورەکەش پاڕانەوەکانی ئەو کەسەیە، کۆتاییەکی باش کاتێك خوداوەند پاڕانەوەکانی قبووڵ کرد، دوایش شکۆمەندکردنی خوداوەندەکەی.[٢٣٩]

هیچ لەمانەش نابنە سەرچاوە بۆ چیرۆکە قورئانییەکەی ئەییووب چونکە ئەوەی لە قورئان هاتووە تەنها باسی ئارامگرتنی ئەییووب لەگەڵ

---

[237] د. فاضل عبدالواحد علی، من الواح سومر الی التوراة، ص٣٨٩.

[238] بۆ کورتەکەی بڕوانە: د. فاضل عبدالواحد علی، من الواح سومر..، ص٣٧٧-٣٧٩، طه باقر، مقدمة فی ادب العراق القدیم، ص١٥٢-١٥٣. بۆ وەرگێڕانی تەواویشی:
Robert H. Pfeiffer, Akkadian Observations on Life and the World Order, *"A Dialogue about Human Misery"*, in; ANET, pp.438-440.

[238] د. فاضل عبدالواحد علی، من الواح سومر الی التوراة، ص٣٨٩.

[239] **S. N. Kramer, *Man an his God, A Sumerian Variation of "Job" Motif*, in; ANET, p.589.**
وەرگێڕانی هەموو چیرۆکەکەش لە لاپەڕە ٥٨٩-٥٩١. بڕوانە کورتەکەی لە: : د. فاضل عبدالواحد علی، من الواح سومر..، ص٣٧٦.

ئامازەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ لەدەستدانی ماڵو کەسوکاری، کە ئەمە حاڵەتێکە لە هەموو کۆمەڵگەو سەردەمێك ڕوودەدات، بەڵام چیرۆکەکەی پەیمانی کۆن شتێی زۆری لەخۆ گرتووە کە لەو چیرۆکانەی سەرەوە بچنو بەتایبەتی چیرۆکی ئەییووبی بابلی، بۆیە دەکرێت چیرۆکی ناو پەیمانی کۆن ئەسڵێکی ڕاستەقینەی تێکەڵ بە باسەکانی چیرۆکە بابلییەکە کردبێت، بەتایبەتیش ئەگەر تێبینی بکەین، وەك پێشتر باسمان کرد، کە چیرۆکی پەیمانی نوێ باسی خوڕاگریی ئەییووب دەکات بەڵام ناوەکەی پڕە لە بێئارامیو سکاڵا کردنو دووری لە خۆڕاگری.

١٢-هەر ئوممەتێك پێغەمبەرێك لەخۆی بۆی دەنێردرێت

((وَلِكُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولٌ فَإِذَا جَاء رَسُولُهُمْ قُضِيَ بَيْنَهُم بِالْقِسْطِ وَهُمْ لاَ يُظْلَمُونَ-يونس: ٤٧)).

((وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ وَاجْتَنِبُواْ الطَّاغُوتَ فَمِنْهُم مَّنْ هَدَى اللّهُ وَمِنْهُم مَّنْ حَقَّتْ عَلَيْهِ الضَّلالَةُ ...- النحل: ٣٦)).

((وَيَوْمَ نَبْعَثُ فِي كُلِّ أُمَّةٍ شَهِيدًا عَلَيْهِم مِّنْ أَنفُسِهِمْ وَجِئْنَا بِكَ شَهِيدًا عَلَى هَؤُلاء...-النحل: ٨٩)).

عبدالفادی دەڵێت بەپێی ئەو دوو سوورەتە مەککییە خودا بۆ هەر ئوممەتێك پێغەمبەرێکی ناردووە کە کەسی خۆیانە. کتێبی پیرۆزیش دەڵێت پێغەمبەران لە بەنو ئیسرائیلەوەن بۆ ئەوانو بۆ هەموو جیهان، ئینجا عبدالفادی دەپرسێت ئەگەر قسەکانی قورئان ڕاست بن ئەی بۆچی خودا پێغەمبەرانی نەناردووە بۆ ئوممەتەکانی ئەفەریقاو ئەورووپاو ئەمەریکاو ئوسترالیا کە کەسی ئەو ئوممەتانە بن؟

* * * *

ئەوە ڕاست نییە کە تەورات پێغەمبەرانی بەستۆتەوە بە بەنو ئیسرائیل چونکە بەنو ئیسرائیل کوڕانو نەوەی یەعقووبن، پێش یەعقووبیش پێغەمبەرانی تر هەبوون: نووح، ئەخنۆخ. تەنانەت ئەوە بۆ ئیبراهیم و ئیسحاق باوکی یەعقووبیش ڕاست نییە.

جگه لەمەش پێغەمبەرانی تر باس کراون کە ئیسرائیلی نەبوون ئەگەرچی موناقەشەی ئەوەش کراوە کە بەڕاستی ئیسرائیلین یان نا. تەلموود باسی ئەوەی کردووە کە حەوت پێغەمبەر هەبوون لە غەیری جوولەکە وەك ئەییووبو بیلعام کوڕی بەعۆر **בִּלְעָם בֶּן-בְּעוֹר**.[٢٤٠] کە ئەمیان لە تەورات لەگەڵ خودا قسە دەکاتو خودا قسەی لەگەڵ دەکاتو وەحیی خودای بۆ دێتو پێشبینی دەکات (کتێبی ژمارە ئیصحاحی ٢٢ بەدواوە).

سەبارەت بە پێغەمبەرانی تر بۆ ئەفەریقاو ئەورووپاو ئەمەریکاو ئوستڕالیاش.. نەبوونی تۆمار دەربارەی پێغەمبەران واتای ئەوە نییە نەنێردراون وەك چۆن نەبوونی تۆماری زۆرێك لە پادشاکانی ئەو کیشوەرانە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی پادشایان نەبووە.

---

240 ; **M. L. Rodkinson, The Babylonian Talmud, Tract Baba Bathra (Last Gate), Ch.1, p.46.**

موناقەشەی ئەوەش دەکرێت کە ئەوانە ئیسرائیلی بوون یان نا و بەتایبەتی ئەییووب کە ڕای یەکێکیانە کە ئیسرائیلی نەبوو: هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٤٧.

١٣-ئادەم و بتەكان

((هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا فَلَمَّا تَغَشَّاهَا حَمَلَتْ حَمْلاً خَفِيفًا فَمَرَّتْ بِهِ فَلَمَّا أَثْقَلَت دَّعَوَا اللّهَ رَبَّهُمَا لَئِنْ آتَيْتَنَا صَالِحاً لَّنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ * فَلَمَّا آتَاهُمَا صَالِحاً جَعَلاَ لَهُ شُرَكَاء فِيمَا آتَاهُمَا فَتَعَالَى اللّهُ عَمَّا يُشْرِكُونَ- الاعراف: ١٨٩-١٩٠)).

عبدالفادی قسەی موفەسیرەکانو بەتایبەت بەیزاوی دەگێڕێتەوە کە کورتەکەی ئەوەیە کاتێك حەووا سکی پڕ بوو ئیبلیس چووە بۆ لایو لەوە ترساندی کە لەوانەیە ئەوەی سکی ئاژەڵێك بێت سەگێك یان بەرازێك (وشەی بەراز زیادکردنی عبدالفادییە)و نازانێت لەکوێیەوە دەردەچێت" لە پاشەوە یان لە دەمی یان سکی هەڵدەدڕێتو دەیکوژێت. حەوواش ئەوە بۆ ئادەم دەگێڕێتەوەو تووشی خەفەت دەبن ئینجا ئیبلیس دەچێتەوە لایو دەڵێت: من پلەم لای خودا بەرزە ئەگەر داوا لە خودا بکەم بوونەوەرێکی ڕێك بێتو بەئاسانی لێتەوە دەرچێت ناوی بنێیت عبدالحارث، ناوی ئیبلیسش لای مەلائیکەت الحارث بوو، ئیتر بەردەوام خەریك بوو لەگەڵ حەوواو ئادەم تا ناویان نا عبدالحارث. بەیزاویش سەبارەت بەو ئایەتە (جعلا لە شرکاء فیما اتاهما) منداڵەکانیان ناو نا عبدالعزیو عبد مناف. عبدالفادی دەپرسێت: ئەو چیرۆکە سەیرە لەکوێوە هاتووە؟ عوززاو مەناف کە خوداوەندی عەرەبەکان لەکویو ئادەم کە لە

بەهەشت بوو لەکویێ بۆ ئەوەی بتەکانی عەرەب خوداوەنـد بـن بـۆ ئـادەمو منداڵەکانی بەناوی ئەوانەوە بنێت؟

دیسانەوەش ئاماژە بۆ وشەی وترا (قیل) نییە کـە بـەیزاوی بـەکاریهێناوەو وتمان بۆ قـسەی لاواز بـەکاردێت. بـەیزاوی دوای گێڕانـەوەی ئـەو چـیرۆکە دەڵێت: شتی لەم جۆرە شایـستەی پێغەمبـەران نییـە (بـەرگی ٣، ل ٨٣)، بەڵام عبدالفادی ئەوە نـەقڵ ناکـات بـۆ ئـەوەی چـیرۆکەکە وەك قبـووڵکراو پیشان بدات. ئیتر جگە لە بەیزاوی ناوی موفەسیرەکانی تر ناڵێت.

ئیبنو کەثیر لە باسی ئەو ئایەتە چەند فەرموودەیەك دەهێنێتەوەو لـەدوای قسەکردن لەسەریان دەگاتە ئەوەی ئەو باسـە قـسەی صـەحابییەو ڕەنگـە لەو جوولەکانەی بوونە موسڵمان وەریگرتبێت (جزء ٣، ل ٥٢٧). دواتـریش ڕوایەتەکانی ئیبنو عەبباسـی صـەحابی دەهێنێتـەوە کـە چـەند تابیعییـەك لێیان وەرگرتووەو ژمارەیەکی زۆری سـەلەفـو خەلـەفـو کەسـانێك کـە لـە ژماردن نایەن لە موفەسـیرەکانی دوایـی.. ئینجـا دەڵێـت ئەمـە لـە قـسەی ئەهلی کیتاب، ئەو تەفسیرەش هەڵدەبژێرێت کە ئەم ئایەتە تایبەت نییە بە ئادەمو حەووا بەڵکو موشریکەکان لە نەوەی ئەوان(٥٢٧–٥٢٨).

١٦-مووسا و خەزر

((فَوَجَدَا عَبْدًا مِّنْ عِبَادِنَا آتَيْنَاهُ رَحْمَةً مِنْ عِندِنَا وَعَلَّمْنَاهُ مِن لَّدُنَّا عِلْمًا-الكهف: ٦٥)).

ئایەتەکە باسی ئەو کەسە دەکات کە لە مووسا زاناتر بوو و وەکو پێغەمبەر باس نەکراوە هەرچەندە ئەو شتانەی دەیزانین لە هی وەحیی پێغەمبەران دەچن. فەرموودە ئەو کەسە بە خەزر (الخضر) نادەبات. تا ئێرە کێشەیەکمان نییە. کێشەکە لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە موفەسیرەکان قسە دەکەن. عبدالفادی قسەی بەیزاویی دەربارەی ئەو کەسە هێناوەتەوە کە ئەوەی لێرە جێگەی مەبەست بێت ئەوەیە خەزر ئیلیای پێغەمبەر بووە، کە ئەمە قسەی بەیزاوییە[٢٤١] نەك قورئان و فەرموودە، لەژێر ئەو دیوارەش کە هی دوو کوڕە بێباوکەکە بوو گەنجینەیەك هەبووە کە ئەمە قسەی قورئانە، لەسەر ئەو گەنجینەیەش چەند حیکمەتێك نووسرابوون کە یەکێکیان ئەمەیە: لا الە الا الله محمد رسول الله[٢٤٢].. کە ئاشکرایە ئەمەیان قسەی حیکاتخوانەکانە، هەموو ئەو

---

[241] ڕاستەکەی بەیزاوی چەند قسەیەك سەبارەت بە خەزر دەهێنێتەوە کە ئیلیاس یەکێکیانە، ج٣، ص ٥١٠.

[242] بەیزاوی چەند (وترا)ێك نەقڵ دەکات کە یەکێکیان ئەوەیە گەنجینەکە نووسراوی عیلم بوو یان لەوحێکی زێڕ بوو لەسەر نووسراوە: لام سەیر بوو چۆن کەسێك باوەڕ بە قەدەر دەکات ئینجا خەفەت دەخوات و لام سەیر بوو کەسێك باوەڕ بە ڕزق دەکات

بەسـەرهاتەش كـاتى ئەسـكەندەرى زولقەرنـەين بـوو، ئەويـشيان قـسەى قورئان نييە.

عبدالفادى دەلێت مووسا سالّى ١٥٠٠ پـێش زايـن لـە ميـسر ژيـابوو و ئيليـا سالّى ٩٠٠ ى پـێش زايـن لـە فەلّەسـتين ژيـابوو و ئەسـكەندەر سـالّى ٣٣٢ پێش زاين لە يۆنان ژيابوو ئيتر چۆن شايەتمانى بۆ موحەممەد كە لە نيمچە دورگەى عەرەب لـە سـەدەى حەوتـەمى زايـنى ژيـابوو دەدەن؟ چـۆن ئـەو كەسانە كە هەر يەكێكيان لە سەردەمێكو ولاّتێـك بـوون لـە يـەك كـاتو لـە يەك شوێن كۆببنەوە؟

ئەگەر بەيزاوى بەو زانيارييەى سەردەمى خۆى هـەيبوو بگەڕايەتـەوە ژيـان وەلاّمى عبدالفادى دەدايەوە كـە مووسـا لـە ميـسر ژيـابوو بـەلاّم چـووبووە دەرەوەى ميسرو ئەسكەندەر لە يۆنـان بـوو بـەلاّم بـە رۆژهـەلاّتو رۆژئـاوا گەڕابوو، شايەتمانيش بۆ موحەممەد بە نووسين بوو و ئەو نووسـينە باسـى دوارِۆژى كردووەو باسى كۆبوونەوە لەگەلّ ئەو كەسانە نەكراوە.

بەيزاوى دەلّێت خەزر كاتى فەرەيدوون ژيابوو و لە پێشەوەى لەشـكرەكەى ئەسكەندەر زولقەرنەين بوو و تا سەردەمى مووسا مايەوە (ج٣، ص ٥٠٨). هەلّبەت ئەمە بەيزاوىو ئەم قسە سەيرەى لەو كەسـە وەرگرتـووە كـە لێـى وەرگرتووە، ئێمەش بەو زانيارييەى سەردەممان كە هێشتا هەر كەمن شتى تر دەلّێين وەك: جێگەى گومانـە مووسـا وا كـۆن ژيـابوو (واتـە ١٥٠٠ پـێش زاين) و ئيحتمالى گەورەتر ئەوەيە لـە سـەردەمى رەمسيـسى دووەم بـووە كـە سـێ سـەدە دواى ئـەوە بـوو، ئيليـاش بەهـەمان شـێوە وا كـۆن نييـە،

چۆن ماندوو دەبێت... تاد، لەكۆتايى نووسـراوەكەش: لا الـه الا الله محمـد رسـول الله.
ج٣، ٥١٧.

ئەسکەندەریش ساڵی ٣٣٢ شەڕی لە سووریاو لوبنان دەکردو بەرەو میـسر دەچوو نەك لە یۆنان بوو. عبدالفادیش قسەی بێبنەمای هەندێك موفەسیری تێکەڵ بە گێڕانەوەکانی بوخاریو موسلم دەکات.

١٧-تێکەڵکردنی ناوەکان

((وَوَهَبْنَا لَهُ إِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ كُلاًّ هَدَيْنَا وَنُوحًا هَدَيْنَا مِن قَبْلُ وَمِن ذُرِّيَّتِهِ دَاوُودَ وَسُلَيْمَانَ وَأَيُّوبَ وَيُوسُفَ وَمُوسَى وَهَارُونَ وَكَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ * وَزَكَرِيَّا وَيَحْيَى وَعِيسَى وَإِلْيَاسَ كُلٌّ مِّنَ الصَّالِحِينَ * وَإِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَيُونُسَ وَلُوطًا وَكُلاًّ فضَّلْنَا عَلَى الْعَالَمِينَ -الانعام: ٨٤-٨٦)).

عبدالفادی ڕەخنەی ئەوە دەگرێت کە ئەو ناوانە بەبێ ڕیزبەندی ڕێکخراون چونکە هەندێکیان لە پێشترن بەڵام دواتر ناوبراون‌و بەپێچەوانەوە، بۆ نموونە داوودو سولەیمان دوای ئەییووب[٢٤٣] و یووسف و مووسا و هارِوون ژیابوون کەچی ناوەکانیان پێش ئەوان هاتوون... تاد.

پێویستیش ناکات لەسەر وەڵامی ئەو ڕەخنەیە بڕۆین چونکە دیارە ئەو کەسە نازانێت لە زمانی عەرەبی ئامڕازی (و) بۆ کۆکردنەوەیە بێ مەرجی ریزبەندی واتە ئەگەر بڵێین: (جاء الرجل وابنه- پیاوەکەو کوڕەکەی هاتن) دەکرێت هەردووکیان پێکەوە هاتبن، دەشکرێت پیاوەکە پێش کوڕەکەی هاتبێت هەروەها دەکرێت کوڕەکە پێش باوکی هاتبێت. بۆ دیاریکردنی پاش‌و پێش ئامڕازی (پاشان) بەکاردێت کە دوو جۆری هەیە ئەویش بەپێی ماوەی نێوان دوو هاتنەکە: (فـ) بۆ ماوەی کورت‌و (ثم) بۆ ماوەی درێژ.

---

[243] کاتی ئەییووب نەزانراوەو تەنانەت جوولەکەش جیاوازییان لەبارەی سەردەمەکەیەوە هەیە. بڕوانە باسی تایبەت بە ئەییووب لەم کتێبەمان.

سـەرباری ئـەوەش کـام پێغەمبـەر پێـشتر و کامیـان دواتـر ژیـابوو لـە ئایەتەکانی تری قورئان دیارکراوە.

١٨-ئەخنۆخ نەك ئیدریس

((وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِدْرِيسَ إِنَّهُ كَانَ صِدِّيقًا نَّبِيًّا * وَرَفَعْنَاهُ مَكَانًا عَلِيًّا – مریم: ٥٦-٥٧)).

عبدالفادی قسەی بەیزاوی پاشان قسەی تەورات دەهێنێتەوە. سەرەتا دەڵێت بەپێی بەیزاوی ئیدریس باپیری باوكی نووحەو ناوی (أخنوخ)ـە، ناوی ئیدریسیش لە (دەرس)ـەوە هاتووە[٢٤٤].. تاد پاشان قسەی تەورات دەهێنێتەوە كە ئەخنۆخ باوكی مەتوشالەحە[٢٤٥] (كە ئەمیان باپیری نووحە)و ئەخنۆخ ٣٦٥ساڵ ژیابوو و دوایی نەدۆزرایەوە چونكە خودا بردییە لای خۆی (تەكوین ٥: ٢١-٢٤) كە شتێك لەم بابەتە لە ئینجیل (عبرانیین ١١: ٥) هەیە.

عبدالفادی ڕەخنەی ئەوە دەگرێت ناوەكە ئەخنۆخە[٢٤٦] نەك ئیدریس. وادیاریشە موفەسیرەكان بەهۆی ئایەتی (ورفعناه مكانا عليا) لە باسی ئیدریس وتوویانە ناوی ئەخنۆخە چونكە بەپێی تەورات خودا بۆ لای خۆی بردییەوە. ڕەنگە ئەوە ڕاست بێت بەڵام ئەوە قسەی موفەسیرەكانە. هەر موفەسیرەكانیشن كە وتوویانە خودا سی لاپەڕەی لەسەر دابەزاندووەو

---

[244] بەیزاوی ڕەخنە لەوە دەگرێت لەڕووی صەرفەوە دروست نییە بەڵام دەڵێت دوور نییە لەو زمانە واتاكەی لەوەوە نزیك بێت (ج٤، ص٢٢).

[245] מְתוּשָׁלַח یان مەتوشێلەح מְתוּשָׁלַח.

[246] خەنۆخ، حەنۆخ חֲנוֹךְ .

یەکەم کەس بووە بە قەڵەم شتی نووسیوەو زانستی ئەستێرەو ژماردنی زانیوە، کە ئەمەیان باوەڕی جوولەکە بووەو مەسیحییەکانو دواتر موسڵمانان لێیان وەرگرتوون.[٢٤٧] تەرگومی فەڵەستینیش دەڵێت ناوی ئەخنۆخ پێی وترا مێتاترۆن **Metatron** واتە نووسەری گەورە.[٢٤٨] هەر بەپێی زمانی عەرەبیش موفەسیرەکان وتوویانە ناوی ئیدریس لە دەرسەوە هاتووە، بەڵام بەپێی زمانی عیبری ڕەنگە واتای (لێبڕان) یان (ڕینمایی)ی هەبێت،[٢٤٩] بۆیە ناوە عەرەبییەکە لە واتای دووەمەوە نزیکە.[٢٥٠]

---

[247] **T. K. Cheyne, *Enoch*, in; Encyclopædia Biblica, vol.II, col.1296.**
[248] ***ibid*.**

دەقەکەش لە:

J. W. Etheridge, The Targums of Onkelos and Jonathan Ben Uzziel on the Pentateuch (Genesis and Exodus), Ch.5, p.175.
[249] **T. K. Cheyne, *Enoch, op. cit*., col.1294.**

[250] واتایەکی ناوەکە (بەئەزموون)ـە، بڕوانە وشەی (اخنوخ) لە: قاموس الكتاب المقدس. ڕەنگە ناوەکە یەکبگرێتەوە لەگەڵ وشەی (محنك)ی عەرەبی کە داڕێژراوی فرمانی (حنك) بێت کە هەمان واتای هەیە.

نەمروود و بورجی بـابل

سێ باسیش دەربارەی نەمروود یەکەمیان پرسیاری ژمارە ٢٠ و ئەوەی تـر ژمارە ژمارە ٢٢و ئەوەی تریان ژمارە ٥٠ پەیوەندیی بە بورجی بابلەوەیـە. سەرەتا دووەمیان:

٢٠-قسەی سەرسامکەری خەیاڵی دەربـارەی بورجی بـابل

((قَدْ مَكَرَ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ فَأَتَى اللّهُ بُنْيَانَهُم مِّنَ الْقَوَاعِدِ فَخَرَّ عَلَيْهِمُ السَّقْفُ مِن فَوْقِهِمْ وَأَتَاهُمُ الْعَذَابُ مِنْ حَيْثُ لاَ يَشْعُرُونَ –النحل: ٢٦)).

ئایەتەکە باسی کەسانێکی پـێش موشـریکەکانی مەککـە دەکـات کـە چـۆن فێڵ‌و پیلانیان دەگێڕا خـوداش لـە بناغـەوە بینـای ئـەو گەلانـەی دارِمـان، سـەقفیش بەسـەریان ڕووخـا (واتـە ئـەو گەلانـەی لـە بنجـەوە هەڵکێـشا). بـەیزاوی لێـرە دەڵێـت ئـەوە وەکـو نموونـەو وێنـەکردن باسـکراوە ئێنجـا دەڵێت: وتراویشە کە مەبەست لەمە نـەمروود کـوڕی کەنعانـە کـە لـە بابـل کۆشکەکەی دروستکرد کە ئەستوورییەکەی (واتە بەرزییەکەی) پێنج هەزار گەز بوو بۆ ئەوەی ئاگای لە کاروباری ئاسمان بێت خوداش فـەرمانی دا بـە بـا هـەڵبکات ئـەویش کۆشـکەکەی بەسـەر خـۆیو قەومەکـەی ڕووخانـدو لەناوچوون (ج٣، ص ٣٩٣).

عبدالفادی دەپرسێت: بەیزاوی ئەمەی لەکوێ هێناوە کە نەمروود کوڕی کەنعانە؟ نەخێر نەمروود کوڕی کوش کوڕی حام کوڕی نووحە (تەکوین١٠: ٦-٨).

دەبوایە عبدالفادی ئەمەی بکردایەتە ڕەخنە لە بەیزاوی نەك قورئان، بەلاّم بەر لەوە ڕەخنە لەو باسە خەیاڵییەی خنراوەتە ناو تەوراتی بەردەستمان. هەروەها باسە خەیاڵییەکەی نیمرۆد کە دەڵێت نیمرۆد کوڕی کوش بوو و بووە کەسێکی بەهێزو سەرەتای فەرمانڕەواییەکەی لە بابل‌و ئێرێك (ئوروك)و ئەکەدو کەلنە لە وڵاتی شینعارو لەوێوە بۆ ئاشور دەرچوو و شارەکانی نەینەواو رەحۆبۆت-عیر و کالەح‌و ڕێسێنی نێوان نینەواو کالەحی دروست کرد (تەکوین١٠: ٨-١٢).

وەك لە پرسیارێکی پێشتر باسمان کرد ناوبردنی ئەو شوێنانە ئاشکرای دەکات کە ئەم باسە تێکەڵکردنی باسی نوێترە بە باسە ئەسڵییەکەی تەورات، بۆ نموونە ئاشور لێرە وەکو فەرمانڕەوایەك باس کراوە لەکاتێك ناوی خوداوەندی ئاشورییەکان بوو هەروەها ناوی شاری ئاشور بوو. ئەگەر ئەو گریمانەیەش بڵێین کە ئەسڵی ناوەکە هی کەسێکە ئەوە دەمێنێتەوە کە نینەوا (نینوا) لە ئاشور کۆنترە، کالەحیش (بە ئاشوری: کالخو) زۆر نوێترە.[٢٥١] ناوبردنی کالخوش لەو دەقە نیشانەیە لەسەر ئەهمیەتی لەو سەردەمە بۆیە وای بۆ دەچین تێخنینی ئەو ناوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی

[251] پادشای ئاشوری شالمانەسەری یەکەم (١٢٧٤-١٢٤٥ پ.ز) کالخوی دروست کرد بەلاّم دوای ئەو فەرامۆش کرا. ئاشور ناصیرپالی دووەمی (٨٨٣-٨٥٩ پ.ز) شارەکەی دروستکردەوەو کردییە پایەختی خۆی‌و بەتایبەتی بنکەی سەربازی‌و دوای ئەو دیسانەوە فەرامۆش کرا.

شالمانەسەری سێیەمی کوڕی ئاشور ناصیرپالی دووەم یان کەمێك دواتر بەتایبەت کە شالمانەسەر جەنگی لەدژی جوولەکە بەرپاکردبوو.

عبدالفادی دوای ئەوە بەهەموو قەناعەتێکەوە باسی چیرۆکی بورجەکەی بابل لە تەورات دەگێڕێتەوە کە خەڵك لەدوای لافاوەکە شارێكو بورجێکیان دروستکرد ئیتر خودا زمانەکەیان شێواند (بەعەرەبی: بلبل) ئەوانیش نەیانتوانی لەیەکتر تێبگەن بۆیەش شارەکە ناونرا (بابل).

ئەوەی سەیرەو لەپێشتریش بینیمان ئەوەیە چۆن عبدالفادی دەیەوێت قەناعەت بە شوێنکەوتووانی ئاینەکەی بکات کە قورئان هەڵەی کردووە لەو کاتەی دەقێکی ئەفسانەیی خودی تەورات بەراورد بکات لەگەڵ قسەی موفەسیرەکانی قورئان نەك خودی قورئان.

سەبارەت بە ڕەخنە ناڕاستەخۆکەی عبدالفادیش کە خەڵکی دوای لافاوەکە، نەك نیمرۆد وەك بەیزاوی دەڵێت، بورجی بابلیان دروستکردووە" لە کەلەپووری جوولەکە ئەوە هەیە کە دروستکردنی بورجەکە ئەو کاتە بوو کە نیمرۆد پادشا بوو،[252] موفەسیرە ئیسلامییەکەش هیچی لەخۆیەوە نەهێناوە.

[252] The Soncino Babylonian Talmud, Book II, Abodah Zarah 53b, p.63, note 20.

٥٠-فیرعەون بورجی بابلی لە میسر بینات نا!

((وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا أَيُّهَا الْمَلَأُ مَا عَلِمْتُ لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرِي فَأَوْقِدْ لِي يَا هَامَانُ عَلَى الطِّينِ فَاجْعَل لِّي صَرْحًا لَّعَلِّي أَطَّلِعُ إِلَى إِلَهِ مُوسَى وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ مِنَ الْكَاذِبِينَ – القصص:٣٨)).

هەر لەبارەی باسی بورجەکەی بابل عبدالفادی دەڵێت ئەو بورجەی قورئان دەڵێت گوایە فیرعەون داوای کرد دروست بکرێت بورجەکەی بابلە کە پاش لافاو دروست کرا. باسی هامانیش دەکات کە وەزیری فیرعەون نەبووە.

سەبارەت بە هامان بڕوانە پێشتر. ئەو ئایەتەی قورئانیش زۆر ئاشکرایە نە لە دوورو نە لە نزیک پەیوەندیی بە بورجە خەیاڵییەکەی بابلەوە نییە. باسی بورجەکەشمان پێشتر باس کردو ئێستا خوێنەر دەزانێت ئەو قسەیە لە وڕێنە زیاتر نییە. بەڵام لاشمان سەیر نەبێت ڕەخنەی وا بگیرێت چونکە کەسێك نە مەبەستو نە مەنهەجی زانستی بنو نووسین بۆ جەنگی ئاینەکان بەکاربهێنێت تووشی وڕێنەی وا هەر دەبێت.

باسی كەعبە

عبدالفادی لە دوو خاڵی جیاواز باسی كەعبە: پرسیاری ژمارە ٢١ بەناوی: كەعبە ماڵی زوحەلە و پرسیاری ژمارە ٤٨ بەناوی كەعبە مەقامی ئیبراهیمە و قسەكانیان لە یەكەوە نزیكن:

٢١-كەعبە ماڵی زوحەلە

((وَإِذْ جَعَلْنَا الْبَيْتَ مَثَابَةً لِّلنَّاسِ وَأَمْناً وَاتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى وَعَهِدْنَا إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ * وَإِذْ قَالَ إِبْرَاهِيمُ رَبِّ اجْعَلْ هَـَذَا بَلَدًا آمِنًا وَارْزُقْ أَهْلَهُ مِنَ الثَّمَرَاتِ مَنْ آمَنَ مِنْهُم بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ قَالَ وَمَن كَفَرَ فَأُمَتِّعُهُ قَلِيلاً ثُمَّ أَضْطَرُّهُ إِلَى عَذَابِ النَّارِ وَبِئْسَ الْمَصِيرُ * وَإِذْ يَرْفَعُ إِبْرَاهِيمُ الْقَوَاعِدَ مِنَ الْبَيْتِ وَإِسْمَاعِيلُ رَبَّنَا تَقَبَّلْ مِنَّا إِنَّكَ أَنتَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ – البقرة: ١٢٥-١٢٧)).

عبدالفادی دەڵێت تەورات باسی چوونی ئیبراهیم لە ئوری كلدانییەكان بۆ خاكی كەنعان دەكاتو باسی چوونی بۆ وڵاتی عەرەبو دروستكردنی كەعبە لەگەڵ ئیسماعیل ناكات. عبدالفادی باسی كەعبەو بتە زۆرەكانی پێش ئیسلام دەكاتو دەڵێت چۆن كەعبە ماڵی خوداو خانەی پاداشتو ئەمان دەبێت لەكاتێك كە ماڵی بتەكانەو یەكەم جار بۆ پەرستنی زوحەل دروست كرابوو و هەر كەسێك بەسەری زاڵ بێت زۆر لە خەڵكەكەی دەكات سرووتەكانی مەزهەبەكەی بكات؟ كاتێكیش موحەممەد دەستی بەسەر

کەعبە گرت زۆربەی سرووتە ئاینییەکانی هێشتەوە وەك حەجکردن‌و تەواف‌و ئیحرام‌و عومرەو بەرد هاویشتن‌و ماچکردنی بەردی ڕەش‌و سەربڕین.. تاد ئاماژەش بۆ کتێبی (تاریخ الکعبة)ی دوکتۆر خەربوطلي و کتێبی (الجذور التاریخیة للشریعة الاسلامیة)ی (عەبدولکەریم خەلیل– ڕاستەکەی خەلیل عەبدولکەریم). وەڵامی ئەمانەش لە خوارەوەیە.

٤٨-کەعبە مەقامی ئیبراهیمە

((إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَالَمِينَ * فِيهِ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ مَّقَامُ إِبْرَاهِيمَ وَمَن دَخَلَهُ كَانَ آمِنًا وَلِلّهِ عَلَى النَّاسِ حِجُّ الْبَيْتِ مَنِ اسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلاً *وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ الله غَنِيٌّ عَنِ الْعَالَمِينَ* -ال عمران: ٩٦-٩٧)).

لێرەش بەشێك لە قسەكانی سەرەوە دووبارە دەكاتـەوە، كتێبەكـەی تاهـا حسێنیش دەربارەی شیعری جاهیلی زیاد دەكات كە ئەو فیكرەیە وتووە.

پێویستمان بە كتـێبی هـیچ كەسـێك نییـە تـا بـزانین كـە ئیـسلام بەشـێكی سرووتەكانی سەر بە كەعبەی هێـشتەوە ئـەوەش هـیچ كێـشەیەك دروسـت ناكـات لەبـەر ئـەوەی ئـەو سـرووتانە پاشمـاوەی سـەردەمی ئیـبراهیمن‌و ئیـسلام ئەوانـەی گەڕانـدەوە بـۆ ئیـسلام‌و پـاكی كـردن لـە شـیرك‌و كـارە خراپەكان كە تێكەڵی ببوون. خۆ ئەگەر هی سـەردەمی ئیـبراهیمیش نـەبن ئاساییە ئەو سرووتانە وەربگیرێن ئەگەر لـە شـیرك پـاك بـن‌و گـەورەكردنی خودا لەخۆ بگرن، ئەو سـرووتەش كـە شـیركی لـەخۆگرتووە دەكرێـت ئـەو شیركەی لێ لابرێت‌و بەشە گونجاوەكەی بهێڵرێتەوە.

ئـەوەی جێگـەی سەیریـشە ئەوەیـە ئەگـەر باسـی ئیـبراهیم و پاشمـاوەی سـرووتەكان لای عـەرەبی سـەردەمی پێغەمبـەر مـابن بـەجۆرێك دەبنـە سەرچاوەیەكی مێژوویی بۆیان.. ئەوانە یەكسان دەكـرێن بـە ئەفـسانەكانی سەر بە كەعبە وەك ئەوەی عەرەب كەعبەی بۆ پەرسـتنی زوحـەل دروسـت كردبوو. نووسەری (تاريخ الكعبة) خۆی ئەو چیرۆكانە نـەقڵ دەكـات‌و هـەر

خۆی دەیانخاتە خانەی ئەفسانە. ئەو دەڵێت چیرۆك هەن دەڵێن پێش ئیبراهیم مەلائیکەت کەعبەیان دروست کردو هەیە دەڵێت کەعبە لەگەڵ ئادەم هاتە خوارەوەو هەیە دەڵێت ئادەمو حەووا دروستیان کردبوو.. تاد[253] ئیتر هیچ شتێکم لەو کتێبە نەبینوە باسی زوحەل بکاتو ئەو قسەیە لە داهێنانی عبدالفادی دەچێت یان لە سەرچاوەیەکی تر وەریگرتووە کە ئەمیان بە هەڵە قسەکانی ئەو کتێبەی نەقڵ کردووە. باسی زوحەل لەلایەن کەسانێکی ترەوە کراوە کە باوەڕی هەندێك کەس وایە کەعبە ماڵی زوحەلە، ئینجا لەبەر ئەوەو لەبەر ئەوەی زوحەل سەرپەرشتیاری کەعبە بوو ئەو کەعبەیە زۆر ماوەتەوە.[254] هەموو ئەمەش لەمیانەی ژمارەیەك قسەی ئەفسانەییو بێبەڵگە. سەبارەت بە ئاماژەش بۆ کتێبەکەی خەلیل عەبدولکەریم هیچ شتێك لە حاڵەکە ناگۆڕێت چونکە ئەوەی وتوویەتی دەربارەی هێشتنەوەی سرووتەکانی حەجو عومرە شتێکی زانراوە. بۆ کتێبەکەی تاها حسێنیش ئەوەی وتوویەتی بریتییە لە بە ئەفسانە زانینی ئەو قسەیەی دەڵێت ئیبراهیم کەعبەی دروست کردووەو چیرۆکێکی نوێیە، ئیسلامیش کە هات لەبەر هۆیەکی ئاینی قبووڵی کرد، قورەیشیش لەبەر هۆیەکی ئاینیو سیاسی قبووڵی کرد.[255]

---

[253] د. علي حسني الخربوطلي، تاريخ الكعبة، ل ١١ بەدواوە.

[254] محمد حسين الطباطبائي، الميزان ف تفسير القران، تەفسیر سورە الانعام، ج٧، ص٢٤٦، سەرباری ئەوەش دەڵێت شتی وای تریان وتووە هێندە ناشیرینن باسیان ناکەم. ئاماژەش بۆ مەسعوودی دەکات کە دەڵێت کە سابیئە حەوت ماڵیان لا گەورە بوو کە یەکێکیان کەعبەیە بەناوی زوحەل (ص٢٤٧).

[255] طه حسين، في الشعر الجاهلي، ص١٧. ئەو کتێبەی تاها حسێن نموونەیەکە لەسەر فیکرەیەکی بەهێز کە خاوەنەکەی سەقەتی دەکات. فیکرەی کتێبەکە ئەوەیە کە

شیعری جاهیلی هی پێش ئیسلام نییە بەڵکو هی سەردەمە ئیسلامییەکانەو خراوەتە پاڵ شاعیرانی پێش ئیسلام بۆیە ئەو شیعرە نابێتە بنەما بۆ تەفسیری قورئانو فەرموودە بەڵکو بەپێچەوانەوە قورئانو فەرموودە بنەمان بۆ تەفسیری ئەو شیعرە، لاپەڕە ٥–٧، بەڵام شتی تری بێبەلگە لەم فیکرەیە دەپێچێتەوەو ڕەوتی باسەکان دەبێتە قسەی نازانستیو بێبەڵگەو یان سەرچاوە ناڵێت یانیش سەرچاوەی وا دەڵێت کە باسەکانیان جێگەی متمانە نین.

٢٣-ئیسماعیل یەکێکە لە پێغەمبەران

((وَاذْكُرْ فِي الْكِتَابِ إِسْمَاعِيلَ إِنَّهُ كَانَ صَادِقَ الْوَعْدِ وَكَانَ رَسُولًا نَّبِيًّا - مریم: ٥٤)).

عبدالفادی دەپرسێت: چۆن ئیسماعیل یەکێکە لە پێغەمبەران لەکاتێك تەورات بەم شێوەیە وەسفی دەکات ((کەسێکی کێوی دەبێت دەستی لەسەر هەموو کەسێك دەبێتو دەستی هەموو کەسێك لەسەر ئەو دەبێت))(تەکوین١٦: ١٢).

عبدالفادی تەنها ئەو قسەیەی تەورات وەردەگرێتو تەنها ئەو وێنەیە بۆ دەکێشێت بەلاَم تەورات شتی تریش دەلێت وەك قسەی خودا لەگەلّ ئیبراهیم: سەبارەت بە ئیسماعیل ئەوە داواکەی تۆم بیست. ئەوەتا بەرەکەتی لەسەر دەکەمو بەرهەمداری دەکەمو ژمارەکەی زۆر زۆر دەکەم. دەبێتە باوکی دوانزە سەرۆكو دەیکەمە میللەتێکی گەورە (تەکوین١٧: ٢٠).

هەروەها قسەی فریشتەکە لەگەلّ هاجەری دایکی ئیسماعیل: دەیکەمە میللەتێکی مەزن(تەکوین ٢١: ١٨).

بەم جۆرەش تەورات باسی ئیسماعیل دەکات: خوداش لەگەلّ کوڕەکە بوو ئیتر گەورە بوو (تەکوین٢١: ٢٠).

خۆ ئەگەر پێغەمبەرایەتیی ئیسماعیل لە باسەکانی تەورات دەستکاری کرابێت شتێکی ئاسایی دەبێت ئەویش بۆ ئەوەی هەموو سەروەرییەکان بۆ

ئیسحاق، باوکی ئیسرائیلییەکان، بێت. تێبینیی ئەوەش بکە کە یەعقووب لە سەرەمەرگی خۆی دوانزە کوڕەکەی بانگ دەکاتو پێیان دەڵێت لە دواڕۆژ هەر یەکیان چیی بەسەر دێت. هەندێکیش لەو کوڕانە بە خراپ باس دەکات (تەکوین ٤٩). یەك لەوانەش (لاوی)یە کە بەخراپە باسی دەکات هەرچەندە لاوی بۆ ماوەیەکی زۆر کاهنێتی، واتە کاری بەجێهێنانی سرووتە ئاینییەکان وەك سەربڕینی ئاژەڵو هەڵگرتنی تابووتی پەیمانو تەفسیرکردنی شەریعەتو خزمەتکردن لە ئاهەنگەکانو قەزاوەتکردن.. تاد، تایبەت بە سیبتی ئەوەوە بوو.

لاشمان سەیر نەبێت ئەگەر تەوراتی بەردەستمان پێغەمبەرایەتیی ئیسماعیلی سڕیبێتەوە چونکە نموونە لەسەر نووسینەوەی تەورات بەپێی خواست تەنانەت خودی ئیسرائیلییەکانیشی گرتۆتەوە وەك چۆن لە چیرۆکی یووسف تێبینی کراوە کە سەرەتا ریئۆبێن یووسف ڕزگار دەکات کاتێك بە براکانی دەڵێت لەجیاتی کوشتنی یووسف فڕێی بدەنە ناو بیرەکە (تەکوین ٣٧: ٢١-٢٤)، بەڵام یەکسەر دوای ئەوە یەهوودا دەبێتە ڕزگارکەرەوەی یووسف کاتێك پێشنیار دەکات یووسف بە ئیسماعیلییەکان بفرۆشرێت (تەکوین٣٧: ٢٥-٢٧)، هۆی ئەمەش، وەك دوو لێکۆڵەرەوە دەڵێن، لایەنگیرییە چونکە باسی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە (ئێلۆهیمی)یەکەی تەورات چونکە نەوەی ریئۆبێن لە پادشانشینە باکوورییەکە نیشتەجێ بوونو بەم جۆرە ریئۆبێن کراوەتە ڕزگارکەرەوەی یووسف، باسی دووەمیشیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە

(یـەهوەهی)یەکـەی تـەورات چـونکە نـەوەی یـەهوودا لـە پادشانـشینە باشوورییەکە نیشتەجێ بوون بۆیە ئەو کراوەتە ڕزگارکەرەوەی[٢٥٦] .

هۆی دوورخستنەوەی ئیسماعیل هەروەکو دوورخستنەوەی (عێساو) עֵשָׂו ـەه. عێساو بـرای گـەورەی یـەعقووب بـوو بـەڵام یـەعقووب ((بـرا گەورەیی))یەکەی لێ کڕیبـووەوە(تـەکوین ٢٥: ٣١-٣٤)، یـان وەکـو دوای دوو ئیصحاح یەعقووب بە پلانی دایکی فێڵی لە ئیسحاقی بـاوکی کـرد، کـە وای تێگەیانـد عێـساوەو نـەیوت یەعقووبـەو یـەعقووب بەرەکەتەکـەی لـێ وەرگرت (تەکوین٢٥)، ئیسماعیلیش بەهەمان شێوە برا گـەورەی ئیـسحاقە بەڵام براگەورەییەکە بـۆ ئیـسحاق بـوو و خـودا، هەرچـەندە بەرەکـەتی لـە ئیسماعیلیش کردبوو، بەڵام وتی کـە پـەیمانەکـەی لەگـەڵ ئیـسحاق دەبێـت (تەکوین ١٧: ١٩). عێساو بـە بـاوکی ئێـدۆم אֱדוֹם نـاوبراوە (تـەکوین٣٦: ٤٣)و کتێبی تەکوین چـەند جارێـك دووبـارەی دەکاتـەوە: ((عێـساوش کـە ئێدۆمە))، ئەدۆمییەکانیش دراوسێی جوولەکـە بـوونو کێـشەیان لەگـەڵیان هـەبووەو لەچـاو ئیـسماعیلییەکان (عـەرەب) کێـشەکانیان زۆرتـر بـوون،

---

[256] ستیفن م. میلر، روبرت ف. هوبر، تـاریخ الکتـاب المقـدس، ص٣١. تـەورات چـەند سەرچاوەیەکی هەیە" یەکێکیان سەرچاوەی یەهوەهیی پـێ وتـراوە (زۆرتـر پێدەچـێت هی سەدەی نۆیەمی پێش زاین بێت) چونکە ناوی خوداوەند بە (یەهوەه) هاتووەو هی پادشانـشینەکەی باشـوورە (یـەهوودا) پـاش پـەرتبوونی دەوڵەتەکـەی سـولەیمان، سەرچاوەیەکی تریش ئێلۆهیمیی پێ وتراوە (زۆرتر پێدەچێت هی سـەدەی هەشـتەمی پـێش زایـن بێـت) چـونکە نـاوی خوداوەنـد بـە شـێوەی (ئێلـۆهیم) هـاتووەو هـی پادشانشینەکەی باکوورە (ئیسرائیل)، ڕەنگـە دوای کـەوتنی ئیـسرائیلیش بەدەسـتی ئاشوورییەکان چەند دەستنووسێکی ئەو سەرچاوەیە برابێتە باشوورو لەگەڵ سەرچـاوە یەهوەهییەکە کۆکرابێتەوە ئەویش لەدەوروبەری سەدەی حەوتـەمی پـێش زایـن. جگـە لەم دوانەش دوو سەرچاوەی تر هەن: تاریخ الکتاب المقدس، ص٣٠-٣١.

بەواتایەکی تر ئەو هەڵوێستە لە ئیسماعیلو عێساو دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیی جوولەکە بە دراوسێکانیانەوە.

لە دوو کتێبی جوولەکە هەڵوێست لە ئیسماعیل باشترە. لە کتێبی یۆبیلەکان[٢٥٧] (بەشیوەیەکی گشتی لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی پێش زاین) ئیبراهیم بەرەکەتی کردووە لە کوڕەکانیو خێزانەکانیانو نەوەکانیان ئەویش بەشێوەی کۆ بێئەوەی کەس جیابکرێتەوە. ئیسحاقو ئیسماعیلیش وەکو یەك مامەڵەیان لەگەڵ کراوەو ئەو بڕگەیەی باسی دەرکردنی هاجەر (دایکی ئیسماعیل) لەلایەن سارا (دایکی ئیسحاق)وە کە لە کتێبی تەکوین هەیە لابراوە هەرچەندە هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان ئیسماعیلو عێساو لەلایەكو ئیسرائیل لەلایەکی تر کراوە.[٢٥٨] هەڵویستی کتێبەکەی تر، واتە (تەرگومی یۆناتانی ساختە) بەو ئەندازە باشە نییە چونکە ئیسماعیلو کوڕەکانی بە ڕێگر ناودەبات بەڵام هەڵوێستێکی باشی هەیە لەو کاتەی هێشتا ئیسحاق لەدایك نەببوو و دوایی لەپڕ ئەو هەڵوێستە

---

[257] تایبەتە بە کتێبی تەکوینو بەشێك لە کتێبی دەرچوون. لە زۆربەی زۆری تایفە مەسیحییەکان بە نادروست زانراوە بەڵام لای کەنیسەی ئەرتۆدۆکسیی حەبەشی بە قانوونی زانراوە.

[258] **Roger Syrén, *Ishmael and Esau in the Book of Jubilees and Targum Pseudo-Jonathan*, in; The Aramaic Bible, p.311.**

لە تەکوین (٢٥: ١-٦) باسی بەخششی ئیبراهیم بۆ کوڕەکانی کراوە، بەڵام لە کتێبی یوبیلەکان (ئیصحاحی ٢٠) پێش ئەو بەخششە ئیبراهیم ئیسماعیلو دوانزە کوڕەکەیو ئیسحاقو دوو کوڕەکەیو کوڕەکانی قەطوورا (ژنی ئیبراهیم)و کوڕەکانی ئەمانی بانگ کردو ئامۆژگاریی دووروودرێژی کردنو لەکۆتایی بەرەکەتی لە هەر هەموویان کرد ئینجا بەخششەکەی دانێ:

George H. Schodde, The Book of Jubilees, pp.61-62.

هەڵبژاردنی ئیسرائیل (یەعقووب)و نەوەکەشی نەك ئیسماعیلو عێساو (١٥: ٢٢):
***ibid.*, p.51.**

دەگۆڕێت.[٢٥٩] هەڵویستیش لە عێساو خراپترە لەچاوە کتێبی یۆبیلەکان. ئەم هەڵوێستانەش پێدەچێت دەربڕی گۆڕانکاریی پەیوەندیی جوولەکە بە دراوسێکانیانەوە بن کە ماوەیەك ئاشتی بووەو ماوەیەك شەڕ بووە.[٢٦٠] جیاوازیی کتێبەکان لە تەرگومە قانوونییەکە دیارە، واتە تەرگومی بابلی کە هەروەها بە تەرگومی ئۆنکیلۆس ناسراوە کە ئەو بڕگەیەی تەورات دەربارەی ئیسماعیل: ((کەسێکی کێوی دەبێت دەستی لەسەر هەموو کەسێك دەبێتو دەستی هەموو کەسێك لەسەر ئەو دەبێت– تەکوین ١٦: ١٢)) دەبێتە پەیوەندیی پشتبەستن بە یەکەوە: پێویستی بە هەموو کەسێکەوە دەبێتو هەموو کەسێك پێویستی پێی دەبێت.[٢٦١]

---

[259] R. Syrén*, op. cit.*, pp.313-314.
[260] *ibid*, p.314.
پێدەچێت باسی ئیسماعیلییەکان لە (تەرگومی ئۆرشەلیمی بۆ کتێبی تەثنیە) نموونەیەك بێت لەسەر کاری بارودۆخی کاتی نووسراو لەسەر هەڵوێستو لەسەر هۆنینەوە چیرۆك. لەو تەرگومەو لە تەرگومی فەڵەستنی (گە بە هەڵە پێی دەوترێت تەرگومی یوناتان بێن عوزیئیل) بۆ پێنج کتێبەکە باسی ئەوە کراوە کە گوایە مووسا دەڵێت خودا شەریعەتی دابوو بە منداڵانی عێساو بەڵام قبووڵیان نەکردو دابووی بە منداڵانی ئیسماعیل ئەوانیش قبووڵیان نەکرد بەڵام تەرگومی ئۆرشەلیمی هۆکە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی منداڵانی عێساو بینیان تێی نووسراوە کە نابێت کوشتن ئەنجام بدەن بۆیە قبووڵیان نەکردو منداڵانی ئیسماعیل بینیان نووسراوە نابێت ببنە دز:
J. W. Etheridge, The Targums of Onkelos and Jonathan Ben Uzziel (Leviticus, Numbers and Deuteronomy), Ch.XXXIII, pp.672-673.
ئاشکرایە کە واقعی عەرەبی نیمچەدوڕگەی عەرەبی ئەو کاتە بریتی بوو لە نیشتەجێبوونێکی کەم لەگەڵ کۆچەرییەکی زۆر کە بەشێکیان خەریکی پەلامارو تاڵانی بوون وەك چۆن ئەوە پێش ئیسلام هەبووە.
[261] R. Syrén*, op. cit.*, pp.313-314.
جێگەی سەرنجیشە کە ئەو تەرگومە ناوی کوڕەکانی ئیسماعیل دەهێنێتو دەڵێت لە گوندو شارەکانیان... واتە نەوەی ئیسماعیلی کردە نیشتەجێبوو نەك کۆچەر، ڕەنگە

بـەم شـێوەیە دەتـوانین تێبگـەین بۆچـی پێغەمبەرایـەتیی ئیـسماعیل لـە تەورات باس نەکراوە.

بۆیە هەڵوێستەکە لێرە جیاوازەو نەوەی ئیسماعیل بە چەتە نەناسێنراون ، بڕوانـە بـۆ ئەو قسەیەی تەرگومەکە:

J. W. Etheridge, The Targums of Onkelos and Jonathan Ben Uzziel (Genesis and Exodus), Ch.XXV, p.87.

٤٢-خەڵكی شارەكە

((وَاضْرِبْ لَهُم مَّثَلاً أَصْحَابَ الْقَرْيَةِ إِذْ جَاءهَا الْمُرْسَلُونَ (١٣) إِذْ أَرْسَلْنَا إِلَيْهِمُ اثْنَيْنِ فَكَذَّبُوهُمَا فَعَزَّزْنَا بِثَالِثٍ فَقَالُوا إِنَّا إِلَيْكُم مُّرْسَلُونَ (١٤) قَالُوا مَا أَنتُمْ إِلاَّ بَشَرٌ مِّثْلُنَا وَمَا أَنزَلَ الرَّحْمن مِن شَيْءٍ إِنْ أَنتُمْ إِلاَّ تَكْذِبُونَ (١٥) قَالُوا رَبُّنَا يَعْلَمُ إِنَّا إِلَيْكُمْ لَمُرْسَلُونَ (١٦) وَمَا عَلَيْنَا إِلاَّ الْبَلاَغُ الْمُبِينُ (١٧) قَالُوا إِنَّا تَطَيَّرْنَا بِكُمْ لَئِن لَّمْ تَنتَهُوا لَنَرْجُمَنَّكُمْ وَلَيَمَسَّنَّكُم مِّنَّا عَذَابٌ أَلِيمٌ (١٨) قَالُوا طَائِرُكُمْ مَعَكُمْ أَئِن ذُكِّرْتُم بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ (١٩) وَجَاء مِنْ أَقْصَى الْمَدِينَةِ رَجُلٌ يَسْعَى قَالَ يَا قَوْمِ اتَّبِعُوا الْمُرْسَلِينَ (٢٠) اتَّبِعُوا مَن لاَّ يَسْأَلُكُمْ أَجْرًا وَهُم مُّهْتَدُونَ (٢١) وَمَا لِي لاَ أَعْبُدُ الَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ (٢٢) أَأَتَّخِذُ مِن دُونِهِ آلِهَةً إِن يُرِدْنِ الرَّحْمَن بِضُرٍّ لاَّ تُغْنِ عَنِّي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا وَلاَ يُنقِذُونِ (٢٣) إِنِّي إِذًا لَّفِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ (٢٤) إِنِّي آمَنتُ بِرَبِّكُمْ فَاسْمَعُونِ (٢٥) قِيلَ ادْخُلِ الْجَنَّةَ قَالَ يَا لَيْتَ قَوْمِي يَعْلَمُونَ (٢٦) بِمَا غَفَرَ لِي رَبِّي وَجَعَلَنِي مِنَ الْمُكْرَمِينَ (٢٧) وَمَا أَنزَلْنَا عَلَى قَوْمِهِ مِن بَعْدِهِ مِنْ جُندٍ مِّنَ السَّمَاء وَمَا كُنَّا مُنزِلِينَ (٢٨) إِن كَانَتْ إِلاَّ صَيْحَةً وَاحِدَةً فَإِذَا هُمْ خَامِدُونَ- يس: ١٣-٢٩)).

بەیزاوی حیكایەتی ئەو شارە، كە گوایە ئەنتاكیا بوو، دەگێڕێتەوە كە بەكورتی ئەمەیە: حەبیبی دارتاش باوەڕی بە دوو نێردراوی عیسا كرد كە یەحیاو یوونس بوون، وتراویشە كەسی تر بوون، پادشاش ئەو دوانەی گرت پاشان عیسا شەمعوونی ناردو ئەو خۆی نەناساند ئینجا بووە هۆی ئەوەی دوانەكە موعجیزەكان ئەنجام بدەن... تاد (ج٤، ص٤٢٨)، پاشان دەڵێت حەبیب یەكێك بوو لەوانەی باوەڕیان بە موحەممەد هێناو شەشسەد ساڵیان

له بەینە..(ص٤٢٩–٤٣٠). ئەمەش بەشێکی مەعقوولی چیرۆکەکەیە کە پڕە لە شتی سەیرو سەمەرە.

عبدالفادی دەڵێت ئەنتاکیا لەدەستی رۆمەکان بووە ئیتر چۆن پادشای دەبێت؟ چۆنیش حەبیب باوەڕ بە موحەممەد دەهێنێت لەکاتێك شەشسەد ساڵیان لەنێوانیان هەیە؟ پاشان لەناو نێردراوانی عیسا کەس نەبووە بەناوی شەمعوون و یوونس چونکە شەمعوون کوڕی یەعقووب کوڕی ئیسحاق کوڕی ئیبراهیمە، یوونسیش یان یوونان ئەو پێغەمبەرە بوو کە نەهەنگەکە قووتی دا.

دیارە عبدالفادی ئاگای لەو قسەیەی بەیزاوی نەبووە کە بۆ یەحیاو یوونس دەڵێت: وتراویشە کەسی تر بوون، بەش بە حاڵی خۆشمان نازانین بەیزاوی ئەو قسانەی لەکوێ هێناوە بەڵام پێدەچێت وەك زۆر شتی تر لە سەرچاوە مەسیحییەکانی تر وەریگرتووەو تاکە خەتای بەیزاویو غەیری بەیزاوی ئەوەیە ئەو چیرۆکانەیان لەو سەرچاوانە وەرگرتووە، خۆشیان لە ئەگەری هەڵبەستن بە وشەی ((وترا)) پەڕاندۆتەوە، بەڵام بەم کارە تەفسیریان بە چیرۆکی لەو جۆرە پڕکردووە.

عبدالفادی کاتێك ڕەخنە لە بەیزاوی سەبارەت بە شەمعوون دەگرێت نەیزانیوە کە شەمعوون ناو هەبووە لەناو دوانزە قوتابییەکەی مەسیح، لەجیاتی یەکێکش دووان کە یەکێکیان بە پوتروس (پێترۆس بە یۆنانی) ناسراوەو پێی دەوترێت سیمعان (کە ئەمە شێوە عەرەبییەکەیەتی) یاخود شەمعوون پوتروس کە کاسۆلیکیەت بە یەکەم پاپای خۆی دەزانێتو کەنیسەی ئەنتاکیای دامەزراندبوو پاشان کەنیسەی رۆما! تەنانەت ناوێك نزیکیش لە یوونس، کە بەیزاوی ناوی هێناوەو عبدالفادی دەڵێت کەسی وا

نییە لەناو قوتابییەکانی مەسیح، هەیە ئەویش یوحەننا کە بە یۆنانی پێی دەوترێت ئیوانیس Ἰωάννης و نزیکە لە ناوی یوونس بە یۆنانی: یۆناس *Ionas* هەرچەندە دوو کەسی جیاوازن.

سەبارەت بە باوەڕهێنانی حەبیبیش بە موحەممەد، ئەگەر گێڕانەوەکە ڕاست بێت، شتێکی سەیر نییە چونکە دیارە لە پێغەمبەرانی تری بیستووە، بەڵام بەیزاوی پێمان ناڵێت ئەوەی لە کێ وەرگرتووە، چارەسەری سەرچاوەی پڕگومانو نەبوونی سەرچاوەش وشە باوەکەیە ((وترا)). بەئەندازەی نازانستیی ئەو قسانەش قسەکەی عبدالفادی بێبایەخە کە دەڵێت چۆن ئەنتاکیا پادشای دەبێت لەکاتێك کە دەوڵەتی ڕۆما حوکمی دەکرد. چیرۆکەکە خۆی بێ بناغەیە ئیتر چ شتێکی ڕاستی لەسەر بینا دەکرێت؟ گریمان لەجیاتی پادشا فەرمانڕەوایەکی هەبوو" چی لەو حیکایەتە سەیرە دەگۆڕێت؟ بەهەر حاڵ دەبوایە عبدالفادی ڕەخنەی لە ئینجیلی بەردەستمان بگرتایە کە وتوویەتی کاتی مەسیح هیرۆدۆس پادشای یەهوودیە بوو (لوقا ١: ٥)، هەرچەندە ئەویش وەکو پادشای ئەنتاکیا سەر بە ڕۆما بوو، یەکەم جاریش نییە عبدالفادی بیسەلمێنێت ئاگای لە ئینجیلەکەی خۆشی نییە.

٤٣- هوود و عاد؟

((وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُودًا قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ إِنْ أَنتُمْ إِلاَّ مُفْتَرُونَ –هود: ٥٠)).

((وَلَمَّا جَاء أَمْرُنَا نَجَّيْنَا هُودًا وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَنَجَّيْنَاهُم مِّنْ عَذَابٍ غَلِيظٍ –هود: ٥٨)).

((وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُوداً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَهٍ غَيْرُهُ أَفَلاَ تَتَّقُونَ (٦٥) قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوْمِهِ إِنَّا لَنَرَاكَ فِي سَفَاهَةٍ وِإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ الْكَاذِبِينَ (٦٦) قَالَ يَا قَوْمِ لَيْسَ بِي سَفَاهَةٌ وَلَكِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ (٦٧) أُبَلِّغُكُمْ رِسَالاتِ رَبِّي وَأَنَاْ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ (٦٨) أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَاءكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَى رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ وَاذكُرُواْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاء مِن بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ وَزَادَكُمْ فِي الْخَلْقِ بَسْطَةً فَاذْكُرُواْ آلاء اللّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (٦٩) قَالُواْ أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ اللّهَ وَحْدَهُ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ (٧٠) قَالَ قَدْ وَقَعَ عَلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ رِجْسٌ وَغَضَبٌ أَتُجَادِلُونَنِي فِي أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَآؤُكُم مَّا نَزَّلَ اللّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ فَانتَظِرُواْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُنتَظِرِينَ (٧١) فَأَنجَيْنَاهُ وَالَّذِينَ مَعَهُ بِرَحْمَةٍ مِّنَّا وَقَطَعْنَا دَابِرَ الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَمَا كَانُواْ مُؤْمِنِينَ– ألأعراف: ٦٥-٧٢)).

بەیزاوی دەڵێت: هوود كوڕی عەبدوڵڵا كوڕی ڕەباح كوڕی ئەلخەلوود كوڕی عاد كوڕی عووص كوڕی أرم (ئارام؟) كوڕی سام كوڕی نووحە، وتراویشە هوود كوڕی شالح كوڕی ئەرفەخشەد كوڕی سام كوڕی نووح.. ئینجا حیكایەتێك نەقڵ دەكات كە ئەوانە بتیان دەپەرستو هوودیان

بەدرۆخستەوەو سێ ساڵ بارانیان لێ گیرا وخودا سێ هەوری نارد" سپییەك‌و سووریك‌و ڕەشێك، كەسێكیش لە ئاسمانەوە هاواری بۆ یەكێك لە گەورەكانیان كرد كە ناوی (قیل بن عثر) بوو: هەڵبژێرە بۆ خۆت‌و قەومەكەت ئەویش وتی ڕەشەكەم هەڵبژارد.. تا كۆتایی ئەو چیرۆكە بێ سەروبنە (بەیزاوی ج٣، ص٣١-٣٥)، كە ئەمەی سەرەوە بەشێكی كەمی بوو و بەیزاوی لەوە زیاتری باس كردووە كە عبدالفادی نەقڵی كردووە.[٢٦٢]

عبدالفادی لەسەر ئەو باسانە ناوەستێت بەڵكو ڕەخنەی ئەوە دەگرێت كە تەورات ناوی هیچ پێغەمبەرێكی نەبردووە لەنێوان نووح‌و ئیبراهیم‌و ناوی هیچ كەسێك لە نەوەی نووح نابات ناوی عاد بووبێت‌و باسی سزای باران بڕان بۆ سێ ساڵ ناكات مەگەر لە سەردەمی ئیلیای پێغەمبەر.

هێشتا ئەوەی عبدالفادی نەقڵی كردووە زۆر لەوە كەمترە كە بەیزاوی باسی كردووە بەڵام وا دیارە عەقڵی عبدالفادی ئەوەندە بچووكە حیكایەتەكەی بەیزاویی بەهەند وەرگرتبوو بۆیە ڕەخنەی لێ نەگرتبوو. ئوممەتی ئیسلامیش ئەوەندە كێشەی لەو جۆرە حیكایەتانە تووش بووە بە ڕەخنەیەكی لە جۆری عبدالفادی تووشی نەبووە. وەڵامی عبدالفادی بەئاسانی بەوە دەدرێتەوە كە نەبوونی ناوی پێغەمبەرێك لەنێوان نووح‌و ئیبراهیم لە تەورات بەڵگە نییە لەسەر نەبوونی پێغەمبەری وا. سەبارەت بە نەوەی نووحیش‌و قسەكەی عبدالفادی كە هیچ كەسێك لە نەوەی نووح نییە ناوی عاد بێت خودی تەورات لە كوڕەكانی ئارام دەوەستێت كە

---

262 بەپێی ناوی ئەو كەسانەی لە چیرۆكەكە هاتوون‌و بەپێی باسكردنی چوون بۆ كەعبە سەرچاوەی چیرۆكەكە هی مەسیحی‌و جوولەكە نییە بەڵكو داهێنانی موسڵمانێكە.

(عووص) עוּץ یەکێکیانە ئیتر دوای ئەوانە کوڕانی ئەوان نالێت ئەمەش ((وتراوە))کەی بەیزاوی دەگرێتەوە کە عاد (باوکی باپیری هوود) کوڕی نووح کوڕی ئارام کوڕی سامە، سەبارەت بە ((وتراوە))کەی تر، واتە هوود کوڕی شالەح کوڕی.. تاد، تەورات یەك کوڕ بۆ شالەح دادەنێت ئەویش عابەر (عەبێر) עֵבֶר (تەکوین ١٠: ٢٤). ئەو ناوانەش جێگەی گومانن‌و هەندێکیان بەدڵنیاییەوە ڕاست نین، بۆ نموونە عیلام‌و ئاشورو ئارام کراونەتە کوڕی سام بەمەرجێك هیچ لەمانە ئەو کۆنە نەبوون وەك سام، وەك پێشتریش باسمان کرد نووسەرانی تەوراتی بەردەستمان گەل‌و ناوچەکانی کاتی خۆیانیان خنیوەتە باسە هەرە کۆنەکان.

سەبارەت بەوەش کە باران بڕان بۆ ماوەی سێ ساڵ تەنها کاتی ئیلیای پێغەمبەر بووە، لە ئینجیلی لوقا سێ ساڵ‌و شەش مانگ بوو (لوقا ٤: ٢٥ و نامەی یەعقووب ٥: ١٧)، سێ ساڵەکەش (یان کەمتر) لە کتێبی یەکەم پادشایانە (باسی باران بڕان لە ١ ملوك ١٧: ١) چونکە باسی باران بارین لە ساڵی سێیەم کراوە (١ملوك ١٨: ١) کە ئەمە دەکات سێ ساڵ یان کەمتر. دیاریشە عبدالفادی زانیویەتی ئەم جیاوازییە لە ماوەکە هەیە بۆیە سەرچاوەی باران بڕانی سەردەمی ئیلیای نەنووسیوە، دەشڵێین (دیارە زانیویەتی)و حوسنی زەنی پێ دەبەین ئەگینا پێشتر بینیمان چۆن ئەو شارەزاییەی لە ئینجیل‌و تەورات نییە.

بەکورتی نە باسەکەی بەیزاوی‌و نە ڕەخنەکەی عبدالفادی هی ئەوە نین کاتیان پێوە بکوژرێن مەگەر بۆ باسکردنی دوو کارەسات: کارەساتی دەستی موفەسیران‌و کارەساتی ڕەخنەگران لە قورئان.

٤٤-زولكيفل

((وَإِسْمَاعِيلَ وَإِدْرِيسَ وَذَا الْكِفْلِ كُلٌّ مِّنَ الصَّابِرِينَ - الانبياء: ٨٥)).

((وَاذْكُرْ إِسْمَاعِيلَ وَالْيَسَعَ وَذَا الْكِفْلِ وَكُلٌّ مِّنْ الْأَخْيَارِ - ص: ٤٨)).

عبـدالفادی دەڵێـت کـە تـەورات نـاوی زولکیفـل (ذو الكفـل)ی نـەهێناوە، قسەکەی بەیزاویش نەقڵ دەکات سەبارەت بە بۆچوونەکان دەربـارەی ئـەو پێغەمبەرە کە وتراوە سەد پێغەمبەری بەنو ئیسرائیل بۆ لای ئـەو هـەڵهاتن ئـەویش داڵـدەی دانو کـەفیلیان بـوو (بـەیزاوی، ج ٥، ص٥٠)، کـە ئەمـە یەکێکـە لـە دوو تەفـسیر بـۆ زولکیفـل کـە هـیچ بەڵگەیـەکی قورئـانو فـەرموودەی صـەحیحیان لەسـەر نییـەو تـەنها قـسەن. عبـدالفادی بـەپاڵ رەخنەکەی کە ئەویش وەکـو ئـەو قـسانە هـیچ بایـەخێکی نییـە، واتـە کـە ناوەکە لە تەورات نەهاتووە، دەڵێت ئـەو کەسـەی ئـەو سـەد پێغەمبـەرەی شاردەوە عۆبـەدیا (عۆبـەدیاهوو، عۆڤـەدیاهوو עֹבַדְיָהוּ)، وەزیـری پادشـا ئاخئاب (ئاخئاڤ) אַחְאָב بوو و کە پیاوێکی لە خوداترس بوو کاتێك شـاژن ئیزێبێـل (ئیزێڤێـل) אִיזֶבֶל پێغەمبـەرانی کوشـت (١ملـوك ١٨: ٣-٤).

عبدالفادی باسی تەفسیری خەڵکی تریش بۆ زولکیفل دەکات.

دیاریشە موفەسیرە ئیسلامییەکان باسی عوبەدیایان لە تەورات بیـستبوو و کردبوویـان بـە زولکیفلـی قورئـان بەحـسابی کەفالـەتکردن. دیـارە لەبـەر ئەوەی تەورات وەکو خوداناسێك نەك پێغەمبەرێك باسـی کـردووە بـەیزاوی وتوویەتی ناکۆکی هەبووە کە پێغەمبەر بووە یان نا.

٤٥-خەڵكی ڕەس؟!

((وَعَادًا وَثَمُودَ وَأَصْحَابَ الرَّسِّ وَقُرُونًا بَيْنَ ذَلِكَ كَثِيرًا – الفرقان: ٣٨)).

له باسی خەڵكی (ڕەس) عبدالفادی قسەی بەیزاوی دەهێنێتەوه كـه چـەند بۆچوونێك لەبارەیانەوە هەیە، ئێمەش تەنها بۆ ئەوەی خوێنەر بێبایـەخیی ئەو قسانە بزانێـت كـه بێبەڵگـه هـاتوون خۆشمـان‌و خوێنـەریش پێیانـەوە سەرقاڵ دەكەین: خەڵكی ڕەس بتیان دەپەرست خوداش (شـوعەیب)ی بـۆ نـاردن ئـەوانیش بـەدرۆزنیان زانـی. كـاتێكیش لـەدەوری ڕەس بـوون كـه بیرێكـی بینانـەكراوه[٢٦٣] ڕۆچـوو و خۆشـیان‌و خانووەكانیـان نغـرۆ بـوون، وتراویشه ڕەس شارێكی لای (یەمامە)یە پاشماوەی (ثـەموود)ی لـێ بـوون خودا پێغەمبەرێكی بۆ نـاردن... وتـراش ڕەس خەندەكـە، وتراویـشه ڕەس بیرێك بوو له ئەنتاكیا حەبیبی دارتاشیان تێی كوشتبوو. وتراویـشه ئەوانـه خەڵكی حەنزەلە كوڕی سەفوانی پێغەمبەر بوون خودا به باڵندەیەك تـاقیی كردنەوە كه هـەموو ڕەنگێكـی لـەخۆ گرتبـوو و ناویـان نـابوو عـەنقا لەبـەر ئـەوەی ملـی درێـژ بـوو، لـه كێوەكـەی ئـەوانیش دەژیـا و منداڵـەكان ئـەو خەڵكەی دەفڕاند ئیتر حەنزەلە دوعای لێكـردو بروسـكەیەك لێیـدا، پاشـان خەڵكەكـه حەنزەلـەیان كوشـت بۆیـە لەناوچـوون، وتراویـشه خـەڵكێكن پێغەمبەرەكەیان بەدرۆخستەوەو خـستیانه نـاو بیرێـك (بـەیزاوی، ج٤، ص

---

[263] له لسان العرب، ج١٩، ص ١٦٤١ واتایەكی رەس: بیرێكی كۆن.

٢١٨)[٢٦٤]. پاش نەقڵكردنی ئەو وڕێنانەش كە تەنها ئیسلامیان پێ لەكەدار دەبێت عبدالفادی دەپرسێت ئەو ڕەسە چییە؟ لە چ وڵاتێكە؟ چ كاتێكە؟ بۆچی قورئان ئەمەی بۆ ڕوون نەكردینەوە ئەگەر ئەو ڕەسە ئەسڵەن هەبێت؟

پێویستیش ناكات خوێنەر زۆر زیرەك بێت بۆ ئەوەی بزانێت ئەمە تەنانەت ڕەخنە نییە چونكە كاتێك قورئان باسی ئەوەی كردووە گرنگ شوێنەكەو كاتەكە نەبووە بەڵكو وانەكە بوو سەبارەت بە پێغەمبەرانو خەڵكەكەیانو ئاكامی ئەو خەڵكانەی پێغەمبەرانیان بەدرۆخستۆتەوە. هەڵبەت ڕەخنەگری وا ئاگای لەوە نییە كە لە تەورات ناوی شوێنی وای هەن كە ڕوون نەكراونەتەوەو ڕوونكردنەوەی شوێنەكان هێندەی خودی باسەكان گرنگ نییە، یەك لەوانە وڵاتی عووص كە عبدالفادی لەبارەی ئەییووبەوە باسی كردووەو شوێنەكەی دیار نییەو ئەو بەدڵنیاییەوە دەڵێت لە وڵاتی عەرەب بووە.

---

[264] بۆ ئەمانە و تەفسیری تر بڕوانە تەفسیر ابن كثیر، ج٦، ص١١١ كە ئەو قسە بێبەڵگانە لێرەش بەردەوام دەبن.

٤٦-تەنانەت لوقمانیش پێغەمبەرە!

((وَلَقَدْ آتَيْنَا لُقْمَانَ الْحِكْمَةَ أَنِ اشْكُرْ لِلَّهِ وَمَن يَشْكُرْ فَإِنَّمَا يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ وَمَن كَفَرَ فَإِنَّ اللَّهَ غَنِيٌّ حَمِيدٌ * وَإِذْ قَالَ لُقْمَانُ لِابْنِهِ وَهُوَ يَعِظُهُ يَا بُنَيَّ لَا تُشْرِكْ بِاللَّهِ إِنَّ الشِّرْكَ لَظُلْمٌ عَظِيمٌ- لقمان: ١٢-١٣)).

عبدالفادی قسەی بەیزاوی دەهێنێتەوە کە لوقمان کوڕی باعوراء لە نـەوەی ئازەر خوشکەزای ئەییووبە یان پووری (؟)و تا سەردەمی داوود ژیاو علمی لـێ وەرگـرت..تـاد. عبـدالفادی دەڵێـت: چـۆن ئـەم لوقمانـە پێغەمبـەرە؟ چۆنیش بەیزاوی دەڵێت هاوچەرخی ئەییووبو داوودە لەکاتێك لەنێوان ئەم دوانە ٩٠٠ ساڵ هەن؟ ولاتی (عووص)یش لەکوێ کە ئەییووب لەوێ ژیـابوو و ولاتی فەڵەسـتین لـە کـوێ کـە داوود لـەوێ ژیـابوو؟ (قـسەی عبـدالفادی تەواو).

سەبارەت بە سەردەمی ئەییووبو ولاتی عووص هیچ شتێکی دڵنیاکـەرەوە نییە لەبارەیانەوە، هەر بۆیـەش نـاتوانین بـزانین لـەنێوان داوودو ئـەییووب چەند ساڵ بووەو ئەمەمان پێـشتر بـاس کردبـوو. بـەلام ئەمـە گـرنگ نییـە چونکە لەسەر نەزانی بنیاتنراوەو ئەوەی گرنگە ئەوەیە نە قسەی زانایـانو نە قسەی بەیزاویی موفەسیر بەڵگەن بۆ ئەو باسانەی کـە دەقێکـی قورئـان یان فەرموودەی صەحیحیان لەبارەوە نەهاتووە، بۆیـە قـسەکەی بـەیزاوی کـە لوقمـان کـوڕی کێـی بـووە وەکـو نـەبوو وایـەو وەك پێـشتر وتبوومـان عبدالفادی شەڕی لەگەڵ کەڤ دەریا کردووە. تەنها یەك شتی دڵنیاکـەرەوە

له دەقەكان هەیە ئەویش هەبوونی لوقمانە كە ئاشكرا نییە پێغەمبەر بـووە یان وەك بەیزاوی ئاماژەی بۆ كردووە كە زۆریی زانایان لەسـەر ئـەوەن كـە دانا بووە نەك پێغەمبەر(بەیزاوی، ج٤، ص٣٤٦).

٤٧-ئەسکەندەری گەورە پێغەمبەرە؟

((حَتَّى إِذَا بَلَغَ مَغْرِبَ الشَّمْسِ وَجَدَهَا تَغْرُبُ فِي عَيْنٍ حَمِئَةٍ وَوَجَدَ عِندَهَا قَوْمًا قُلْنَا يَا ذَا الْقَرْنَيْنِ إِمَّا أَن تُعَذِّبَ وَإِمَّا أَن تَتَّخِذَ فِيهِمْ حُسْنًا * قَالَ أَمَّا مَن ظَلَمَ فَسَوْفَ نُعَذِّبُهُ ثُمَّ يُرَدُّ إِلَى رَبِّهِ فَيُعَذِّبُهُ عَذَابًا نُّكْرًا -الكهف: ٨٦-٨٧)).

عبدالفادی قسەی بەیزاویو ئیبنو هیشام نەقڵ دەکات کە زولقەرنەین ئیسکەندەری گەورە بوو، پاشان قسەی بەیزاوی کە زولقەرنەین ئیسکەندەری ڕۆمی بوو کە پادشای فارسو ڕۆم بوو، وتراویشە پادشای ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا بوو بۆیەش پێی وترا زولقەرنەین.. بەیزاوی ژمارەی قسەی تر لەسەر زولقەرنەین دەهێنێتەوە کە بێ بێبناغەو بەڵگەن. پاشان دەڵێت ناکۆکی هەبووە کە ئایا زولقەرنەین پێغەمبەر بووە یان نا بەڵام زاناکان ڕێکەن کە باوەڕدارو چاکەکار بوو (بەیزاوی، ج٣، ص ٥١٩).

عبدالفادی دەڵێت چۆن خودا ئەسکەندەری بتپەرست دەکاتە پێغەمبەر؟ ئەم قسەیەش لە قسەکانی ناو تەفسیرەکەی بەیزاوی بێماناترە چونکە قورئان نەیوتووە زولقەرنەین ئەسکەندەر بوو. بەیزاوی تەنانەت نەشیزانیوە ئەسکەندەر ڕۆمایی نەبووە بەڵکو مەکدۆنی بووەو یۆنانییەکانی لە پرۆژە فراوانکارییەکانی خۆی بەشدار کردبوو. عبدالفادیش هەڵە دەکاتو دەڵێت یۆنانی بوو. موفەسیری تر وەکو ئیبنو کەثیر

زانیویانە کە ئەسکەندەر زولقەڕنەین نەبوو بەڵام ئەو هێشتا قسەی کەسانی تر نەقڵ دەکات کە زولقەڕنەین لە سەردەمی ئیبراهیمی پێغەمبەر بووە[٢٦٥].
قسەکانی تری عبدالفادیش سەبارەت بەوەی گوایە خۆر لە بیرێك ئاوا دەبوو لە پرسیارە جوگرافییەکان باس کراوە، بەڵام لێرە دەپرسێت: خۆر بەدەوری زەوی دەخولێتەوە یان زەوی بەدەوری خۆر دەخولێتەوە؟ هەروەها باسی بەربەستەکەی ئەسکەندەر دەکات کە شوێنەواری نییە.
ئەم ڕەخنەیەش کاتێك ڕاستە ئەگەر وێنەی لەم جۆرەمان بۆ ئەو بەربەستە هەبێت: دیوارێکی ستوونیی تەواو بێتو زۆر درێژ بێتو لەو کاتەوە تا ئێستا کەشوهەوا هیچی لێ نەکردبێت، بەڵام بێگومان ئەو وێنەیە خەیاڵییەو دەتوانین وێنەیەکی واقعیتری بۆ بکێشین: مەرج نییە ستوونی بێت بەڵکو ئەوەندە بەسە گۆشەیەکی لەگەڵ زەوی دروستکردبێت کە سەرکەوتن بەسەری زەحمەت بێت، زۆریش بەرز بوو، ئەگەر لەدەمی گەلییەکی تەسکیش بێت پێویست ناکات درێژ بێت تا بە زەقی دەربکەوێت، لەو کاتەشەوە تا ئێستا کەشوهەوا دەستکاریی کردووەو وەکو دوو کێوەکەی دوو لاتەنیشتی لێ کردبێت، دارمانی دوو کێوەکەش ژێرەکەیانی پڕکردووە لە بەردو خۆڵ.. تاد. وێنەی لەم جۆرە ئاسایییە بۆ ئەوانەی دەزانن چۆن زەمەنو کەشوهەوا کار دەکەنە سەر شوێنەوارەکانی دەستکردی مرۆڤ و دەیانشارنەوە یان بەشێکیان دەشارنەوە، بەڵام عەقڵی چەقبەستوو لەسەر ئەو وێنەیەی یەکەم جار دروست بووە چەقدەبەستێت.
کەواتە ڕەخنەکە لەسەر بناغەی وێنەیەکی خەیاڵی کراوە.

---

[265] تفسیر ابن کثیر، ج٥، ص١٨٩

وتەیەك بۆ كۆتـایی

وەك بینیمان ڕەخنەی كورتو بێبەڵگە یان بەڵگەلاوازەكانی عبدالفادی چەند بایەخیان هەیە ئەویش كاتێك ئەو ڕەخنانە دەخەینە بەر تیشكی سەرچـاوەكانو زانیـاریی بەڵگـەدار، ئـەوەش بەمـەرجێك هێـشتا ئـەو وەڵامانە بە كورت دەزانینو هێشتا بەحەزی دڵی خۆمان سەرچـاوەمان بەكارنەهێناوە. لەمەشەوە خوێنەر دەزانێت چەند بێبایەخن ئەو جۆرە ڕەخنانەی لە كتێبـەكانو لـە ئینتـەرنێت بڵاوبوونەتـەوەو تاكـە خـاڵی بـەهێزیان ئەوەیـە ڕوودەكەنـە خوێنـەرێك ئاگـای لـە هـیچ شـتێك لـەو باسانە نییە.

بەڵام وەنەبێت ئەو ڕەخنانەی كە بەڕواڵەت زانـستینو ئـەو ڕەخنانـەی پشت بە سەرچاوە دەبەستن حاڵیان لەوانەی عبـدالفادی باشـتر بێـت، بـەڵكو ڕەنگـە موبالەغـە نـەبێت ئەگـەر بڵـێین ئەوانـەی عبـدالفادیو ئەوانەی ڕواڵـەتیان ڕەخنـەی زانـستین یـەك ئاستیان هەیـە.. بۆچـی؟ چونكە بناغەی هەردووكیان یـەك شـتە، هـەردووكیان هـەمان قـسەیان هەیە بەڵام هاوشێوەكانی ئـەوەی عبـدالفادی بـە ڕسـتەی كـورتو بـێ سەرچـاوە بـاس دەكـرێن، ئەوانـەی تـریش درێـژترو بەپـشتبەستن بـە سەرچـاوەوە بـاس دەكـرێن. بناغـەی ڕەخنـەكان یەكـە، كرۆكیـشیان یەكە، ئەوەندە هەیە ئەوانەی ڕەخنەكانیان بە سەرچاوە پـڕ دەكـەنو

گوایـه بـه زمـان‌و مه‌نهـه‌جێکی زانسـتی قـسه ده‌کـه‌ن. کـاتێکیش لـه‌و سه‌رچاوانه ده‌کۆڵێتـه‌وه ده‌بـینی سه‌رچـاوه‌کان باسـی شـتێك ده‌کـه‌ن ده‌چێته خانه‌ی ئیحتیمال نه‌ك دڵنیایی، ئه‌و که‌سـانه‌ش کـه نـاوی ئـه‌و سه‌رچاوانه ده‌نووسن موناقه‌شه‌کانی ئه‌و سه‌رچاوانه ده‌که‌نه زانیـاریی ئه‌کید. به‌شێکی تری سه‌رچاوه‌کانیشیان زانیاریی تریـان لـه‌خۆگرتووه که په‌یوه‌ندییان نییه به ئه‌سڵی بابه‌ته‌که یان په‌یوه‌ندییـه‌کی لاوازیـان هه‌یه‌و ئه‌مان وه‌کو چاوبه‌ستێك له خوێنه‌ر ناویان ده‌نووسن وه‌ك چۆن پشتگیریی بۆچوونه‌کانیان ده‌که‌ن. به‌م شێوه‌یه‌ش ئه‌وانـه‌ی له‌ڕێگـه‌ی ڕیزکردنـی سه‌رچـاوه‌وه چاوبه‌سـت لـه خوێنـه‌ر ده‌کـه‌ن وه‌کـو ئه‌کرۆباته‌کانی سێرك دێنه به‌رچاو له‌کاتێك که‌سـانی وه‌کـو عبـدالفادی وه‌کو موهه‌رریجی ئه‌و سێرکه ده‌رده‌که‌ون.

ئه‌وانـه‌ی یه‌کـه‌م ڕاسـته‌وخۆ و ناڕاسـته‌وخۆ بـه خوێنـه‌ر ده‌ڵـێن: لێکۆڵینه‌وه‌که‌مان زانستییه‌و پڕ سه‌رچاوه‌یه، بـه‌ڵام ئـه‌و زانیارییانـه‌ی ئه‌وان ده‌یانڵێن ده‌ریایه‌کی گومـان‌و گێـژاوێکن لـه شـته نائه‌کیـده‌کان وه‌ك چۆن به‌شێك له‌و گومان‌و نائه‌کیدییه‌مان له‌م کتێبه بینی. گومـان گه‌یشتۆته ئه‌وه‌ی نه‌ك ته‌نها کتێبه‌کانی ئه‌هلی کیتاب‌و خاوه‌نه‌کانیان‌و باسه‌کانیان بگرێته‌وه به‌ڵکو گومان له خودی ئه‌و که‌سـانه بکرێـت کـه ئه‌و کتێبانه باسیان ده‌که‌ن. وه‌ك باسیشمان کـرد گومـان ته‌نانـه‌ت لـه هه‌بوونی مه‌سـیح هـه‌بووه‌و مه‌سـیحییه‌کان پێویـستیان بـه‌وه بـوو بـه به‌ڵگه بیسه‌لمێنن که مه‌سیح هه‌بووه. گومان له‌وانی تریش هه‌یـه وه‌ك مووسـاو ئیـبراهیم‌و نـووح‌و بـاقی پێغه‌مبـه‌ران. ئـه‌وان، وه‌کـو

موسڵمانەکان، پێویستیان بە باوەڕە بۆ سەلماندنی هەبوونی ئەو کەسانە. موسڵمانو مەسیحیو جوولەکە باوەڕ دەکەن ئەو کەسانە هەبوون لەبەر ئەوەی خودا باسی ئەوانەی کردووە، بەڵام کە بەڵگەکە باوەڕ بێت چۆن جوولەکەیەك دەتوانێت غەیری خۆی قەناعەت پێبکات کە مووسا کەسێکی ڕاستەقینە بوو نەك پاڵەوانی چیرۆکێکی خەیاڵی؟ مەسیحییەك چۆن دەتوانێت بۆ غەیری خۆی بیسەلمێنێت مەسیح هەبووە چ جای ئەوەی لەخاچدراو دوای سێ ڕۆژ هەڵسایەوەو بووە فیداکار؟

موسڵمان دوورترین کەسە لەو گێژاوە چونکە مێژووەکەی نزیکەو باسی پێغەمبەرەکەی دەماودەمو بێ پچڕان، بەپاڵ نووسراو، پێی گەیشتووە. مێژووی پێغەمبەری ئیسلام وەکو ئێستایەکی لێ هاتووە نەك مێژوویەکی دوور. کتێبەکەی ئیسلام، کە لە کاتی پێغەمبەرەوە تا ئێستا کەسانێکی زۆر هەبوون لەبەریان بوو، باسی ئەو ڕووداوانەو ئەو پێغەمبەرانە دەکات کەواتە بۆ موسڵمانێك باوەڕی پێی بێت گومان لەو ڕووداوەو لە هەبوونی ئەو پێغەمبەرانە نییە، تەنها ئەو کێشەیەش دەمێنێتەوە کە چۆن قەناعەت بە غەیری خۆی بکات کە ئەوانە ڕاستن، بەڵام ئەمەیان تەنها یەك کێشەیە لەکاتێك کێشەی جوولەکەو مەسیحییەکان دوانن: خەڵکی تر باوەڕیان نییە بە باسەکانیان، خۆشیان ناتوانن بەڵگەیەکی بێگومان لەسەر دروستیی نەقڵکردنی کتێبەکانیان پێشکەش بکەن.

بـەڵام ئـەو نەقڵكردنـە بێپـچڕانەی قورئـان بـە تەفـسیری موفەسـیران تێكدرا، تەفسیر پڕ كرا لە قسەی بێبناغەو لەو قسانەی لـە كتێبـەكانی جوولەكـەو مەسـیحی وەرگـیراون‌و هەنـدێكیان بوونەتـە ڕاسـتی، وەك ناوی نەمروود، پادشاكەی كاتی ئیـبراهیم، كـە وابـزانین وای لێهـاتووە كەس گومانی لە ڕاستیی ئەو ناوە نییە. بەم جۆرەش موفەسیران ئـەو گێژاوەیان بۆ نەقڵكردین كە ئەهلی كیتاب تێیكەوتبوون.. بـا ئەمـەیان بۆ لێكۆڵینەوەیەكی داهاتوو بێت.

سەرچاوە

١. قورئانی پیرۆز.

٢. صحيح البخاري، النسخة اليونينية (الطبعة السلطانية)، اشراف محمد بن زهير بن ناصر الناصر،ط١، دار طوق النجاة،بيروت، ١٤٢٢.

٣. صحيح مسلم، ط١، دار طيبة،الرياض، ١٤٢٧-٢٠٠٦.

٤. ژمارەيەك لە وەرگێڕانەكانی پەیمانی كۆنو پەیمانی نویٚ(چاپكراو و ئەلكترۆنی).

٥. ابن كثير، ابو الفداء اسماعيل بن عمر، تفسير ابن كثير (تفسير القران العظيم)، تحقيق سامي بن محمد السلامة،ط٢، دار طيبة،١٤٢٠-١٩٩٩.

٦. الطبري، محمد بن جرير، تفسير الطبري (جامع البيان في تفسير القران)، طبعة دار المعارف، نسخة الكترونية.

٧. القرطبي، محمد بن أحمد بي ابي بكر، تفسير القرطبي (الجامع لاحكام القران)، تحقيق: د. عبدالله بن عبدالمحسن التركي واخران، ط١، دار الرسالة، ١٤٢٧-٢٠٠٦.

٨. البغوي، ابو محمد الحسين بن مسعود، تفسير البغوي (معالم التنزيل)، تحقيق وتخريج الاحاديث: محمد عبدالله النمر واخران، دار طيبة، ١٤١١.

٩. الشوكاني، محمد بن علي بن محمد، فتح القدير، الجامع بين فني الرواية والدراية، دار الفكر، بيروت (المكتبة الشاملة، مرقمة بالتوافق مع المطبوع).

١٠. الرازي، فخرالدين محمد بن ضياء الدين عمر، تفسير الفخر الرازي (التفسير الكبير، مفاتيح الغيب)، ط١، دار الفكر، ١٤٠١-١٩٨١.

١١. الطباطبائي، محمد حسين، الميزان في تفسير القران، ط١ المحققة، مؤسسة الاعلمي، بيروت، ١٤١٧-١٩٩٧.

١٢. المزي، الحافظ جمال الدين ابو الحجاج يوسف، تهذيب الكمال في اسماء الرجال، تحقيق وتعليق د. بشار عواد معروف، ط١، مؤسسة الرسالة، ١٤١٣-١٩٩٢.

١٣. البرزنجي، محمد بن طاهر، تاريخ الطبري، تحقيق، دار ابن كثير، دمشق، بيروت، ١٤٢٨-٢٠٠٧.

١٤. الثعلبي، ابو اسحاق احمد بن محمد بن ابراهيم النيسابوري، قصص الانبياء (عرائس المجالس)، مطبع الحيدري، ١٢٩٤.

١٥. محمد ناصرالدين الالباني، سلسلة الاحاديث الضعيفة والموضوعة واثرها السيئ في الامة، الطبعة الاولى للطبعة الجديدة، مكتبة المعارف، الرياض، ١٤١٢-١٩٩٢.

١٦. الدويش، عبدالله بن محمد بن احمد، المورد الزلال في التنبيه على اخطاء الظلال، ط ١، دار العليان، ١٤١١-١٩٩٠.

١٧. الفالوجي الاثري، اكرم بن محمد زيادة، معجم شيوخ الطبري، ط١، الدار الاثرية، دار ابن عفان، ١٤٢٦-٢٠٠٥.

١٨. الطرزي، الدكتور ابراهيم سالم، ابوكريفا العهد الجديد، تجميع لكتابات الابوكريفا المسيحية الكتاب الاول، اناجيل الابوكريفا المخفية، الجزء الاول، ط ١، ٢٠٠١.

١٩. الطرزي، الدكتور ابراهيم سالم، ابوكريفا العهد الجديد، تجميع لكتابات الابوكريفا المسيحية الكتاب الثاني، اناجيل الخدمة و الحكمة الغنوسية لمكتبة نجع حمادي، ط ١، ٢٠٠٥.
٢٠. الطرزي، الدكتور ابراهيم سالم، ابوكريفا العهد الجديد، تجميع لكتابات الابوكريفا المسيحية الكتاب الثالث، ...الاناجيل السرية و مكتبة نجع حمادي، ط ١، ٢٠٠٧
٢١. القس عبد المسيح بسيط أبوالخير، أبوكريفا العهد الجديد، كيف كتبت؟ ولماذا رفضتها الكنيسة؟ الجزء الأول: الكتب المُسماه بأناجيل الطفولة والآلام، ط١، ٢٠٠٧
٢٢. نخبة من الأساتذة ، قاموس الكتاب المقدس، نسخة الكترونية، د.ت.
٢٣. ستيفن م. ميلر، روبرت ف. هوبر، تاريخ الكتاب المقدس منذ التكوين وحتى اليوم، ت. وليم وهبة، مجدي وهبة، ط١، دار الثقافة، القاهرة، ٢٠٠٨.
٢٤. جيمس هنري بريستد، تاريخ مصر من اقدم العصور حتى الفتح الفارسي، ت. الدكتور حسن كمال، ط٢، مكتبة مدبولي، القاهرة، ١٩٩٦ (الاصل الانكليزى: ١٩٠٥).
٢٥. كينيث كيتشن، رمسيس الثاني، فرعون المجد والانتصار، ت. د. احمد زهير امين، الهيئة العامة المصرية للكتاب، ١٩٩٧.
٢٦. ف.زاماروفسكي، اصحاب الجلالة–الاهرامات، ترجمة د. هاشم حمادي، دار السوسن، دار الكلمة، دمشق، ١٩٩٩.
٢٧. د.سمير اديب، موسوعة الحضارة المصرية القديمة، ط١، العربي، القاهرة، ٢٠٠٠.

٢٨. انجيل برنابا، ت. خليل سعادة، ط١، مطبعة المنار، القاهرة، ١٩٠٧.

٢٩. القس الدكتور حنا جرجس الخضري، تاريخ الفكر المسيحي، يسوع المسيح عبر الاجيال، القاهرة، دار الثقافة، ١٩٨١.

٣٠. ابن منظور، جمال الدين محمد بن مكرم بن علي، لسان العرب، دار المعارف، القاهرة، د.ت.

٣١. د. علي حسني الخربوطلي، تاريخ الكعبة، ط٣، دار الجيل، بيروت، ١٩٩١.

٣٢. د. طه حسين، في الشعر الجاهلي (الاصل)، نسخة الكترونية.

٣٣. د. فاضل عبدالواحد علي، من الواح سومر الى التوراة، ط١، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩.

٣٤. طه باقر، مقدمة في ادب العراق القديم، دار الحرية، بغداد، ١٩٧٦.

1. **Badre, Leila, *Tell Kazel-Simyra: A Contribution to a Relative Chronological History in the Eastern Mediterranean during the Late Bronze Age*, Bulletin of the American Schools of Oriental Research (BASOR), 343, Aug. 2006.**

2. **Bard, Kathryn A. (*editor*), Encyclopedia of the Archaeology of Ancient Egypt, Taylor & Francis e-Library, 2005.**

3. **Beattie, D.R.G., McNamara, M.J. (*editors*), Targums in their Historical Context, Sheffield Academic Press, 1994.**

4. **The Book of Jasher Referred to in Joshua and Second Samuel, New York, 1840.**

5. **Breasted, James Henry, Ancient Records of Egypt, Historical Documents from the Earliest Times to the Persian Conquest, vols. II-III, Chicago, 1906.**

6. **Bruce, F.F., *And the Earth was without Form and Void, An Enquiry into the exact Meaning of Genesis 1, 2*, in; Journal of the Transactions of the Victoria Institute, 78, 1946, pp.21-37.**

7. **Bryce, Trevor, Letters Of The Great Kings Of The Ancient Near East, The Royal Correspondence of the Late Bronze Age, Taylor & Francis e-Library, 2005.**

8. **Butel, Paul, The Atlantic, Seas in History Series, transl. by Iain Hamilton Grant, London, New York.**

9. **Carrier, Richard, *Thallus and the Darkness at Christ's Death*, Journal of Greco-Roman Christianity and Judaism, 8, 2011-2012, pp.185-191.**

10. **Cheyne, T. K., Black, J. Sutherland (*editors*), Encyclopædia Biblica, A Critical Dictionary of the Literary Political and Religious History, The Archaeology Geography and Natural History of the Bible, Vols. I-IV, New York, 1899-1903.**

11. **Epstein, Rabbi I. (*editor*), The Soncino Babylonian Talmud (E-Book).**

12. **Etheridge, J. W., The Targums of Onkelos and Jonathan Ben Uzziel on the Pentateuch with the**

Fragments of the Jerusalem Targum from the Chaldee, Genesis and Exodus, London, 1862.

13. Etheridge, J. W., The Targums of Onkelos and Jonathan Ben Uzziel on the Pentateuch with the Fragments of the Jerusalem Targum from the Chaldee, Leviticus, Numbers, and Deuteronomy, London, 1865.

14. Fitzgerald, Madeleine A., The Rulers of Larsa, A Dissertation presented to the Faculty of the Graduate School of Yale University in Candidacy for the Degree of Doctor of Philosophy, 2002.

15. Hammond, Nicholas Geoffrey Lemprière, The Cambridge ancient history, III, Part 2, Empires and other States of the Near East, from the eighth to the sixth Centuries B.C., Volume 3, 1991.

16. James, M. R. (*translator*), Testament of Job, the Blameless, the Sacrifice, the Conqueror in many Contests (*e-article*).

17. Josephus, Flavius, The Antiquities of the Jews, Translated by William Whiston, (e-book).

18. Knudtzon, J. A., Die El-Amarna Taflen mit Einleitung und Erlaeuterungen, Leipzig, 1915.

19. Luckenbill, Daniel David Ancient Records of Assyria and Babylonia, vol. II, Chicago, 1927.

20. Petrovich, Douglas, Amenhotep II and the Historicity of the Exodus-Pharaoh, The Master's Seminary Journal, 17/1 (Spring 2006) pp.81-110.

21. Pritchard, James B. (*editor*), Ancient Near Eastern Texts relating to the Old Testament (ANET), 3rd ed., Princeton, 1969.

22. Ragg, Lonsdale and Laura, The Gospel of Barnabas, Oxford, 1907.

23. Redford, Donald B., (*editor in chief*), Oxford Encyclopedia of Ancient Egypt, Oxford University Press, 2001.

24. Reisner, George A., The Harvard Expedition to Samaria Excavations of 1909, in; JSTOR. vol. 3, No. 2, April, 1910.

25. Reisner, George A., C. S. Fisher, D. G. Lyon, Harvard Excavations at Samaria, 1908-1910, vol. 1, Cambridge, Harvard University Press, 1924.

26. Rodkinson, Michael L. (*translator*), The Babylonian Talmud, 1918 (E-Book).

27. Schodde, George H., The Book of Jubilees, Translated from the Ethiopic, Oberlin, Ohio, 1888.

28. Selin, Helaine (*editor*), Encyclopaedia of the History of Science, Technology, and Medicine in Non-Western Cultures, 2nd edition, Springer , 2008 (E-Version).

29. Shaw, Ian, Paul Nicholson, The British Museum Dictionary of Ancient Egypt, The American University in Cairo press, 1997.

30. Skolnik, Fred (*editor in chief*), Encyclopaedia Judaica, 2nd Edition, Keter Publishing House, 2007.

31. Streane, A. W., A Translation of The Treatise Chagigah from The Babylonian Talmud, Cambridge, 1891.

32. Tacitus, Publius, The Annals of Tacitus, Translated by A. J. Church, W. J. Brodribb, London, 1906.

33. Töyrylä, Hannu, Slimy Stones and Philosophy: Interpretations of tohu wa-vohu as Matter and Form, 2000 (*e-article*.)

34. Wisse, Maarten, Scripture between Identity and Creativity, A Hermeneutical Theory Building upon four Interpretations of Job (*e-book*).

پێڕستی ناوەکان

یەکەم: ناوی کەسەکان

دووەم: ناوی شوێنەکان

سێیەم: گەلەکان و نیسبەتەکان

چوارەم: ناوی جۆراوجۆر

خوداوەندەکان، کتێبەکان، مانگەکان، جەژنەکان...

لـە کتێبـەکان ئەمانـە نەنووسـراون چـونکە زۆر دووبـارە بوونەتـەوە: قورئـان، تەورات، ئینجیل، پێنج کتێبەکەی تەورات (تەکوین.. تاد)

خوداوەندەکان

کتێبەکان

جەژنەکان و فیستڤاڵەکان

مانگەکان

تاقم، هێز..